# ئەشكانییەكان

## (پارتەكان)

مالْکۆم کالیێج

# ئەشکانییەکان

## (پارتەکان)

وەرگێڕ

**سەلاحەددین ئاشتی**

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠١٠

٩٣٥,٠٦
ك ٣٧٤ کالیج، ماڵکۆم
ئەشکانییەکان (پارتەکان)/ نووسینی ماڵکۆم کالیج؛ وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی.
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠١٠.
٣٢٩ل: ١٧,٥×٢٥ سم، وێنە.
١- مێژووی کۆن- ئێران.
أ- ئاشتی، سەلاحەددین (وەرگێڕ) ب- ناونیشان.

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ١١٤
کتێب: ئەشکانییەکان (پارتەکان)
نووسەر: ماڵکۆم کالیج
وەرگێڕان: سەلاحەددین ئاشتی
پیتچنین: پەروین پیرەبابی- چاپی پیرەمێرد- ٠٤٤٢-٢٢٢١٧١٥
هەڵەبڕ: جەعفەر حوسێـنپوور
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
بەرگەژمێر: ١٠٠٠
نرخ: ٦٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٣٤١ی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

لە ڕووی ئەم سەرچاوە فارسییەوە کراوە بە کوردی: مالکوم کالیج، اشکانیان (پارتیون)، ترجمە مسعود رجب‌نیا، انتشارات هیرمند، تهران، ١٣٨٠ شمسی/ ٢٠٠٠ میلادی

هەموو مافێك پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتێکی پێشوەخت، بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێ ئەم کتێبە یا بەشێکی چاپ بکرێتەوە، یا لە چوارچێوەی زانیاری بەدەستهێناندا هەڵبگیرێ یا بگوێزرێتەوە.

**بنکەی ژین**

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان، تەلاری ژین- تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید) تەلەفۆن: ٣١٩٤٧٣١-٢ ئاسیا: ٠٧٧٠٤٨٤٦٣٣٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤
ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com

## «پێرست»

پێشەکی .......................................... ٧
(بەشی ١) جوغرافیا و شوێنەوارەکان .......................................... ١١
(بەشی ٢) هاتنی پارتەکان .......................................... ٢١
(بەشی ٣) پارت و ڕۆم .......................................... ٤٣
(بەشی ٤) پادشا و حکوومەت .......................................... ٧١
(بەشی ٥) باری ئابووری و کۆمەڵایەتی .......................................... ٩٩
(بەشی ٦) دین و ناشتن .......................................... ١٢٩
(بەشی ٧) نژیاروانی .......................................... ١٥١
(بەشی ٨) هونەر .......................................... ١٨٥
(بەشی ٩) ڕووخانی حکوومەتی ئەشکانی .......................................... ٢١٧
(بەشی ١٠) دوایین وتار، کارە مەزنەکانی پارتەکان .......................................... ٢٢٩
وێنەکان .......................................... ٢٣٥
شیکردنەوەی وێنەکان .......................................... ٢٧١
کتێبنامە (Bibliography) .......................................... ٣٠١
لیزگەی ناوی کەسان و ئیزەدان .......................................... ٣١١
لیزگەی ناوی شوێنەکان .......................................... ٣١٧
لیزگەی ناوی گەل و هۆز و خێڵ و خانەدانان .......................................... ٣٢٣
فەرهەنگۆک .......................................... ٣٢٧

# کورته نیشانه‌کان

قه‌ڵه‌مکێش = ق

وێنه = و

پێش زایین = پ. ز.

زایینی= ز.

مه‌سعوود ڕه‌جه‌بنیا= م

سه‌لاحه‌ددین ئاشتی = س

# پێشەکی

ئەگەرچی «خەدەنگی پارتی»[1] لە نێو ئێمەدا بۆتە مەسەل، بەڵام ناوبانگی خودی خۆیان نە هێندەی دەنگ داوەتەوە و نە هێندەش ناسراون. ئەو کەسانەی کتێب و بەرهەمی هۆنەرانی هەڵکەوتە و مێژوونووسانی مەزنی ڕۆمی کەونارا دەخوێننەوە، زۆر جاران تووشی ناوی ئەم خەڵکە ڕۆژهەڵاتییە دەبن کە لەوبەری ڕووباری فورات ژیاون و چەشنی ڕازێکی نەدرکاو بوون. ئەوان سەر لێ شێوان و تێکشکانی سامناکی کراسسووسیان بە دەست سوارانی تیرهاوێژی پارتی لە کەرخ و حەرران[2] وەبەر چاو دێ و کوێرەوەرییەکانی نێو بەفر و کرێوەی سەربازانی «کۆربوولۆ»یان[3] لە ئەرمەنستان چاک لە بیر دەمێنێ. سەیرە کە

١ - خەدەنگ: غەدەنگ. تیر. سەختەدارێکی کە تیر، نێزە، زین و شتی لەم چەشنەی لێ ساز کراوە. س. (Parthian shot)

٢ - حەرران: کاررە، کارای، کاراهە، کەرخ. شارێکی کۆن کە کەوتۆتە ٣٥ کیلۆمیتریی باشووری ئۆرفە (ئۆرفا) لە لێواری ڕووباری جوللاب کە ئەمڕۆ وێرانەیە. س.

٣ - Colbulo.

تێكڕای نووسەرانی بەرهەمانی بەرچاوی كۆن، بۆ دوژمنایەتی كردنی دراوسێی ڕۆژهەڵاتیی خۆیان بە یەک دەنگ و ڕاوێژ دەدوێن. ئەم نووسەرانە لە شوێنەوارەكانیاندا پارتەكان بە كێویلەی[١] فریودەری فێڵەباز و دڕ و شەڕانی دەخەنە بەرچاوان و بە ئاكاری سەیر و نالەبارەوە دەیاننوێنن، بەلام ئەم دیمەنە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر شێوازی پڕوپاگەندەی ڕۆمییەكان كە چاكیان لێ‌دەزانی. بەڕاستی تۆ بڵێی پارتەكان چۆن خەڵكێک بوون و چ ژیارییەک لە نێویاندا سەری هەڵدابێ و بۆچی دەبێ دوژمنایەتی ئاوا بەرەگەی لێ‌تەنیبن؟

بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ورووژاندمن، تێكۆشاوم هەتا ئەوەندەی بووز دەخوا دەیمەنێكی بالانوێنیان بخەمەڕوو. كۆڕینەوەكانی شوێنەوارناسی هەموو ساڵێک زانین و زانستی ئێمە سەبارەت بەم خەڵكەی كە لە سەرچاوە كۆنەكاندا زانیارییەكی ئەوتۆیان دەربارەی بە دەستەوە نەدراوە، پتر و بەربلاوتر دەكەن. لەم دەقەدا بەپێچەوانەی شێوازی باوی كتێبەكانی ئەم زنجیرە بلاوكراوانە[٢]، مێژووی سیاسیی پارتەكان زیاتر ئاوڕی لێ‌دراوەتەوە. چونكە ئەم زانیارییانە لە سەرچاوەی دیكەدا نین و زۆربەشیان لە ڕووی توێژینەوەكانی شوێنەوارناسی وەدەركەوتوون. بە مەبەستی خستنەڕووی ناوەكان و وشەگەلی یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی، هەوڵم داوە ڕێزی ڕێنووسی كۆن و باو ڕابگرم و بەوردی و بە ساكاری دەستاویان بدەمەوە. بەلام لەمەڕ باس و بابەتی سەبارەت بە دینی زەردەشت، ئێستا من پەیڕەوی ئەو قوتابخانە نوێیەم كە پێی‌وایە ڕاسپاردە و ڕاهێنانەكانی ئەم پێغەمبەرە، بەرەبەرە توانیویەتی بخزێتە نێو بیروڕای دینیی خەڵكی ئێرانەوە. لە سایەی كۆمەڵێک لێكۆڵینەوەی شوێنەوارناسیی ئەم چل

---

١ - Barbarians.

٢ - Ancient Peoples and Places, Thames and Hudson, London.

ساڵەی دوایی، دەکرێ سەبارەت بە نژیارانی و هونەری پارتی، ئەو دوو بەشەی کە پێشتر کەموزۆر بە نەناسراوی مابوونەوە و تەنانەت هەتا ئەم ئاخرییانەش تێگەیشتنێکی چەپەوانە سێبەری لێکردبوون، قسە بکرێن. بەلام گەلێک پرسیار سەبارەت بەم خەلکە بێوڵام ماونەوە، بەتایبەت ئەگەر بێتوو وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە هێشتا زۆربەی لە شارەکانیان کەندە و کۆژەوەیان تێدا نەکراوە.

بەڕێوەبەران و کارمەندانی گەلێک مووزە و دامەزراوەی کە لە ماوەی چەند ساڵاندا یاریدەیان داوم و لێمگەڕاون هەتا وێنەی شوێنەواری تۆمارکراویان لێرەدا بخەمەڕوو، فرەیان هەق بە ئەستۆمەوە. گەلێک کەسی تر کاتێکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ ڕێکخستنی ئەم کتێبە. بۆ وێنە: ئەنتوان ئیڤان[1]، تێرێزا گۆیل[2]، ڕۆستەم کاوسی، خاتوو موقەددەم، جوولیان ڕید[3]، جان ستیلی[4]، دێیڤید سترۆناخ[5] و پرۆفسۆر تۆینبی[6]. هەروەها سپاسی دوکتۆر گلین دەنیل[7] و کارمەندانی شەریکەی تۆماس و هادسۆن[8] دەکەم کە ئەم کتێبەیان چاپ و بلاو کردەوە و خۆم بە ئەمەگداری شێلی[9] دەزانم کە بەوردی نەخشەکانی کێشانەوە. هەر کەموکوورییەکی هەبێ خۆم لێی بەرپرسیارم.

---

١- Antran Evan.

٢ - Theresa Goell.

٣ - Julian Reade

٤ - John Staley.

٥ - David Stronach.

٦ - Toynbee.

٧ - Glyn Daniel.

٨ - Thomas & Hudson.

٩ - H.A. Shelley.

ئەم كتێبە تـەنیا گەڵاڵـۆكەیەک سـەبارەت بـە پارتـەكان دەخاتـەڕوو؛ ئەوانەی كە خوازیاری زانیاریی زیاترن دەبێ لە كتێبنامەی ئـەم بەرهەمـە پتـر خورد ببنەوە. بەڵام هیوادارم هێندێک لەو كەسانەی كە دەیخوێننەوە، هەر نەبێ بەشی خۆیانی لێهەڵكرێنن و تەنانەت چێژیشی لێوەربگرن.

«مالكۆم كالێج»

***

بەشی ١

# جوغرافیا و شوێنەوارەکان

لە ڕۆژگارانی کۆن و کەونارادا زنجیرە چیای خۆشدیمەن و بیابانەکانی ئێران گرێ و گرفت و لەمپەرێکی وەها بەرگێڕەوەیان لەسەر ڕەوگەی تێپەڕین و بزووتنی کاروانچییان بەدی دێنا کە بەناچاری تەواوی هاتن و چوونەکان دەکەوتنە کۆمەڵێک ڕێگاوبان و ناوچەی تایبەت و دیاریکراو. بانووی ناوەندی و بەرز و پڕ تەقتەقان و بەردەڵانی ئێران بریتییە لە دوو پێدەشتی پان و بەرینی شۆرەکاتی دەشتی کەویر و دەشتی لووت و کێوی وایان بە گەڕانگەڕیدا لێهاڵاوە کە لە زۆر جێیان سەریان لە سێهەزار گەز تێپەڕیوە. لە باڵی ڕۆژهەڵات چیای هیندوکۆش پۆپەی گەیوەتە ئاسمان و لە باکوور ئەلبورز و بە شانی باکووری ڕۆژاوادا شاخەکانی ئازەربایجان و قەفقاز و لە قۆڵی خۆراوا زاگرۆس - کە سوارە بە سەر دەشتی ناوچەی دووچۆماندا - پێهەڵاچوون. لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژاوا بەرزی و سەرەولێژی وردەوردە دادەشکێ و زەوی بەرەو نزمایی و نەوی بوون شانی دادەخا. لە لێوارەکانی

بنکەی ژین www.zheen.org

دەریای «خەزەر» گژ و گیایەكی زۆر شین دەبن و سەریان پێكەوە دەنێن و دەبنە زەمەند و زەنوێر. ئەگەرچی هەتا بەرەو باڵی باكووری ڕۆژهەڵات دەڕۆین و لێی نیزیک دەبینەوە دەگەینە پێدەشت و بێروونی قاقڕ و ویشكارۆی توركەمەنستان و وارگەی دەوارنشینانی ئاسیای نێوەڕاست، بەڵام دەبینن كە لە شانی باشووری ڕۆژاوا گۆشتەزەوی بەربلاو و یەكجار بەپیت و ڕێژەوی بەستێنی ڕووبارەكانی دیجلە و فورات دستیان تێكگرتووە (ق١). ئێرە یەكێک لەو شوێنانەیە كە بۆ یەكەم جار بژیو و ڕسق و ڕۆزی پتر لە پێویستی ژیانی وەرزێران بەرهەم هات و هەتا هەزاران ساڵ ببوو بە جێی ئێرەیی توخم و تۆرەمە غەوارەكان كە دەهاتن و بە سەریدا زاڵ دەبوون. لە زۆربەی ناوچەكانی ئێران باران كەم دەبارێ. مەودای نێوان پلەی گەرمای بەتینی هاوینانی سەحرا و بیابانان هەتا سەرمای سەختی زستانانەی بەرزایی و كوێستانان یەكجار زۆرە. لە ڕۆژهەڵاتی ئێران هەموو هاوینان ڕەشەبایەک بۆ ماوەی سەت و بیست ڕۆژان هەڵدەكاتێ.

سرشتی ئەو خاک و چیا و چۆلەی كە خەڵكی ئاسیای ڕۆژاوا تێیدا كەوتنە هونەرنوێنی و پەنجەنەخشینی ئاوا بوو كە باسی كرا: زنجیرە كێوەكانی ئێران ئەوەندە ڕژد و هەڵەموت و پرپێچ و گەوەن كە ئاپۆرای چڕی جەماوەر بە هێندێک بازگاندا نەبێ سەرەدەریان لێ دەرناكەن. چۆلگە و بیابانی بەرین، كەند و كۆسپن لەسەر ڕێی هاتوچۆی بێگرێوگۆڵی خەڵک (و ٢)؛ هەر بۆیە ئەو پەلاماردەرانەی كە لە باكووری ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەرەوە دادەوەرینە ئێران ناچار بوون بەرەو ڕۆژاوا باژۆێن یان ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵات، واتە ئەفغانستان و هیندووستان بگرنەبەر. ئەو بازرگانانەی كە دەیانویست بە ئێراندا تێپەڕن و بە زەریای مەدیتەرانەدا كەلوپەل بەرن بۆ چین، ناچار بوون بە كۆنەڕێیەكدا بڕۆن، كە زۆر دواتر بە ڕێگای ئاوریشم ناوبانگی دەركرد و ڕاست بە باكووری بیابانەكانی ئێراندا تێدەكشێ و دەگاتە باختەر. پاشان

بازرگانەکان دەبوو بە شانی باکووری ڕۆژهەلاتدا ببزوون و بە یاریدەی حەشامەتی نیشتەجێی سەر ڕەوگەیان مەودای ئاسیای نێوەڕاست هەلبوێرن. زۆربەی سەرزەوی ئێران لەبارە بۆ ژیانی دەشتەکی و دەوارنشینی و خێلاتی. ئاوایینشینان یان کەوتوونە چەند دەشتێکی پاراو بە چۆم و زرێباران یا لە خڕ و دۆلی بەرێژەوی دەم ڕووباران یان لە دەوروبەری کانیاو و شینکایی نێو شۆرەکاتان دەژین کە چەشنی خالی پرژاو لەسەر کەولی قەلافەتی بیابانان بلاون. کشتوکال هەمیشە دژوار و ئاودێری تەنگەژەیەکی گەورە بووە. لە سەرانسەری ئێراندا کەرێزەلێدان و قەمتەرەهەلبەستن برەوی بووە. تەنیا ناوچەیەکی گرینگ کە پێویستی بە کاروباری دژواری ئاوداشتن نیە، پارێزگای باکووری ڕۆژاوای ئێران واتە ئازەربایجانە. لەوێ دەشتی کاکی بە کاکی و تەواوێک بەپیت و بەرهەم بژیوی تێکڕای جەماوەری بەرچاوی جووتیارانی لێهەلدەگیرێ.

ئەم هەلومەرجانە وەکوو هۆکاری نەگۆڕ لە مێژووی ئێراندا خۆیان نواندووە و هەر لە ڕۆژگاری پەلامار و تراتێنی لووزەوی سوارانی ئێرانیڕا بەجێماون کە لە ناوچەکانی «ئێرانی گەورەتر»ەوە هرووژمیان دێنا. دیارە «ئێرانی گەورەتر» خۆی زاراوەیەکی تازەسازی بەکەلکە بۆ قەلەمڕەوی کەلتووری ئێرانی، لە سەردەمی کەونارادا. وشەی «ئێران» هەلگری ناوی سەرکەوتووانی ئاریایی ئەم خاکەیە. «پێرسیا» لە زمانی کۆنی یۆنانیدا، ڕێک بوو لەگەل ئوستانی پارس لە حکوومەتی هەخامەنشی و «فارس»ی ئێستادا. جا لەبەروەی تەواوی ئێرانیان بە فارس ناودێر کردووە، باشتر وایە لێرەوە ناوی فارس هەر بە بەژنی ئەو ئوستانە ببڕین. «پارت»یش زاراوەیەکە کە سەرەتا نووسەرانی یۆنانیی هێلێنیستی سەردەمی کەونارا بۆ ئوستانی «پارتاوا»ی هەخامەنشی هێنابوویانە گۆڕ. ئەو کاتەی وا حەشامەتی ڕەوەند و دەوارنشینی

بنکەی ژین
www.zheen.org


رووباری سەیحون
خارەزم
سەکاراکە (ساکووراکە)
سوغد
داهە
هیرکانیا
پارت
باختەر
کەندهارە
تاکسیلا
سەگستان
کارمانیا
گەدرۆزی
هیند



بنكەی ژین
www.zheen.org

سنوورەکانی پاشایەتی پارت، ساڵی ٥١ی پ.ز.....

ئێرانیی پارتی کە بەرباسی ئێمەن پێیان نایە هەرێمی پارت، نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمی بە پارتەکانیان ناودێر کردن. دوای زاڵبوونی ئەم نەتەوەیە بە سەر تەواوی «ئێرانی گەورەتر»دا، ئەم ناوە تێکڕای قەڵەمڕەوی پادشایەتی [ئێرانی] گرتەوە. کەوایە زۆر پێویستە ناوی ئەو پارێزگایە و جەغزی دەسەڵاتی پادشایەتی لێکتر هەڵاوێرین.

پارتەکان شوێنەوارێکی ئەوتۆی نووسراویان لە پاش بەجێنەماوە. کەوایە سکەکانیان وەک بەنرخترین سەرچاوەی بەڵگەی ڕەسمیی ئەم خانەدانە دادەندرێن کە بە دەستەوەن. ئەم سکانەش چەشنی زۆربەی بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەو چاخی بە یۆنانی لەسەریان نووسراوە. بەڵام گەلێک بەڵگە و دەسنووسی جەماوەری نێو بازنەی قەڵەمڕەوی ئەوان لەسەر تەتەڵە و پێست و سواڵینە بە خەتی بزماری و ئارامی و یۆنانی و جاروبارەش پارتی و لاتین و عیبری بەجێماون. ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامانە پتر دەگەڕێنەوە سەر کاروباری خۆجێیی، بەڵام هێندێک جار هەڵگری گەلێک مەبەستی گرینگیشن.

بەختەوەرانە دەکرێ ئەم بڕووکە زانیارییانە لەگەڵ کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی پرشوبڵاو و فرتوفراوانی ئاسەواری نووسەرانی یۆنانی و لاتینی پێکەوە کۆبکرێنەوە و لێک بدرێن. ئەم نووسەرانە سەبارەت بە مێژووی سەدەی یەکەمی پارتەکان شتێکی ئەوتۆی لێنازانن. ئەو کەسانەی وەکوو «پۆلیب»[١]، «سترابۆن»[٢]، «ژووستێن»[٣] و «ئاریان»[٤] یادێکی ئەو سەردەمەیان کردووە، زۆر دواتر ژیاون و هەرچۆنێک بێ شتێکی وایان پێنیە بۆ گوتن. بەڵام لەساڵی ١٤١ی پێش زایینەوە، واتە ئەو جەنگەی کە پارتەکان بابلیان گرت، دیرۆکی ئەوان بە

١ - Polybius.
٢ - Strabon.
٣ - Justin.
٤- Arrian.

شێوەیەکی ڕوونتر گەیوەتە دەستمان. وا دیارە ئەو نووسەرانە پتر جێگای بروان کە خۆیان پارتیان دیتووە، وەکوو «ئاپۆلۆدوور»ی[1] خەلکی «ئارتێمیا»[2] لە ڕۆژهەلاتی دیجلە کە ئاسەوارەکانی دەگەڕێنەوە سەر «ترۆگووس پۆمپێئووس»[3]، کە ژووستێن بەشێک لە نووسینەکانی ڕاگواستووە و [کردوویەتە سەرچاوە و] بۆچوونی پارتەکانی سەبارەت بە شکانی کراسسووس لە کەرخ گێڕاوەتەوە. ئاسەواری ئەمانە تێداچوون، بەلام سترابۆن، ژووستێن، «پلووتارک»[4] و زۆر کەسی دیکە کە نووسراوەکانیان ماونەوە، گەلێکیان ئاماژە پێکردوون و وەک سەرچاوە کەلکیان لێوەرگرتوون. تەنیا پوختەیەکی کە ژووستێن لە ترۆگووس پۆمپێئووسی وەرگرتووە سەبارەتە بە مێژووی یەکسەرە و بێنێوبڕی پارتەکان. لێرەدا «ئیزیدۆر»ی خەلکی ئێسپاسینۆی «خاراکس»[5] کە کەوتۆتە کلکەی کەنداوی فارس، تەنیا نووسەرێکی ترە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بووە بەخاکی پارتەوە. ئێستا کتێبۆلکەی ئیزیدۆر بە ناوی «چەپەرخانەکانی پارت»[6] بە دەستەوەیە. لەم سەرچاوەیەدا لیزگەی مزلگە و چەپەرخانەکانی سەر ڕێوبانە گرینگەکانی ئێران خۆی دەنوێنێ، بەلام زانایانی ئەم چەرخە ئیزیدۆریان بە درۆزن داناوە. هێندێک لە هەرێمەکانی بالی ڕۆژهەلاتی ئێران کە بە قەلەمڕەوی پارتی داناون، وا دیارە لە سەردەمی ئەودا پتر لە سەد سالێک بووە کە بە چنگیانەوە نەماوە. ڕەنگە لیزگەی پێرستەکەی خۆی لە ڕووی ئەو بەلگەنامە کۆنانەوە نووسیبێتەوە کە سەر بە چاخی ١٠٠ سال بەر لە زایین

---

١- Apolodorus.
٢ - Artemia.
٣- Trogus Pompeius.
٤- Plutach.
٥- Isidor Charax.
٦- Parthian Stations.

بنکەی ژین www.zheen.org

بووبن. [هەڵە] و خلیسکانی ئەوتۆ لە ئاسەوارە کۆنەکاندا زۆر وەبەر چاو دێن. لەگەڵ ئەمەشدا نووسراوەکەی ئەو بەڵگەیەکی زۆر پڕبایەخە.

نامەکانی سیسرۆن و هۆنراوەکانی هۆراس و ئاسەوارەکانی «ڤێلیووس»[1] و «فەندئەزموونەکانی شەڕ»[2] بە قەڵەمی «فرۆنتینووس»[3] هەموویان چەند ئاماژەیەکیان تێدایە سەبارەت بە پارتەکان کە ئەو کاتی دراوسێیەکی هاوچەرخیان بووە. ئەمانەش چەشنی زۆربەی نووسەرانی ڕۆژاوایی ئەو سەردەمی بە دوژمنایەتی باسیان کردوون. داگیرسانی نێوانی پارتەکان و ڕۆمییەکان پتر بە ناخۆشی دەستی پێکردووە و تێکهەڵچوونەکانی سەرسنووران نەیهێشتووە برینەکان سارێژ ببنەوە و کۆنەقین لە بیر بچنەوە. هەر بۆیە زۆربەی لێدوانەکانی سەبارەت بە پارت و ڕۆم لە ئاسەوارەکانی «تاسیت»[4]، «پلووتارک» و «دیۆ کاسیووس»دا[5] باسی گێڕانەوەی شەڕەکانە. گەلێک مێژوونووسی دیکەش لەم بارەوە بابەتیان هەیە و چەند ڕاستەقینەیەکیان خستۆتەڕوو. کەسانێکی وەکوو «ئاپیان»[6]، «ئاریان»، «هێرۆدیان»[7] و «فرونتۆ»[8] «فرونتۆ»[8] کە ڕێبوارانی ڕێبازی «لیڤی»[9] و «سووئیتۆنووس»ی[10] ژیاننامەنووس و نووسەرانی دیرۆکی ئۆگۆست بوون، لەم بوارەدا هەوڵیان داوە. بەڵام ئەمانە گێڕانەوەکانی خۆیان لە دەستی دوو یان سێ وەرگرتووە کە دەبێ لەگەڵ بەڵگەی

بنکەی ژین
www.zheen.org

١ - Veleius Paterculus.
٢- Stratagem.
٣- Frontinus.
٤- Tacitus.
٥- Dio Cassius.
٦- Appian.
٧- Herodian.
٨- Fronto.
٩- Livy.
١٠- Suetonius.

دیکــە هەڵســـەنگێندرێن. بەســـەرهاتی «فیلۆســـترات»ی[١] فەیلەســـووف و «ئاپۆلۆنیووس»ی تیانی[٢] عارف کە لای نێوەڕاستی سەدەی یەکەمی زایینـی لــە [قەڵەمڕەوی]پارت چوونە سەفەرێکی دوور و درێژ، زیاتر وەکوو ئەفسانە دەچێ. بەڵام زۆربەی دیمەنی ڕووداوەکان جێگای سەرسوڕمانن. بەداخەوە نووسینەکانی «لووسیەن»[٣] سەبارەت بە ناوچــەی «دووچۆمــان» زانســتی نـین و ڕەمــەکین، ئەگەرچی گۆیا لە شــارێکی ئــەو مەڵــبەندە، واتــە «ســامۆزات»[٤] وەرگـیراوە. سەرەنجام دەبــێ باســی پێشــگۆتنەکانی غــەیبزانــانی مێیینــەی پەرستگەی «ئاپۆلۆن»[٥] بێتەگۆڕ کە هێندێک زانیاری دەخەنەڕوو، بەتایبــەت ئەوانــەی کــە پاش قەومانی ڕووداوەکان نووسراون.

نووسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی زانیارییەکی زۆریان تێدایە. لەمانە ئاسەواری جوولەکەکان و سوریانییان و چینییەکان دەکەونە ریزی پێشەوە. چونکــە یــان نووسەرەکانیان بە چاوی خۆیان دیتوویانن یان لە ســەرچاوەی هاوچــەرخیان وەرگرتوون. «تێلموود»[٦] چەند زانیارییەک سەبارەت بە جوولەکان و پارتەکان بە بە دەستەوە دەدا. یەکێک لە بەرهەمە زۆر باوەڕپێکراوەکانی ئەم ســەردەمە بــە پێنووسی جوولەکەیەکی بەرچاوتەنگە کــە بــە یۆنــانی نووسیویەتی و نــاوی «ژۆزێفووس»ە.[٧] نووســەرانی ســوریانی کــەلکیان لــەو ســەرچاوە ڕەســەنانە وەردەگرت کە زۆربەیان لە نێو قەڵەمڕەوی پارتەکاندا نووسرابوون. لە سەدەی دووەمی پێش زایینەوە گەڕۆکان و بازرگانانی چینی بــەرەو پــارت دەبــزووتن و

---

١- Philostratus.

٢- Apollonnius of Tiana.

٣- Lusian.

٤- Samosata.

٥ - Sibylline Oracles.

٦ - ئەو کۆمەڵە کتێبانەی کە سەبارەت بە یاسا و شــەریعەتی جوولــەکان نووســراون، بێجگە لە «نامیلکەکانی پێنجینە»ی [تەورات].م.

٧- Josephus.

لەگەڵ خۆیان کۆمەڵێک زانیاری و باس و هەواڵیان سەبارەت بە ڕووداوی زۆر گرینگ و ورد و باریکی مێژووی ئێران ڕادەگوێست. ئاگاداری و زانیارییەکانی ئەمان زۆر وشیارانە کۆکراونەوە و بەنرخن. ئەگەر بێتوو نیشانەی وێکچوونی پتر لەمەڕ یەکترگرتنەوەی ناوی سەرچاوە چینی و ڕۆژاوایی‌یەکان وەچنگ بکەوێ، زیاتریان کەلک و قازانج لێوەردەگیرێ.

نووسین و لێکدانەوەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە چاخەکانی دوایی هێندە ڕووناکیدەر نین. زانین و زانیارییەکانی سەبارەت بە پارتەکان، هەر ماوەیەکی کەم دوای وەرگەڕان و ڕووخانی حکوومەتەکەیان خێرایەکی تێداچوون یان تێیاندا بردوون. نووسەرانی ئەرمەنی، بەتایبەت کەسانێکی وەکوو «مووسا خۆرنی» یەکجار تامەزرۆی سەرنجدان و تەنانەت هۆنینەوەی ئەفسانەن. بەداخەوە مێژوونووسان و جوغرافی‌زانانی ئیسلامی بە باری دیرۆکی‌دا مەبەستێکی بایەخداریان پێ نیە. کۆمەڵە کتێب و شی‌کردنەوەکانی ئایینی زەردەشتی هەڵگری هێندێک زانیارین سەبارەت بە مێژووی پارتەکان. بەڵام هەتا سەردەمی نووسەران و شاعیرانی ئێرانی لە سەدەکانی نۆ و دەی زایینی‌دا ڕووکاری ڕاستییانەی مێژووی پارتەکان فەرامۆش کراوە و ئەفسانە جێی ڕاستەقینەی گرتۆتەوە. بەم شێوەیە لە ئازانامەی گەورەی ئێرانی، واتە «شانامە»دا مەبەستێک سەبارەت بە پارتەکان نەدرکاوە. نەقڵ و نەزیلەکانی عەرەبی و فارسی کە بۆ سەرقاڵی دەناڵن، بابەتێکی مێژوویی ئەوتۆیان لە خۆیان نەگرتووە.

***

www.zheen.org

## بەشی ٢

# هاتنی پارتەکان

شکستی سێجارەی داریۆشی سێهەم (٣٣٦-٣٣٠ی پ.ز.) دوایین پادشای هەخامەنشی بەدەستی ئەسکەندەری مەقدوونی و هەروەها بەدیهاتنی حکوومەتی یۆنانیی هێلێنیستی کە بۆ سێ‌و‌دوو پاشی ئەو پنجی داکوتا و خۆی گرت و هەستایە سەر پێ، تێکڕا لە مێژووی ئاسیای ڕۆژاوایی‌دا خاوەنی سەنگبایی تەواون. دنیای کۆن لە گڕەمەشقەلانی «تەختی جەمشید»دا بوو بە ژیلەمۆ و خوڵەمێش و تێداچوو.[1] قوتبوونەوە و بنە دانانی سەربازانی مەقدوونی و یۆنانی لە ئاسیادا ژیانی خەڵکی هەرێمی دووچۆمان و ئێرانی سەرلەبەر تووشی ئاڵوگۆڕ کرد. ئەسکەندەر گەلاڵەی دارشتبوو بۆ پێکەوە گرێدان و تێکەڵ کردنی تۆخم و ماکەی یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی لە جەغزی ئیمپراتۆریەتی تازەهەراوی‌دا و بە مەبەستی وەدیهێنانی هەنگاویشی

---

١ - دوای هێرشی ئەسکەندەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات و دەسەڵاتێکی دەرەبەگی و خاوەن درۆشم و تایبەتمەندیی خان‌خانی بەدی هات کە لەسەر شێوازی پاڵەوانەتی و ئازایەتی پنجی داکوتا. م.

هەڵێنابۆوە. لە حکوومەتی ئەسکەندەردا ئێرانییەکانیش وەکوو یۆنانییەکان پلە و پایەی بەرزیان درابوویە. کۆنە سەربازانی لە ناوچە و مەڵبەندە تازە داگیرکراوەکان نیشتەجێ کرد و هەردک گەلی بۆ ژن و ژنخوازی لەگەڵ یەکتر دنە دا. ساڵی ٣٢٣ی پ.ز. دوای مردنی کتوپڕی ئەسکەندەر، سەرکردەکانی لەسەر ملکوماشی قەڵەمڕەوی لێیان بوو بە قڕە. لەم هەرا و تێکهەڵچوونانەدا «سلۆکووس»ی سەرداری هەڵکەوتەی ئەسکەندەر دەورێکی بەرچاوی دەگێڕا. سەرەتا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەچنگ نەهێنا، هەتا وا هات کە پاییزی ٣١٢ی پ.ز. گەیشتە بابل. لەم ساڵەوە سەردەمی سلۆکییەکان دەست پێدەکا و ڕۆژمێر و ساڵنامەیان دادەگیرسێ. سلۆکووس لەو دەمەوە هەتا دە ساڵ دواتریش هەر خەنیمانی پاشەکشە پێکردن و پادشایەتییەکی ڕۆژهەڵاتی دامەزراند کە لە دووچۆمانەوە هەتا ئەفغانستان چەتری ئەنگاوت و سلۆکییەی لێواری ڕووباری دیجلەی کردە پایتەخت.

شێوازی بەڕێوەچوونی دامودەزگای حکوومەت کە سلۆکووس و ئانتیۆخووسی کوڕی کردیانە باو، زۆر وەکوو سیستمی دەسەڵاتی هەخامەنشی دەچوو (ق ١). «خەشتەرەپاوەن»ان یان «ساتراپ»[1]ە گەورەکان هەر وەکی خۆیان مانەوە و وێدەچێ وڵات بە سەر ٢٧ ئێپارخی[2] و هەر ئێپارخییەک بە سەر چەند هیپارخیدا[3] دابەش کرابێ. هەر لەسەر ڕێوشوێنی پێشوو پیتاکیان وەردەگرت و هەر بەشێکی وڵات دابێکی تایبەت و جیاوازی تێدا ببوو بە باو. ڕێودانی گەز و

---

١ - ئەم واژەیە بە یۆنانیکراوی «خەشسەرەپاوەن»ە بە مانای حوکمدار کە بە فارسی ئێستا دەبێتە «شارەوان». وشەی شار لەو سەردەمیدا بە واتای هەرێم دەکار کراوە. داریۆش وڵاتی پادشایەتی ئێرانی کردە ٢٠ بەش و هەر یەکەی ئەسپاردە دەستی خەشسەرەپاوەنێک... (وشەدانی دێهخودا، چاپی دووەمی خولی نوێ، ب ٩، ل ١٣١٩٧، ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی / ١٩٩٨ی زایینی، تاران.)س.

٢ - هەرێمی هێندێک گەورەتر لە ئوستان. س.

٣ - مەڵبەندێکی بەرفرەوان، بەڵام بچووکتر لە هەرێم. س.

ڕبە و پێوەر و بەرد و تەرازوویان نەگۆڕین و تەنیا شێوازی یۆنانیی ئاتێنی کرانە هاوتەریبی پێودانە کۆنەکان. نەک دەستیان نەبرد بۆ تێکدانی داب و نەریتە خۆماڵییەکان، بەڵکوو دنەشیان دان. پاتشاکانی سلۆکی وەکوو میوانی ملهوڕ جێگای فەرمانڕەوایانی هەخامەنشییان گرتەوە و دەسەڵاتیان بە چەشنێکی دژوار و پڕمەترسی بە کەسایەتی ئەوانەوە بەسترابۆوە. لە ڕوانگەی زۆربەی جەماوەری بەرەژێر و خواردەستەوە ئەوان بە شایانی پەرستن دادەندران. پادشا خاوەنی تەواوی زەویوزار و تەنانەت ملکوماشی پەرستگاکانیش بوو. تەنیا خاکی شارە ئازادەکان لەم ڕێسایە بەدەر بوون. فەرمانڕەوا بە هێزی دەست و مستی پیاوانی بارگا حکوومەتی دەکرد و پشتی بە دیوانداران و لەشکرچییەکانی ئەستوور بوو. لە ڕێی ئەم دامودەزگایەوە حوکمی بە سەر گەلێک شار و هۆز و قوڵەشای دیکەدا دەڕۆیی کە ئەوانیش وەکوو ئەو خاوەنی کۆشک و بارگا بوون. ملکایەتی تەواوی خاک و سەرزەوی ئیمپراتۆرێتی، بەو مانایە نەبوو کە ئەوان چاودێری سەرلەبەری بن و دەستیان بە سەردا گرتبێ. لە ڕاستیدا ئەوان زۆر بە گەرمە دڵبەستەی خاکی سووریا و دووچۆمان بوون، چونکە لەوێ بە سەر دەوڵەمەندیدا کەوتبوون. گەلێک ئۆگر بوون بە شارێیانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان کە لە دووچۆمانەوە هەتا باختەر، هاتوچۆ و کڕین و فرۆشتن لە سۆنگەی ئەوانەوە پەری هەڵدەدا. ناوچەکانی دیکە هێندەیان چاودێری بە سەردا نەدەکرا و ڕەنگە بکرێ بڵێی تەواو دەستیان لێ بەردابوون. سەرزەوی سلۆکییەکان لە لایەن بنکەی سەربازیی کۆنەچەکداران و یۆنانییەکانەوە دەپارێزرا کە لە چەندین شوێنی گرینگی لەشکری بنەگر ببوون. ڕۆنانی ئەم بنکانە و بەدیهێنانی چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بوونە هۆی دڵبەستەیی یۆنانییەکان و ماڵباتی سلۆکی؛ بە چەشنێکی وا کە لە ڕۆژگاری قەیراناوی و دژواریشدا بە کاریان هات. ئەم یەکە و کۆمەڵانە هەم بە لانی چەندایەتی و هەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

بە باری پلە و پایەدا پێكەوە جیاواز بوون، بەڵام هەموویان بە ئەركداری پاراستنی پادشایەتی سلۆكی دادەندران. چونكە ئەمانە بەناچار ناوەند و مەكۆی كەلتووری یۆنانی بوون، زۆر تیژ لە گەڕانگەڕی خۆیاندا پەرەیان دەدا بە [داب و نەریتی] هێلێنیستی. زمان و یاسا و تەنانەت هونەری یۆنان لە ئێران و دووچۆماندا كەموزۆر لە لایەن كەلتووری خۆوڵاتییەوە وەردەگیرا و ئاوێتەی دەبوو. بەم شێوەیە ئامانجەكانی ئەسكەندەر كە لێكدان و تێكەڵ كردنی دوو كەلتوورەكە بێ وردەوردە لە سەردەمی سلۆكییەكاندا وەدی دەهات، ئەگەرچی ئەوان خۆیەكی وایان بۆ نەدەكوتا. سلۆكووس ژنێكی سۆغدی هەبوو، كەوایە خوێنی ئێرانی لە دەماری جێنشینەكانیدا دەگەڕا. كارتێكردنی ئەم پەیوەندە هێلێنی و ڕۆژهەڵاتییە كە لەم چاخەوە داگیرسا، هەتا ماوەیەكی زۆر پاش ڕووخانی حكوومەتی سلۆكییەكان هەر درێژەی هەبوو.

هەڵبژاردنی سلۆكییە و ئەنتاكییە لە كۆكەی باڵی ڕۆژاوای قەڵەمڕەوی سلۆكی، دەریدەخا كە داموودەزگای حكوومەت لە بازنەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواكاندا پارسەنگی كارانی پێڕانەگیراوە و سەر و بەری كردووە و لایەنی خۆشەویستی و هۆگری دەوری گێڕاوە. سەرەڕای ئەمانە مێژوونووسانی چاخی كەونارا كە چوونە سەر گێڕانەوەی سەربوردەی سلۆكییەكان، پتر سەرنجیان داوەتە سەر شەڕ و تێكهەڵچوونەكانیان لەگەڵ میرانی میسر و حكوومەتەكانی دیكەی هێلێنیستی. سلۆكییەكان كە ئاوا لە قۆڵی ڕۆژاوا سەرقاڵ بوون، بەناچار ڕۆژهەڵاتیان لە بیر چۆوە. سترابۆن ئەم خاڵە لاوازەی بردۆتەوە سەر بێبڕستیی حكوومەتی سلۆكی لە هیركانیا[1] كە ڕۆژگارێكی واشی نەخایاندووە. لەو ماوەیەدا هێندە گیرۆدەی شەڕ و گەڕ بوون كە نەیانتوانیوە ئاوڕێك لەولاتری قەڵەمڕەوی خۆیان بدەنەوە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ كە خۆشەویستی و ئۆگریی

---

١ - گورگان.م.

جڵەودارانی دەزگای حکوومەت سەبارەت بە باڵی ڕۆژاوا هێندەش بێفایدە نەبوو. ئەگەر جەرگە و ناوەندی دەسەلات پارێزرابا، هەڵبڕان و لە دەستچوونی قۆڵی ڕۆژهەلاتی ئیمپراتۆرێتی، دیسانیش شانی لەبەر ڕادەگیرا. کەچی سلۆکییەکان ئەوەیان دە خەیاڵ نەدێنا کە بە دابڕانی ئوستانی دوورەدەستی پارت، ڕەنگە دەوڵەتەکەیان بڕووخێ.

لە نێوەڕاستەکانی سەدەی سێهەمی پێش زایینەوە بارودۆخی ئوستانەکانی شانی ڕۆژاوای قەڵەمڕەوی سلۆکییەکان بەرەبەرە بە سەر تەنگەژە و دژواریدا دەکەوت و هەروەها ڕەوەندەکانی ئاسیای نێوەڕاست هەڕەشەیەک بوون بۆ سەر سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی. بەلام دیسانیش حوکمدارانی ئەم هەرێمانە ناچار بوون هێزەکانی خۆیان بە مەبەستی یارمەتیدانی حکوومەت بنێرنە شەڕی میسر. دیارە هۆی دیکەش لە گۆڕێدا بوون و ئێرەیی پێکبردنی نێوان یۆنانییان و مەقدوونییان و خۆ بە زلزانی دەستەیەک، ڕێی سەرهەڵدانی ساتراپەکانی تەخت دەکرد. بوونی هۆزە نیوەکوچەرەکانی پارتی لەم دەوروبەر و نێوەدا بارودۆخەکەی پتر ئاستەنگ دەکرد. وەختایەک ئەم خێلانە فەرمانڕەوایەکی مەرد و ڕەندیان بە ناوی «ئەشک» لە نێودا پەیدا بوو، هەلی وەخۆکەوتنیان بۆ ڕەخسا. ئەوەی ڕووی داوە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕۆژگاری کۆندا بە ڕاوێژی چەشناوچەشن دۆزراونەوە. ئەو گێڕانەوانەی کە لە ڕاستی نزیکن جاری وایە ڕێی ئەقڵیان تێناچێ و دەگەنە شێوەیەک نەزیلەی ئەویندارى و هەوەسبازانە و جاڕزکەر؛ وەکوو ئەوانەی کە لە شوێنەوارەکانی سترابۆن و ترۆگووسدا هاتوون و ژووستێن کورتە و پوختەیەکی گێڕاونەوە؛[1] یان بۆ باوەڕپێکران دەشێن و لەبەر چاوی [نووسەرانی]دوایی یەکتر

---

١ - ئەگەرچی هێندێک لەو گێڕانەوانە لەگەڵ ئاقڵ یەکتر ناگرنەوە و ئادەمی وەڕەز دەکەن، بەلام دیسانیش نووسەر ناچار بووە وەکوو بەڵگە پشتیان پێببەستێ.م.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەگرنەوە و ڕێک و کۆکن. باشتر وایە نووسینەکانی ئەمانە بکەینە بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەکەمان. هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی ڕۆژاوا لە ساڵی ٢٥٤ی پێش زایین‌دا کە دوژمنایەتی‌کردنی میسریشی پێوە دیار بوو، هەلی بۆ یەکێک لە حوکمدارانی پارت ڕەخساند هەتا ڕاپەڕێ و وێدەچێ ئەم کەسە ناوی «ئاندرۆگۆراس»[١] بووبێ. پاشان وێدەچێ حوکمڕانی باختەر «دیئۆدۆت»[٢] ساڵی ٢٣٩ی پ.ز. سەری هەڵدابێ. ئاشکرایە لەم مەودایەدا «ئەشک» و هۆزی پارتی بە دڵەخورتێ لەم ڕووداوانەیان دەڕوانی. کاتێک سلۆکووسی دووەم دەوروبەری ساڵی ٢٣٨ی پ.ز. لە ئانکارا[٣] نەیتوانی دەرەقەتی «سێلت»ەکان[٤] بێ و بەزی، ڕێگای بۆ ئەشک خۆش کرد کە ئاندرۆگۆراس هەڵچنێ و دەرییەڕێنێ و ئوستانی پارت بگرێ. ئێستاکە هەرێمێکی سلۆکی کەوتبوویە چنگ ئێرانییان.

خێڵی پارنی یان ئێپارنی کە ئێستا لە نێو ڕایەڵوپۆی سلۆکییەکان‌دا ئاوای پەرە ئەستاندبوو، وەک سترابۆن و ترۆگووس دەڵێن یەکێک لەو سێ خێڵەی هۆزی بچووکی «داهە» بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی زەریای خەزەر دەژیان. گۆیا «پارنی» وەختایەک پاش ئەسکەندەر لە نێو خێڵاتی دانیشتووی ڕووسیای باشووری‌دا چەند هەرا و ئاژاوەیەک ڕووی دابوو، بە ماڵ و کۆچەوە داوەریبوونە ئەم مەڵبەندە. دەڵێن دوای بنەکر بوون بە شێوەیەکی نیوەکۆچەری ژیاون و زمانیان تێکەڵاو بووە لەگەڵ زمانی خەڵکی خۆجێیی. لەسەر سواڵەتێکی دۆزراوەی شاری «نێسا» لە تورکستانی ڕووس کە باژێرێکی زۆر لەمێژینەیە، باسی ئەشک – یان بە زمانی پارتەکان ئەرشەک- سەرزنجیرەی خانەدانی ئەشکانی کراوە. کەوایە ئەشک کەسایەتییەکی دیرۆکییە، هەر چەند بەپێی

---

١- Androgoras.

٢- Diodotus.

٣- Ancyra.

٤ - هۆزێک لە ڕەگەزی هیندوئورووپایی. س.

سەرچاوەکان وەکوو پادشایەکی پارتی لەسەر تەختی دەسەلات پالی داوەتــەوە. بێجگە لەمەش وا بوو بە داب کە چەشنی سێزار یان ئۆگۆستی ڕۆمییەکان نــاوی بکرێتە نازناوی پادشایان، بەلام ناوی خودی کەسەکەیان نەدێنا و ئەمەش ببوو بە هۆی گرێپووچکە لە بابەت ناسینەوەیان، بەتایبەت لە ڕووی سکەکانیانەوە. پارتەکان زۆر دواتر لەســەر ڕچــەی سلۆکییەکان شێوەیەکی تایبــەتیان بــۆ ڕۆژمێری هەلبژارد کە گۆیا لە سالی تاجنانەسەری ئەم ئەشکەوە کە ٢٧٤ی پ.ز. بوو دەستی پێدەکرد.

سالانی بەرایی حکوومەتی پارتەکان بە شەڕ و لێکدان و گیرانی هیرکانیا بەسەرچوو. لەم جەنگەیەدا ئەشک مرد و بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکانی دواتر، براکەی بە نازناوی ئەشکی دووەمەوە بوو بە فەرمانــڕەوا. لــە نێــو کۆمــەلانی ئێراندا چەند جارێکی دیکەش دیتراوە کە برا جێی برای گرتبێتەوە. بێگومان ئەم برایەی [ئەشکی یەکەم] تیرداد بــووە، ئەگــەرچی هێنــدێک لــە تــوێژەران ئــەم خزمایەتییــە دەبەنــەوە پــاش. پایتــەختێکیان لــە «دارا»[1] لەســەر چیــای ئاپــائۆرتێنۆن[2] دانــاوە و نوقلانــەی ئــەوەیان لێــداوە دەوروبــەری ئــەبیوەرد بگرێتەوە. ژووستێن هێندە جوانی باس کردووە کە ڕووحی وەبەرهێناوە و دەلــێ هەم دەستی وێرانەدەگەیی و هــەم زەویوزاری بــەرێژەوی گــەرانگــەڕی، لەگــەل جۆگە و جۆبار و بێشەلانی پرنێچیری، نەخشاندبوویان. ئیزیدۆر سەبارەت بەم ڕۆژگارە کۆنە ئاوا دەلێ: «ئەشــک – ڕەنگــە هــەمان ســەرزنجیرەی بنەمالــەی ئەشکانی بێ- کە لە «ئاساک»ی[3] «ئاستائێنێ»ی[4] مەلبەندێکی ئوســتانی پــارت تاجی ناوەتە سەری. گلکۆی پادشایان لە نێسا (پەرتەونێســا) بــوو (ق ٢). لــەم

١ - Dara.

٢ - Apaortenon.

٣- Asaak.

٤- Astaene.

شوێنە کە ئێستا کەوتۆتە ترکستانی ڕووس، کۆمەڵێک خانووبەرە و قەڵا و باڵەخانەی گەورە بە دەستی توێژەران وەدیار کەوتوون و گەلێک بەڵگەنامەی دەسنووس و خەزێنەی تالانکراو دیتراونەوە (ق ٣)؛ بەلام هەتا ئێستا گۆڕی پادشاکانیان نەدۆزیونەوە.



ق ٢- ڕووکاری مەزارگەی نیسا لە سەردەمانی پێشووتری ئەشکانیدا. لە ڕووی قەڵەمکێشی ئەم سەرچاوەیە وەرگیراوە، Vestnik Drevnei, Istorii ١٩٥٣. ل ٣، ق ٤:

بنکەی ژین
www.zheen.org

جێگە و پێگەی ئەشکی دووەم هێندە پتەو نەبوو، بەڵام لە دوو سەرەوە هاتی هات و بەختەوەری ڕووی تێکرد کە بوو بە هۆی سەقامگیری و درێژەی دەسەڵاتی. یەکیان گیرانی سلۆکووسی دووەمی پادشای سلۆکی لە تێکهەڵچوونەکانی سنووری باڵی ڕۆژاوا کە بەرگر و لەمپەر بوو لەسەر ڕێگای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی. دووەم بەستنی پەیمانی یەکێتی لەگەڵ «دیئۆدۆت»ی کوڕ و جێنشینی حوکمڕانی ڕاپەڕیوی باختەر. بەم شێوەیە «تیرداد» هەلێکی بۆ ڕەخسا هەتا بەرلەوەی سلۆکووسی دووەم ببزوێ بۆ سەرکوتانەوەی، هێندێک بە دەوری پادشایەتی خۆیدا بێ و لەشکرێک پێکبێنێ. ئەم پەلامارەی سلۆکووسی دووەم هەتا نیزیک ساڵی ٢٢٨ی پ.ز. ڕووی نەدا. تیرداد بەرگەی

**هێرشی سلۆکووسی نەگرت و بەناچار بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات هەتا پێدەشتی گیاجاڕی ئاپاسەکا یا سەکاکانی ئاوی لە ئاسیای نێوەڕاست پاشەکشەی کرد. بەڵام سلۆکووس بە مەبەستی ڕۆمرکاندنی کۆمەڵێک هەرا و ئاژاوەی دیکە دەرەتانی نەما و بەپرتاو بەرەو ئەنتاکییە فڕی و دەستی لە کۆڵ پارتەکان کردەوە. بۆیە یەکەم پادشایانی پارتی هیچیان سکەیان لێنەداوە، چونکە خۆیان بە خواردەستەی سلۆکییەکان داناوە.**



ق ٣. پەیکەرەیەکی بچووکی داتاشراو لە بەردی مەڕمەڕ کە ڕەنگە هی خواژنێک بێ. لە نێسا دۆزراوەتەوە. قەبارەی نیزیکەی ٢:١. سەر بە سەدەی دووەمی پ.ز. لە ڕووی قەڵەمکێشی ئەم ژێدەرە وەرگێراوە:
Union Sovietique. December, ١٩٥٤.

**لێرەوە هەتا ٢١٧ی پ.ز. کە تیرداد هیرکانیا و کۆمێس و ناوچەکانی لێواری باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەری داگیر کرد، هیچ زانیارییەک سەبارەت بە پارتەکان بە دەستەوە نیە. بەڵام لەو ساڵەوە دیارە کە تیرداد پایەختی خۆی گواستۆتەوە بۆ شاری سلۆکیی سەد دەروازە (هێکاتۆمپیلووس)ی**

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەر شارێی ئێران کە تاکوو ئێستا نەدۆزراوەتەوە. دەوروبەری ساڵی ٢٢١ی پ.ز. دوای ئەوەی کە بارگەی ژیانی بەرەو پاشەهەوار تێکەوەپێچا، لە قسان «ئەردەوان»ی کوڕی جێی گرتۆتەوە. هەتا نیزیک ساڵی ٢٠٩ی پ.ز. پارتەکان بوونە فەرمانڕەوای خاک و هەرێمێک کە ڕەنگە هەتا هەمەدان لە [نیشتمانی] ماد پەڕی هەڵدابێ. بەڵام ئەم پەرەگیری و پێشوەچوونە هاوکات بوو لەگەڵ هەرەتی پادشایەتی ئانتیۆخووسی سێهەم کە جێگای سلۆکووسی گرتبۆوە. ئانتیۆخووس هەلێکی بۆ ڕەخسا کە بە هەرێمە ڕاپەڕیوەکاندا بێ و هەڵیانچنێ و لە شەڕێکی بەریندا هەمەدانی ئەستاندەوە. ئەوسا کشەی لە سوارانی پارتی کرد کە ئەردەوان گاڵی دابوون هەتا کەرێزە بایەخدارەکانی شۆرەکاتی «کەویری نمەک» تێکجمێنن و بە سانی خۆی گەیاندە سەد دەروازە. پاشان ئەگەرچی بە کرژی و گرژی بەربەرەکانی لەگەڵ دەکرا بە خاکی «تەپووریە»ی[1] شانی ڕۆژهەڵاتی «ئەلبورز»دا تێپەڕی و هیرکانیای گرت و سەرەنجام دەستی یەکێتی نایە نێو دەستی ئەردەوان. ئانتیۆخووس وەختایەک توانی تەنگ بە «ئوتیدێم»ی فەرمانڕەوای هەرێمی باختەر هەڵچنێ و پەیمانی لەگەڵ ببەستێ و شانەبەرزەی خۆی بە سەردا بسەپێنێ، لە ڕێبازی کامڕەواییدا هەر گاڵەی هات. ئەوسا ئانتیۆخووس بە مەبەستی سەلماندنی سەرکەوتنەکانی هەر ئەو ڕێگایەی گرتەبەر کە ئەسکەندەر پێوابووی و بەرەو هیندوکۆش کشا و بە گەڵی خەیبەردا تێپەڕی و گەیشتە پەنجاب و ئاخرییەکەی بە سیستان و کرماندا گەڕایەوە سلۆکییەی سەر چۆمی دیجلە. پادشایەتی پارتەکان ئەگەرچی تەشک و داوێنی هەڵکشابۆوە و بچووک ببۆوە، بەڵام هەروا بە سەر پێوە مایەوە.

وا وێدەچێ کە هەر ماوەیەکی زۆر کەم دوای ئەم ڕووداوانە پارت گیرۆدەی هێرش و پەلاماری پادشای باختەر بووبێتەوە و لایەکی دیکەی لێدابڕابێ. بەڵام

١ - Tapuria.

بنکەی ژین www.zheen.org

دیسانیش ئەم زەبرە نەیتوانی سەری تێدابەرێ و هێندەی پێنەچوو خۆی گرتەوە و بڕستی وەبەرهاتەوە. لەو جەنگەدا کە ئەردەوانی یەکەم سەری نایەوە و ڕەنگە سالّی ١٩١ی پ.ز. بووبێ، پێریاپاتیووس (فێری پاپت) بوو بە شا و پێنج سالّێکی فەرمانڕەوایەتی کرد و دوو کوڕی لە پاش بەجێمان بە ناوی «مێهرداد»[1] و «فەرهاد»[2]. کوڕە گەورەی بوو بە پادشا و خۆی دایە شەڕێکی قورس و گران. ئانتیۆخووسی سێهەم تازە لە حاند هێزی پەلاماردەری وڵاتداگری ڕۆم لە ماگنێزی[3] تێکوپێک شکابوو و نەیدەتوانی سنووری ژێر دەسەڵاتی بپارێزێ. فەرهاد هەڵیکردە سەر ئاماردیان و تێکڕای تۆخم و تۆرەمەکانی دانیشتووی زنجیرە چیاکانی ئەلبورز و هیرکانیا و ناوچەکانی تری وەبەر خۆی دا و کەوشەنی پارتەکانی هەتا ڕۆژاوای «دەربەندی خەزەر» واوەتر برد و کۆمەڵێک لە خەڵکی تێشکاوی ڕاگواستە شاری خاراکس(خار) لە نیزیک دەروازەی خەزەر. بەڵام ڕەنگدانەوەی خەستی ئەم شکانەی ئانتیۆخووس دوای چەند سالّێک تەواو خۆی نواند. سەرەتا دوو پادشایەتی ئەرمەنستان سەریان لە ئاست فەرمانی سلۆکییەکان با دا و پاشان مادی ئاترۆپاتێن لێیان هەڵگەڕایەوە. دوای نەمانی ئانتیۆخووسی سێهەم تەوەزەلی و خۆشڕابواردنی جێنشینەکانی زنجیرەیەک سەرهەڵدان و ڕاپەڕینیان لێکەوتەوە. هەرێمەکانی ئێران یەکیەک لە چنگ سلۆکییەکان دەرچوون و پادشایەتی سەربەخۆ پێکهاتن. لەم تێکەولێکە و دابڕانەدا فەرهادی یەکەمی پارتی وڵاتەکەی نەدایە دەست ئەو هەمووە کوڕەی کە هەیبوو، بەڵکوو بە مێهردادی برا چووکەی ئەسپارد.

مێهرداد کە بە بناغەدانەری پادشایەتی پارتیان دانراوە، لە کاروباری لەشکریدا زۆری لە باراندا بوو (و ٦، a ، aa). بەڵام لەبەر ئاوەزمەندی هەتا

١- Mithradates.

٢ - Phraates.

٣- Magnesia.

دوای مەرگی ئانتیۆخووسی چوارەم ئێپیفان لە ۱٦۳ی پ.ز. لێهاتوویی خۆی دەرنەخست (و ۱). لە باڵی رۆژهەڵاتەوە دیمێتریووسی یۆنانی دە نێو هەرێمی پەنجاب گەڕا و دەسەڵاتی بە سەر ئەفغانستان و هیندووستاندا شکایەوە. باختەر کەوتە چنگ ئووکراتید[1] و ئەم دووە زۆر توند پێکداهاتن و شەڕیان کرد. ئووکراتید وا تێما و تاسا کە ماوەیەک بەر لە ساڵی ۱٦۰ی پ.ز. نەیتوانی بەر بە پەلاماری مێهرداد بگرێ کە بەرەو تەپووریە و تراکسیان[2] گورمی بەستبوو. گیروگرفتەکانی ئووکراتید ماوەیەک دواتر بنەیان هات، چونکە بە دەستی کوڕێکی خۆی کوژرا. ئەم کوڕە بە عارەبانەوە وەسەر تەرمی باوکی پەڕی و نەشیهێشت بینێژن. پاش ماوەیەک وڵاتانی هێلێنیستی دەرەی کابول و سێند یەکتریان گرت و وڵاتێکی پان و بەرینیان پێکهێنا. مێناندر یان بە وتەی هیندییەکان میلیندا، دەوروبەری ۱۵۵- ۱۳۰ی پ.ز. بوو بە حوکمڕانی ئەم وڵاتە. ئەم پادشایە کە چەندین سەرکەوتنی لە هیند وەدەست هێنا، چووە سەر دینی بوودا و لە نەزیلەکانی بوودایی‌دا باسی کراوە.

مێهرداد تیژ بەرەو رۆژاوا ئەسپی تاودا. مادکە لە ژێر دەسەڵاتی «تیمارخووس»ی پادشای راپەریودا بوو، وا دیارە دەبێ ساڵی ۱٤۸ی پ.ز. گیرابێ. مێهرداد کەسێکی بە ناوی «باکاسیس» لەوێ کردە فەرمانڕەوا. بەڵام وا دیارە سەرنجی ئەم هێرشبەرە دەتگوت دیسان کەوتۆتە لای شانی رۆژهەڵات و رەنگە لەبەر ئەو پەلامارە بووبێ کە کرابوویە سەر سنوورەکانی. بەپێی نێوەرۆکی سەرچاوە کۆنەکان کە وەکوو ئەفسانە دەچن، گۆیا مێهرداد هەتا «ئاراخووزی» ڕەوی بردووە و کەوشەنی هیندی بەزاندووە. کاتێک سەرقاڵی ئەم

---

۱- Eucratides.

۲- Traxiane.

شەڕانە بوو یەکەم سکەی پارتەکانی لێدا و ڕەنگە بەم کارەی نیشانی دابێ کە تەواو لە فەرمانڕەوایەتی سلۆکییەکان دابڕاوە و سەربەخۆ بووە (و ٦، aa ،a ).

سنووری ڕۆژاوای قەڵەمرەوی مێهرداد ئێستا دەگەیشتە دەشتە ئاوئاژنەکانی دووچۆمان و بابل کە ئاوەدانییەکی یەکجار زۆر خۆیان تێدا دەنواند و مێژووی هێندێکیان هەتا ئەو دەم لە هەزاران ساڵ تێپەڕیبوو. تێکڕای شار و گوندەکانی وێندەرێ پشتئەستوور بوون بە کشتوکاڵ و بازرگانی. تاج لە سەرنانی دێمێتریووسی دووەمی تازەلاو وەکوو پادشای سلۆکی و گیرانی لە شەڕدا بە چنگ تریفۆن[1]، ئەو هەلەی بۆ مێهرداد ڕەخساند کە پێویستی بوو. هەتا ژووئییەی ١٤١ی پ.ز. مێهرداد بەشێکی بەرفرەوانی بابل و دووچۆمانی لە شەڕێکی خێرادا وەچنگ هێنا و گەیشتە سلۆکییەی لێواری ڕووباری دیجلە. سەرشێواوی دێمێتریووس و بابلییەکان سەبارەت بە قوتبوونەوەی لەناکاوی مێهرداد لەسەر سواڵینەکانی بابلی نووسراوە. بەڵام مێهرداد ماوەیەکی کەم لە بابل مایەوە، چونکە ناچار بوو بێ سێودوو بەرەو ڕۆژهەڵات باژوێ هەتا بەر بە هرووژمی باختەرییەکان بگرێ. لەم کاتەدا دێمێتریووس لە بابل خۆی دایە پەلامار و پیاوانی سەر بە یۆنان لەو شوێنە و لە ڕۆژاوای ئێران چوونە یاریدەی. گریمانەیەکی سەرنجڕاکێش لە گۆڕێدایە کە دەڵێ دێمێتریووس و «هێلیئۆکێل»ی[2] باختەری پێکەوە کاکەوبرالەیان کردووە. بەڵام مێهرداد باختەری سەرکوت کرد و بۆ تێکهەڵچوون لەگەڵ دێمێتریووس گەڕایەوە. بە فێڵ و دەهۆ پادشای سلۆکی خستە گازی خۆی و بەڕێزەوە ناردی بۆ هیرکانیا و «ڕۆدۆگوونگ»ی[3] کچی خۆشی دایە. ئەوسا بناغەی فەرمانڕەوایەتی پارتەکانی لە ئاسیای نێوەڕاست و سەرزەوی دووچۆمان پتەو کرد. لە سلۆکییە سکەیەکی

١- Tryphon.

٢- Heliocles.

٣ - Rohodogune. بە واتای چەشنی خۆر؛ خۆرینە.

عەیارچاک و مێژووداری بە دەست قالبسازانی دیمێتریووس لێدا (و ٦، b، bb). وەکوو لە سکەکانەوە دەردەکەوێ مێهرداد هەتا ساڵی ١٤٠ – ١٣٩ی پ.ز. بە سەر ئێلیمائیس و پارسدا زاڵ ببوو. ئەم دوو پارێزگایە تاکوو سەدان ساڵان هەروا بە دەست پارتەکان مانەوە.

دەوروبەری ساڵی ١٣٨ی پ.ز. وەختایەک مێهرداد مرد، توانیبووی سنووری دەسەڵاتی پارتی لە گۆشەیەکی ئێرانەوە پەرە پێبدا و هەتا ئاستی پادشایەتییەک بەرینی بکاتەوە کە لە بابلەوە تاکوو باختەر پەلی هاویشتبوو. یەکەمین سکەی پارتی بە شێوازی یۆنانی لێدا و بەڕاستی جێی خۆی بوو کە لە سەری نووسی «شای مەزن». دانانی یاسای ئێرانی و گۆڕینی ناوی نێسا بە مێهردادگرد بە کار و هەنگاوی وی داندراوە. سەیر نیە کە - وێدەچێ- ئاریان پەسن و پێداهەڵدانێکی وەکوو ئەوەی کە بۆ ئەسکەندەر باو بوو، بە بەژنی مێهردادیشی بڕیبێ. بەڵام ئەم بەرفرەوان بوونەوەی پادشایەتی پارتی چەند شەڕێکی چەشناوچەشنی لێکەوتەوە. کاتێک فەرهادی دووەمی مێرمناڵ ڕۆنیشتە سەر تەختی دەسەڵات، دایکی بوو بە جێنشینیمیر و لەبری وی پێڕاگەیشت. دیمێتریووس دوو جار هەوڵی دا لە بەندیخانەی جۆسانەوەی لە هیرکانیا ڕابکا، بەڵام هەردک جار گرتیانەوە و گێڕایانەوە. یەکەم جار فەرهاد زۆر توند بە سەری ڕۆیی و بۆ دووەم جار جووتێک جگی زێڕینی بە سووکایەتی بۆ کردە خەڵات؛ یانیها کارەکەی وەکوو گەمەی مناڵان وایە. ساڵی ١٣٠ی پ.ز. فەرهاد لە دوو باڵەوە هرووژمی کرایە سەر. ئانتیۆخووسی حەوتەم پاش ئەوەی تریفۆنی سەرکوت کرد و توانی بە سەر یەهوودیە و سووریادا زاڵ بێ، بەرەو دووچۆمان شاڵاوی برد. لەشکرێکی ئەوەندە گەورە و گرانی کۆ کردەوە کە لە ڕووی ژمارەی زۆری چێشتکەر و نانکەر و دەورگێڕانی شانۆوە چەشنی ئەفسانە خۆی دەنواند. ئانتیۆخووس لە سێ شەڕی پەیتاپەیتادا سەردارانی پارتی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەزاندن و بابل و دواتر «ماد»ی گرت و چەند بەشێکی ژێر دەسەڵاتی پارتەکان سەریان وەبەرهێنا و کۆمەڵێک مەرجی قورس و گران و نەگونجاوی بۆ پێکهاتن خستنە بەردەمی فەرهاد. لەم جەنگەدا زستان سەری دە سوێیە نا و گرێ و کۆسپی لەسەر ڕێی ڕاپەڕینی کارەکان قوت کردنەوە. ئانتیۆخووس هێزەکانی لە گەڕانگەڕی هەمەدان بنەگر کردن. بەڵام ئەوەندەیان تین بۆ خەڵک هێنا و ناحەز جووڵانەوە کە جەماوەر لێیان ڕاپەڕین. لە وەرزی بەهاردا چەند هۆیەک یەکتریان گرت و بوونە سۆنگەی شکان و کوژرانی ئانتیۆخووس کە بریتی بوون لە ئازاد بوونی دێمێتریووس و هەڵمەتی هاوکاتی خەڵکی ماد و لەشکردارانی فەرهاد بۆ تێکەوەپێچانی حکوومەتی سلۆکی و پەیدا بوونی جێگرەوەیەک کە تاج و تەختی ئەوانی بە هی خۆی دەزانی. تەرمەکەیان خستە نێو تابووتێکی زێوین و ناردیانە سووریا و سلۆکووسی کوڕی گیرا و برازاکەشی چووە ڕیزی ژنانی حەرەمخانەی فەرهاد. «هیمێر یا ن هیمێرووس»ی[1] خۆشەویستی پادشای ئەشکانی کرایە فەرمانڕەوای بابل. ئەمە دوایین هەوڵ و تێکۆشانی لە گوڕی سلۆکییەکان بوو کە بتوانن دیسان ئێران بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

بەڵام لە لای ڕۆژهەڵاتەوە بارودۆخ بۆ حکوومەتی پارتی دژوارتر بوو. لە سەرەتای سەدەی دووەمی پ.ز. هێرشی خێڵاتی هسیوونگ نوو[2] (هوونەکان؟) بۆ سەر یووئەچی[3] کە نیشتەجێی باکووری ڕۆژاوای هەرێمی چینیی کانسوو[4] بوون، ئاسیای نێوەڕاستی هەژاند و ئەم تازەکۆچەرانە ناوچەکەیان هارووژاند. یووئەچییەکانیش کە ڕەنگە هەمان تۆخارییەکانی ژێدەرانی ڕۆژاوایی بن، تەنگیان بە تیرە و تۆرەمەکانی سەک و سەکایانی ڕەوەند هەڵچنی و بەرەو

---

١- Himere, Himerus.

٢- Hsiung-nu.

٣- Yueh-chih.

٤- Kansu.

بنکەی ژین www.zheen.org

ڕۆژاوای ئاهێسیا ڕایاندان و کشەیان لێکردن. حەشامەتێکی بەرچاوی ئەم خەڵکە باسکراوە کە زۆربەیان لە «ساکووراکە» یان «ساگارائووکە»[١] و «ماساژێت»ەکان[٢] بوون، ساڵی ١٣٠ پ.ز. بە سەر ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی پارتیان دادا. پادشایەتی یۆنانیی باختەر دەوروبەری ساڵانی ١٢٠- ١٠٠ی پ.ز. بوو بە پێخوستی سمی یەکسمی ئەم کۆچەرانە و هەتا نیزیک ٥٠ی پ.ز. تێکڕای قوڵەشای دیکەی یۆنانی کە لە مەڵبەندی باکووری ڕۆژاوای هیندووستان حکوومەتیان دەکرد، کەوتنە بەر فەرمانی سەکاکان. لە شەڕێکدا کە دەوروبەری ساڵی ١٢٨ی پ.ز. ڕووی دا، سەربازانی بەکرێگیراوی یۆنانی لەپڕێک لە فەرهاد هەڵگەڕانەوە و ئاکامی ئەم سەرهەڵدانە کوشت و کوشتارێکی وای لێکەوتەوە کە فەرهادیش سەری تێداچوو، ئەوسا بارودۆخێکی نالەبارتر خۆی نواند. کاتێک مامۆی فەرهاد (فەرهادی گەورە؟) کە ئەردەوانی دووەم بێ دانیشتە سەر تەختی دەسەڵات، ڕەوەندەکان ملی ڕێگای ڕۆژاوایان گرتەبەر و سەرانسەری قەڵەمڕەوی پارت و هیرکانیایان بڕی و بەشێکیان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات لووزەویان بەست و بناغەی پادشایەتی سەکێستان (سیستان)یان[٣] دامەزراند. ئەردەوان دەوروبەری ١٢٤ی پ.ز. لە شەڕێکی قەوماوی ڕۆژهەڵاتی پارت کوژرا. لەم کاتەدا «هیسپائۆسینێس»ی[٤] میری عەرەب بە دەرفەت هێنان لە کاروباری نەفامانەی «هیمێر»ی حوکمداری پارتیی بابل جەغزی حوکماتی هەتا میسەن[٥] یان «خاراسن»، لە سەری ئەو سەری کەنداوی فارس پەرەپێدا و وای لێهات کە بەشی هەرە زۆری بابل کەوتە ژێر دەست و دەسەڵاتی.

---

١- Sacaraucae.

٢- Massagetae.

٣ - Sacastene.

٤- Hyspaosines.

٥- Mesene. ڕەنگە هەمان دەشتی میشانی ئێستا بێ. م

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو سەردەمە کە مێهردادی دووەمی کوڕی ئەردەوان مەودای ساڵانی ١٢٤-١٢٣ی پ.ز. ڕۆنیشتە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، هەتاوی تەمەنی پادشایەتی ئەشکانی لەسەر کەلەپۆی ئاوابوون دەهاتە بەرچاو. بەڵام مێهرداد خێرایەکی خۆی بە شایانی نازناوی «پادشای مەزن» هەڵخست. سەرەتا بابلی گرت و بە مەبەستی نیشاندانی سەرکەوتنەکانی ساڵانی ١٢١ -١٢٠ی پ.ز. ناوی خۆی لەسەر سکە مەفرەقەکانی هیسیائۆسینێس شەقڵ کرد. هەروەها هەڵیکوتایە سەر «ئارتاڤارد» یا «ئارتاڤاسدێس»ی[1] پادشای ئەرمەنستان و «تیگران»ی[2] کوڕی بە دیل گرت. ئەمە بۆ یەکەم جارە کە لە مێژووی پارتەکاندا باسی ئەرمەنستان دێتە گۆڕ. پارتەکان هەرێمی دووچۆمانیان پێخوست کرد و دەوروبەری ١١٣ی پ.ز. خۆیان گەیاندە دوورا ئوورۆپۆس. بەڵام گەورەترین دەسکەوتەکانی مێهرداد دەگەڕێنەوە سەر شەڕەکانی لە باڵی ڕۆژهەڵات. ئوستانەکانی پارت و ئاریا (هیرات)ی ئەستاندنەوە و لانیکەم پادشایەتی سەکێستانی کردە گوێڕایەڵ و خواردەستەی خۆی. دەقی ژێدەرانی چینی کە زۆربەیان پشت بەو زانیارییانە دەبەستن وا «چانگ چین»ی[3] باڵوێزی وڵاتەکەیان نووسیونی و دەوروبەری ١٢٩ی پ.ز. گەیشتە باختەر، دەر و دەشتی گیاجاڕی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەریشیان وێڕای «مەرو» و وارگەی تیرە و هۆزەکانی ماساژێتی بە قەڵەمڕەوی مێهرداد داناوە. بەم شێوەیە مێهرداد توانی هێمنایەتییەک بۆ ڕۆژهەڵات دابین بکا کە هەتا کۆتایی دەسەڵاتی درێژەی کێشا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەودا گەلێک باسی چاکسازی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی و دەرک و دیوانی حکوومەتی کراوە. چەشنێک

---

١- Artavasdes.

٢- Tigranes.

٣- Ch'ang Ch'ien.

نەخشەهەڵگرتنەوەی جوغرافیایی بوو بە باو کە دواتر «ئیزیدۆر خاراکسی» کەلکی لێوەرگرت. لە چیای بێستوون دیمەنێک لە بەرد داتاشراوە کە دەگەڕێتەوە دەوروبەری ١٢٣ تا ١١٠ی بەر لە زایین و قەڵافەتی مێهرداد دەخاتەڕوو کە چوار کەس بەرەوڕووی ڕاوەستاون. تەتەڵەیەکی یۆنانی بە گۆدەرز شەترەپاوەن شەترەیە و مێهرداد و کۆفازاتێس[1] ناویان دەبا و ڕەنگە کەسی چوارەم یەکێک لە ئوستانداران بووبێ (ق ٤).



ق ٤- دیمەنێکی داتاشراو لەسەر تاشەبەردێکی چیای بێستوون کە مێهرداد بەرەوڕووی چوار سەردار دەخاتە بەر چاوان. ئەم تابلۆ هەڵکەندراوە دەچێتەوە مەودای ساڵانی ١٢٣ تا ١١٠ی پێش زایین و لە سەدەی هەژدەدا خەسارێکی زۆری تووش بووە. قەڵافەتی کەسەکان بە قەدرایە مرۆڤی ئاسایین. لە ڕووی قەڵەمکێشی ئەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E.Herzfeld,Am Tor Von Asien, fig.١١.

١- Kophasates.

گۆیا ئەم بەردە تاشراوە دیمەنی بەخشینی دەسەڵات یان پاوانەمیری بەم گەورەپیاوانە نیشان داوە. هەڵبژێرانی شوێنی ئەم شەقڵەبەردە کەوا کەوتۆتە ژێر سەرکەوتننامەی داریۆشی یەکەمی هەخامەنشی نابێ کارێکی بە هەڵکەوت بێ. نووسرانی نازناوی شاهەنشا بۆ یەکەم جار لەسەر سکەکانی مێهرداد (و٦، C) کە تایبەتی هەخامەنشییەکان بوو، وێڕای ئەم بانگەشەیەی کە ئەشکانییەکانی دەبردەوە سەر ڕەگەزی ئەردەشێری بیرتیژ – لەبری ئەو دەنگەشەیەی کە تۆرەمەی ئەوانی دەگەیاندەوە سەر ساتراپی سلۆکیی پارت – هەموویان دەریدەخەن کە ئەشکانی هەوڵیان داوە بە چەشنێک تۆخمەیان بەرنەوە سەر هەخامەنشییەکان. شان و هورم و بایەخی مێهرداد بە هاتنی شاندی نێردراوی چین کە لە لایەن «ووتی»[1] ئیمپراتۆری خانەدانی «هان»ەوە




ق ٥- دینارێک کە ڕوخساری «سوولا»ی لەسەر شەقڵێندراوە و پۆمپێئووس ڕۆفووس دەوروبەری ساڵی ٥٩ی پ.ز. لە ئەندازەی ١:٣دا لێیداوە.

بەڕێکرابوو پێهەڵاچوو. گۆیا تاقمێک پارتی لەگەڵ ئەم شاندە چوونە چین و هێلکەی وشترمر و دەستەیەک چاوبەستی تەڕدەستی هیرکانییان بە دیاری برد. لەم کاتەدا گەورەڕێی بازرگانێتی ئاوریشم کرابۆوە و هاتوچۆی پێدا دەکرا.

---

١- Wu-ti.

لای سالانی ٥٠ی پ.ز. مێهرداد جارێکی دیکە بە کاروباری باڵی ڕۆژاواوە سەرقاڵ بۆوە. پادشای ئەرمەنستان مرد و مێهرداد تیگرانی لە جێی دانا کە وەکوو بارمتە لای خۆی گلی دابۆوە. دواتر پارتەکان بە سەر دووچۆمانیان دادا و توانیان پادشایەتی گچکە و لاوازی ئادیابێن[١] و گۆردین[٢] و ئۆسرۆئێن[٣] بگرن و سنووری دەسەڵاتی خۆیان گەیاندە فورات. بەڵام لەم کاتەدا هێزێکی تازە لەولاترەوە بەرەو پێش دەبزووت. ساڵی ٩٢ی پ.ز. «سوولا»ی[٤] سەرداری ڕۆمیش گەیشتە فورات. مێهرداد باڵوێزێکی بە ناوی ئۆرۆباز یان ئۆرۆبازووس[٥] ناردە ڕۆم هەتا داوای بەستنی پەیمانی یەکایەتی بەرەنگاربوونەوە و پەلاماردانی خەنیمان بخاتەڕوو. بەڕاستی سوولا بە چۆنیەتی هێز و برست و پان و بەرینیی قەڵەمڕەوی پارتی نەدەزانی، بۆیە بە بێحورمەتی لەگەڵ ئۆرۆباز جووڵایەوە. پەیمانێک بەسترا بەڵام باڵوێزی بەختەوەرگەڕاو دواتر بە تاوانی ئەوەی کە نەیتوانیبوو مەزنایەتی و ئابرووی پارت بە شێوەیەکی شیاو بپارێزێ کوژرا، چونکە بێگومان ئێستا پارت بە هێزێکی جیهانی دادەندرا.

مێهرداد لە سالانی کۆتایی تەمەنیدا کەوتە هەڵتۆزهەڵتۆز و سەروەشێنی. ئەو تەتەڵانەی کە مێژوویان پێوەیە و دەگەڕێنەوە دەوروبەری ساڵی ٩٠ی پ.ز. لەپڕ باسی پادشایەک دەکەن بە ناوی گۆدەرز، کەچی بەڵگەنامەکانی پارتی لە بارودۆخی ئاساییدا پادشای فەرمانڕەوا بە «ئەشک» ناودێر دەکەن. گۆیا شەترەپاوەن شەترەیە مێهرداد، دوای گرتنی بابل تەپڵی سەربەخۆیی لێدابوو، هەر بۆیە ناوی خودی خۆی هاتووە هەتا بناسرێتەوە و لەگەڵ فەرمانڕەوای تر

---

١- Adiabene.

٢- Gordyene.

٣- Osrone.

٤- Sulla.

٥- Orobazus.

بنکەی ژین
www.zheen.org

تێکنەچێ. مێهرداد نەیتوانی ئەم سەرزەوییە بستێنێتەوە. ساڵی ٨٨ی پ.ز. سەرنجی کەوتە سەر هەڵلا و کێشمەکێشی برایانی خانەدانی سلۆکی و دێمێتریووسی ناکامکراوی وەکوو بارمتە بە [پەنانشین] وەرگرت. ئاخرین سکەکانی دێمێتریووس سەبارەتن بە ساڵانی ٨٨-٨٧ی بەر لە زایین و ڕەنگە شاهەنشا ساڵی ٨٧ی پ.ز. دەستی لە داوێنی ژیان بەردابێ. مردنی ئەو وەکوو زرینگانەوەی زەنگێک بۆ ڕەنگدانەوەی کەند و کۆسپ و گیروگرفتی تازە دەنگی دایەوە. تیگرانی پادشای ئەرمەنستان لەڕێوە پەلاماری پارتی دا و مەڵبەندی باکووری دووچۆمانی گرت و خۆی بە شاهەنشا ناودێر کرد. گۆدەرزی یەکەم کە ڕەنگە ئێستا بە ناوی ئەشکەوە فەرمانڕەوایەتی کردبێ، جێنشینێک لە بابل بە ناوی ئەردی -یەکەم- جێیگرتەوە کە بە خۆتێوەردانی عێلاتی ساکووراکە یان ساگارائووکە لە پارت شوێنبزر بوو. ئەم تیرە و تۆرەمانە «سێنترۆک»یان[1] خستە سەر تەختی دەسەڵات. سێنترۆک یاریدەی مێهردادی چوارەمی پادشای «پۆنتۆس»ی نەدا کە ساڵی ٧٣ی پ.ز. لەگەڵ ڕۆمییەکان بە شەڕ دەهات و داوای یارمەتی لێکردبوو. سێنترۆک ساڵی ٧٠ی پ.ز. مرد. فەرهادی سێهەمی کوڕی بوو بە حوکمڕانی وڵاتێک کە قەڵەمڕەوی لە کورتێی دابوو. ئیتر پارتەکان دەسەڵاتداری ماساژێتەکان و دەر و دەشتی گیاجاڕی خەزەر نەبوون. لەمەش خراپتر لە دەسچوونی سەکێستان و ئاراخووزی بوو کە پێکەوە پادشایەتی سەربەخۆی هیند و سەکاییان دامەزراندبوو. بەڵام گرینگترین ڕووداوەکانی زەمانی فەرمانڕەوایەتی فەرهاد لەم خاک و سەرزەمینەدا ڕوویان نەدا. لە لای خۆراوا دواین پاشماوەکانی قەڵەمڕەوی سلۆکی دەستیان لێک بەردەدا و بە هاتنی ڕۆم گیروگرفتی تازەی سیاسی خۆیان دەنواند.

***

---

١- Centrok.

بنكەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ٣

# پارت و ڕۆم

بەداخەوە پەیوەندییەکانی نێوان پارت و ڕۆم پتر بە باری دوژمنایەتی‌دا خوار دەبوونەوە. گرینگترین هۆی ئەم تێکچوونەش دەگەڕاوە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان و خاکی ئەرمەنستان و دووچۆمان قرەیان لەسەر دەکەوتەوە. زۆر جار ئەم هەرێمانە بوونە ماکەی ناکۆکیی توند و تیژ و شەڕ و لێکدانی لەخۆوە. سەیرە کە لە سەدەی شەشەمی زایینی‌دا، واتە شەشسەد ساڵ پاش یەکەم تێکهەڵچوونی ئەم دوو هێزە دیسانیش دەبینین کە ڕۆمی و ئێرانی لەسەر ئەرمەنستان شەڕیانە. لەگەڵ هەمووی ئەمانەش‌دا ئەگەر بێتوو ئەم شەڕانە نەقەومابان ڕەنگە قەت گەلێک لەو زانیارییانەمان وەدەست نەکەوتبان کە لە کتێبە مێژوویی‌یەکان‌دا نووسراون. چونکە چاخ و خولی ئارام و بە ئاشتی ژیان هێندەی سەرنجی مێژوونووسان ڕانەدەکێشا.

پێشڕەویی ڕۆمییەکان لە ئاسیای بچووک‌دا و برینداربوون و کوژراوێکی [زۆری] کە خرانە سەر دەستی مێهردادی پادشای پۆنتۆس و تیگرانی پاتشای ئەرمەنستان لە گەرمەی شەپۆلی ئەم هرووژمەدا، کارێکی وای کرد تا پارتەکان وەخۆ کەون. سەرەتا فەرهادی سێهەمی پارتی هاواری بە هاناوەچوونی ئەم

بنکەی ژین
www.zheen.org

پادشایانەی دەبیست، بەڵام خۆی شلوێ نەدەکرد. ساڵی ٦٦ی پ.ز. «پۆمپە» وەکوو سپاسالاری ڕۆم لە ئاسیای بچووک جێگای «لۆکوولووس»ی گرتەوە هەتا دژی پادشایانی پۆنتۆس و ئەرمەنستان هەڵمەتی شەڕ و تێکهەڵچوون درێژە پێبدا. سەرکردەی ڕۆمی لێبڕا کە خێرایەکی بە هێنانە گۆڕی بەڵێنی دۆستایەتی و بەخشینی خاک و زەوی، فەرهاد بکاتە هاوپشت و یاریدەری خۆی. بەڵام لەڕێوە پەیمانێکی لەگەڵ تیگران بەست و گۆردینی باربوو کرد کە سپای فەرهاد گرتبووی و پێشتر گفتی دابوو بۆ ئەو بێ. پارتەکان لەو مەڵبەندە ڕاپێچەک دران و نارەزامەندیی فەرهاد بە سووکایەتی پێکران وڵامی درایەوە. پارتەکان ئەم خەڵەتاندنەی پۆمپەیان لە بیر نەبردەوە. لەمەش خراپتر قەوما و «گابی نیووس»ی جێگری پۆمپە هەر گوێشی نەدایە داوای فەرهاد کە دەیگوت با ڕووباری فورات کەوشەنی دوو وڵاتەکە بێ و هەتا دیجلە ئاژاوتی. پۆمپە وەکوو سپاسالاری پێش خۆی بە شوێن نەخشەی گرتنی ئێراندا دەڕۆیی. ساڵی ٦٤ی پ.ز. بۆ ماوەیەک ناکۆکییەکان چارەسەر کران. فەرهاد و تیگران کەیخودایەتی و داوەریی پۆمپەیان لەسەر کێشەی سنووری سەلماند. هەروابێتەوە هەردووکیان تێگەیشتن کە بۆ لێدان و ڕاونانی خەنیمی هاوبەشی ڕۆژاوایی پێویستە یەکانگیر بن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەورووبەری ساڵی ٥٧- ٥٨ی پ.ز. فەرهادی سێهەم بە دەستی هەردک کوڕی خۆی، واتە مێهرداد و ئەرد کوژرا. ئەمانەش لەسەر تاج و تەختی دەسەڵات دە گژ یەکتر ڕاچوون و شیریان هەژاند. مێهرداد هەوڵی دا ڕۆم بێنێتە یاریدەی خۆی بەڵام ئاواتی وەدی نەهات، کەچی ئاخری توانی بابل بگرێ. ئەردی دووەم (و ٦، dd ،d) کە لەسەر سکەکانی و لە چەندین سەرچاوەی مێژوویی‌دا بە ناوی هیرۆد[1] باسی کراوە، کەوتە پەیکەردەی براکەی و نەیهێشت بە ئاسوودەیی

1- Hyrodes. س.[ئۆرۆد]

دانیشێ و سەرەنجام ٥٥-٥٤ی پ.ز. بە چۆکیدا هێنا و مێهرداد خۆی بە دەستییەوە دا، بەڵام بە چەشنێکی زۆر چاوەڕواننەکراو لەگەڵی جووڵانەوە. ئەرد [ئۆرۆد] دەستووری دا تا مێهرداد لە بەر چاوی بکووژن. لەو سکانەی کە بە فەرمانی وی لەسەر سکەی [میرانی] دیکە لێدرابوون (و ٦، ee،e) سلۆکییە لەسەر قەڵافەتی ئادەمیزادێک خراوەتە بەرچاو کە بەرەورووی ئەرد بە چۆکدا


www.zheen.org

ق ٦- دیمەن و قەڵافەتی دوو سوارەی سووکەڵەچەک و قورسەچەکی پارتی کە بە ڕەنگی ڕەش کێشراونەوە و لە خانووبەرەکانی دوورا ئووڕۆپۆس دۆزراونەوە. سەرەتاکانی سەدەی سێ. لە ڕووی قەڵەمکێشی ئەم سەرچاوەیە وەرگیراون:

M.Rostovtzeff, Caravan Cities, fig. ٢-٣.

هاتووە. لێرەوە ئەرد بوو بە فەرمانڕەوای بێبەرگێڕەوەی ئێران. بەختەوەرانە ئەم شەڕی خۆمالّییە زوو بڕایەوە، چونکە مەترسییەكی تازە سەری هەلّدا. لە ڕۆم ڕایەلّوپۆی حکوومەتی كۆماری هەلّدەپسا و پیاوانی مەزنەوەجاخ لەسەر دەسەلاّت دەمیان تێکنابوو. ڕووبەری مەیدانی سیاسەت كەوتە ژێر سێبەری دەسەلاّتی سێ مەزنەوەجاخی بەهێز كە بناغەی حکوومەتی سێكوچكەی سێزار و پۆمپە و كراسسووسیان دارشت. پۆمپە و كراسسووس سالّی ٥٥ی پ.ز. گەیشتنە پلەی بەرز و گرینگی كۆنسوولایەتی. پاشان كراسسووس گالّ درا بۆ ئەوەی جلّەوی حکوومەتی سووریا بە دەستەوە بگرێ و ئەم هەلەی بۆ تێكەوتن لەگەلّ پارتەكان قۆزتەوە. لە ڕۆم گەلێك كەس دژی ئەم كار و هەلّوێستەی كراسسووس بوون، چونکە هیچ بەلّگە و بیانوویەك بۆ پەلاماردانی پارت بە دەستەوە نەبوو. بەلاّم كراسسووسی بەسالاّچوو كە تەمەنی لە شێست بەرەو ژوور هەلّدەكشا، خەونی وەچنگ‌هێنانی سەركەوتن و سەربەرزییەكانی وەكوو سێزار و پۆمپەی دەبینی. لای وابوو لەشكركێشانی بەرەو ڕۆژهەلاّت لە سەركەوتنەكانی ئەسكەندەریش تێدەپەڕن و پتر دەدرەوشێنەوە. ئەوانەی ڕوویان داوە لە شوێنەوارەكانی پلووتاركدا خراونەڕوو. لە مەودای سالّی ٥٥ی پ.ز. كراسسووس قۆشەنێكی كۆكردەوە. تەنانەت قەلەوقوتەی بەرەلاّ و ئەوانەش كە ئامپاكانی، واتە سێزار و پۆمپە، نەیاندەویستن لە خۆی هالاّندن. ڕۆژی ١٣ی نوامبر بە قۆشەنەوە لە ڕۆمەوە وەڕێكەوت. ئاكاری جەماوەری ڕۆم هەڕەشەی لێدەباری. لە بەردەم دەروازە، كایووس ئاتێئووس[1] ڕێبەری بەرهەلّستان لە پەنا مەنقەلێك بەپێی داب و نەریتی كۆن خەریك بوو سەفەرەكەی بە باری نامەبارەكیدا بشكێنێتەوە. كراسسووس یەكڕاست بەرەو شوێنی مەبەست پێی پێوەنا و مانگی ئاوریل یا مەی ٥٤ی پ.ز. گەیشتە سووریا و سەربازخانەی

١- Caius Ateus.

بنكەی ژین www.zheen.org

ئەو هەرێمەشی ڕەگەڵ خۆی خست و بە لەشکرێکی کە ڕەنگە سەری گەیبێتە حەوت لۆژیۆن - یانی پتر لە ٤٠ هەزار کەس- ڕێگای کوتا. سوارەکانی کەم بوون و پتر هیوای بە پادشایانی هاوپەیمان و گوێرایەڵ بوو لە باکووری دووچۆمان و ئەرمەنستان. یەکێک لە سەرکردەکانی قۆشەنی کاسیووس بوو کە دواتر سێزاری کوشت و گەیشتە پلەی دادوەری و پۆپێلیووس کاسیووسی کوڕیشی یاریدەری لەشکر بوو.

ڕۆژەکانی ساڵی ٥٤ی پ.ز. بە هێندێک تێکهەڵچوونی کورت و نێوەنێوە تێپەڕین و بڕانەوە. قۆشەنچیی ڕۆمی لە ڕووباری فورات پەڕینەوە و هەروەها تۆزێک بە خاکی دووچۆمان‌دا ڕۆچوون و بەربەرەکانی سست و شلی پارتەکانیان تێکشکاند و لە شارەکانی یۆنانی بنەیان داکوتا. ئەرد هەلەکەی بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی شەڕ خواستەوە. کەیخودایەکی ڕاسپاردە لای کراسسووس هەتا بزانێ داخوا ئەم هێرش و پەلامارە دەنگی پەسندی مەزنانی دەوڵەتی ڕۆمی لە سەرە یان هەر خودی کراسسووس وای ئیشتیا لێیە. کراسسووس فیشقاندی و گوتی وڵامی ئەم پرسیارە لە سلۆکییە دەداتەوە. لەو جەنگەدا باڵوێزەی پارتی دەستی بردە پێش و گوتی «ئەی کراسسووس! تۆ وەختایەک چاوت بە سلۆکییە دەکەوێ کە بەری دەستی من مووی لێ بڕوێ.»

لەبەروەی کە کراسسووس چەند سەربازگەیەکی لە شارەکانی باکووری دووچۆمان دامەزراندبوو، ناچار بوو تا ڕەوگە و ڕێگای هەڵمەتی لەو شوێنانەوە هەڵبژێرێ. جا بۆیە نەیتوانی هێزی سوارانی «ئارتاڤازێد»ی پادشای ئەرمەنستان بکاتە یاریدەری خۆی، چونکە ئەو پێشنیاری کردبوو کە لە چیاکانی ئەرمەنستانەوە هێرشەکە دەست پێ بکا و لەوێ سوارانی پارتی هیچیان بۆ نەدەکرا. بەهاری ساڵی ٥٣ی پ.ز. کراسسووس بە تەنیشت «زوگما»دا ڕووباری فوراتی هەڵبوارد. لەبەروەی ئامانجی سلۆکییە بوو، کاسیووس بە

بنکەی ژین
www.zheen.org

گوێی هەڵخوێند کە لە فوراتەوە بەرەو خوار باژوێ. بەڵام «ئابگار»ی پادشای ئۆسرۆئێن و هاوپەیمانی ڕۆمییان هەواڵی نارد کە هێزەکانی پارتی نیزیک بوونەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێنەوە و دووچۆمان چۆڵ دەکەن. کراسسووس تەمای گرت تا بێ سێودوو بکەوێتە سەریان. لێرەدایە کە بۆ یەکەم جار سپایەکی پارتی لەسەر شانۆی مێژوو خۆی دەردەخا. دەهەزار سوار بە سەرکردایەتی «سوورێن»ی لاوی لێوەشاوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئێران، تەواوی ئەو هێزە بوو کە ئەرد بۆ ڕاگرتن و پاراستنی دووچۆمان کۆی کردبۆوە. خودی فەرهاد پیادەکانی پارتی بردبوون بۆ لای ئەرمەنستان، چونکە چاوەڕوان بوو کە کراسسووس لەو بالەوە هرووژم بێنێ. لەم کەلە ناسکەدا سوورێن [سوورنا] وێڕای سوارانی پارتی و هەزار کەس پاسەوانی زرێپۆش و کۆمەڵێکی بەرچاو ژنی سووزمانی لە باکووری دووچۆمان بە چاوەڕوانی ڕۆژگاریان ڕادەبوارد. کراسسووس و لەشکرچییەکانی بە چۆل و بیابانێکدا بەرەو ڕۆژهەڵات ئەسپیان تاو دەدا کە زۆر کەم تەڕەزن و شینکە و ئاوەدانی تێدا بەدی دەکرا و بە شوێن سوورێنی ڕاکردووی خەیاڵیدا دەگەڕان. ڕۆمی دەیانگوت ئەو مەڵبەندە هیچ زیندەوەرێک پێی تێنەناوە. کراسسووس و هێزەکانی، ڕۆژی ٦ی مانگی مەی گەیشتنە ڕووباری «بەلیخ»ی خوارەوەی کەرخ(جەڕران). قۆشەنچی شەکەت و ماندوو بوون و سەرکردەکان ئیزنی وچان و حەسانەوەیان دان. بەڵام کراسسووس ملی پێوەنا و گوتی دەبێ ڕانەوەستین و بکەوینە پەیکەردەی دوژمن و تەنیا لێیانگەڕا هەر وا بە سەرپێوە نان و پێخۆرێک بخۆن و پاشان بەرەو باشوور کەوتە شوێنپێی بەدیکراوی پارتەکان. لەپڕ پێشقەرەوڵەکانی لەشکری کراسسووس ئەسپیان لینگ دا هەتا هەواڵی هاتنی پارتەکانیان پێڕابگەیەنن. لەڕێوە ئەو پادشایانەی وەکوو هاوپەیمان لەگەڵ ڕۆمییەکان مابوونەوە، وێڕای سوارەکانیان ڕایانکرد و لە جەغزی مەترسی و بێهێزیدا

بەجێیان‌هێشتن. کراسسووس فەرمانی دا تێکڕای چەکدارانی لەسەر ڕێوشوێنی بەرخۆدان لە چوارگۆشەیەکدا کۆمەڵە ببەستن. هێشتا ئەو کار و هەڵسووڕانەیان سەری نەگرتبوو کە دوژمن پەلاماری دان. پارتی لەسەر تەپۆلکەیەکەوە ئاسۆگیان دا. بە قرمەقرمی تەپڵ، نیزەدارانی زرێپۆش هەڕایانکردە سەر ڕۆمییانی سووکەڵەچەک و لە حەوشە چوارگۆشەکەیان کردنەوە. پاشان سوارانی قورسەچەک بۆ باڵێک کشانەوە و دڕیان دا و ڕێگایان بۆ لووزەوی سوارانی سوکەڵەچەکی تیرهاوێژ کردەوە. ڕۆمی کەوتنە گەمارۆ و بارانی تیر داباری و خەدەنگی پارتان ئەوەندە سەخت و تیژ بوو کە زرێی کوناودیو دەکرد. چەکدارانی ڕۆمی هەڵدێران و گەوزین، بەڵام هەر وەختایەک گوڕمیان دەبەستە سەر خەنیمان، لەبەریان هەڵدەهاتن، چونکە سوارەی پارتی دەیانتوانی بۆ پشتەوەش تیر باوێن و بە خەدەنگی پارتی ڕۆمییەکانیان تیرەباران دەکرد. سەربازان لەو بگرەوبەردەیەدا هیچیان وەچنگ نەدەکەوت و بەناچار دەگەڕانەوە نێو جەغزی چوارگۆشەی هێزی ڕۆمی. هەتا ئێستا ڕۆمی هەرگیز ئاوا تووشی خەساری گەورە نەببوون. چاوەڕوان مانەوە کە تیردانی کەواندێران بەتاڵ بێ، ئەوسا لێیان وەخۆ کەون. لەم کاتەدا کاروانی وشتران بە بارە تیرانەوە وەدیار کەوتن. جگە لەمەش چوارگۆشەکە هێشتا تەواو جەمسەری یەکتری نەگرتبۆوە و ئەگەرچی دوژمن کەمتر بوو لە سێیەکی ڕۆمییەکان، بەڵام دیسانیش هەڕەشە بوو بۆ سەر باڵی چەپیان. دەستوور درا بە پۆپڵیووس کە هەڵکاتە سەر نەیار هەتا کراسسووس بتوانێ چوارگۆشەکە تەواو بتەنێ و وێکیخاتەوە. کوڕی کراسسووس بە سێزدە هەزار سوارە و پێنسەد کەواندار و چوارهەزار سەربازەوە پاشەکشەی بە زۆربەی پارتەکان کرد. پارتەکان لە نێو تەپوتۆزدا کردیانە قریوەقریوی شادمانی و لەبەر چاوان ون بوون. کراسسووس توانی هێزەکانی بەرفەرمانی تەواو ڕێک بخا، بەڵام ئەم کارەی زۆر قورس

لەسەر شانی کەوت. پۆپێلیووس لەڕێوە تێگەیی کەوا کەوتۆتە داو. هەر کە لە ئاپۆڕای قۆشەنچییانی ترازا، پارتەکان دەورەیان گرت و دایانە بەر لێزمەی تیران. سەربازەکان کشانەوە سەر گردێک و خێرایەکی ڕاسپێردرایە کراسسووس کە بگاتە هانایان. هێشتا وەخۆ نەکەوتبوون کە ڕاکردووانی پارتی گەڕانەوە و سەری پۆپێلیووسیان بە سەری نێزەوە کردبوو. تەنیا پێنسەد کەس بە دیل گیرابوون کە هیچ سەرکردەیەکیان لە نێودا بەدی نەدەکرا.

بە دیتنی سەری براوی پۆپێلیووس ڕۆمییەکان ئەوەندەی تر وورەیان دابەزی. لەم گێژەنی گێژاوەدا کراسسووس ئازایانە و خۆڕاگرانە جوولایەوە. بەرەوڕووی سەربازان بە دمم نەرمەهەنگاوانەوە گوتی: «ئەم دەرد و مەرەدە هی منە و ئێوە دەبێ ئاوا بێوچان لە پێناو ڕۆمدا کۆڵ نەدەن.» بەڵام خۆ لە ژێر بارانی تیردا شەڕ نەدەکرا و تەنیا شەو توانی لەمپەر بێ و باڵیان بە سەر بکێشێ و نەهێڵێ کوژراو و زاماری دیکەیان لێبکەوێتەوە. کەچی شەویش نەیتوانی ئۆقرە و ئۆخژن بخاتە دەروونی کراسسووس. ئەوەندە ناهومێد ببوو کە سەرکردەکان سەربەخۆ فەرمانی کشانەوەیان دا. ئەو بێدەنگییەی لە کات و ساتێکی ئەوتۆدا دڵخوازی قۆشەنچییانی کراسسووس بوو بە شین و شەپۆڕ و لالانەوەی چوار هەزار کەسی بریندار کە دەیانویست لە بیابان بەجێیان بێڵن، تێکشکا. زۆر وێدەچێ پارتەکان هەر لەو دەوروبەرانە شەوەڕیان کردبێ و گوێیان بەو زەنازەنایە زرینگابێتەوە. بەڵام ئەمانە بۆ شەوگورز تەیار نەبوون. هەتاکوو تاریکوڕوونی بەیانی کراسسووس و زۆربەی ڕۆمییەکان ڕەویبوون و پەنایان بردبوویە بەر شوورە و حەساری شاری حەڕران. پارتەکان چەکدارانی پەرتەوازە و چەواشە و زاماری ڕۆمییانیان بە لەپەشیران قەڵتوبڕ کردن و شاری حەڕرانیان گەمارۆ دا. کراسسووس نە هیچ پێداویستییەکی بە چنگەوە مابوو، نە چاوەڕوان بوو هێزێک بێتە فریای. هەر بۆیە کشانەوە بۆ ئەودیو چیاکانی

بنکەی ژین www.zheen.org

ناوچەکە، بە تەنیا ڕێچارە دادەندرا و ڕۆمی لە ژێر باڵـی شـەودا کەوتنـەڕێ. کەچی ئەو کەسەی چاوساغیان بوو بە فێڵەبازی وەدرەنگی خستن و بە لاڕێـیدا بردن. «ئۆکتاو»ی جێگری کراسسووس وێڕای پێنج هەزار کـەس گیـانی خۆیـان ڕزگار کرد. کراسسووس لەگەڵ تاقمەسوارێک ڕایکردە سووریا. بۆ ڕۆژی دواتـر سوورێن سپای کراسسووسی دەورە دا. بۆ ئەوەی بە زیندوویی بیگرێ، سەبارەت بە مەرجەکانی پێکهاتن پێشنیاری دیـدار و وتوویـژی کـرد. کراسسـووس بـە مەبەستی سوورێنی زانی و دوودڵ بوو، بەڵام قۆشەنچییەکانی لێیدەرهەڵبوون و جنێویان پێدا. هەر بۆیە ئازایانە ملی پێوەنا هەتا بەرەورووی مەرگ بـێ. لـەم کاتەدا ئۆکتاو چووە هانای کراسسووس و وێڕای پۆلێک لـە سـەرکردەکان بـە شوێنیدا شۆڕ بۆوە. سوورێن ئەسپێکی دا بە کراسسووس کە بیبـا بـۆ لێـواری ڕووباری فورات کە قەرار وابوو پـەیمانی ئاشـتی و پێکهـاتنی لـێبنووسـرێ. سوورێن تانەی لە کراسسووس دا و بە لاتاو پەیمانشکاندنی پۆمپەی خسـتەوە یـادی و گـوتی: «[بۆیـەت وەبـیر دێنمـەوە] چونکـە ئێـوەی ڕۆمـی تەنانـەت پەیمانەکانی خۆشتان لە بیر نامێنێ.» بەڵام ئۆکتاو کە لەم کارەدا فێڵوفرتێکـی هەست پێدەکرد، جڵەوی ئەسـپەکەی گـرت و بـوو بـە هـەرا و کراسسـووس و هاوڕێیانی کوژران. ئەو ڕۆمییانەی مابوون زۆریان بە دیل گیران و تاقمێکیش بە دەست عەرەبان تێداچوون. سوورێن لە سلۆکییە کەوتە خۆنواندن و شـانۆیەکی گاڵتەجارییانەی سەرکەوتن بە سەر ڕۆمییەکانیدا بەڕێوە برد. وەکوو دەگێڕنەوە سەر و دەستی کراسسـوویان ناردۆتـە لای ئـەرد بـۆ ئەرمەنستان. «ئـەرد» و «ئارتاڤازێد»ی پادشای ئەرمەنستان بۆ دەسگیرانەتی نێوان کوڕ و کچی خۆیـان کردبوویانە جێژن و شایی، کە هەڵبەت مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بـوو. لـە ماوەی ئەم شایی و زەماوەندە خۆش و پڕتام و چێژەدا شـانۆیەک لـە وێـژەی

کۆنی یۆنانیش هاتە ئاراوە[1]. هونەرمەندێک بە ناوی «ژازۆن»[2] لە شانۆنامەی «باکۆهـێ» یان «باکووس ئۆروپپید»دا دەوری دەگێڕا. کاتێک کەللەی کراسسوویان دایە دەستی، لە خۆشیان قریشکاندی و ئەو شێعرانەی بە زمانیدا هاتن کە «ئاگاڤێ»[3] لە جەنگەی بە چنگەوەبوونی سەری «پانتێ»دا[4] دەبوو بیانخوێنێتەوە. «دەڵێن بە لەشکرکێشانی کراسسووس شانۆیەکی ئاوا گاڵتەجاڕییانە، وەک شانۆنامەیەکی خەمرووژێن کۆتایی پێهات.»

بەڕاستی شانۆنامەیەکی پەژارەهێنیش بوو بۆ ڕۆم، چونکە لە سپایەکی هەورازی چل هەزار تەنیا دە هەزار کەسێک توانیان گیانی خۆیان هەتا سووریا دەرباز بکەن و دە هەزاریشیان بە دیل گیران. ئاڵا و درۆشمیی هەڵۆنیشانی ڕۆمییان وەچنگ پارتان کەوتن. یەخسیرەکانیان بە پێیان هەتا «مەرو» برد و لەوبەری قەڵەمڕەوی پادشایەتی نیشتەجێیان کردن. ڕاپەڕین و هارووژان لە نێو جووەکانی دانیشتووی باڵی ڕۆژهەڵاتیی ئیمپراتۆرێتی ڕۆمدا سەری هەڵدا کە هەستی ئێرانخۆشەویستی دنەی دابوون و سەرکوتیان کرد. شەڕ و تێکهەڵچوونی کراسسووس لە سالنامەکانی ڕۆمیدا وەکوو یەکێک لە گەورەترین چارەڕەشییەکانی دیرۆکی ڕۆم نووسرا و تۆمار کرا. هێز و بڕشتی پارت بۆ جەماوەری جیهان دەرکەوت. لەم ڕۆژگارەوە دیسان فورات هەتا پتر لە سەدەیەک بوو بە سنووری ڕۆم.

بەڵام خەنیمانی بەرچاوی کراسسووسیش تووشی چارەنووسێکی چاکتر نەبوون. سوورێن بە فەرمانی ئەرد بە فێڵ و دەهۆ کوژرا، چونکە تۆقیبوو لە

---

١ - سەبارەت بەم شانۆنامەیە بڕوانە: مێژووی ئێرانی کەونارا بە قەڵەمی موشیرووددەولە، ل ٢٣٢٥- ٢٣٢٧؛ هەروەها مەشکوور، پارتەکان لەگەڵ پەهلەوییانی کۆن، ل ٢٢٧، ٢٢٩، ساڵی ١٣٥٠م.

٢ - Jason.

٣- Agave.

٤- Panthée.

بنکەی ژین www.zheen.org

کەسانی بەرەو گەشەی چالاک. ساڵی ١٥١ی پ.ز. پارتەکان ماوەیەک بە درەنگەوە کەوتنە شوێن سەرکەوتنەکانی خۆیان و بە سەرکردایەتی شازادە «پاکۆر»[1] هێرشیان بردە سەر سووریا. بەڵام ئەمە تەنیا هەڵمەتێکی سپای سوارە بوو کە کاسیووس و سیسرۆن بەرپەرچیان دایەوە. پاکۆر کە ئەردی باوکی لێی دڕدۆنگ ببوو، خێرایەکی گێڕایانەوە و ساڵی ٥٠ی پ.ز. پارتەکان لەوبەری فورات کشانەوە. سەرەڕای ئەمەش پارتەکان دەستیان لە خۆتێوەردانی کاروباری سیاسەتی ڕۆمییەکان هەڵنەگرت. بەئاشکرا دەیانویست شەڕی نێوخۆیی لە نێو ڕۆمییەکان پەرە پێبدەن، هەتا هەم پریشکەی پەلاماریان نەیانگرێتەوە و هەم بتوانن قەڵەمڕەوی ژێر دەسەڵاتیان بۆخۆیان دادۆشن. ئەرد هەتا ئەو ڕۆژەی کەوا پۆمپە بەزی و مەرگ بەرۆکی گرت، پەیوەندی پێیەوە بوو. سێزار گەڵاڵەی شەڕێکی گەورەی داڕشتبوو هەتا بتوانێ بەر بە دەستێوەردانی پارتەکان بگرێ. کوژرانی سێزار ئەم کۆسپەی لەبەردەم پارتەکان هەڵگرت و لەوی بەو لاوە دەستێکی وایان نەبوو لە تێکهەڵچوونەکانی نێوخۆیی ڕۆمدا. ساڵی ٤٠ – ٣٩ی پ.ز. پاکۆری شازادەی ئەشکانی کە دیسان باوکی ڕوحمی بۆی بزووتبوو، نێردرایە شەڕی «لابینیووس»ی[2] سەرداری خەیانەتکاری ڕۆم لە شەڕەکانی سووریا و ئاسیای بچووکدا و گەلێکیان دەستوبرد و هونەر نواند. خەڵک لە فەلەستین باوەشیان بۆ پارتەکان گرتەوە و جوولەکە یاریدەیان دان، بەڵام هەتا ساڵی ٣٨ی پ.ز. بارودۆخەکە گۆڕا. لابینیووس کوژرا و پارتەکان لە سووریا دەرپەڕێندران و پاکۆر لە شەڕدا بە گەرووی مەرگا ڕۆچوو.

بە گوتەی ژووستێن، ئەرد ئەوەندە بە نەمانی کوڕەی ئازای شڵەژا و پەژارە دایگرت کە مێشکی تێکچوو. دەوروبەری ساڵی ٣٧ی پ.ز. لێبڕا تاج و تەختی بدا بە یەکێک لە سی کوڕەکانی. کارێکی ئاخرشەڕی کرد و فەرهادی

١- Pacorus.

٢- Labinius.

بنکەی ژین www.zheen.org

چوارەمی کوڕە گەورەی هەڵبژارد (و ٦، f ، ff). فەرهاد بۆ پتەو کردنی بناغەی دەسەڵاتی سەرەتا باوکی و پاشان هەموو براکانی خۆی کوشتن. کاتێک ڕامالیشی بردە نێو مەزن و ماقووڵان، زۆربەیان هەڵاتن و بۆی دەرچوون. بۆ وێنە کەسێک بە ناوی «مۆنەزێس»[1] ڕایکردە لای ڕۆمییەکان و بە «مارک ئانتوان»ی گوت کە هەلەکەی لەبارە بۆ پەلاماردانی پارت و خەڵک هەموو لە سەرپێن هەتا دژی فەرهاد هەڵگەڕێنەوە. ئانتوان کە لە سەرکەوتنی سووک و هاسان دەگەڕا، مەیلی بزووت و خۆی بۆ هێرش ساز و پەرداخ کرد. ئارتاڤازێدی پادشای ئەرمەنستان بەناچار دەستی لەگەڵ ڕۆمییەکان تێکەڵ کرد و سپای سوارەی کۆ کردەوە. بەهاری ساڵی ٣٩ی پ.ز. ئانتوان بە تەنیشت دەراوی زوگمادا لە ڕووباری فورات پەڕییەوە و بە گوتەی ئارتاڤازێد لەشکری سەد هەزار کەسەی خۆی بەرەو مادی ئاترۆپاتێن گاڵ دا. بۆ ئەوەی بتوانێ تیژ باژۆێ هێزەکانی دابەش کردن. دوو لۆژیۆنی خستنە ژێر فەرمانی ستاتیانووس[2] و داینان بۆ پاراستنی بار و بارخانەی قورسەی وەکوو ئامرازی قەڵاڕمێن، هەتا ئەوەندەی بۆیان دەلوێ بە دوای لەشکردا بکشێن. ئانتوان ڕووی کردە «پراسپە»ی[3] پایتەختی مادی ئاترۆپاتێن و گەمارۆی دا، بەڵام چونکە چەکی قەڵابەزێن هێشتا نەگەیبوویە، بەناچار تەپۆلکەیەکی تووبرەڕێژی هەڵدایەوە هەتا جێی چەکی قورسی بۆ بگرێتەوە. فەرهاد کە ئەم دەرفەتەی بە باش دەزانی پەلاماری هێز و کاروانی بارگە و بنە و خورد و خۆراک و چەکی قەڵاشکێنی دا. نیزیکەی دە هەزار یان پتر ڕۆمی کوژران و ئەوانەی مابوون بەخسیر کران و تێکڕای ئازووخە و ئامرازێکی کە دەیانبرد، تێداچوون و جارێکی تر ئارتاڤازێد لەگەڵ ئێران کەوتەوە یەکایەتی.

www.zheen.org

---

١- Monaeses.

٢ -Statianus موشیروددەولە ناوی ئەم سەردارەی بە تاتیانووس هێناوە.م.

٣- Praspa.

ئانتوان ئێستاکە تووشی نەهامەتی هاتبوو. ئەو هێزانەی قەرار وابوو چەکوچۆڵ و پێداویستی و نان و پێخۆریان بۆ بەرن بە لەپەشیران ئەنجنئەنجن کرابوون و ترس باڵی بە سەر لەشکرەکەی کێشابوو. هێزەکانی لەبەر شەڕ و زەبروەشاندنی سوارانی پارتی و ڕێژنەی تیرەکانیان وەزاڵە هاتبوون. سەرەنجام وەختایەک تەماشای کرد زستان بەڕێوەیە و هەوڵەکانی بۆ وتوویژ هیچیان لێشین نابێ، کەوتە پاشەکشە و نەهامەتی ڕۆمییەکان زیاتری باڵ ئەنگاوت. ئانتوان بەرەو کوێستانەکانی ئەرمەنستان ئەسپی تاو دا و هێزەکانی هەمیشە لەبەر هەڵمەت و پەلاماری نێوەنێوەی پارتەکان و چێژتنی برسێتی و توونیەتی چۆڵەپێچ کرابوون. کولێرەیەک تەنیا بە مستێک سکەی زێو وەچنگ دەکەوت. سەربازانی بێئەنوا کەوتنە خواردنەوەی ئاوی پیس و خواردنی گژ و گیا و بژارەواری بن بەردان. زۆریان گیابڕ بوون و بە ئاوی لەوتاو تێداچوون. دۆستێکی پارتی بە ئانتوانی گوت ئەگەر بێتوو لە چیا دابەزێ بە دەردی کراسسووس دەچێ. ئەم پاشەکشەیە سەرەڕای کوشتە و برینداریکی زۆر و ناهومێدیی پەرەگر، هەر درێژەی کێشا. سەرەنجام گەیشتنە سەر ڕووبارێکی نیزیک ئەرمەنستان. لێرە پارتی دەستیان لە پەلامار کێشایەوە و تیر و کەوانیان کۆ کردەوە و گەڕانەوە و گوتیان هەی ئافەرین بۆ خۆڕاگری و بەربەرەکانی ڕۆمییان. دوای شەش ڕۆژی دیکە ڕۆمی گەیشتنە ئەرمەنستان و لەوەتی لە «پراسپە» وەڕێکەوتبوون نیزیکەی مانگێکی پێچووبوو. ئانتوان سپاکەی لە سان دا و بە دەوریدا گەڕا. شەڕ و نەخۆشی سەری سی هەزار کەسی تێدا بردبوو. ئەگەرچی تێکهەڵچوونێکی وا ڕووی نەدابوو کە تێیدا شکابێ، بەڵام سێیەکی قۆشەنەکەی نەمابوو. ژمارەی کوژراوان لە شکستەکەی کراسسووسیش پتر پێهەڵاچووبوو. ڕۆمی تەنانەت لێرەش گیانیان هەر لە مەترسیدا بوو. ئانتوان ناچار بوو لەگەڵ ئارتاڤازێدی بێبەروپشت بسازێ. هەشت هەزار کەسی

بنکەی ژین
www.zheen.org

دیکەش لە ڕێگای سووریادا لەبەر کەش و هەوای ناخۆش مردن. ئانتوان وەرزی زستان لە میسر و لـە پـەنا «کێلئۆپـاتری»ی لەنگـەرگای ئەسکەندەرییە بـە وەرەنگازی ڕایبوارد.

ئەم هێرشە یەکەم هرووژمی بەربلاوی ڕۆمییەکان بـوو بـۆ سـەر کـەژ و کێوەکانی ئێران و لەبەروەی کە زۆر سەیر شکان و بەزین، بە دوامین پەلاماریش داندرا. فەرهادی چوارەم بۆ ئەوەی کامڕەوایی خۆی بـە گـوێی هـەموو لایـەک ئاشنا بکا، مۆرکی خۆی هاویشتە سەر ئـەو سکانەی کـە لـە بارگـە و بنـەی لەشکرەکەی ئانتوان بە خەنیمەت گیرابوون. پاشـان ئـانتوان بـۆ ماوەیـەکی کەمخایەن ئەرمەنستانی گرتەوە و ساڵی ٣٣ی پ.ز. بەرەو سنوورەکانی ماد پێی نایە ئاوزەنگی و ئەسپی تاو دا، بەڵام هەتا گەڕایەوە پارتەکان و ئەرمەنییەکان قەڵەمڕەوی خۆیان گرتەوە. فەرهاد بۆ ماوەیەکی کەم گیرۆدەی گرفتێـک بـۆوە. تیردادی دووەم ساڵی ٣١ی پ.ز. ڕاپەڕی و خۆی بە خـاوەنی دەسـەڵات و تـاج و تەخت دانا. فەرهاد پەنای بردە بەر سەکاکان. ئـەو کـات تـەواوی کۆچـەران و ڕەوەندەکانی باکووری ئێران پێیان دەگوترا سەکا. بە یارمەتیی ئەوان تـیردادی ڕادا بۆ سووریا، بەڵام ئەویش کوڕێکی فەرهادی دزی و بردی بۆ لای ڕۆمییەکان. دواتر ئەم کوڕەیان لەگەڵ ئاڵا و درۆشمە گیراوەکانی ڕۆمی لە شەڕی حـەڕراندا گۆڕییەوە. پادشای پارت چاوەڕوانی دەرفەت مایەوە. سالـی ٢٦ی پ.ز. تـیرداد سەیر تیژ بەرەو دووچۆمان باڵی گرت و بـە سـەری دادا و هێرشـەکەی هێنـدە لەناکاو بوو کە فەرهاد وێرانەگەیی ژنانی حەرەمخانەی دەرباز بکا و بـەناچار هەمووی بە شیران قەڵاچۆ کردن. تیرداد لە سکەخانەی بابـل سکەی لێـدا کـە هێندێکیان لە سەریان نووسرابوو «ڕۆمخۆشەویست»[1]. هەتا هاوینی ساڵی ٢٥ی پ.ز. بە شێوەیەکی کاتی لە خاکی پارتیان دەرپەڕاند. سـەرەنجام مـانگی مـەی

---

١- Philo – romanaeus.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ساڵی ٢٠ی پ.ز. فەرهاد درۆشم و ئاڵاکانی ڕۆمی، وێڕای گەلێک یەخسیر کە لە شەڕی کراسسووس و ئانتوان‌دا گیرابوون، بەڕێی کردنەوە. لە ڕوانگەی «ئۆگۆست» یەکەم ئیمپراتۆری ڕۆم و هاوچەرخانییەوە، ئەمە سەرکەوتنێکی هێندە گەورەی سیاسی بوو کە دەیهێنا بۆی بکەنە جێژن و شادمانی هەموانی (ق ٧). نێوانی پارت و ڕۆم بەم کارە خۆش بۆوە. ئۆگۆست [ئووگووست] وای دەنواند کە خۆی حازر دەکرد بۆ شەڕی پارت، کەچی ئێستا پەکی دەخستەوە و وازی لێ‌دێنا و کەنیزێکی ئیتالیایی بە ناوی «مووزا»ی کردە باربووی حەرەمخانەی فەرهاد. گۆیا ئەو بە تەنگ و چەڵەمەکانی شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ پارتانی دەزانی و هەروەها لە بابەت چۆنیەتی بناغەی لەرزۆکی پادشایەتی ئەوانەوە ئاگادار کرابۆوە.

ناکرێ بڵێی ئۆگۆست بە داهاتووی چارەنووسی سەیری مووزای دەزانی بۆیە کردبوویە دیاری دەستی خۆی. فەرهاد لە مووزا کوڕێکی ببوو کە هەمان فەرهادی پێنجەمە و پێیان دەگوت فەرهادەک. لەوی بەولاوە مووزا شانی بەرز بۆوە و بوو بە شاژن. دەوروبەری ساڵی ١٠ی پ.ز. مووزا فەرهادی چوارەمی هەڵخڕاند کە چوار کوڕی گەورەی خۆی وێڕای خاوخێزانیان بنێرێ بۆ ڕۆم هەتا چۆن چاکە لەوێ ژیان تێپەڕ بکەن و بە تەناهی بژین. ڕەنگە ئەم کار و هەڵوێستە گەڕابێتەوە سەر بارودۆخێکی لەرزۆکی وا کە لە سۆنگەی بانگەشەی مێهردادەوە سەبارەت بە داوای تاج و تەختی پادشایەتی باڵی ئەنگاوتبوو (و٦، g). بەڕاستی ئەم هەلومەرجە وا دەردەخا کە ساڵی ٢ی پ.ز. ڕێگا تەواو بۆ مووزا تەخت کرابوو هەتا فەرهاد دەرمانداو بکا و فەرهادەکی کوڕی لە جێی دابنێ. بەر لە ساڵی یەکەمی پێش زایین پارتەکان و ئەرمەنییەکان بۆ ڕاونانی بەربژارێکی ڕۆمی کە دەیهەویست ببێتە پادشای ئەرمەنستان یەکتریان گرت و ڕێیان خۆش کرد هەتا تیگران و هاوسەری کە خوشکی خۆشی بوو تەختی فەرمانڕەوایەتی بە

سەر بكەنەوە. ئەم كارە ئۆگۆستی توورە كرد و بە مەبەستی گێڕانەوەی بارودۆخەكە بۆ سەر ڕەوتی خۆی، لەشكری نارد و «گایووس»ی نەوەی بە سپاسالار دانا. هێندێك لایان وایە ئیزیدۆر خاراكسی بۆ خاتری ئاگاداربوونەوەی گایووس نامیلكەی «چەپەرخانەكانی پارت»ی ڕێكخستووە.



ق ٧- ساڵی ٢٠ی پ.ز. دیمەنی درانەوەی درۆشم و ئاڵاكانی ڕۆمی كە لە كەرخ گیرابوون. ئەم دیمەنە لەسەر بەروانكەزرێی پەیكەرەی ئۆگۆست شەقڵ كراوە. دۆزراوەتەوە لە:

Prima Porta, Rome.

بەختەوەرانە فەرهادەك و گایووس توانیان ناكۆكییەكانی خۆیان لەو میواندارییانەدا كە لە هەردك بەری ڕووباری فورات بەڕێوە دەچوون بە قازانجی ڕۆم چارەسەر بكەن. سەركردەیەكی لاوی ڕۆمی بە ناوی «ڤێلیووس

پاتێرکوولووس»[1] کە لەم کۆڕانەدا بەشدار بووە، دواتر فەرهادەکی بە گەنجێکی جوانچاک داناوە و باسی کردووە. ساڵی ٤ی پ.ز. فەرهادەک مووزای دایکی خۆی خواست. ڕۆمی و یۆنانی زۆر لەم کارە تۆقین. سەر و ڕوخساری مووزا و کوڕ و مێردی لەسەر سکەکانیان شەقڵ کراوە (و ٦، gg). بەڵام ساڵی ٢ی زایینی فەرهادەک کوژرا یان نێردرایە تاراوگە. لەو زەمانەوە تازە لە تەرکێن باسی مووزای سەیر و سەمەرە نەکراوە. ئەردی سێهەم کە جێی ئەم دایک و کوڕەی گرتەوە، پاش سێ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کوژرا.

ئەم هەڵگەڕانەوە خێرایەی تەخت و بەختی فەرهادەک و ئەردی سێهەم هۆیەکە بۆ لاوازبوونی ڕۆژ بە ڕۆژی خانەدانی ئەشکانی. ئەم کەند و کۆسپانە نەیانتوانی بەر بە کەڵەوەکێشی و ملانەی دوور و درێژ بگرن لەسەر ئەرمەنستان. پارتی و ڕۆمی هەردک بانگەشەی ئەوەیان دەکرد خاک و هەرێمی ئەرمەنستان کە بە باری لەشکری‌دا گرینگ بوو، کەوتۆتە نێو جەغزی دەسەڵاتی ئەوانەوە. هەر بۆیە هەرکام دەیانویست پادشای ئەرمەنستان دەستندەخۆریان بێ. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتی دەسەڵاتە، مەزنەوەجاخانی ڕۆم داوایان لە ئۆگۆست کرد کە یەکێک لە کورانی فەرهادی چوارەم بنێرێتە پارت. وێنۆن کە لە هەمووان گەورەتر بوو نێردرا. بەڵام ئاکاری تێکەڵ بە داب و نەریتی ڕۆژاوایی وێنۆن گەورەپیاوانی ڕەواندەوە. بێمەیل بوون سەبارەت بە ڕاوشکار و میوانداریيەکانی تايبەتی چینی مەزنەوەجاخان و هۆگر نەبوونی بە ئەسپ و ڕکێفەوە وای کرد کە خێرایەکی داخوازەرێکی تازە بۆ تاج و تەخت پەیدا بێ و ئەویش ئەردەوانی سێهەمی پادشای مادی ئاترۆپاتێن بوو (و ٦، h). ئەردەوان سەرەتا لە کاری خۆی‌دا تێشکا، بەڵام ئاخرییەکەی وێنۆنی بەزاند و ساڵی ١٢ی ز. تاجی کردە سەری. گۆیا لە ماوەی دەسەڵاتی درێژخایەنی‌دا زۆری هەوڵ داوە بۆ گێڕانەوەی

---

[1]- Vellius Parerculus.

هێز و بڕشتی حکوومەتی ناوەندی. ساڵی ٣٥ی ز. پیلانێکی تر سەری گرت هەتا کوڕێکی دیکەی فەرهادی چوارەمی لە جێی دابنێن (و ٦، i، ii). ئەم فەرهادە هەتا ئەو دەم نیوسەدەیەک بوو لە ڕۆم دەژیا. بەڵام نەگەیشتە سووریا و ڕەنگە لەبەر نەخۆش کەوتن و نەسازانی لەگەڵ کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی نیزیک مردبێ یان بە پیلانی ئەردەوان سەری تێداچووبێ. بەڵام «تیبریووس»ی جێنشینی ئۆگۆست دەستی لەم کارە بەرنەدا و تیردادی سێهەمی نەوەی فەرهادی چوارەمی نارد. بەرتیلخۆری لە ناخ و دەروونی پارتدا ئەوەندەی پەرە گرتبوو کە ئەردەوان بەناچاری پەنای بردە بەر هۆز و خێڵاتی باڵی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر. شارە یۆنانییەکانی ڕۆژاوای قەڵەمڕەوی پارت زۆر بە چاکی تیردادیان وەرگرت و لە سلۆکییە تاجیان نایە سەری. پاشان ئەو قەڵاتەی کە زێڕ و گەنج و حەرەمخانەی ئەردەوانی تێدا بوو، دەورەی گیرا. بەڵام دیسانیش ئەم بەربژارە ڕۆمییەی تاج و تەختی پادشایەتی، بە سەر ناخۆشەویستیدا کەوت و پشتی لێ‌هەڵکرا. پۆلێک لە گەورەگەوران ئەردەوانیان بە شڕۆڵی لە هیرکانیا دۆزییەوە کە بە گۆشتی نێچیری بەر سێرەی تیروکەوانی بەڕێدەچوو. لەسەر تکا و داوای ئەوان جەماوەرێکی سەکا و داهەی کۆ کردنەوە و تیردادی ڕەپاڵ نا و لەگەڵ ڕۆمییەکان کردی بە دوژمنایەتی. بەڵام تاقمێک گەڕانەوەی ئەردەوانیان بۆ سەر تەختی پادشایەتی پێناخۆش بوو. دەوروبەری ساڵی ٣٥ی ز. شاری گەورەی سلۆکییە دژی دەسەڵات یان باشتر بێژین بێ‌دەسەڵاتیی پارتەکان ڕاپەڕین و خودبەسەر سەربەستییان ڕاگەیاند. ئەم ملانە و سەرهەڵدانە دوای گەڕانەوەی ئەردەوانیش هەروا درێژەی کێشا و پارتەکان ئابلۆقەیان دا. گرفتەکە بە دەست لە کار کێشانەوەی ئەردەوان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە قازانجی کەسێک بە ناوی کین‌نام[1] کۆتایی پێنەهات و بارەکەی پێنەگۆڕا.

---

١- Cinnamus.

پاش ماوەیەکی کەم دوای مردنی ئەردەوان، گۆیا گۆدەرزی دوومم بۆتە جێنشینی. ئەویش هەروەک پادشای پێش خۆی ڕەنگە لە تۆرەمەی ڕاستەوڕاستی ئەشکانی نەبووبێ و چووبێتەوە سەر توخمەیەکی ئەوان یان لە ڕەگەزی مەزنەوەجاخانی هیرکانیا کەوتبێتەوە کە بە «گیو» دەناسران. هێندێک دیمەنی هونەرنواندنی پاڵەوانەتییەکانی گۆدەرز لە شانامەدا باسیان کراوە کە بەڵگەن لەسەر بارودۆخی نالەباری پادشایەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا. چونکە زۆر بە کەمی چیرۆک و بەسەرهاتی قارەمانەتی وەبەرچاو دێن کە سەبارەت بن بە هەڕەتی هێمنایەتی و ئارامی. گۆدەرز خێرایەکی بە دەست «بەردان»ی برای هەیدێی لێکرا بۆ تاراوگە. گۆیا بەردان کە بێپسانەوە سلۆکییەی گەمارۆ دابوو، تیسفوونی بە پاڵپشت و پەساری خۆی دانابوو. ئەو شارەی کەوا ڕۆژگارێک کرابوو بە شارێکی لەشکری و ئێستا بە پایتەختی زستانانەی پارتان دەناسرا. سەرەنجام دەوروبەری ساڵی ٤٠ی ز. دوو برا وڵاتەکەیان لە نێوان خۆیاندا لەت کرد. بەردان کوتی گەورەتری وەبەرکەوت و گۆدەرز هیرکانیا و ئوستانەکانی باکووری خستە ژێر دەسەڵاتی. لەم بارودۆخە ئاڵۆز و خراپەدا، وەرزی بەهاری ساڵی ٤٢ی ز. «ئاپۆلۆنیووس تیانی»ی[1] فرەزان، لە دووچۆمان و بابلەوە مەیلی بەرەو هیندووستان بزووت. سەیر ئەوەیە نەیتوانی بە سلۆکییەدا تێپەڕ بێ کە هێشتا گەمارۆ درابوو. بەڵام مانگی ژووەنی ٤٢ی ز. شارەکە دوای حەوت ساڵ سەربەستی، خۆی بە دەستەوە دا. هێندەی پێنەچوو براکان دەگژ یەکتر ڕاچوون و ئاخرییەکەی گۆدەرز سەرکەوت. ڕەنگە ساڵی ٤٧-٤٨ی ز. بووبێ کە بەردان لە جەنگەی ڕاودا کوژرابێ. جگە لە تەواوی ئەم پێشهات و ڕووداوانە ساڵی دواتر خەنیمێک لە گۆدەرز ڕاست بۆوە. دەستەیەکی مەزن و ماقووڵان مێهردادی نەوەی فەرهادی چوارەمیان لە ڕۆمەوە بانگهێشتەوە و شەڕ

---

١ - Apolloni مورتاز و بناغەدانەری قوتابخانەی فیساغورسییەکان. م.

هەڵگیرسا. گۆدەرز ماوەیەک مێهردادی هەڵسووڕاند و گەمەی پێکرد و لەسەر چیای زانبوولووس[1] گاوگەردوونی کرد و ئاخرییەکەی سەرکەوت. مێهردادی گرت، بەڵام نەیکوشت و تەنیا گوێی بڕی، چونکە شازادەی نەقوستان نەیدەزانی ببێ بە شا. گۆدەرز بۆ ئەوەی سەبارەت بەم سەرکەوتنە یادگارێکی بەجێهێشتبێ ساڵی ٥٠ی ز. بەردەنووسێکی لە بێستوون هەڵقەند کە لە جەنگەی نێزەژەنینی لە دوژمن دەیخاتە بەرچاوان و لە سەری نووسراوە گۆدەرزی کوڕی گیو. گۆدەرز ساڵی دواتر مرد.

وێنۆنی دووەمی جێگرەوەی گۆدەرزی دووەم تەنیا چەند مانگێکی پادشایەتی کرد و دوای وی بەلاش (و ٦٠ ز) ئاقڵمەندانە جووڵایەوە و تەختی دەسەڵاتی «ماد»ی دایە چنگ پاکۆری برای و حکوومەتی ئەرمەنستانیشی باربووی برایەکی دیکەی کرد کە تیرداد بێ و ئەویش دوای ماوەیەک واتە ساڵی ٥٤ی ز. لەوێ بنەی داکوتا. ئەم بەخشینەی دوایی ڕۆمی هەڵبەزاندەوە کە هەمیشە لە ئەرمەنستان خۆی بە خاوەن پشک دەزانی، هەر بۆیە ڕاوێژکارانی وێنۆنی لاو خۆیان بۆ شەڕ تەیار کرد. کۆربوولۆ[2] کە سەردارێکی بەئەزموون بوو بە مەبەستی گرتنەوەی ئەرمەنستان نێردرا. وەختایەک لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕۆمی ڕوانی ئەوەندە بێکار مابوونەوە کە وەبەر دڵی نەکەوتن، هەر بۆیە شانی لە مەشق و ڕاهێنانیان شل کرد. سەربازەکان لەبەر مەشق و فێربوون و هەروەها ئەو مەیدانەی کە بەرەڕوویان بۆوە ئێشیان پێگەیی و چرووسان. دوو هاوین سەرقاڵی مەشق و ڕاهاتنی سەربازی بوون و زستانێکیش لە ئەرمەنستان سەریان وەبەر پەساری ڕەشماڵ و دەواران هێنا و گەلێکیان بە سەرمای سەخت کەسیرە بوون و ڕەقهەڵاتن و ڕاکردووانیان دەکوشتن. بەهاری ساڵی ٥٨ی ز. شەڕ کۆتایی پێهات. تیرداد نەیتوانی بەرپەرچی پەلاماری کۆربوولۆ بداتەوە بۆ

١- Sanbulus.
٢- Corbulo.

سەر «ئارتاکسانا»ی[1] پایتەختی و بەری تاڵانکرانی شارەکەی پێنەگیرا. بەلاش [وەلاش] کە گیرۆدەی کێشە و هەرای نێوخۆیی بوو نەیتوانی یاریدەی براکەی بدا. بەردانی دووەم هەڵتەزیبۆوە و داوای تەختی پادشایەتی دەکرد و هیرکانیاش دابڕابوو. بۆ ساڵی داهاتوو کۆربوولۆ پەلاماری شارێکی تری ئەرمەنستانی دا کە «تیگرانۆسێرتا» بێ.[2] خەڵک دەروازەی باژێریان بە ڕووی‌دا گاڵە دا. بۆ ئەوەی کە جەماوەر بتۆقێنێ و لە بەربەرەکانی درێژخایەن پەشیمانیان بکاتەوە، سەری مەزنەوەجاخێکی ئەرمەنی بڕی و حەوای دایە حەساری شارەوە. خوداوڕاستان سەرەکە کەوتە نێو کۆڕی لێژنەی شەڕ و بەرەنگاری و لەڕێوە شار خۆی بە دەستەوە دا. ساڵی ٦٠ی ز. تیرداد خۆی لە لێدان و تەزاندنی خۆش کرد، بەڵام زۆر بە سانی لە وڵات دەرپەڕێندرا. ئەرمەنستان کەوتبوویە دەست ڕۆمییەکان و پادشایەکیان بۆ دیاری کرد. کۆربوولۆ ڕۆیی بۆ سووریا. ساڵی ٦٢ی ز. پەیتووس[3] پەلاماری ئەرمەنستانی دا. کاتێک زستان نیزیک بۆوە وای بیر کردەوە کە وەرزی شەڕ و تێکهەڵچوون بە سەر چووە و گەلێک لە سەربازەکانی ئێزن دا بگەڕێنەوە. هەڵمەتێکی لەناکاوی بەلاش، پەیتووسی خاوەن ئەزموونی بە چۆک‌دا هێنا و دەستی پێ بەردایەوە و ڕۆمی بەناچاری لە ئەرمەنستان وەدەرکەوتن. خودی پەیتووس پێشەنگ و جڵەوداری ئەم کشانەوەیە بوو. هەموو ڕۆژێک هەشتا هەزار هەنگاوی ڕێگا دەبڕی و برینداروەکانی بەجێدەهێشت. سەرەنجام ساڵی ٦٣ی ز. سازانێک ڕووی دا. تیرداد کرایە پادشای ئەرمەنستان، بە مەرجێک کە تاجی پادشایەتی لە چنگ «نێرۆن» دەرکێشێ. بەم شێوەیە هەم ئابڕووی ڕۆمییەکان پارێزرا و هەم ویستی پارتەکان وەدی هات. سێ ساڵ دواتر تیرداد ڕۆیی بۆ ڕۆم. جا چونکە یەکێک بوو

١- Artaxana.
٢- Tigranocerta.
٣- Paetus.

لە توخمەی موغان و دەبوو ئاو پیس نەکا، تەنیا بە ویشکانی‌دا ڕۆیی.[١] لە خاکی ڕۆم نێرۆن ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی پێکهێنا و تاجی ئەرمەنستانی نایە سەر تیرداد و وەختایەک گەڕاوە تاقمێک هونەرمەندی بۆ سازکردنەوەی ئارتاکسانا ڕەگەڵ خست.

لە سەردەمی پادشایەتی بەلاشی یەکەمدا کە ڕەنگە هەتا ساڵی ٨٠ی زایینی پێچووبێ، هێندێک داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتی خزینە نێو کەلتووری پارتی. بۆ یەکەم جار خەتی ئارامی و دیمەنی ئاورگایان لەسەر سکان نووسران و شەقڵ کران (و ٦، jj). ئەم بە ڕەسمیی ناسین و وەبال بۆ کێشانەی پەرەستنی ئاورگایان خۆی بەڵگە و نیشایەکە لەسەر ڕاستی و دروستیی باس و مەبەستی کۆکردنەوە و نووسینەوەی گوتار و سروودەکانی ئەڤێستا و ڕاگوێزرانیان لە سینە و زمانەوە بە حوکمی «وێلەخششا» کە دەبێ هەر ئەم بەلاشەی یەکەم بێ. جگە لەمەش بەلاش لە بابل و نیزیک سلۆکییە بناغەی شارێکی تازەی داڕشت و بە «بەلاشگرد»[٢] ناودێر کرا. گۆیا ئەم کارەی لەبەر برەو بردنی گەشە و هێزی بەربلاوی ئەم باژێرە یۆنانییە ئەنجام داوە. شارەکانی تری وەکوو شووش و مەرو لەم ڕۆژگارەوە ناویان گەڕایەوە سەر دۆخی خۆماڵیی پێشوویان و ناوی یۆنانیی سلۆکی لە سەریان سڕایەوە.

هەتا دەیان ساڵ دوای شەڕی کۆربوولۆ پارت و ڕۆم کەموزۆر بە ئاشتی دەژیان و نێوانیان خۆش بوو، هەر بۆیە نووسەرانی ڕۆمی باسێکی ئەوتۆیان دەربارەی پارت نەهێناوەتە گۆڕ. لەم سەردەمەدا کە حکوومەتی «ڤێسپازین»ی[٣] ڕۆمی سنوورەکانی پتەو دەتەنین، فورات وەکوو کەوشەنی ڕۆژاوای پارت قۆڵی لەسەر کێشرا و وڵاتانی قالۆر و بابردەڵەی وەکوو پالمیر (تەدمیر) تازە

---

١ - ئەم بۆچوونانە تەنیا پشتئەستوورن بە نووسینی نووسەرانی ڕۆمی و یۆنانی. م.

٢- Vologases.

٣- Vespasien.

www.zheen.org

یەکجارەکی کەوتنە ژێر حوکم و دەسەڵاتی ڕۆم. دەوروبەری ساڵی ٧٢ی ز. ڕەوەندەکانی ئالانی هەڵیانکردە سەر باڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی پارت. فەرمانڕەوای هەرێمی بەڕواڵەت سەربەخۆی هیرکانیا ئاوەزمەندانە لەگەڵیان تێکەوت و پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ بەستن و دنەی دان بەرەو باکووری ئێران تێراچن. لە ماد حەرەمخانەی پاکۆری فەرمانڕەوای وێندەرێ کەوتە دەستیان. لە ئەرمەنستان دەسەڵاتی تیردادیان هاڕی و تێکیانشکاند و ئەوەندە لە کەمەند هاویشتن‌دا شارەزا بوون کە هێندەی نەمابوو پێوەی بکەن و بیگرن. هانا بردن بۆ ڕۆمییەکان بێئاکام مایەوە و سەرەنجام بەختی پارتەکان وەخەبەر هات و ئالانییەکان خۆیان بە دەسکەوت و خەنیمەتێکی زۆرەوە، بە ڕەوگەی ڕۆژهەڵاتی‌دا گەڕانەوە.

لە ساڵی ٨٠ی زایینییەوە بەرەودوا مێژوو باسی بەلاشی یەکەم ناکا. ساڵی ٧٧ – ٧٨ ی ز. هەم بەلاشی دووەم(؟) و هەم پادشایەک بە ناوی پاکۆری دووەم لە سلۆکییە سکەیان لێداوە، بۆیە وێدەچێ دیسان شەڕی نێوخۆیی سەری هەڵدابێتەوە. ساڵی ٨٠ – ٨١ ی ز. کەسێک بە ناوی ئەردەوانی چوارەم کە خۆی بە خاوەنی تاج و تەخت دەزانی سکەی لێداوە، بەڵام هەر خێرایەکی سەرەونخوون کراوە. وا دیارە دەبێ تەنیا پاکۆری دووەم مابێتەوە، ئەویش نەک بۆ ماوەیەکی درێژخایەن. هێندێک سکە کە ساڵی ٨٩ – ٩٠ی ز. لێدراون، ئێستا دەیانبەنەوە سەر بەلاشی دووەم، هەر بۆیە دەبێ شێوەی ژمارە دانان بۆ ئەم پادشایانە پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ. خۆنواندنی نێرۆنێکی ساختە لەبری ئیمپراتۆری تازەمردووی ڕۆم لە ساڵی ٧٩ی زایینی‌دا لە لێواری ڕووباری فورات و ساڵی ٨٩ی زایینی پەیدابوونی نێرۆنێکی بەدرۆی تر، ڕەنگە دیاردەیەک بێ کە نیشانی بدا پارتەکان خەریکی دەکار کردنی فێڵ و تەڵەکەی تایبەتی ڕۆمییەکان بووبن لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان‌دا و ڕێچارە و دەلەسەی ئەوانیان درێژە دابێ. بە گوتەی

شاعیرانی سەردەم، دۆمیسین[١] گەلاڵەی پەلامارێكی بۆ سەر پارت دارشتبوو. ئەگەرچی كوژرانی ئەو، گەلاڵەكەی كردە بلقی سەر ئاو، بەلام یەكێك لە سەردارەكانی هەڵیكردە سەر پارت.

بارودۆخی نێوخۆی پارت لەم سەردەمەدا زۆر شێوابوو. ئەو سكانەی كە لێدراون دیاردەی گەلێك كێشە و هەرا و شەڕی خۆماڵین. پاكۆری دووەم هەتا ساڵی ٨٧ی ز. سكەی لێداوە و پاشان لە ٩٢ هەتا ٩٦ی زایینی و سەرەنجام لە ١١٣ تا ١١٥ی ز. پادشایەك بە ناوی «خوسرەو»ی برای پاكۆری دووەم لە مەودای ساڵانی ٨٩ – ٩٠ و ١٢٧ – ١٢٨ی ز. سكەی لێداوە. سكەكانی بەلاش – ڕەنگە بەلاشی سێهەم بێ- كە بە ڕقەبەری دەناسرا، لە دەوروبەری ساڵی ١٠٥ی زایینیڕا هەتا نێوان ساڵانی ١٤٥- ١٥٠ ی ز. لێدراون. سەرچاوە تۆمار كراوەكان زانیارییەكی زۆر كەم و كورتیان لێهەلدەكرێ. ساڵی ٩٧ی ز. كان‌یینگ[٢] لە چینەوە گەیشتە میسەن[٣] و ساڵی ١٠١ پادشایەكی پارتی بە ناوی مانچیوو[٤] چەند سەر شێر و وشترمەلی بە دیاری ناردن بۆ چین.

ساڵی ١١٣ی ز. جارێكی تر ئیمپراتۆرێكی دیكە كەوتە بیری پەلاماردانی پارت و گرێ و كۆسپی بۆ ساز كردن. چەند كەس لە پێشووەكانی ئەم ئیمپراتۆرە كەوتوونە سەر لێواری لە بیر بردنەوەی پەند و گۆلمەزی ڕووداوەكانی حەرران و پراسپە، كەچی دەستیان نەبزاوتووە. تراژان كە ساڵانێك چەكی بە دەستەوە بوو، بە پیاوی كردەوە دەناسرا. سەبارەت بە ویست و ئامانجی تراژان لە بارەی پەلاماردانی پارتەوە قسە و باسێكی زۆر كراوە. بەلام شێوەی بەلگەهێنانەوەی دیۆكاسیووس[٥] هێشتاش قایم و ئاوەزمەندانەیە. مەبەستی تراژان لەم كارە

---

١- Domitian.

٢- Kan ying.

٣ - ڕەنگە مەبەست دەشتی میشان بێ. م

٤- Man- Ch'in.

٥- Diocassius.

بنكەی ژین www.zheen.org

تەنیا وەچنگ‌هێنانی ناوبانگ و شانازی بوو. پەلپ و پاساوی دەسپێکی شەڕەکانیش گەڕانەوە سەر ڕووداوەکانی ئەرمەنستان. خوسرەو، پادشای ئەرمەنستانی بەبێ ڕەزامەندیی ڕۆم گۆڕیبوو. بەم چەشنە سازانی درێژخایەنی ڕۆم و پارت لەسەر ئەرمەنستان هەڵوەشابۆوە. ساڵی ١١٣ی ز. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی هرووژمی تراژان، خوسرەو چەند باڵوێزێکی ناردنە ئاتێن و داخوازی پێکهاتنی کرد و ڕەزامەندی دەربڕی کە «پارسامازیریس»ی[1] کوڕی پاکۆر بکەنە حوکمڕانی ئەرمەنستان، کەچی هیچ وڵامێکی نەدرایەوە. ساڵی داهاتوو تراژان گەیشتە ئەرمەنستان و لەمپەر و بەرگری وەبەر نەهات. پادشایان و میرانی خۆجێیی بە هەڕەمە چوونە پێشوازی. وەختایەک هێزەکانی هێرشیان بردە سەر «ئێلیگا»[2] ئیزنی پارساماریریسی دا کە بچێتە کۆڕی دیداری و ئەویش نیوتاجێکی برد و لە بەر پێی تراژانی دانا و وا چاوەڕوان بوو کە ئیمپراتۆریش وەک نێرۆن چی کرد لەگەڵ تیرداد، ئاوا بکا و تاجەکە بنێتە سەری. بەڵام تراژان لەبەر چاوی هەموو لایەک ڕایگەیاند دەیهەوێ ئەرمەنستان بخاتە سەر قەڵەمڕەوی ڕۆم. ئەم دیمەنە لەسەر سکەیەکی مەفرەقیی ڕۆمی خۆی دەنوێنێ (ق ٨، a). پارسامازیریسیان لە هۆردووبەزەوە ڕاگواست و پاش ماوەیەکی کەم مەرگێکی سەر بە مۆر بەرۆکی گرت و سەری نایەوە. زۆران لایان وایە دەبێ بە فەرمانی تراژان تێداچووبێ.

پاشان ئەرمەنستان کەوتە ژێر ڕکێفی حوکمدارێکی ڕۆمی و تراژان بەرەو باشوور لەشکری دەنگ دا هەتا چۆنیەتی قایمی و پتەویی پەیوەندی و وەفاداریی میرانی باکووری دووچۆمان بە تاقی بکاتەوە. ئابگاری سێهەمی پادشای «ئێدێس»[3] کە زۆر چاک دەیزانی ڕۆمی خۆشیان ناوێ، کوڕەی جوانچاکی خۆی

---

[1]- Parthamasiris.
[2]- Elegia.
[3]- Edesso.

ناردە لای تراژان کە باشترین ڕێچارەی ئـەهوەن کردنـەوەی ئیمپراتـۆر بـوو. میرانی تر هەڵاتن و دووچۆمانیان بۆ تراژان بەجێهێشت و سەر لەبەری بوو بـە ئوستانێکی ڕۆمی. لە ماوەی ساڵی ١١٥دا ڕۆمی جێپێی خۆیان پتەو دەکرد. تراژان کە دڵی بەم کاروبارانە گەشابۆوە، گەڕاوە ئەنتاکییە هەتا زستانی ساڵـی ١١٥-١١٦ی ز. لەوێ تێپەڕ بکا. ئەو ماوەیەی کـە تـراژان لـەوێ لەنگـەری گرتبوو، بوولەرزەیەک ڕووی دا و سێیەکی شارەکەی خاپوور کـرد. تـراژانیش هێشتەی نـەمابوو تێـدابچێ و بـەناچار لــە مەیدانـــی ڕمبـازێن و شـەڕانخێوی‌دا لەشکربەزی کرد.

شاڵی داهاتوو تراژان هەڵوێستی بەرزەفرانەی تـری لـێوەدەرکـەوتن و




ب الف

٨ – سکەی مەفرەقیی تراژان کە بە یادی سەرکەوتنی لە ڕۆژهـەڵات لێدراوە. خـودی سکەکەش هەر ئەوەندە دەبێ و نابێ.

(a) ڕووی سکە. تراژان لەسـەر چوارپێچکەیـەکی بـان سـەکۆیەکەوە دەستی ڕاداشتووە بۆ ئەو پادشایەی چۆکی داداوە و سەربازانی ڕۆمی لێـی دەڕوانـن. ١١٤ – ١١٥ی ز. Rex Parthvs s(enatvs) c(onsulto)

(b) پشتی سکە. تراژان لەسەر چوارپێچکەیەکی بان سـەکۆیەکەوە دانیشـتووە و دەستی درێژ کردووە و نیوتاجێک دەنێتە سەر پادشای پارتامێسپاتێس. ئـەو کەسەی بە چۆک داهاتووە سەمبولی پارتە. ١١٦-١١٧ی ز.
Rexparthis Datvs s(enatvs) c(onsvlto).

ڕوون نیە لە کەنگێوە بیری ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە لە مێشکیدا گەرای داناوە. وێشدەچێ زنجیرەی نەپساوەی ڕووداوەکان بەرەو ئەم باڵەی پاڵدابێ. بەهاری ساڵی ١١٦ی ز. بە سواری لۆتکەی تایبەتی تازەساز ڕووباری فوراتی هەڵبوارد و ئادیابێنی تێکشکاند و چەند سەرکردەیەکی لەوێ دانان هەتا ئەم وڵاتە بکەنە ئوستانی ئاشۆریی ڕۆم و خۆی کەوتە شوێن وەچنگهێنانی کۆمەڵێک شانازیی زیاتر. چاوی بڕیبووە تیسفوونی پایتەختی پارتەکان کە دوای تۆزێک بەربەرەکانی و خۆڕاگری گیرا. لە نێو دەسکەوت و خەنیمەتەکاندا کچ و تاجی خوسرەو وەبەرچاو دەهاتن. بە مەبەستی هەوراز بردنی سەرکەوتنەکانی، ساڵی ١١٦ی ز. چووە میسەن و «ئۆتامبلووس»ی پێنجەم سەری وەبەرهێنا و خۆی بە دەستندەخۆری دانا. ئیتر لێرە بەولاوە حوکمی تراژان هەتا سەر ڕێگاوبانی بازرگانییەتی دووچۆمان و بابل ڕۆیی و باژێری پرگەشە و برەوی «خاراکس ئێسپاسینۆ»شی[1] گرتەوە کە هێندەش لە کەنداوی فارسەوە دوور نەبوو. لەوێ بە چاوی کەسەربارەوە لەو کەشتییەی ڕوانی کە بەرەو هیند دەڕۆیی و هەناسەی ساردی هەڵکێشا کە تازەتەمەنی مەودای ئەوەی نادا پتر بە ڕەوگەی ئەسکەندەردا باژوێ.

هەتا ئێستا خوسرەو لەبەر نالەباریی بارودۆخی نێوخۆیی و خۆماڵی نەیتوانیبوو هیچ زەبرێک لە تراژان بوەشێنێ، بەڵام لە نێوەڕاست ساڵی ١١٦ی زایینیدا کورتەهەلێکی بۆ ڕەخسا و خۆی بۆ پەلامارێک دە دەسک نا. لە شوێنێکی گرینگ و لەبار لەشکرچییانی پارتی بە سەر قۆشەنی تراژانیان دادا و تاقمێک لە قوڵەمیرەکانی وەکوو ئابگاری حەوتەم هەڵگەڕانەوە. تراژان کە بۆ دیتنی ئەو هۆدەیەی وا ئەسکەندەر گیانی تێدا دابوو، چووبووە بابل، ئەم هەواڵانەی بە گوێ گەیشتن. هێزێکی زۆر بەخت کرا و خێرایەکی دووچۆمان و

---

١- Spasinu.

ئەرمەنستان كەوتنەوە ژێـر دەسـەڵاتی ڕۆم. بـەڵام وێـدەچێ تـازە ئاشـۆریان بەتەواوی لە چنگ دەرچووبێ و بابلیش ببوو بە كۆسپێک. تـراژان ناچـار بـوو هەرچی زووە دەس بە كار بێ و بڕیاری پتەو بـدا. دووچۆمـان و ئەرمەنسـتانی هەروا لـە ژێر دەسەڵاتی خـۆیدا هێشـتەوە و بابـل و تیسـفوونی دایـە دەسـت شازادەیەكی پارتی بە ناوی «پارساماسپات»[1] كە لەگەڵ ئەرمەنستان تێكەڵاوی و دۆستایەتییەكی هەبوو. بۆیەی وا كرد هەتا وەک پادشایەكی دەسنێژ حوكمـاتی ڕۆمی بە دەستەوە بێ (ق ٨، b). لە كاتی گەڕانەوەیدا بۆ سووریا ڕێگـای خـوار كردەوە هەتا لە بیابان دەورەی شاری حەزەر[2] بدا. تینی خـۆر و توونیایـەتی و مێش و مەگەزی زۆر پەكی ڕۆمییەكانی خست؛ ئەگەرچی توانیبوویـان دەسـتیان بگەیەننە شوورەی شار. تراژان كە ئاوای بینی بەرەو ئەنتاكییـە ڕێـی داگـرت و حەزەری بۆ ڕاپەڕیوان بەجێهێشت. بـەهاری سـاڵـی ١١٧ی ز. تـراژان خـۆی بـۆ گەڕانەوەی دووچۆمان ساز كرد، بەڵام نەخۆش كـەوت و مـانگی ئـووت سـەری نایەوە. «هادریان»ی جێگرەوەی بە دووربینی و بە وەبەرچاو گرتنی سەرەنجامی كـاران هــەرێم و مەڵــبەندە تـازە داگیركراوەكـانی نایــەوە بــەر حــوكمی حوكمدارەكانیان و ئەرمەنستان هەروا لە ژێر دەسەڵاتی میری پارتیدا مایەوە.

پارساماسپات كە لە تیسفوون دەركرابوو، پادشایەتی ئۆسرۆئێنی درایە و بە سەر كرایەوە و كیژی خوسرەویش نێردرایەوە ماڵـی بـاوانی. هـەتا مـاوەی پەنجا ساڵێک ڕۆمی دەستیان وەرنەدایە كاروباری پارتەكان و خاكی ڕۆژهەڵات و خۆیان تێنەگەیاندن و لێیانگەڕان هەتا سەرقاڵی شەڕ و لێكدانی نێوخۆیی بن.

***

---

1- Parthamaspates.

٢ - هاترا، هەترە. حەترا. حەترە. نـاوی یۆنانییانـەی ئەلحـەزەرە و كەوتۆتـە باڵـی ڕۆژاوای مووسڵ .س.

## بەشی ٤

# پادشا و حکوومەت

بە گوتەی «تارێن» ، پارتەکان وردەوردە بوونە خاوەن وڵاتێکی ڕێک و بەدامودەزگا و چونکە ڕابردوویان دەگەڕاوە سەر ژیانی دەشتەکی و دەوارنشینی، خێرا ئاڵوگۆڕێکی ئەتۆیان لە دیوان و دەسەڵاتخانەی بەپێچ و گەوە و باریکەڕێسی سلۆکیدا بەدی نەهێنا. بەڵام لەبەرەوەی نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمی کەمتر لایان لە دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەکردەوە و بەڵگەنامەی مۆر و پتەو بە دەستەوە نیە، توێژینەوە و هەڵدانەوەی ئەم لایەنە دژوارە. هەخامەنشییەکان خۆیان بە ئاریایی ناودێر دەکرد و جێنشینانی پارتەکانیش لە ئێران، بە نیشتمانی خۆیان دەگوت ئێرانشار کە بە مانای سەرزەوی ئاریایە. ڕەنگە پارتەکانیش خاوەنی ئەم داب و دەستوور و زاراوەیە بووبن.

لە سەرچاوەکانی یۆنانیدا دوو ناوی ئاریاییەکان یان ئاریانۆی (Arianoi) کە دانیشتووانی ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتیی ئاریا بوون، لێکدراون و ئاڵۆزکاون.

پارتەکان پێنسەد ساڵێک دەسەڵاتداری وڵاتی خۆیان بوون و لەم ماوەیەدا گەلێکیان ئاڵوگۆڕ بەدی هێنا. سەرەتا هەر بەو دابەشینەی سلۆکی ڕازی بوون کە ئەویش دەچۆوە سەر دابەشینەکەی پێشووی هەخامەنشی و وڵاتی دەکردە چەند

بنکەی ژین
www.zheen.org

هەرێمێکی بەرفرەوان، واتە خەشاسرەپاوە (خەشسرەپاوەن). سلۆکی هەرێمەکانیان کردە چەند ئێپارخی و هیپارخی و کۆمەڵێک گوندی بەشوورە و پاردە یان ناوچە (ستاتما)(ق ١). بەڵام مەیل و بۆچوونێک لە ئارادا بوو کە ساتراپەکان بچووک بکەنەوە بۆ چەند ئێپارخییەک و سەدەی یەکەمی پێش زایین ئەم ڕوانگەیە وەکردەوە گەڕا و بوو بە بنەمای شێوازی دابەشینی وڵات. «ئاپیان»[١] کە لە سەدەی دووەمی زایینیدا ژیاوە. باسی ٧٢ ساتراپێک دەکا کە مەبەستی هەر ئەم ئێپارخییانەن. بەڵام چەند پادشایەتی و ساتراپێکیش لە وڵاتدا هەبوون. «پلینی» لە سەردەمی ژیانیدا کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کلکەی سەدەی یەکەمی زایینی، باسی ١٨ حکوومەتی ئەوتۆ دەکا و دەڵێ یازدەیان پادشایەتیی «باڵادەست» و حەوتیان «خواردەستە» بوون. بۆ وێنە پادشایەتیی «ماد»ی گەورە کە هەمەدان و ڕەی [ڕاگا-ڕێگا] پێتەختی بوون و «ماد»ی ئاترۆپاتێن کە پراسپە و گەنزەک بە شانشین و دەسەڵاتخانەی داندرابوون. ئەرمەنستان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن کەوتبووە ژێر بڕشت و کاریگەرێتی پارتەکان و سەرەنجام ساڵی ٥٠ی ز. دەسەڵاتی تەواویان بەسەریدا شکایەوە و گرتیان و هەتا سەد ساڵان ئەم ڕەوتە درێژەی کێشا. یەکەم پێتەختی ئەرمەنستان «ئارتاکسانا» بوو. ناوچە و مەڵبەندەکانی دەوروبەری سنووری قەڵەمڕەوی پارتەکان دوای سلۆکییان پڕ بوو لەو میرنشینۆکانەی شانیان دەگەیشتەوە ئێپارخییەکانی سەردەمی سلۆکی. لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینیڕا کۆمەڵەپاتشایەک دەسەڵاتداری میرنشینی ئادیابێن بوون کە بە «عێزەت» دەناسران و هەرێمەکانیان ئاربێل [هەولێر]یشی دەگرتەوە و بوو بە مەزارگەی پادشاکانی دواتری ئەشکانی. «ئێدێس یان ڕۆها» بە پایتەختی ئۆسرۆئێن دەناسرا و پاتشاکانی عەرەب بوون و پێیان دەگوترا ئابگار. هەروەها پادشایەتی حەزەر و باکووری «دووچۆمان»یش بە دەست

---

١- Appian.

عەرەبانەوە بوو. لەو تۆرەمەیە کە دژی دوایین فەرمانڕەوای پارتی ڕاپەڕین، پادشایەکیان هەبوو بە ناوی «دۆمیسین کەرکووکی». لە کلکەی کەنداوی فارس پادشایەتی میسەن و خارسن (خاراسن) پەریان هەڵدابوو. نازناوی پادشاکانیان دەگەڕاوە سەر بنج و بناوانی فرەچەشن و دەسەڵاتداری گەورەبەندەری خاراکس ئێسپاسینۆ بوون. پادشایەتی عیلام و پارس دەکەوتە باڵی ڕۆژهەڵاتیان. ئەم پادشایانە کۆمەڵەمیرێکی خۆماڵی بوون کە خۆیان بە جێگرەوەی هەخامەنشییەکان دەزانی (ق ٦، N ). چۆنیەتی بارودۆخی ناوچە و مەڵبەندەکانی



قەڵەمکێشی ٩- دیمەنی پادشایەکی پارتی کە بە ڕەنگی ڕەش کێشراوەتەوە و لە دوورا ئوورۆپۆس دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەم یان سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینی. لەم ژێدەرە وەرگیراوە:
M.Rostovtzeff , Caravan cities. ١ قەڵەمکێشی

دیکەی قەڵەمڕەوی ئەشکانی ڕوون نیە، چونکە نووسەرانی ڕۆژاوایی دەستیان بە جەغزی دەسەڵاتی ئەوان ڕانەدەگەیشت. ڕەنگە هیرکانیا بۆ ماوەیەکی کەمخایەن بووبێتە دەوڵەتۆکەیەکی سەربەخۆ، چونکە لە یەکەم سەدەی زایینیدا باڵۆێزانی هیرکانیا چوونە ڕۆم. بەڵام هیچ سکەیەک بە ناوی وێندەرێ نەدۆزراوەتەوە و لە ڕاستیدا سکەیەکی سەر بە باڵی ڕۆژهەڵاتی ئێران وەچنگ نەهاتووە. گەلێک

بنکەی ژین www.zheen.org

قولەمیری كۆچەر و گەڕۆكی تاقمێک لە سەرۆک خێڵەكانی خۆماڵی بە دەورەی هەرێمەكەدا دەسووڕانەوە و ئێستاش هەر ماون.

شارەكانی شاهەنشایەتی حوكمداری ئەشكانییان بۆ دادەنان و شارەكانی یۆنانی و جەماوەری «ئازاد»ی قۆشەنچی پێشوو كەموزۆر سەربەخۆ دەژیان و خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێیی و دەسەڵاتی هاوبەشی پارلمانی و یاسای تایبەتی خۆیان بوون. داوەران و جڤاتی شار بە دابی شووش و سلۆكییە هەڵدەبژێردران. كۆڕ و جڤاتی شووش بۆ هەڵبژێران خاوەنی ڕەوت و ڕێسایەكی تایبەت بوو. جڤاتی شار كەسانێكی دەكردە بەربژاری بوون بە داوەر. بەڵام بێگومان هەڵبژێرانیان دەكەوتە چوارچێوەی لێكۆڵینەوە و لێوەشاوەیی هەركامێكیان. خەڵک مافی ئەوەیان هەبوو داوەرەكان لە بەربژارانی جڤاتی شار هەڵبژێرن. پلە و پایە و دەسەڵاتی ئەم شارانە هەتا سەرەتاكانی سەدەی یەكەمی زایینی هەر وەک خۆی مایەوە و لەوی بەولاوە بەرەو بێهێزی شۆڕ بۆوە.

پەیوەندیی ورد و باریكی نێوان ئەم جەغزە كوت و لەتانەی قەڵەمڕەوی شاهەنشایەتی لەگەڵ حكوومەت بە هیچ چەشنێک ڕوون نیە و ڕەنگە بەپێی چۆنیەتی و ڕێژەی چاوەدێریی ناوەندی دەسەڵات بە سەر حوكمدارانی خۆجێییدا، نێوان و پەیوەندییەكە تووشی ئاڵوگۆڕ بووبێ. بەڵام لە دووسەد ساڵەی دوایی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشكانیدا، مەیلی دابڕان لە ناوەند و سەربەستیی خۆجێیی وەبەرچاو دێ.

پادشای پارتی سەرەتا خاوەنی جێگە و پێگەیەكی ئەوتۆ بوو كە شانی لە شانی پادشاكانی یۆنانیی هێلێنیستی دەدا (ق ٩). پادشای پارتیش وەكوو ئامپای هێلێنیستیی خۆی، چونكە خاوەند و فەرمانڕەوای شاهەنشایەتی بوو، دەورەی بە پارێزەران و هاونشینان تەندرابوو. گەلێک نازناوی دیار و باوی سلۆكی دەخرایە سەر ناویان و هێندێكیان بریتی بوون لە: ڕزگاریدەر، چاكەكار و

بنكەی ژین www.zheen.org

سەرکەوتوو. بنەماڵە و تۆرمە و خزمایەتی بۆ چوونە سەر تەختی دەسەڵات زۆر بە گرینگ دادەندرا. مەزنەوەجاخان تەنیا سەریان وەبەر خانەدانی ئەشکانی دێنا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر نێرینەیەکی بنەماڵەی ئەشکانی چووبایەوە سەر هەر توخمە و بەرەیەک، بە مەرجێک نەقوستان نەبووبا، شیاوی پادشایەتی بوو. کێشە و گرفت تەنیا لەسەر ئەوەی کامەیان دەبوو ببێتە دەسەڵاتدار دەهاتە پێش و ناکۆکی دەنایەوە. فەرمانڕەوایانی ئەشکانی مشووریان لە چۆنیەتی پتەو کردنی بنج و بناغەی دەسەڵاتی خۆیان دەخوارد و بە دۆستایەتی و خزمایەتی ئەم کارەیان ڕادەپەڕاند. سەرەتا بە پڕوپاگەندە پلە و پایەی بنەماڵەیان بردەوە سەر ساتراپێکی سلۆکی و دواتر هەتا ئەردەشێری دووەمی بیرتیژ ڕانەوەستان و ئاوا خۆیان هەڵدەکێشا. هەروەک لە دەقەکاندا باسی دەکرێ دواتر کەسانێکیان لە بنەماڵەی خۆیان دەکردە تاجداری هەرێمە چووکەکانی شاهەنشایەتی، وەکوو «ماد» و «ئەرمەنستان». جگە لەمانەش ئەو گرینگایەتی و بایەخەی بۆ حەرەمخانە و گەلەژنانیان دادەنا، نە دەگەڕاوە سەر شێوازی ئاکاری تایبەتی ڕۆژهەلاتی و نە دەچۆوە سەر کەندەڵنی تانوپۆی بارەگای میری و شایەتی، بەڵکوو پێویستییەک بوو. چونکە هەر خاتوونێکی گەلەژنخانە یان شازادەیەک بوو یا کچی یەکێک لە سەرکردەکانی خواردەستە و مەزنەوەجاخان، یان لانیکەم دیاریی پادشایەک بوو، وەکوو «مووزا». بەم شێوەیە هەرکام لە خاتوونانی گەلەژنخانە بە نیشانەی پەیوەندییەکی فەرمانڕەوایەتی یان هاوپشتیی دۆستانە دادەندرا. کەوایە ژنەکان کۆمەڵێک بوون لە یەکگرتوویی ڕامیاری. شاژنان یان خاتوونی خاتوونان دەکەوتنە سەرپەڕی گەلەژنخانەوە. هەر وەک لە ڕووی دەقە نووسراوەکانی دۆزراوەی «هەورامان»ی «کوردستان»ەوە دەردەکەوێ، زۆر وێدەچێ بریتی بووبن لە خوشکان و لانیکەم جارێکیان دایکی شا(و ٥). ئەگەرچی لە سەرچاوە کۆنەکاندا مەبەستێکی ئەوتۆمان سەبارەت بە ئاکار و بڕشت و

کارتێکردنی شاژنان [لەسەر دەسەڵات] وەبەرچاو نایە، بەڵام دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە ئەمانەش چەشنی هاوشانانی میسری و ڕۆمیی خۆیان لە بنەوە دزەیان کردۆتە سەر تەبیاتی پادشایان.جاری وایە لە پاڵ نووسینی ڕێکەوتی بەڵگەنامەکان، ناوی پادشایان و شاژنان وێکڕا هاتوون. هەر کات پێویست بووبا شاژنێک لە پلەی جێگرەوەی‌میر دادەندرا. بەسەرهاتی سەرسوڕهێنی «مووزا»ی کەنیزۆکە، دەریدەخا کە لەو دامودەزگایەدا لێبڕان و تەماح دەکا و ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر هەتا کوێ پێهەڵدەچێ. شێوازی هەڵبژاردنی جێنشین لە جەنگەی مردنی فەرمانڕەوادا تەماوییە و هەر بۆیە ناکۆکی لەسەرە. ئەمە بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی حکوومەتی ئەشکانی دادەندرێ، چونکە ئەم کارە بۆتە هۆی شەڕ و لێکدانی درێژخایەن و لێکدالێکدای نێوخۆیی.

ژووستێن دەڵێ زیاتر وا باو بوو کە کوڕە گەورەی پادشا جێی دەگرتەوە. بەڵام جاری واشە برا بۆتە جێگرەوەی شا. هەر وەک لە نێوان مێهردادی یەکەم و فەرهادی یەکەمدا وەبەرچاو هات. دواتر چەند جارێکی دیکەش برا جێی برای گرتۆتەوە و گۆیا ئەم نەریتە دەگەڕێتەوە سەر کۆنەدابی سەردەمی ژیانی خێڵەکی و دەوارنشینیی پارتەکان. سترابۆن دەڵێ پادشا لە لایەن دوو جڤاتی حکوومەتیی پارتی هەڵدەبژێردرا؛ یەکیان جڤاتی خزمان و کەسانی پادشا کە مەزنەوەجاخ بوون و ئەویتر کۆڕی ئاقڵمەندان و موغان. بەڵام باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی نەکردووە.

وەجاخزادەکانی پارتی بەئانقەست وەکوو مەزنەوەجاخانی هەخامەنشی بە سەر حەوت بنەماڵەدا دابەش دەکران و هێندێک بنەماڵەی ناوینە و خوارتریشیان پێوەهەڵدەڕووسکا. ژمارەی حەوت قرەی لەسەرە، بەڵام ناوەکان و هەرێمی سەرەکیی دەسەڵاتی ئەوان و کار و چالاکیی سیاسیی چەند خانەدانێکی گەورە ڕوون و ئاشکرایە. بەردەتاشی ڕەوەز و تیشەشاخی بێستوون

ڕەنگە دیمەنی دانی پاوانەمیر بێ بە چوار کەس لە مەزنی خانەدانان لە لایەن مێهردادی دووهەمەوە(ق ٤).

بنەماڵەی سوورێن لە سیستان پشتاوپشت پلە و پایەی تاج لە سەرنانی پادشایان بۆ بڕابۆوە. کاتێک تۆرەمەی ناسەرەکیی ئەردەوانی سێهەم کە لە دایکەوە ئەشکانی بوو، بوونە جێگرەوەی پاتشایانی ڕەگەزی ڕەسەنی ئەشکانی، بنەماڵەی سوورێن بە لای ڕەگەزی ڕەسەنتردا شکانەوە و پشتیوانییان لێکردن. دیارترین کار و کردەوەی ئەم خانەدانە بەزاندنی کراسسووس بوو لەساڵی ٥٣ی پێش زایینردا. بنەماڵەی «کارێن» کە وێدەچێ لە «نەهاوەند» گیرسابنەوە، چەند جارێک لەگەڵ پادشا کەوتنە ناتەبایی. خانەدانی «گیو» لە هیرکانیا بوون و «مێهران» لە «ڕەی». ئەم «میردەرەبەگان»ە کە لە هەرێمی تایبەتی خۆیان حوکماتیان دەکرد، کۆشک و بارگایان لەگوێن بارگای پادشایانی ئەشکانی بوو.

بە گوتەی سترابۆن، وا باو بوو کە پادشاکانی «ماد» زۆریان ژن دێنا. سوورێن لە شەڕی کراسسووس‌دا گەلەژنخانەی خۆی بردبوو هەتا بە چەشنێک بایەخی سیاسیی خۆی دەربخا. پلووتارک دەڵێ سوورێن لە حەرران دە هەزار سواری لەگەڵ دەبزووت کە هەموویان نۆکەر و کارەکەر و خزمەتکار و مسکێنی خواردەستەی بوون. دەشێ بگوترێ کە میرانی دیکەش لەشکرچی لەم چەشنەیان هەبوون. تەنیا پادشایەکی بەدەسەڵات و خاوەنبڕشتی ئەشکانی دەیتوانی فەرمانڕەوای ئەم مەزن و گەورەگەورانە بێ.

لەبەر بە دەستەوە نەبوونی بەڵگەنامان و ناڕوونیی ئەوانەی کە لە ئارادان، لێکۆڵینەوە لە بارەی دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی پارتەکانەوە زۆر دژوارە. ئەمانەش بریتین لەو بەڵگەنامە و بەردەنووس و تەتەڵانەی کە زۆربەیان لە دوورا ئوورۆپۆس و نێسا و شووش دۆزراونەوە. نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمی کە باسی کاربەدەستانی ڕەسمیی پارتی دەکەن، تەم و مژ بە شێوەی

دەربڕینیانەوە دیارە و جاری وایە ناكرێ بیسەلمێنی ئەوەی وا باسی دەكەن سەبارەتە بە دیوانداران. گۆیا لە سەرتاسەری هەرێمی دەسەلاتی ئەوان‌دا چۆنیەتی پلە و پایە و نازناوەكان یەكتریان نەخوێندۆتەوە و زۆر لێك‌دوور بوون و ناسینەوەی ناو و پلە و نازناو هەمیشە هاسان نەبووە. داب و نەریت و پلە و پایەكان بەرەبەرە پەریان هەڵداویشت و بەربلاوتر دەبوون. یەكتر نەگرتنەوەی چۆنیەتی پلە و پایەی كاربەدەستان لە بازنەی حكوومەتی پادشایەتی‌دا دەریدەخا كە ئەم ولاتە خاوەنی رێكخستنێكی كۆدەسەلات و یەكچەشن و پتەو نەبووە، وەک چۆن لە رۆم رایەڵەی بۆ دامەزراوە. كەوایە هێشتاش ناكرێ سەبارەت بە چۆنیەتی پلە و پایەی دیواندارانی پارتی دیمەنێكی روون و بەرچاو بخرێتەڕوو. وا دیارە دامودەزگای بەرز و هەڵسووڕێنی ولات دەبێ هەر ئەو جڤاتەی خزمان و كەسان یان مەزن و ماقوولانە بێ كە لە شوێنەوارەكانی سترابۆن‌دا باسی كراوە و لە مێژووی ژووستێن‌دا بە جڤاتی پیران ناوی هاتووە. ئەم جڤاتە پێكهاتووە لە ئەمیرانی خاوەنی پاوانەمیر و سەرۆكانی خانەدانان. گومانی تێدا نیە كە وێڕای دابەزینی پەساپەسای دەسەلاتی پادشایانی ئەشكانی لە كۆتایی حكوومەتەكەیان‌دا، بڕشتی ئەم جڤاتە پەرەی ئەستاندووە. بەلام لە دیرۆكی پارتی‌دا لە تەركێن باسی ئەم جڤاتە و جڤاتی دووەم، كە تایبەت بووە بە ئاوەزمەندان و موغان، نەكراوە.

لە نێو دیوانداری پایەبەرزدا یەكێك لەوانەی ناوی هاتووە «مەرزەبان»ە كە بەپێی بەڵگەنامەكانی نێسا دەكەوێتە سەرووی پلەی ساتراپ. بەرزترین پلەی حكوومەتیی تایبەت بوو بە پارێزەران و دۆستان و هەڵگرانی وەكازی پادشایەتی كە تەنانەت لەچاو سەردەمی هەخامەنیشییەكان و سلۆكییەكانیش پتر پێهەلاچوو بوون. لە پەیماننامەیەكی یۆنانی‌دا كە لەسەر پێستی ئاسك نووسراوە و لە «دوورا» دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٢١ی ز. باسی

چەند دیواندارێکی دیکەش هاتۆتە گۆڕ. مێنەزێس کوڕی فەرهاد «وەک یەکێک لە باتێسا[1] و ئازادان و پیتاکوەرگران و ستراتێگۆسی[2] دووچۆمان و ڕۆژهەڵاتی دیجلە و ئارابارخ[3]» ناسێندراوە. ژمارەی زۆری پلەکانی مێنەزێس جێی سەرسوڕمانە. بەڵام ڕەنگە ئەم کارە لە دامودەزگای ئەشکانیدا ئاسایی بووبێ. زاراوەی باتێسا بێگومان پلەیەکە و بە شێوەیەکی پەرەدار و چەشناوچەشن لە باکووری ڕۆژاوای ئێران و ئەرمەنستان و حەزەر دەکار کراوە و دەبێ بە واتای «مەزن» یان شتێکی ئەوتۆ بێ. ئازادان هەر ئازاتانە و بە پلەیەک داندراوە. ستراتێگۆس زاراوەیەکی سلۆکییە بە مانای حاکم و ئارابارخ حوکمداری عەرەبان یان سەرکردەی دەشتەوانانە. خواجەسەرا یان arkapates کە پلەیەکی دیکەیە دەکەوتە بەرەژێر و بەرفەرمانی مێنەزێس فەرهادەوە. پلەی خەشاسرەپاوەن (خەشسرەپاوەن) کە لە حکوومەتی هەخامەنشیدا بە واتای حوکمدار هاتووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پارتەکاندا بەرەوی جارانی نەما. پلە و سەرناوی ساتراپەکان لە بەردەنووسی یۆنانیی چیای بێستووندا شەقڵ کراوە و کەوتۆتە سەرووی پەیکەرەی داتاشراوی مێهردادی دووەم. گۆیا ئەو کاتە هێشتا شان و شکۆیان هەر ماوە (ق ٤). دواتر لە بەڵگەنامەکانی پارتیدا چەند پلەدارێکی وەکوو حوکمداری شار باسیان کراوە کە یەکیان «خواساک»ی شارەوانی شووشە. ساڵی ٢١٥ی ز. بەردەنووسێکی سەر بە سەدەی یەک و دووی زایینی لە شووش (و ٧٣)، «زاماسپ»ی[4] هەم بە ساتراپ و هەم بە ستراتیارخ[5] ناو هێناوە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر پێویستیی شێعرەکە و پاراستنی جەمسەرەکەی و لە جێی ستراتێگۆس داندراوە. نووسەرانی ڕۆژاوایی زاراوەی سەبارەت بە پلە و پایەی

---

١- Batesa.
٢- Strateos.
٣- Arabarch
٤- Zamaspes.
٥- Stratiarch.

کاربەدەستانیان هەروا هەرەمەکی دە کار کردووە. دیزپتی[1] نێسا کە سەرۆکی ئاوایی بەشوورە و پاردە بوو دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ساتراپ. بە مەبەستی پشت پێبەسترانی بەڵگەنامەکان، ئەم پلەدارانە خاوەنی کۆمەڵێک مۆری تایبەت بوون.

خواجەی دەرک و سەرایان زۆر چاک دەستیان لە کاروباری دیوانیدا دەرۆیی و ئاپۆلۆنیووس تیانی لە سەفەرێکیدا بۆ وڵاتی پارت تووشی بە تووشیانەوە ببوو. تاسیت[2] دەڵێ ئەمانە لە بواری لەشکری و نالەشکریدا دەبوونە خاوەن پلە و پایە. هەروەها بێجگە لەمە دەریشکەوتووە کە سۆریانییەکانی سەر بە رۆمیش لە باڵی رۆژاوای خاکی پارت دەبوونە کاربەدەست.

لە مەودای ساڵانی ١٣٠ تا ١٤٠ی زایینیدا، یارهای پالمیری[3] شەترەپاوەنی تیلوانا[4]- کە هەرێمێک بوو لە نێو جەغزی میرانی سەر بە فەرهاد و دەبێ میرنشینی میسەن[5] بێ- وائابی پالمیری[6] سەرۆکی داوەران یان archon بوو. هەر هەر لەم بەش و باڵەدا «سوادۆس»ی[7] کوڕی بۆلیادێس[8] لە بەلاشکرد خاوەنی بنکەیەکی لەشکری بوو. ئەگەرچی قۆشەنی هەمیشەیی پارتی کەم بوو، بەڵام لە نێو زنجیرەی پلەدارانی لەشکرچیدا هێندێک پلەی گرینگ وەبەرچاو گیراون. بۆ وێنە سەبارەت بە سەرکردەکانی سەربازگەکان لە دوورا زانیاریمان بە

---

١- Dyzpty.
٢- Tacitus.
٣- Iarhai of Palmyra.
٤- Thilwana.
٥ - رەنگە مەبەستی میشان بێ. م.
٦- Arabai the Palmyrene.
٧- Soados.
٨- Boliades.

بنکەی ژین www.zheen.org

دەستەوەیە. لێدوانەکانی فیلاستراتی[١]، یەکێک لە فەرمانـدەرانی بنکـەکانی لەشکریی بابل کە خۆی شەترەپاوەن بوو، مەبەستێکی ڕوون و ئاشکرا دەرناخا.

مووسا خۆرنی باسێک سەبارەت بە حکوومەتی ئەرمەنستان دەخاتـەڕوو کە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی دامودەزگای پارتی، بە ماوەیەکی کەم دوای ساڵـی ٦٠ی ز. لە لایەن تیردادی ئەشکانییەوە دارێژابـوو. کاربەدەسـتانی پایەبـەرزی دەوری خودی پادشا بریتی بوون لە ئەندامانی بنەماڵە گەورەکان و بنکە دیار و بەرچاوەکانی میرشکارانی فەرمانڕەوایەتیش هەر لەوان پێـک‌دەهـات. غـولام و خزمەتکاری تایبەتی پادشا و سەرۆکی ڕێوڕەسمـی گاوگـەردوون و بـازەوان و کارگێڕی هاوینەهەواران و کاروباری لەم چەشنەش هەموویان هەر لە تۆرەمەی مەزنەوەجاخان بوون. پاوانەمیریان دەبەخشینە حوکمدارانی تیرداد و ئەو چوار سنوورەوانەی کە لە چوار باڵی سەرەکی وڵات داندرابوون. قۆشـەنچییانیان لـە سەربازگەکانی هەمیشەیی بنەگر دەکردن و تەنیا لە کـاتی تەنگـەتاویدا داوای لەشکریان لە «دەرەبەگان» دەکرد. داوەرانی شارەکانیان لە خەڵـکی خـۆوڵاتیی ئەوان دەوروبەران هەڵدەبژاردن. کاتی دیداری گشتیی پادشا و بـاس و ڕاوێـژ و میوانداری دیاری کرابوو. ڕەنگە ئەمە مشتێ بێ لـە هەشـتێ. چونکـە بەڕاسـتی میرێک لە میرانـی حـەزەر مـەودای سـاڵانی ١٣٠ تا ١٤٠ی ز. مـاخۆی بنکـەی «سـەرراوچییان» بـووە. بەگشـتی پەیوەندییـەکی کـە لـە نێـوان سیسـتمی «دەرەبەگایەتی» ئێرانی و ڕێوشوێنی بەڕێوەبەرایەتی شـارەکانی سلۆکی لـە حکوومەتی پارتەکاندا وەبەرچاو دەکەوێ گەلێک شایانی سەرنجە.

بەردەنووسی سێ زمانەی شـاپـووری یـەکـەم (دەوروبـەری سـاڵانـی ٢٤٠ - ٢٧٩ی ز.) پادشای ساسانی لە کابەی زەردەشت لـە نەخشـی ڕۆسـتەم، ئەندامانی پایەبەرزی بارگای ئەردەشێری سـەرزنجیرەی ساسـانی بـە ڕیـز و

---

١- Philastratos.

بەگوێرەی گرینگایەتی دەخاتەڕوو. سەرەتا باسی چوار شا دەكا لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، واتە بەشی مەرو و سیستان و كرمان كە لە ناوچەكانی پارتەكان‌دا بوون. دواتر سێ شاژن دەژمێرێ و پاشان ناوی ئەردەشێر بیتەخش[1] و پایەبەرزێک بە ناوی پاپەک دێنێ كە ڕەنگە هەموویان لە تۆرەمەی بنەماڵەی پادشایەتی بووبن. ئەوجار باسی سەرۆكانی مەزنەوەجاخانی ئێرانی دەكا و هەروەها سەرۆكانی دیوان و قۆرخانە و سەرەنجام دیوانداران و كاربەدەستانی پلەدار دێنێتە ئاراوە. بێگومان ئەم ڕێوشوێن و ڕیزبەندییە پاشماوەی سەردەمی دەسەڵاتی كلكەی فەرمانڕەوایەتیی پارتەكانە. نەبوونی دامودەزگایەكی بەڕێوەبەرایەتیی یەكبنەكی سەیر وەبەرچاو دێ و دیاردەی ڕێوشوێنی «دەرەبەگایەتی» بەتەواوی دیار و ئاشكرایە.

سپای پارتیش خاوەنی سەركردایەتییەكی یەكجێ نیە. لە ئاسیای نێوەڕاست‌دا پارتەكان لەگەڵ شێوازێكی تایبەتی لەشكری ڕاهاتبوون و وێڕای سوارانی زۆر و زەوەندی تیرهاوێژ، بە سەركردایەتی مەزنی خێڵێک دەچوونە مەیدانی تێكهەڵچوون و زڕێی كەوچنیان دەكردە بەریان. وەختایەک هاتنە ئێران و چاویان بە شێوازی شەڕكەرانەی سلۆكییەكان كەوت، وێدەچێ سەرەتا هێندێكیان لێوەرگرتبن و فێری بووبن. ئەم شێوازە بریتی بوو لە سەربازانی قورسەچەک و سووكەڵەچەكی سوارە و پیادە. سەركەوتنەكانی مێهردادی یەكەم دەبێ قەرزداری ئەم شێوازە بێ. بەڵام سەردەمی فەرمانڕەوایەتی فەرهادی دووەم لە شەڕ لەگەڵ سەكاكان كە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٠ی پ.ز. كەمایەسی بەربڵاوی سەربازانی بەكرێگیراو دەركەوت و ڕەنگە ماوەیەكی كورتی دواتر لە ڕۆژگاری مێهردادی دووەم‌دا شێوازی شەڕ و تێكهەڵچوونی پارتەكان تووشی ئاڵوگۆڕێكی بەرچاو بووبێ. چەشنی چەكوچۆڵ و شێوازی سانی لەشكری

---

١- Bitaxsh.

بنکەی ژین www.zheen.org

سلۆکییەکان کە بەشی هەرە زۆری کوێر بۆوە. چەکدارانی بەکرێگیراو متمانەیان پێنەدەکرا و لەبەرەوەی سوارانی سلۆکی نەیاندەتوانی دڕ بە نێزەدارانی قورسەچەک بدەن و خێرایەکی تیردانی سوارانی تیرهاوێژ تیری لێدەبڕا، سپای پارتی گەڕاوە سەر دۆخی کۆنی ئێران و ئەو نەریتەی گرتەبەر. چەکدارانی پیادەیان بۆ شەڕی چیا و چۆڵان و پاراستنی سەربازگەکان ڕادەگرتن، بەڵام بەشی زۆری سپا هەر سوارە بوون. سوارەکان دەبوونە دوو دەستەی سەرەکی. تیرهاوێژان و قورسەچەکانی بەرگەپۆڵا کە پێیان دەگوتن Cataphractii,Clibunarii. ئەمانە بە تیر و نێزەوە شەڕیان دەکرد. قورسەچەکانی بەرگەپۆڵا سەرتاپا زرێیان دەپۆشی و زرێزنجیرەشیان بە سەر ئەسپەکانیان هەڵدەکێشا(ق ٦)؛ هەروەها بە خلخلە و پلپلەی زێڕ و زیویش دەیانڕازاندنەوە. کێشی چەک و زرێ هەر ئەوەندە بوو کە سوار بێ ئاوزەنگی و ڕەخت و زین لەسەر پشتی ئەسپ بتوانێ خۆی ڕابگرێ و پێی لە کەلەکەی توند بکا و ئەسپەکەش نەفیزێ و بۆی بکرێ غار بدا. بۆ تێر و تەیار کردنی ئەسپی سوارانی ئەوتۆ، پارتەکان گەلێک ئەسپی نێسایی خۆیان لە لەوەڕگەکانی «ماد» بەخێو دەکرد. بە چەشنێک کە ئەسپی بەرزە و بەقەڵافەتیان ببوونە جێی ئێرەیی چینییەکان و هۆی پتەویی کاروباری ساسانییەکان. ئەم سوارە قورسەچەکانە لە داهاتوودا بوونە گرینگترین چەکی ئاسیایی. هەروابێتەوە سوارانی تیرهاوێژیش لە بەر دەست سەرکردەیەکی لێهاتوودا چەکێکی سەیر و بەبڕشت بوون. سوارانی قورسەچەک دەیانتوانی بە چاکی تاو بدەنە سەر پیادەکانی قورسەچەک، بەڵام لەم هێرشانەدا مەزنەوەجاخ و ئەسپ زۆر تێدادەچوون. سوارانی تیرهاوێژی کەوان درێژ بە هاسانی دەیانتوانی زەبری گورچووبڕ لە دوژمن بوەشێنن. فێڵوفرتی ڕەوین و لەسەر خوانی زینەوە تیرهاویشتن بەرەودوا کە لە نێو ڕۆمییاندا بە خەدەنگی پارتی ناوبانگی ڕۆیشتووە، لە ڕاستیدا شێوەیەک

بنکەی ژین www.zheen.org

تێكهەڵچوونی خەڵكی ئاسیایی بوو كە بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری خەنیم دەوری دەگێڕا. كاتێک سوورێن بە مەبەستی سەركەوتن لە شەڕدا تیرێكی یەكجار زۆری لە وشتران بار كرد، كارێكی ئەوتۆ كە هیچ سەركردەیەک نەیكردبوو، پارتەكان توانیان هێزەكانی قورسەچەكی دوژمن ببەزێنن كە سێ هێندەشیان بوون و كوشتە و زامارێكی كەمیشیان كەوتە سەر دەست. دەی كەوایە بۆچی ئەم سەركەوتنە سەرسوڕهێنەی حەرران لە ئاست پەلاماردەرانی دیكەی ڕۆمیدا دووپات نەبۆوە؟ وەلامەكەی بەستراوەتەوە بە بارودۆخی «دەرەبەگایەتی» وڵاتی پارت لە ساڵی ١٠٠ی پێش زایینڕا بەرەو دوا. سپای هەمیشەیی پادشا قەت هێندەی لا لێنەكراوەتەوە. هێزی سەرەكیی پادشایەتی بریتی بوو لە خزمەتكارانی هەمیشەیی وەكوو نۆكەران و غولامان و ملكدرانی گەورە كە بە شوێن مەزنی خۆیاندا دەچوونە شەڕ. سوارە و پیادەی پارتی لەمانە پێكدەهاتن. ئەم بارودۆخە بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە ئێران درێژەی كێشا. كاتێک شەڕ و هەرایەک دەقەوما، شاهەنشا قوڵەپاتشا و میرانی خواردەستەی قاو دەكردن و ئەمانیش بە خۆیان و ژێردەستانیانەوە دەچوونە خزمەتی. بە لەشكرێكی ئەوتۆوە، شەڕێكی كە پتر لە وەرزێكی درێژە كێشابا بووزی نەدەخوارد و هەر دەم مەترسیی لێكهەڵوەشان و دەست لێكبەردان لە ئارادا بوو. هەر بۆیە سلۆكییە توانی بۆ ماوەی حەوت ساڵان لە بەرامبەر ئەردەوانی سێهەم و «بەردان»دا خۆ ڕابگرێ و ئاخرییەكەی خۆی ملی دا و دەستی بەردایەوە. قۆشەنچی پتر بە گوێی سەركردەی مەزنەوەجاخی خۆیان دەكرد هەتا پادشا. بە قرمەقرمی تەپڵ شەڕ دەستی پێدەكرد و ئەوسا شەڕكەران بە شێوازی كۆن و لەمێژنەی خۆیان دەكەوتنە تێكهەڵچوون. ئەگەر مەشق و ڕاهێنانێكیشیان پێكرابوو هەر سەركردەكەی خۆیان پێی كردبوون. سوورێن دە هەزار نۆكەری هەمیشەیی خۆی وا ڕاهێنان كە كردنی بە هێزێكی سەیر و توانی وێڕای پۆلەسوارێكی كە هی

خۆشی نەبوون کراسسووس ببەزێنێ. بەڵام توانایی و دووربینی سوورێن شتێکی ناوازە و تەنانەت سامناک بوو.

وێڕای سپایەک لە ژێر فەرمانی سەردارانی فرەچەشندا کە چۆنیەتی لێوەشاوەیی و گوێڕایەڵی هەر کامەیان جیاواز بوو، سەرکەوتنێکی ئەوتۆ کارێکی یەکجار بێوێنە بوو، چونکە چاوەدێری و دەسڕۆیشتن بە سەر هێزە چەکدارەکانی پادشایەتیدا کەم و کورت بوو. جگە لەمەش کامڕەوایی سوورێن جێی ترس و دڵەڕاوکە بوو، هەر بۆیە ساڵی دواتر بە فەرمانی ئەرد کوژرا. بیر و بۆچوون و شێوازەکانی بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون لە بیر چوونەوە و دیسان سەربازانی بەکرێگیراو بوونەوە بەشێکی گەورەی لەشکری پارتی.

داب و نەریتی دەوارنشینانی ڕەوەندی پارتی لە شێوازی کاروباری لەشکریدا ئاوا خۆی دەنواند و جێگیرسانەوەیان لێکدالێکدا دەگۆڕی و هەر جارەی بارەگای دەسەڵاتیان لە شوێنێک هەڵدەخست. بە گوتەی ئیزیدۆر خاراکسی، ڕەنگە یەکەم ناوەندی دەسەڵاتیان نێسا بووبێ کە میرەکانیان لەوێ نێژرابوون. بە گوتەی ژووستین شاری «دارا»ی نیزیک ئەبیوەرد بە دەستی ئەشکی دووەم بناغەی داندراوە، بەڵام ئەوێیان پێ لەبار نەبوو؛ بۆیە شاری سەد دەروازەیان کردە پایتەخت. ئەم جێگۆڕکەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە شەڕ و تێکهەڵچوونی ئانتیۆخووسی سێهەم لە کۆتایی سەدەی سێهەمی پێش زایینیدا. ئەم شارە کە زۆربەی نووسەرانی کۆنی یۆنانی و ڕۆمی بە شاری پاتشایەتیی پارتەکانیان ناودێر کردووە، هێشتاش نەدۆزراوەتەوە. باژێری ئاساکیش لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتیی پارتەکاندا گەورەشار بوو. ئیزیدۆر خاراکسی نووسیویەتی «ئەشک» لەوێندەرێ کراوەتە پادشا و ئاگری هەتاهەتایی لەوێ دەتروسکێتەوە. پاشان سەردەمی مێهرداد سەربازگەیەکیان لە خاکی بابل و گوندێکی نیزیک تیسفوون ساز کرد هەتا لە قۆڵێکی دیجلەوە شاری یۆنانیی

سلۆکییەی لە ژێر چاوەدێری‌دا بێ. بە گوتەی ئامین مارسلێن، پاکۆری کوڕی ئەردی دووەم تیسفوونی «ڕازێنەوەی تاجی ئێران»ی کردە زستانەهەوار یان پایتەختی زستانانەی ئەشکانییەکان. سەرەنجام بەلاشگردیان لە نیزیک سلۆکییە دروست کرد هەتا ڕمێنی بازرگانەتی ئەم شارە یۆنانییە بشکێنن، بەڵام دوای بەلاشی یەکەمی بناغەدانەری، هێندە بە پایتەختی نەمایەوە. واتە بارەگای فەرمانڕەوایەتی لە وەرزەکان‌دا جێگۆڕکەی پێدەکرا و لە نێوان تیسفوون و هەمەدان و ڕەی و سەد دەروازەدا دەخولاوە.

گۆیا وەزیران و دیواندران و قەڵەمداران لە کاروباری نیشتمان‌دا یاریدەدەری شا بوون، بەڵام دامودەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەرگیز نەیتوانی بە شێوەیەکی یەکچەشن لە سەرانسەری وڵات بجووڵێتەوە. شوێنی کۆلکەخانەی پادشایەتی دیار نیە لە کوێیە، ئەگەرچی بێگومان کۆلکەخانەی خۆجێیی هەبوون. دیدارکەرانی چینی بە سەرسوڕمانەوە گوتوویانە بەڵگەنامەکانیان بە شێوەی ئاسۆیی لەسەر پێستی ئاسک دەنووسینەوە، نەک بە شێوەی ئەستوونی کە شێوازی چینییەکانە. زمان خۆی گرفتێک بوو. زمانە ڕەسمییەکانی هەخامەنشی سێ جۆر بوون: فارسیی کەونارا، عیلامی و ئەکێدی و هەروەها ئارامی کە وەک زمانی نێونەتەوەیی وابوو. فارسی زمانێکی هیندوئورووپاییە لە لکی هیند و ئێرانی یان بنەماڵەی «سێتەم».[1] ئەو زمانەی کە پارتی قسەیان پێدەکرد، زاراوەیەکی باکووریی زمانی فارسیی نێوەڕاست بوو بە ڕەنگێکی کۆنەوە و جاری وایە بە زمانی پەهلەویی ئەشکانی ناودێر دەکرێ و ژووستێن بە تێکەڵاوێکی سەکایی و مادی وێنای کردووە. سەرەڕای ئەمەش ئەشکانییەکان سەرەتا زمانی یۆنانییان وەک زمانی ڕەسمی قبووڵ کرد کە لە دەرک و دیوانی سلۆکییەکان کاری پێدەکرا. لە ڕاستی‌دا زۆربەشیان بەم زمانە دەدوان. لەسەر

---

١ - سێتەم بە زمانی ئەڤێستایی – ئێرانی واتە سەت، سەد. س.

سکان بـەم زمانـەیان دەنووسـی و تەتەڵـەکانی مێهـردادی دووەم و گـۆدەرزی دووەمیش هەر بەم زمانە نووسراون. نێردرانی کاغەز و نامەگۆڕینـەوە لـەگـەڵ




بنکەی ژین
www.zheen.org

ق ١٠- ئەلفوبێی ئارامی:
١-نووسینەکانی ئالفانتین، سەدەی پێنجەمی پێش زایین.
٢-پالمیر ، سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی.
٣-پالمیر ، سەرەتاکانی سەدەی سێهەمی زایینی.
٤-پالمیر ، پیتە پێکەوەلکاوەکان.
٥-پیتە هاوتاکانیان بە لاتینی.

شارەکانی وەکوو شووشیش لەم هێڵەی لانەداوە. پیتە گۆشەڕاستەکان زۆر بەرلەوەی شەقڵکارانی ڕۆمی دەکاریان بێنن برەویان ئەستاندبوو. زمانی یۆنانی، بەڵگەنامەی نیمچە ڕەسمی و تایبەتیشی پێ دەنووسرا. لە سەرانسەری ڕۆژاوای پارت زمانی سامیی ئارامی بە بەربلاوی برەوی هەبوو. خەتی پێکەوەلکاوی ئارامی زۆری کەلک لێوەردەگیرا و لە هێندێک ناوەندی وەکوو پالمیر ئەم خەتە کەوتە سەر شێوەیەکی جوان و دیاریکراو (ق ١٠). بەردەنووسی دوو زمانەی یۆنانی و ئارامی گەلێک بەربلاون و وەختایەکیش کە ڕۆمی شارە ئارامیزمانەکانی سنووری پارتیان گرتن، جاری وایە بەردەنووسەکان بە سێ زمان هەڵدەکەندران. شوێنەواری زمانی پارتی کەمتر لە زمانەکانی یۆنانی و ئارامی دۆزراوەتەوە (ق ١١). خەتی ئارامی کە داریوش لە فارسی کەونارادا برەوی پێدا، ئێستا ئیتر زۆر جاران بە ڕێنووسی بێدەنگ و پرکەمایەسی و بە تێکەڵاوێک لە واژەی ئارامی بە شێوەی هۆزوارش کاری پێدەکرا. ڕێنووسێکی وەها بێدەنگ و شەلوکوت لە ڕۆژهەڵاتی نیزیکی کەونارادا مەبەستێکی ئاسایی بوو. خەتی ئارامی وەکوو تەواوی خەتە کۆن و تازەکانی ئاسایی کەمایەسی باوی سەردەمی خۆی تێدایە (ق ١٠). ئەو خەتەش پێکهاتووە لە چەندین پیتی بێدەنگ کە تەنیا دوو پیتی دەنگداری پڕی تێدا وەبەرچاو گیراوە. هەر بۆیە دەربڕینی دەنگەکان گرێیەکە بەتایبەت بۆ ئەو زمانانەی کە سامی نین. وشەکانی ئارامی لە بەڵگەنامەکانی پارتیدا هەر بە دابی واژەی پارتی دەخوێندرانەوە. بەم شێوەیە لە بەڵگەنامەکانی هەورامان‌دا خەت و زۆربەی واژەکان ئارامین (و ٥)، بەڵام وشەکانی تر و کلکەی وشەکان پارتین و دەبوو بە زمانی پارتی بیانخوێننەوە. جگە لەمەش نێسا پتر لە دوو هەزار ئەشکەولەتی لێ دۆزراوەتەوە کە زۆربەیان سەر بە سەدەی یەکەمی پێش زایینن و تێکڕای خەت و واژەکانیان ئارامین، بەڵام لێمان سوورە کە هەموویان بە زمانی پارتی

دەخوێندنەوە (ق ١٢). سەیرە کە سەرەڕای ئەمانەش پارتی هەتا کۆتایی فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکان لە نێو کۆمەڵدا برەوی نەستاند و بە ڕەسمی نەناسرا، بەڵکوو لە سەردەمی ساسانییەکاندا بنەی گرت و بوو بە زمانێکی هەمووانی. لە یەکەم سەدەی زایینیدا لەسەر سکان پێیان دەنووسی و ساڵی ٢١٥ی ز. ئەردەوانی پێنجەم، خواساکی شەترەپاوەنی شووش بەم زمانە بە سەر




www.zheen.org

ق ١١- تەتەڵەیەکی سێ زمانە کە لە پالمیر دۆزراوەتەوە و بە لاتینی و ئارامی و یۆنانی نووسراوە بۆ بیرەوەری گومبەزی هەیران کوڕی بۆن. ڕێکەوتی ئاوریلی ساڵی ٥٢ی زایینی پێوەیە. بەرزایی ٨٥ سانتیمیترە. سەرچاوە:
Syria, ١٩٥٠,P.١٣٧.fig.١

دەکاتەوە زمانی یەکێک لە کەمینەکانی شاهەنشایەتی بە زیندە و مردەوە، بابلی بوو کە هێشتاش هەتا سەدەی شەشەمی بەر لە زایین بە شێوەی بزماری دەنووسرا و یەکێکی دیکەش عیبری بوو. لە دەشتەکانی سووریا و ئاستی

نێونەتەوەییدا بە عەرەبی[1] قسەیان دەكرد. شا بۆ هەر زمانێكی دیار و بەرچاو، قەڵەمدارێكی تایبەتی ڕادەگرت. لە ڕووی نامەكانی ئەردەوانی سێهەمەوە بۆ شووش دەردەكەوێ كە نووسەرانی یۆنانی زۆر چاكیان لە داب و نەریتی مەزن و ماقووڵانی هێلێنیستی زانیوە.

شێوازی ڕۆژمێریی پارتەكان لە هیچ و خۆڕایی دژوار كرابوو. ساڵژمێریی باوی سلۆكییەكان كە لە پاییزەوە دەستی پێدەكرا و دەچۆوە سەر دیۆس یان هیپێربێریتۆئیسی[2] ساڵی ٣١٢ی پ.ز. هێندەی برەو ئەستاندبوو كە بۆ لێدانی ساڵی سەر سكانیان سەلماند. لە بابل خۆیان لەم شێوازە دوور خستەوە و سەرەتای ساڵیان بردە بەهار و سەرەتای مانگی نیسان و ساڵژمێریی سلۆكییان بردەوە سەر ٣١١ی پ.ز. پاشان ساڵژمێرێكی پادشایەتیی ئەشكانی لە لایەن شاوە كاری پێكرا كە گۆیا لە بەهارەوە دەستی پێدەكرد. سەرەتای ئەم ساڵژمێرە، ساڵی ٢٤٧ی پێش زایینە كە لە نیسا و هەروەها لە ڕۆژاوای پارت بوو بە باو. لەبەرەوەی كۆمەڵگاكان نەبوونە پێملی ئەم شێوازە، ئەو بەڵگەنامانەی كە دەنووسران دوو ڕێكەوتیان لەسەر دەنووسین. جا بۆیە دەبینین ئەو پەیمانەی كە وا لە دوورا دۆزراوەتەوە ئاوای دەست پێكردووە: «لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەشكی پادشادا... ساڵی ٣٦٨ی ساڵژمێریی پادشایەتی، بەرامبەری ساڵژمێریی كۆن (سلۆكی) واتە ساڵی ٤٣٢ لە ڕۆژی ٢٦ی مانگی دائیسمۆسدا...» (١٢١ی ز.) كۆنترین بەڵگەنامەیەكی كە تێیدا ساڵژمێریی ئەشكانی و سلۆكی پێكەوە هاتوون دەچێتەوە ڕێكەوتی ساڵی ١٤١ی پ.ز. لە بابل. بێجگە لەمەش ڕۆژمێری مانگی كە لەگەڵ ساڵەكانی مەقدوونی و یۆنانی و بابلی و ئارامی و ئێرانی و زەردەشتی

---

١ - بەڕاستی لێرەدا دووشكم، چونكە دەقە فارسییەكە هێندێكی هەڵەی تایپی و ڕێزمانی تێدایە.س.

٢- Dio Hyperberetois یان دیۆس، بریتییە لە سەرەتای ساڵی سلۆكی و هیپێربێریتۆئیس بەرامبەرە لەگەڵ مانگی سێپتامبر. م.

کاری پێدەکرا، پتر گرێوگۆڵی ساز کردبوو. ناسینەوەی مێژووی بەڵگەنامەیەکی کە بە شێوەی پارتیساڵی لەسەر نووسراوە و لە کەناری مێژوویەکی دیکە دانەندرابێ، زۆر ئەستەمە.

لە بابەت وەرگرتنی باجیشەوە گرێ و گرفتێکی ئەوتۆ لە ئارادا بووە و



ق ١٢- سێ سواڵەت کە لە نیسا دۆزراونەوە و بە ئارامی لەسەریان نووسراوە. ڕەنگە ئەمانە پێناسی سەر کووپە شەرابان بووبن و دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی پ.ز. ئەندازەیان نیزیکە لە ١:٢. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Vestnik Drevnei Istorii ١٩٥٤, ٢, figs. ١-٣.

ئێمە زۆر کەمی لێدەزانین. وا دیارە دەبێ سەرەتا کاریان بە ڕۆژمێری سلۆکی کردبێ کە خۆی تێکەڵاوێک بووە لە دابی کۆنە و نوێ. گۆیا ئوستانداران ملکانەیان کۆکردۆتەوە و ناردوویانەتە خەزێنەی وڵات. کەچی کۆکردنەوەی خەرج و پیتاک و سەرانەی کۆیلان و خوێ و لەم چەشنە کەوتۆتە ئەستۆی

باجئەستێنانی تایبەتی پادشایەتی. وا دیارە شارەکان بە جوێ پیتاکی خۆیان کۆکردۆتەوە و ناردوویانە. باجی حکوومەتی و دەسکەوتەکانی شەڕ دەکەوتنە سەر داهاتەکانی پادشایەتی. «مۆنەزێس»ی شەترەپاوەن یان ستراتێگۆسی دووچۆمان و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ساڵی ١٢١ی ز. بێجگە لە تەواوی ئەرکەکانی سەر شانی، باجیشی کۆ دەکردەوە. لە بەڵگەنامەکانی سلۆکییەدا باسی خەرج و باجی سەر خوێ و فرۆشتنی کۆیلە و ڕێدارانەی چۆماوان و کاری لەم جۆرە کراوە. ئەو بەڵگە و بۆنانەی دواتر، کە زۆربەیان «تێلموود» باسی کردوون، ڕەنگە ڕوونکەرەوەی بارودۆخی کۆتایی حکوومەتی پارتی بن. وا وێدەچێ ملکانەیەک بۆ زەوی دیاری کرابێ و سەرانەیەکیش وەرگیرابێ کە چینی مەزن و ماقووڵانی نەگرتۆتەوە. ڕەنگە شارەکان هەروا بەجوێ کاروباریان ڕاپەڕاندبێ. هەر کات کەسێک لە شارێک یان دێیەک ناونووس کرابا، ئیتر دەبوو هەر لەو شوێنەوە پیتاکی خۆی دابا. هەر وەختایەک ئەم داهاتانە نەیاندەتوانی خەزێنەی پادشایەتی دابین بکەن و بە کەم و کورت دادەندران، پەیتاپەیتا خەرج و پیتاکی تازەی تایبەتیان دەخستە ئەستۆی کۆمەڵ.

یاساکانی پارتی بۆ ئێمە دەڵێی ڕازن. گۆیا خودی فەرمانڕەوا سەرچاوەی یاسادانان بووە. لە ڕووی برێک بەڵگەنامەی پەیوەندیدارەوە وا دەردەکەوێ کە داب و نەریتی ڕۆژهەڵاتی و هێلێنیستیی کۆن لە حکوومەتی پارتیدا هەتا سەدان ساڵ هەر وەک خۆی ماوەتەوە و دەستی تێوەرنەدراوە. داب و ڕێسای بابلییەکان لە ڕۆژاوای پارت هەر کوێر نەبۆتەوە و کاری پێکراوە. بۆ وێنە بەپێی یاسا و ڕێسای بابلی، هەر کەس دەسقەرزی وەرگرتبا دەبوو هەرچی هەیەتی لە دیزە و گۆزەوە بگرە هەتا زەویوزار و خانووبەرە و خێزان و تەنانەت خودی خۆشی بارمتە بووبا. کەوڵە مامزێکی کە لە «دوورا» دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١ی زایینی، پەیمانێکی ئەوتۆی لەسەر نووسراوە. پیاوێک بە ناوی

بنکەی ژین
www.zheen.org

«بەرلاس» بۆ ماوەی ساڵێک پووڵێکی زۆر بە قەرز وەردەگرێ و لەبری ئەوەی مردەماڵی خۆی بداتەوە لە سوود، پێناودار دەبێ کە کار بکا بۆ کابرای قەرزدەر کە ناوی فەرهادە. زمان و زاراوەکانی ئەم بەڵگەنامەیە یۆنانیی هێلێنیستییە و



ق ١٣- گەڵاڵەی رووکاری یازدەهەمین کوتی کەوڵە مامزی دۆزراوەی هەورامان کە بەشێکی کراوەیە و شێوەی مۆرکرانی لە ژوورەوەرا نیشان دەدا. سەرچاوە :

Journal of Hellenic Studies ١٩١٥ fig.١.

هاوتا یۆنانییە میسرییەکەشی لە پاڵدا نووسراوە. ئەم قەراروبڕییە بەوردی ڕێکەوتی نووسرانی دیاری کراوە و ناوی شاهیدەکانی تێدایە. ڕێوشوێنی باو سەبارەت بە نووسرانی «دەقی دووەم» و «دەقی هاونێوەرۆک» و «دەقی سەرەکی» دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنتر. دەقی هاونێوەرۆکیان لوول و مێو و مۆر دەکرد و هەڵیاندەگرت بۆ ڕۆژێک کە ناکۆکییەک لەسەر دەقی سەرەکی، کە نەپێچرابۆوە، سەری هەڵدابا.

وێنەی ئەم چەشنە بەڵگەنامە نووسراوەیە بریتییە لە دەقی یەکەم و دووەم لەسەر پێستی ئاسک کە بە زمانی یۆنانییە و لە هەورامانی کوردستان دۆزراوەتەوە (ق ١٣). نێوەرۆکی بەڵگەنامەکە بریتییە لە فرۆشتنی باغە ترێیەک

لە گوندی كۆپانیس. دەقی «سەرەكی» و «هاونێوەرۆك» لە چەند خاڵێكی بچووكدا یەكتر ناگرنەوە و تەنانەت نرخەكەشیان تێدا جیاوازە، سەرەڕای ئەمەش سەوداكە بەپێی ڕێوشوێنی هێلێنیستی كراوە. بەڵگەنامەیەكی دیكە لەسەر پێستی ئاسك بە زمانی پارتی نووسراوە – واتە لە پشتی پێستی یەكەم- كە هەر دەگەڕێتەوە سەر سەودای ڕەزەكە، بەڵام بە درێژی مەرجەكانی دوو بەڵگەنامەكەی پێشووی تێدا نین (و ٥). ساڵی نووسرانی ئەم سێ بەڵگەنامەیە بریتین لە ٢٢٥، ٢٩١ و ٣٠٠. بەڵام دیار نیە بەگوێرەی كام ساڵژمێر نووسراون. ڕوونووسی ئەم بەڵگەنامانەیان لە تۆمارگەی شار دەپاراستن. نووسراوەیەكی ئەردەوانی سێهەم بۆ خەڵكی شووش لەسەر بەردێكە بە زمانی یۆنانی كە دوو ڕێكەوتی لێدراوە و بەرامبەرە لەگەڵ ساڵی ٢١ی ز. ئەم نووسراوەیە بە مەبەستی چارەسەریی ناكۆكییە لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانی. لێرەشدا زمان و زاراوە یۆنانیی هێلێنستییە. لەسەر پێستە ئاسكی دۆزراوەی دوورا باسی دادگایەكی میری و دادوەرانی میری كراوە و بێتوو پێویست بێ دانی تاوانانە بۆ قەرەبووی لایەنی خەساربار و بۆ «كۆشكی فەرمانڕەوایەتی» وەبەرچاو گیراوە. جاری وایە سزادانەكان قورس و گران بوون. لە چینی دیواری مۆرەی سلۆكییەدا پیاوێكیان بە زیندوویی ناشت. ئەویش هێندەی خۆ ڕاتلەكاند بۆ دەربازبوون و ڕزگاری كە بڕبڕەی پشتی شكا. ئەمە نیشانەی دادپەروەرییەكی توند و تیژ و دژوارە.

سكەكانی پارتیش لاساكردنەوەیەكی سكەی یۆنانیی هێلێنیستی بوون. هەتا سەردەمی مێهردادی یەكەم پارتەكان سكەیەكی سەربەخۆیان لێ نەداوە و گۆیا هەر كاریان بە سكەی سلۆكی ڕاپەڕاندووە (و ٦). بۆ كێشانی سكان، ئەوانیش هەر وەك سلۆكییەكان كاریان بە هەمان كێش و عەیاری ئاتێنیی یۆنانی كردووە. سكەی زێو و مەفرەقیان لێداوە و هەتا ماوەیەك دوای سەركەوتنی پارتەكان سكەی زێڕی سلۆكی هەر لە برەودا بووە. لە ڕووی ئەو

هەمووە سکە زێوەی کە لە گۆڕێکی میسەن‌دا دۆزراونەوە و سەر بە سالّی ٤٥ – ٤٤ی پێش زایینن، ڕادەی برەوی سکەکانی سلۆکی لە ڕۆژگاری پارتەکان‌دا دەردەکەوێ. گەلێک سکەی برەوداری ئەو چاخی بریتی بوون لە سکەی ئاتێنی سەدەی پێنجەمی پ.ز! سکەی زێوی پارتی بە دوو جۆر لێدەدران: دراخم[1] و سکەی چوارگۆشەی دەگمەنتری تێترا دراخم.[2] سکەی پادشایانی ئەشکانی لە سکەخانە فرەچەشنەکانی فەرمانڕەوایەتی‌دا لێدەدران و قولّەپادشاکانیش لە ناوەندی دەسەلاّتی خۆیان سکەیان لێدەدا و وەبرەویان دەخستن. گەلێک لە سکەخانەکان هێمایەکی تایبەتیان لە سکەکانی خۆیان دەدا. هێندێک لە کۆمەلّگاکان، نەخاسمە لە سلۆکییە، سکەی تایبەتی شاریان لێدەدا. نەخش و شەقلّی سەر سکەکانی پارتی پتر وێنەیان لە سکەکانی سلۆکی هەلّگیرابوونەوە. کەچی جاری وایە گۆڕانی بەرچاویشیان تێدا کراوە. بۆ وێنە دیمەنی ئاپۆلۆنیان لە پشتی سکان داوە کە بە چەشنێکی ڕازمەندانە ڕۆنیشتووە و کەوانێکی پێیە. پادشا لەسەر سکان کلاوی جۆراوجۆریان بە سەرەوەیە و پتر لە لاجەوە و بە هەلّکەوت لە ڕووبەڕوورا دیمەنیان شەقل کراوە. گەریدەکانی چینی نووسیویانە کە ڕوخساری شاژنان هەمیشە لە دیوی پشتەوەی سکان لێدراون (و ٦ gg). ئەم کارە تەنیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی فەرهادەک و گۆدەرزی دووەم‌دا ڕووی داوە. زمانی باوی سەر مۆرەکان یۆنانییە و بێتوو لەسەر سکان لێدرابن و مێژوویان پێوە بێ، بەپێی ڕۆژمێری سلۆکی بوون. شا هەتا ڕادەیەک چاوەدێری بە سەر لێدرانی سکەی خۆی‌دا دەکرد. هەروەک مێهردادی یەکەم لەسەر سکەکانی خۆی دەنووسی فیلهێلێن.[3] دواتر ئەردەوانی سێهەم لەبەر هۆکاری سیاسی ئەم زاراوەیەی کووژاندەوە. لە سەردەمی بەلاشی یەکەمەوە لەسەر سکان پیتی ئارامی

١ - درمم یان درهەم. م. درەمێک ٤/٣٠ گرام. س.
٢ - سێ درەمی . م. سێ درمم ١٣/٤٠ گرام. س.
٣ - یۆنان‌خۆشەویست. م.

چوونە جێی پیتی یۆنانی کە بە تێپەڕینی ڕۆژگـار نەناسـتر دەبـوون. نەخشـی زۆربەی سکەکانی پاتشـایانی خواردەسـتە پتر لاسـا کردنـەوەی پادشـایانی بالادەستیان بوو. بەلام جارجارێک کەسانێکی وەکوو پادشای پارس و عیلام بـە شێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ جوولاونەوە و خۆیان شەقل و زمـانی سـکەکانیان هەلبژاردووە. وەختایەک لە سەدەی دووەمـی زایینـیدا سـکەی زێـو تـــووشی خەوش و خال بوون، یانی بە ڕاشکاوی بلێم سکەی مەفرەقیان زێوکفت دەکـرد، سکەی بێخەوشتری ڕۆمی لە کڕین و فرۆشتندا وەبرەو کەوتن و جێی ئـەوانیان گرتەوە. بۆ وێنە لە دوورا «زێوی عەیارچاکی سووری»[1] -کـە سـکەیەکی ڕۆمـی بوو- بە دەسقەرز درایە «بەرلاس». جاری وایە ڕوودراوە گرینگەکانیان بە نووسین یان نەخشاندنی دیمەنێک کردۆتە یادگار. بەلام پارتـەکان وەکـوو ڕۆمییـەکان نەبوون کە بەم بیانووە بکەونە پڕوپاگەندەی سیاسی.

شـێوازی حکوومـەتی پـارتی گـەلێکی کەمایەسـی تێـدا بـوو. ئەگـەر فەرمانڕەوایانی پاشەنگی پارتی داوای ڕاوێژکاریان لـە خونکـاری ڕۆم کردبـا، ڕەنگە ڕۆمی توانیبایان هێندێک لەو کەمایەسیانە دەسنیشان بکەن. بۆ نموونە ئەو قۆشەنە کەم و کورتەی لە ژێـر چـاوەدێری ڕاسـتەوخۆی شـادا بـوو یـان چۆنیەتی چارەنووس و دەسەلاتی بە میرات گەڕاوی پادشـایانی خواردەسـتە و شەترەپانان کە زۆر جار دەبوو بە هۆی ناسەقامگیری و لـەرزۆکیی حکوومـەت. خەلک هیچ نێوان و پەیوەندییـەکی خـۆولاتیبوونیـان پێکـەوە نـەبوو. هـیچ ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێکی ورد و لەباری وەکوو ڕۆم بۆ دانانی جێنشینی پادشایان لە ئارادا نەبوو. بەلام ئەوەی لە ڕۆم بە باش و دلخواز دادەندرا، وەکوو پێویست دیار نەبوو کە بە قازانجی دراوسێیەکانی بێ. ئەگـەر تۆزێـک سـەنگوسـووکی

---

١ - سووری (صوری): سەر بە شاری سوور. ئەم شارە ئێستا بەشێکە لە خـاکی لوبنـان و کەوتۆتە لێواری دەریای نێوەڕاست. س.

لەگەڵ گوتەی سیسرۆن بکەین سەبارەت بە کارتاژ و بە لای پارتەکانیدا بشکێنینەوە، دەبێ بڵێین: «چما بێتوو پارتەکان دەربەستی ئاوەز و بەڕێوەبردنی وڵات نەبووبان، نەیاندەتوانی بۆ ماوەی پێنسەد ساڵان فەرمانڕەوایەتی بکەن.»

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ٥

# باری ئابووری و کۆمەڵایەتی

بنەمای ئابووریی پارت لەسەر کشتوکاڵ و بازرگانەتی دامەزرابوو. پیشەسازی بە هێند نەدەگیرا و زۆربەی دانیشتووانی قەڵەمڕەوی پادشایەتی وەکوو قوڵەئاغاکان و شوانان و سەپانانی پێبەستی گێلکە و مەزرای دەرەبەگان و هێندێک جاریش کۆیلان، ڕسق و ڕۆزیی خۆیان لە نێو زەویوزاران پەیدا دەکرد. مەڕ و بزن و ڕەشەوڵاخ و بەراز و یەکسم و گوێدرێژ و وشتری عەرەبی بەخێو دەکران و دەغڵ و دان و دانەوێڵە و گەنم و میوە و سەوزە ڕەنێو دەهاتن. زۆربەی مووچە و مەزرای شیاوی کشتوکاڵی شاهەنشایەتی دەبوو ئاویان بۆ دابین بکرێ، هەتا ئەوەندەی کە باران و ڕووبار بۆیان پاراو نەدەبوون ئاویان پێڕابگا و بەشێکی دیکەشیان پێوە زیاد بێ. هەر بۆیە ئاودێری لە ئاسیای ڕۆژاواییدا زۆر بە گرینگ دادەندرا. لە خاکی سەرەکیی ئێران، پتر ئاویان بە کەرێزاندا ڕادەکێشا. ئەردەوانی یەکەم وەختایەک لە حاند ئانتیۆخووسی سێهەم خۆی بۆ ڕانەگیرا و ڕەوی، کەرێزەکانی تێکدەڕووخاندن. زاماسپی حوکمداری شووش، ساڵی ١-٢ ز. چونکە توانی ئاوی گۆندیزۆس[١] بەرێتە شووش، بە پەیکەرێکی پشتنووسکراو، ڕێزی لێگیرا و کەوڵی شانازی خرایە

---

١- Gondeisos.

سەر شانی (و ٧). لە بەڵگەنامەكانی هەورامان‌دا بە دوور و درێژی باسی هەقاوی باخەترێی كۆپانیس[1] كراوە. توێژینەوەیـەكی ورد لـە بەشـی دیالـەی عێـراق نیشاندەری ئەوپەڕی وریایی خەڵكە سەبارەت بە دابەشـینی ئـاو و نـۆراو لـە ڕۆژگارانی كۆن‌دا. سەردەمانی سلۆكی و پـارتی لـە بـواری ئاوداشـتنی ئـەم هەرێمەوە داهێنانێكی زۆر كراوە. بێگومان ئەوان سەردەمان بۆ ڕاگواستنی ئاو، پاتاڵ و یەكسمیان كێشاونە بەر كار و بـە لێـدانی شـەقەجۆگە و هەڵبەسـتنی بەندان، ئـاوی ڕووبارانیـان دەگەیانـدە دوورەدەسـتان. بـێ‌شـك كاروبـاری ئاوگەیاندن و كەرێزلێدان و جۆماڵ و هەڵبەستنەوەی جۆگە و جۆباران زۆر لـە برەودا بووە. گۆیا ئەو كاتی باخاتی دارەخورما گەرانگەری بابلیان داپۆشیوە.

كاتێك دوای لێكەوتنی سلۆكییەكان بڕوانینە بارودۆخی كڕین و فرۆشتنی نێوان مەدیتەرانە و ڕۆژهـەڵاتی نیزیـك و دوور، دەبیـنین پارتـەكان لـە نێـو گەرموگوڕی و ڕمێنی بازاڕدا پتر وەك دەڵاڵ خـۆ دەنـوێنن نـەك بەرهـەمهـێن. بێگومان پارتەكان لە دەسپێكی دەسەڵاتی خۆیان‌دا لەگەڵ بازرگانـانی سلۆكی مامەڵەیان دەكرد. پەیوەندیی بازرگانەتی لەگەڵ چین هەتا سەدەی دووەمی پ.ز. تەواو توندوتۆڵ كرا(ق ١٤). چێانگ چێین[2] و دیتران لە بواری بازرگانەتی‌دا باسی تاسە و تامەزرۆیی پارتەكانیان كردووە. كۆمەڵی عارەبانە و كاروان و گەمێی پڕ كەلوپەلیان دەچوونە قەڵەمڕەوی دراوسێیەكانیان و بـۆ دنـەدانی ئیمپراتـۆری چین بە مەبەستی درێـژەی بازرگانـەتی، دیـاریی گرانبـایی و بـەرچاوی وەك وشترمەل و پیاوانی چاوبەست و شتی لەم چەشنەیان بۆ دەنارد. ڕێی ئاوریشمی نێوان چین و مەدیتەرانە كرایەوە و وەك لە سەرچاوە چینییەكان‌دا باسی كراوە شاندی دۆستایەتی و گەشـەی پەیوەندییـەكان لـە سـەدەی یەكـەم و دووەمـی زایینی‌دا هـاتوون و چـوون و دیـاری و خـەڵات گۆڕدراونـەوە. چینـی سكەی

١- Copanis.

٢- Ch'ang Ch'ien.

پارتەکانیان دەناسی و بەر لە ساڵی ١٥٠ی ز. نەخشی سکەیەکی ئەوانیان بۆ جوانی لەسەر مەفرقێکی چینی شەقڵ کرد. بەڵام پەیوەندیی بازرگانەتی نێوان پارت و هیند هێندە ڕوون و ئاشکرا نیە و بەڵگەنامەی زۆر وەدەست نەکەوتوون.



ق ١٤- وێنەگەری بە ڕەنگی ڕەش، لە دوورا دۆزراوەتەوە و ڕاگواستنی پێداویستی و کەلوپەلی بازرگانی بە کاروانی گەمێیان نیشان دەدا. سەرچاوە:
M.Rostovtzeff, Caravan Cities, figs. ٥-٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەدەی یەکەمی پ.ز. سکەی هیندی بە پیتی یۆنانیی گۆشەڕاست لەسەریان نووسراوە و لەم چاخەدا سکەی پارتیش هەر بەم پێتانە لێدراون. پارت بە گەورەڕێی سەر ویشکانی ڕۆژاوادا سەرێکی دەچووە باریگازا[1] و بە دەریادا خاراکس ئێسپاسینۆی هەڵدەبوارد و بە چل ڕۆژەڕێیان دەگەیشتە زارکی ڕێژاوی ڕووباری سێند.

لە باکووری ئێران و مەڵبەندێکی بەرفرەوان‌دا سکەی پارتی دۆزراونەوە. گەلێک شوێنەواری هونەریی پارتی لە ڕووسیای باشووری و بەتایبەت لە

١ - Barygaza لەنگەرگایەکە لە ١٩٠ میلیی باکووری بەمبەئی و ئێستا پێی دەڵێن Brouch یان Baruch (بارووچ). م.

«ئەلبیا»[1] وەدەست هاتوون و شفرەی لەسەر هەڵکەندراوی فیلیان تێدایە. لە باڵی ڕۆژاوا پاش ساڵانی ٧٠ – ٦٠ی پ.ز. ئیمپراتۆریێتی ڕۆم سەری هەڵدا. جگە لە ڕێی ئاسایی بابل هەتا باکووری سووریا کاروانەڕێیەکی مەوداکورت بە نێو دەشت و چۆلەوارەکانی سووریادا سەرنجی گەشتیارانی ڕاکێشا کە بە شاری جەرگەی شۆڕەکاتی پالمیری ڕۆمیدا تێدەپەڕی. لەم شوێنە بە دۆزرانەوەی کۆمەڵێک تەتەڵە، باس و بابەتەکە ڕوونترە. پالمیری دەچوونە گەلێک شاری پارتی و بۆ وێنە خۆیان دەگەیاندە حەزەری دووچۆمان و بابل و دەگەیشتنە سلۆکییە و بەلاشگرد و خاراکس ئیسپاسینۆی نێو قەڵەمڕەوی بابل و میسەن. پالمیری باسی شووش و تەنانەت باکووری ڕۆژاوای هیندیشیان کردووە کە لەبەر سەکاکان، پێیدەگوترا سەکائیە.

لە قەڵەمڕەوی پارت ڕێگای دیکەش هەبوون و ناسراون (ق ١٥). گرینگترینی ئەوان دوو جەمسەری ڕێگای ئاوریشمیان پێکەوە دەبەستەوە. ئیزیدۆر خاراکسی لە کتێبی چەپەرخانەکانی پارتیدا کە دەوروبەری ساڵی یەکەمی پێش زایین یان ٧٠ی ز. نووسیویەتی باسی مزڵگە و کاروانسەراکانی



سەر ئەم ڕێگایە دەکا. ئیزیدۆر ئێمە لە ئەنتاکییەی پەنا ڕووباری «ئەلعاسی»ڕا دەباتە فورات و کەوشەنی پارت لە زوگما و پاشان دەمانگوێزێتەوە بۆ باشووری ڕۆژهەلات، واتە سلۆکییە کە پازدە ڕۆژەڕێ بووە. دواتر ڕوو دەکاتە باکووری ڕۆژهەلات و هەتا هەمەدان و ڕەی و نێسا و مەرو دەڕوا. لەوێوە بە قەڵەمڕەوی

[1] - لەنگەرگایەکە لە ئیتالیا. م.

بنکەی ژین www.zheen.org

پارتدا بەرەو باشوور تێدەکشێ و هەتا ئەفغانستان و هیند دەڕوا. بەڵام لکی چینیی ئەم ڕێگایە کە ئیزیدۆر هەر باسیشی ناکا، پەلوپۆی گەیوەتە ئەوبەری مەرو و باختەر (بەلخ) و «گەورەشارەکان» و بورجی بەردین (تاشکوورگان) و تۆرفان و تورکستانی چین و خودی چینیش. گەلێک ڕێگای کەم بایەختر و ناسەرەکیی سەر بەم شاڕێیە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتیی ئەوبەری سنووری پارت و هەروەها بەتایبەت لە باڵی ڕۆژاوای پارت جوێ دەبوونەوە کە لە نەخشەدا تەنیا تێکشانی گشتیمان نیشان داون. بێگومان ڕێگایەکی گرینگی ڕۆژاوای ئێران خاراکس ئێسپاسینۆ و سلۆکییەی پێکەوە دەبەستنەوە. ڕێگایەک لێرەوە بەرەو باکووری حەزەر هەتا ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن میسەن(میشان) دەخوشی. ئەو سکانەی لە شووش دۆزراونەوە زۆربەیان لە شووش و سلۆکییە یان خاراکس ئێسپاسینۆ لێدراون و نیشاندەری ئەوەن کە ئەو ڕێگایە هاتوچۆی زۆر بە سەردا بووە. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ سترابۆن زۆرجار باسی ڕێگایەکی دیکە دەکا کە لە تەختی جەمشیدەوە چۆتە گوندی «کارمانیا»ی پارتی لە نێو بەردەڵانێکی سەخت و هەڵەمووتی دەڤەری کرمان کە دواتر سۆراغی کراوە. وا وێدەچێ ئەم ڕێیە بەرەو سیستان چووبێ، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی نەدۆزراوەتەوە.

لە نووسراوەیەکی ڕەسمیدا ڕستە و دەستەواژەیەکی ئەوتۆیان چەند جارێک هێناوەتەوە کە ڕێگای ویشکانیی ئاوریشم بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە لایەن حکوومەتی پارتیی نەیارەوە گیراوە یان کەوتۆتە بەر هەڕەشە، بەڵام ئەمە قسەیەکی هەوانتەیە. لە برگەیەکی «هان – شوو»دا ئاوا نووسراوە: «ئیمپراتۆری ڕۆم هەمیشە پێوە بووە کۆمەڵێک باڵوێز بنێرێتە چین، بەڵام «ئان – هێسی» (پارتەکان؟) دەیانویست بازرگانەتی ئاوریشمی چین، تەنیا بە دەست خۆیانەوە بێ؛ هەر بۆیە پەیتاپەیتا پەیوەندی و نێوانیان تەکولۆی تێکەوتووە. ئەم ڕەوتە هەتا ساڵی ١٦٦ی ز. درێژەی کێشا. لەم ساڵەدا تاتسیئین‌شا (ئیمپراتۆرێتی ڕۆم)

بنکەی ژین www.zheen.org

ئان – توون (مارك ئۆرێل) چەند باڵوێزێكی ناردن... لەو كاتەوە پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەم وڵاتە دامەزرا.» بەڵام ئەوەی ئەم دەستەواژانەی چینی باسی دەكەن سەبارەتن بە دابڕانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەوان لەگەڵ ڕۆمییەكان. پارتەكان ئەوەندە لە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان بێخەبەر نەبوون بكەونە تێدابردنی ڕێگایەكی ئەوتۆ كە داهاتێكی زۆر و زەوەندی بۆ دێنان. ئەوان تەنیا دوو كڕیاری گەورەی خۆیان لێكدادەبڕین هەتا بە نرخی ڕاستەقینەی كەلوپەلی یەكتر نەزانن. بەڵگەنامەكانی چینی و پالمیری وەها بە پتەوی باسی هاتوچۆی نەپساوە و پڕ تەناهیی قەڵەمڕەوی پارت دەكەن هەر دەڵێی ئەم كارە شێواز و ڕێبازی سیاسی و سنوورەكانی هەڵبواردوون و وەبەرچاوی نەگرتوون. بەڵێ ڕاستە شەڕەكانی نێوخۆیی و پەلامارەكانی لەشكری ڕۆم بۆ سەر كەوشەنەكانی ڕۆژاوایی جاری وایە هێمنایەتی ڕێگاكانی دەشێواند، بەڵام هەرگیز هێندەی نەدەبرد و باری دڵخوازی ئابووری بە سەر سیاسەتدا دەشكایەوە. ئەگەر دەرخستن و نیشاندانی بەڵگە و بۆنە سەبارەت بە ڕەوتی هاتوچۆی سەر ڕێگای ئاوریشم پێویست بێ، دەكرێ پەنجە ڕابكێشرێ بۆ دۆزرانەوەی گەلێك شوێنەواری كەونارای شارەكانی سەر ڕێی بازرگانەتی نێو جەغزی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی پارت. لە پالمیر و حەزەر هێشتاش كۆمەڵێك خانووبەرەی گەورە هەر ماون و بە پێوەن. لە چەند جێگایەكی تری وەكوو مەرو، نێسا، شووش، سلۆكییە، ئاشۆر و كوێوكوێ كۆمەڵێك خانووبەرە دۆزراونەوە كە بەشێكی سەربەخۆی ئەم كتێبەیان تایبەت داوە بە خۆیان. ئەگەر كەسێك بە تەنیشت ڕەوەز و تاشەبەردی بێستووندا تێنەپەڕیبا، پادشایانی ئەشكانی لە خۆوە لەوێ بەردەنووسێكیان بە یادگار هەڵنەدەقەند. كۆنەشارەكانی لەمێژین هەروا بەرمێن مانەوە و كۆمەڵێك تازەشار لە گوندان و تەنانەت شوێنێكی وەك حەزەر و بەلاشگرد لە هیچەوە سەریان هەڵدا و قوتبوونەوە.

هەبوونی گەلێک پەیکەرە لە ڕۆژاوای پارت خۆی نیشانەی سامانی بازرگانان و ئەمیرانی ئەم شارانەیە. زگی زل و قەڵافەتی گۆشتنیان نیشانەی زەنگینی و دەسرۆیشتنیانە (و ٤٥ – ٤٦). لە بەردەنووسێکی پالمیردا شێوەی کاروباری دەوڵەمەندان و سەرکاروانان نیشان دراوە. نموونەی ئەم کەسانە لە نووسراوەیەکی دامێنی پەیکەرەیەکدا کە بۆ ڕێزلێنان شەقڵ کراوە بە تەواوەتی دیارە: «ئەمە پەیکەرەی «تیمارسوو»[1] کوڕی «تیما»ی[2]... سەرکاروانە. ئەو کەسانەی لە خاراکس ئێسپاسینۆوە وێڕای هاتوون بۆیان ساز کردووە، چونکە ٣٠٠ دیناری زێڕی لەسەر کێشی کۆن بە دەسقەرز داونێیە و بە خۆشی لەگەڵیان جووڵاوەتەوە. بە مەبەستی ڕێزگرتنی خۆی و کوڕانی... مانگی نیسانی ٥٠٤» (ئاوریلی ١٩٣ی ز.) تیمارسوو و گەلێک کەسی دیکەی وەکوو ئەو، شوێنیان داناوە لە سەر ڕەوتی گەشەی کاروباری بازرگانەتی و بە دانی دەسقەرز و پێکهێنانی باری تەناهی و پاراستنی کارواندار و بازرگانان بە شێوازی جۆراوجۆر – هەر وەکوو دیتمان – هەوڵیان داوە و ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی ئەوان توانیویەتی کەسایەتییان بەرەو بان بەرێ. دوورێن[3] یەکێک لە کاربەدەستانی ڕەسمی بە ڕەگەز عەرەب[4]، بەرپرسی پێکهێنانی باری تەناهی ڕێگاوبانی چۆلەوار و پاراستنی بازرگانان بووە. چینی گوتوویانە بازرگانانی سووریای ڕۆم سەرڕاست بوون و لە ڕێی سەودا و مامەڵەوە لەگەڵ پارت و هیند کۆیلەیەکیان قازانج دەکرد.

---

١- Taimarsu.
٢- Taima.
٣- Durene.
٤- Arabarch.

بنکەی ژین www.zheen.org




بنكەی ژین
www.zheen.org




www.zheen.org

سەرچاوەكانی ئەو ڕۆژگارانە و لێكۆڵینەوەكانی شوێنەوارناسی و دۆزینەوەی ئاسەواران هێندێكمان زانیاری لە بارەی كاڵای ئەوانەوە دەخەنە بەردەست. تەتەڵەی بەرزەباڵای مەشهوور بە پێرستی گوومرگانەی پالمیر، سەر بە ساڵی ١٣٧ی ز. ڕادەی باج و پیتاكی شارەوانیمان لەسەر كاڵای هاوردە بۆ ڕوون دەكاتەوە. پێوانەی هەرە بەرچاو باری وشترە. عارەبانەیەک بریتییە لە چوار باری وشتر و باری گوێدرێژ بە نیوەی بارە وشتر داندراوە. شتومەک و كاڵای بازرگانەتی بریتین لە: كۆیلەی زێرخرید، وشكەبەر، ڕەنگی ئەرخەوانی[1]، عەترەوات – كە بەوردی دیاری كراون – ڕۆن زەیتوون، پیو، پێستە، ئاژەڵ، خوێ، خواردەمەنی، میوە، كاژ و پەیكەرەی مەفرەق. لە نووسینەكانی چینیدا باسی بوونەوەرانی سەیر، زێڕ، زیو، بەردی گرانبایی، مافوورە، كووتاڵی گران، جلوبەرگی ئاوریشمین و هەموو چەشنە عەترێک كراوە.[2] پارتەكان لە چینەوە ئاسن و قەیسی و كۆخیان دەبرد و لەبری ئەوان شەراب، هەنار، وشترمر و شتی سەیر و سەمەرەی دیكەیان دێنا. لە بەشی بزربووی «تایبەتمەندییەكانی پارت»دا[3] ئیزیدۆر باسی چەشنێک كاڵای گرینگ دەكا، ئەویش مرواریی كەنداوی فارسە. لە نامیلكەی «ئاقاری دەریای ئێریترە»دا كە ساڵی ٦٠ی ز. نووسراوە بۆ ڕێنوێنی بازرگانانی دەریای نێوان میسر و هیند،

www.zheen.org

١ - خەڵكی سوور (صور) و سەیدوون (صیدون) ئەم ڕەنگەیان لە سەدەفێكی تایبەت بەرهەم دێنا و هەر بۆیە لەم سنعاتەدا ناوبانگیان ڕۆیی. ئێستا لە باڵی باشووری سەیدا كۆمای گەورەی ئەو سەدەفانەی كە ئەو چاخی ڕەنگیان لێگرتوون دیارن. جاری واشە ڕەنگی ئەرخەوانییان لە كرمێک گرتووە كە لەسەر بەڕووی سوور هەیە. سەرچاوە: قامووسی كتێبی پیرۆز. م.

سووری وەنەوشەیی دەبێتە ئەرخەوانی . س.

٢ - Seric iron، وشەی Seric خەڵكێكی پێ ناودێر دەكرا كە لە سەرچاوە یۆنانی و لاتینییەكاندا بە Sere باسیان كراوە و لە چین ژیاون. بەپێی نێوەرۆكی ئەم ژێدەرانە یەكەم كۆمەڵە خەڵكێک بوون كە ئاوریشمیان ڕەنێو هێناوە. م.

٣ - Description of Parthia.

باسی گەلێک کووتاڵی گرانبایی، ڕەنگ، هەزوێڵە و دار کراوە. بۆ سەلماندنی ئەم وتانە لە نێو گۆڕ و گۆڕخانە و شاری پالمیر و دوورا و چەند شوێنێکی تر بزگوڕی ئاوریشم، هەودای ئاوریشمی چین، پارچەی هیندی، شووشەی ڕەق،[١] شووشە و بەردی بە قیمەتگران دۆزراونەوە. کۆمەڵێک پەیکەرەی هێلێنیستی ژنان کە لە نێسا دیتراونەوە و هەروەها دەسکردی کانزایی و شووشەیی و گێچ، لە «بەگرام»ی ئەفغانستانەوە هەتا دوورەدەستان لەگەڵ کاروانان ڕۆیشتوون.

ئەمە بارودۆخی کڕین و فرۆشتن و بازرگانەتی کەلوپەلی بە زریقە و بریقە بووە و چۆنیەتیی باری ئابووریی ڕۆژگاری پارتەکان دەخاتەڕوو؛ هەروەها لایەنی ئابووریی ڕۆمیش ڕوون دەکاتەوە. وا دیارە سامان بە لای چینێکەوە کۆبۆتەوە. ئەندامانی چین و توێژە ماقووڵ و دەوڵەمەندەکان کڕیاری سەرەکیی ئەم کەلوپەلانە بوون و دیارە کەمیش بە کار هاتوون. لە ئاکامدا کۆمەڵ خۆیەکی وای شل نەدەکرد بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە شتانە و هیچ پاڵنەرێک بۆ سازکردنی ئامرازی بەرهەمهێنانی بە کڵۆ لە ئارادا نەبوو. کاری ساکار و چەندپات بە دەستی کۆیلان ڕادەپەڕی و شارەزایی وەستاکارانە لە پلەیەکی نزمدا خۆی دەنواند. یەکێک لە نموونە دەگمەنەکانی ئەم وەستاکارییە کووپەی گڵینی هێلکەیییە کە لە بابل دۆزراوەتەوە. ئەو کووپانەیان پڕ دەکردن لە مز و ئاسن و قیل و ڕەنگە بۆ زێوکفتی مز کەلکیان لێوەرگیرابێ. هەڵبەت کارگەی گەورە بۆ پێداویستییەکانی وەکوو هەوڕ و هاڵی گڵین هەبوون. بەڵام ئەم کارانە هەر بە شێوازی ساکار و سەرەتایی کراون. گواستنەوە و گەیاندن دژوار و بە قۆنەقۆن و پڕ لە مەترسیی شەڕ و تێکهەڵچوون و بۆسەی ڕێگران و درندان بووە. ئەگەرچی کەلوپەلی کەمبایی وەکوو گڵێنە و دیزەڵە و گۆزەڵە و ڕۆن و

---

١ - Glass Paste، چەشنێک شووشە کە قورقوشمی تێکەڵ دەکرێ و بۆ سازکردنی گەواهێری [هەرزانیلەی] دەسکرد کەلکی لێوەردەگیرێ. م.

شەراب جاری وا بووە هەتا دوورەدەستان ڕاگوێزراون - هەروەک سوالەتی گۆزە و کووپان بە مۆری دوورگە یۆنانییەکانی ڕووس و تاسووس لە نمروود و شووش و سلۆکییە دۆزراونەوە- بەڵام تەنیا ئەو کالایانەی قازانجی زۆریان لێدەکرا، شایانی بازرگانەتی پێوەکردن بوون. جگە لەمەش لە پادشایەتیی پارتدا هاوسەنگیی سامان و دارایی بە لای کۆمەڵی باڵی ڕۆژاوای وڵاتدا شکابۆوە. ئەم بێپارسەنگییە کۆمەڵێک ئاکامی سیاسیشی لێدەکەوتەوە، هەر بۆیە بابل لە لایەن داگیرکەرانەوە چاوی تێبڕابوو. بەڵام گەشەی هونەر و نژیاروانی دەگەڕێنەوە دەوروبەری ساڵانی ٥٠ی پ.ز. واتە زەمانێکی کە ڕۆمی پێیان نایە سووریا و هەتا ١٥٠ی ز. بڕیان کردووە. بەڵام وەلانانی لێدانی سکەی تێترا دراخم[1] و کەم کردنەوەی سکەی زیو لە سەدەی یەکەمی زایینییەوە نیشانەی باری نالەباری ئابوورییە. هەتا ساڵی ٢٠٠ی ز. تەوژمی خاپوورکەرانەی ڕۆمییەکان بوونە هۆی بێڕمێنی شارەکانی وەکوو بابل و سلۆکییە و ئاشۆر و شووش. دابەزینی عەیارچاکیی سکەکانیش نیشانەی هەژاریی پەرەگر و هەموانییە. سەرەڕای ئەمەش لۆتکە و کەمی و کاروان هەروا بەڕێوە بوون و ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک ڕێگایەک گرێی وەبەردەهات و دەبەسترا، ڕێیەکی دیکەیان دەگرتەبەر. لە ساڵی ١١٣ی پێش زایینەوە هەتا ١٦٤ی زایینی، هیچ گۆڕانێکی هەست پێکراو لە نرخی کەلوپەلاندا لە باژێری دوورا بەدی نەهات و شارەکانی حەزەر و پالمیر و ئەوانی تر بێپسانەوە ڕمێن و برەوی خۆیان پاراست.

لە کۆمەڵی پارتیدا پادشا دەکەوتە سەرپەڕ و بە لای زۆردا دەستی وێرانەدەگەیشت. تاجی زێرینی دەنایە سەر و لەسەر تەختی ئاڵتوون دەخەوت. ئەوانەی شانازیی دیداریان دەدرایە، دەبوو دیاری لەگەڵ خۆیان بەرن. لە سەر

---

١ - سێ درەمی. م.

بنکەی ژین www.zheen.org

سکان کڵاوی پادشامان بەرچاو دەکەوێ کە لە تەقیلەی قوتی سەکایی‌را بۆتە نیوتاجی ساکار و پاشان گۆڕاوە بە تاجی گەوهەربەندی تەپکەخڕیلە. پادشایانی دەسنێژیش هەر بەم ڕێبازەدا ڕۆیشتوون. لە شەقڵەبەردی چیای نمروود لە کۆماژان (دەوروبەری ٦٩ – ٣٤ی پ.ز.) بەئاشکرا وا وێدەچێ کە تێکڕای نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەکانیان خاوەنی مانای تایبەت بوون و بەوردی کاریان لەسەر کراوە (و ٦، ٣٠، ٣١، ٥٠، ٥٢). ملیوانەیەکی کانزایی بە دەوری ملی پادشادا لێهاڵاوە و جلەکانی بە جوانکاریی ورد و باریک ڕازێندراونەوە. وەکوو ژووستێن و پلووتارک گوتوویانە ڕعێتەکانی بریتی بوون لە کەمینەیەکی ئازادان و زۆرینەیەکی کۆیلەی سەربە دەرەبەگان. بەڵام نووسەرەکانیان ئەم تایبەتمەندییانەیان داوەتە پاڵ پێکهاتەی قوشەن. بنەمای کۆمەڵی ئێران بە گشتی پێکهاتبوو لە بنەماڵە یان تیرە و هۆز. ئازاتان یا ئازادان بریتی بوون لە پادشایانی خواردەستە و پیاوماقووڵان و دیواندارانی دامودەزگای فەرمانڕەوایەتی و خاوخێزانەکانیان. باڵێکی دیکەی کۆمەڵ پێکهاتبوو لە کۆیلان و کەس‌وکاری ئاغاوەتانی خواردەستەی مەزنەوەجاخان و جووتیاران. ئەگەرچی پارت کۆیلەتی و کۆیلەداری تێدا بووە، بەڵام نیشانەکانی – لە شاری دوورای یۆنانی نەبێ – بە شێوەیەکی بەرفرەوان دەرنەکەوتوون. لە بنەبانی فەرمانڕەوایەتیی ئەشکانییەکان‌دا تازیاریی نێوان کۆیلەی بە دیل‌گیراوی شەڕان و ئەوانەی کە بە مەبەستی قەرەبووی قەرزداریی دەفرۆشران، ڕوون بۆوە. بەڵام بەگشتی کۆیلایەتی لە حکوومەتی پارت‌دا کەمتر بووە لە داب و نەریتی سێرواژ کە کۆیلە دەبوونە فەلا. ئەم بارودۆخە دەرەبەگییە لە بەشی کۆمەڵی ئێرانی‌دا پتر بوو لە ناوچەکانی دیکە. بنەماڵەی میرانی ئەشکانیش سەر بە باڵی باکووری ئەم کۆمەڵگایە بوون. لە هەرێمی فارس جەماوەرێکی تر بنەگر دەبوون کە بە زاراوەی باشووری ڕۆژاوای زمانی فارسیی نێوەڕاست دەدوان و

بنج و بنەوانی زمانیان دەچۆوە سەر فارسیی کەونارای هەخامەنشییەکان. هەروەک لە ڕووکاری سکەکانی ئەم پادشایانەوە دەردەکەوێ، ئەوان هێندێک داب و نەریتی ئێرانی کەونارایان پاراستبوو (و ٦، LL، L). ئەمانە لەبەروەی دەسنێژی سلۆکییەکان بوون، سکەکانیان وەکوو سکەکانی هەخامەنشی وابوو (و ٦، nn، n). هەروەها ئاورگەیەک و دیمەنی باڵداری خودای کەونینەی ئاهوورامەزدایان لەسەر شەقڵ کراوە. لە سەردەمی ئەشکانییەکان‌دا لاسای سکەکانی ئەوانیان دەکردەوە، بەڵام هیچ دەستەواژەیەکی یۆنانی وەبەرچاو نەهات. نووسراوەی سەر ئەم سکانە بە پیتی ئارامییە و دواتر ئارامی تێکەڵ کراوە بە هۆزوارشی زمانی فارسیی نێوەڕاست و مۆرکی ناوی میرەکانیان پێوەیە. فەرمانڕەواکان بە خۆیان دەگوت «شاه» و زۆریان ناوی داریوش و ئەردەشێر هەیە کە وەبیرهێنەوەی شکۆمەندیی سەردەمانی پێشوویە.

پاڵەوپاڵی ئێرانییەکان حەشامەت و کۆمەڵانی دیکەش دەژیان. ڕۆژاوای پارت پاوانی ئارامییەکانی سامی‌زمان بوو کە لە شاران و پێدەشتان هەتا ڕۆژهەلاتی ئێلیمائیس پنجیان داکوتابوو. لە شارەکانی بابل، بابلییەکانی سامی دەژیان. عەرەبی دەشتەکی لە ژێر چاوەدێری وردی پارتەکان‌دا لە جووڵە و هاتوچۆدا بوون. ئەمانە وردەوردە دەخزانە نێو کۆمەڵانی ئاوایی‌نشینی ڕۆژاوای ئاسیا و دەسەلاتیان بە سەر بەشێکی بەرفرەوانی ڕۆژهەلاتی نیزیک‌دا دەشکایەوە. وا دیارە خەڵکی پالمیر هێشتا هەر بە زمانی ئارامی دواون و نیوەی جەماوەریش ناویان هەر ئارامی بووە و لە بەردەنووسان‌دا فەرمانڕەوایانی حەزەر بە «پادشای عەرەبان» ناودێر کراون. جوولەکەش جەماوەرێکی دیکەی سامی بوون کە پارتی وەکوو کۆمەڵێک بەرەسمی دانیان پێداهێنابوون و خودموختارییان پێدابوون. وەک لە دەقی کتێبی «تێلموود»ەوە دەردەکەوێ ئەمانە لە ڕۆژاوای ئێران زۆر بوون، بەتایبەت لە باکووری خاکی بابل. لە نێو

بنکەی ژین www.zheen.org

جوولەکان‌دا سەرۆکی هەر جەماوەرێک بە بەرپرسی کۆ کردنەوەی پیتاک و دیاری کردنی دادوەران و کاربەدەستانی تر داندراوە. جوولەکە مافی ئەمەیان پێدرابوو کە بتوانن حوکمی لە سێدارەدان بۆ ئەندامانی خۆیان ببڕنەوە. ئەمانە لەگەڵ کەس‌وکاری خۆیان لە فەلەستین پەیوەندییەکی بەربلاویان هەبوو.

یۆنانییەکان لە باژێران‌دا دەژیان، بەتایبەت ئەوانەی کە بە دەستی ئەسکەندەر و سلۆکییەکان بەردی بناغەیان داندرابوو. لە نێو هێندێک لە کۆمەڵانی خەڵک‌دا ژیاری و زمانی یۆنانی هەتا سەدەی یەکەمی زایینی هەروا بەدەسەڵات و برەودار مایەوە. ئەمانە لە قەڵەمڕەوی شاهەنشایەتی‌دا ئەوەندە بە ماکە و هەوێنێکی بەهێز و پێز دادەندران کە لە سەردەمی پادشایەتی مێهردادی دووەم‌را ، تێکڕای شایەکانی ئەشکانی بۆ ڕاگرتنی پارسەنگ و پارێز، نازناوی یۆنان‌خۆشەویستیان[1] لە خۆیان دەنا. ئەردەوانی سێهەم کە لە کۆمەڵانی یۆنانی ڕەویبۆوە، ئەم سەرناوی لەسەر خۆی لابرد (و ٦، ii)، بەڵام جێنشینەکانی دووبارە هێنایانەوە سەر سکەکانی خۆیان.

بە گوتەی ئامین مارسلێن پارتی شارسازیش بوون و بەردی بناغەی شارەکانی وەکوو تیسفوون و بەلاشگرد و حەزەریان داناوە و سەرلەنوێ نێسا و مەرویان دروست کردوونەوە. تەنانەت گەورەترین شارەکانی پارتی ئەمڕۆ بچووک دەنوێنن. بە مەزندەی «پلینی» دەبێ ژمارەی دانیشتووانی سلۆکییە ٦٠٠/٠٠٠ کەس بووبێ، کەچی ئێستا دوای کەندوکۆژە بە ٨٠/٠٠٠ کەسێک قەبلاوە. لە تەواوی ئەم کۆمەڵانەدا، چ ئەوانەی لە کۆنەوە هەبوون و چ ئەوانەی کە لە لایەن یۆنانییان یان ئێرانییانەوە پنجیان بۆ دادەکوترا، جەماوەریان چ بە باری بنەچەکە و چ بە لانی سیاسی‌دا زۆر تێکەڵ و فرەچەشن بوون. ناوی پادشاکانی میسەن نیشاندەری ڕیشەی ڕەگەزی ڕۆژهەڵاتیی فرەچەشنن و بێگومان بە

---

[1]- Philhelene.

ڕەسەن دەچنەوە سەر ئەوان. بۆ وێنە كۆمەڵی بازرگانانی پالمیر خاوەنی گەلەهەمار و دەزگا و دامەزراوەی سەر بە خۆولاتییانی پالمیری بوون لە هەموو شارە گەورەكانی بازرگانەتیی ڕۆژاوای پارت، وەكوو بابل، سلۆكییە، خاراكس ئێسپاسینۆ، بەلاشگرد و شوێنەكانی تر. لە دوورا ئوورۆپۆس حەوترینگەیەكی ناوی یۆنانی و سامی و ئێرانی وەدەست هاتوون كە نیشانەی تێكەڵاوێتی خەڵكانی فرە تۆرەمەی ئەم شارەی نێو جەغزی دەسەڵاتی پادشایەتییە. بێگومان كۆمەڵانی نیشتەجێی شاران ساڵانێكی ڕەبەق پێناسەی یۆنانی و بابلی و ئاشۆری و لەم چەشنەیان ڕاگرتووە. لە نێسا گەلێك ناوی ئێرانی لەسەر سواڵەتان دۆزراونەوە، بەڵام تەنیا لە نێو گوندان و خێڵاندا پێناسەی بێكەمایەسی و ڕەسەنی ڕەگەزی پارێزرابوو.

نووسەرانی كۆن و توێژینەوەكانی شوێنەوارناسی هێندێكمان زانیاریی پركەپركە دەربارەی كۆمەڵی بەربلاوی پارتی و ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دەخەنەڕوو. لە كۆمەڵی پارتیشدا هەروەك زۆربەی كۆمەڵانی ڕۆژهەڵاتی، باو باوی نێرمەزنییە. ژووستێن بە شادمانییەوە پێرستێك ئاكاری دزێو و نالەباری پارتەكان لە قاو دەدا و دەڵێ توورە و تۆسن و فێڵەباز و بەدئاكار و سەر بە گێچەڵ بوون. كەچی ئێمە لێمان ڕوون بۆتەوە ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە خەڵكێكی ئارام و بێدەنگ و كاركەر بوون نەك پاڵەوانی قسان. ژنان لە شوێنی تایبەت بە خۆیان دەژیان و جووڵەیان بەرتەسك كرابۆوە و كەنیزانی پادشایەتی بە شوورەی خواجان دەورەیان درابوو. بە گوتەی ژووستێن هیچ ژنێك هەقی نەبوو لای شووەكەی شێو بخوا و هەروەها نەدەبوو لە هیچ جێگایەكی پڕ حەشامەت و هەمووانی دەربكەوێ. بێگومان ژووستێن لە ڕاوێژی خۆیدا هێندێك جار پێی لێهەڵێناوە، بەڵام چەند بەڵگە و نیشانەیەكیان سەبارەت بە داندرانی دارولەلە بۆ ژنانی كۆمەڵی پارتی دۆزیوەتەوە. لە ڕووی بەڵگەنامەكانی یاسایی دووراوە

نێكەی ژین
www.zheen.org

وا دەردەکەوێ زۆربەی ژنان نەخوێندەوار بوون. ژنانی سامی ئەگەرچی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دینیدا نیوەی ڕوخساری خۆیان وەدەردەخست، بەڵام بە لای زۆردا سەرداپۆشراو و ڕووبەندەپۆش بوون (و ٣٥). لەسەر بەردی مەزاران، چەند نیشانەیەکی کەسەرباری بۆ مەرگی ناوەختی منالان وەبەرچاو دێ (و ٤٤).

هەر وەک لە درێژەدا باسی دەکرێ، زۆربەی خانووبەرەکان بە خشتی کاڵ ساز کراون و چەشنی ئەمڕۆ لە گەڕانگەڕی حەوشان هەڵخراون ( ق ١٦). شەوانە زۆران چرای ڕۆنسۆزیان هەڵدەکرد. گۆزە و دیزە و کووپە و گوڵدانەکانی پارتی لە سەرەتادا لاساکردنەوەی وردەکارییەکانی ڕۆژهەلاتی و سلۆکی بوون و بەرەبەرە کارنەخشینیی یۆنانی ( و ٩) لەو دەسکارانەدا کاڵ بوونەوە و بنەیان برا و ئی قەبە و ناقۆڵا جێیان گرتنەوە (ق ١٧). وەستاکاران بۆ ڕازاندنەوەی دەسکردەکانیان خەت و کووزیان پێدادێنان و نەخش و دیمەن و سەر و پۆپی جوانیان دەئافراندن. بۆ ڕەنگاودانی ڕووکەشی هەوڕ و هاڵان پتر کەلکیان لە ڕەنگی کەسک و شین و زەرد و قاوەیی وەردەگرت. لە سلۆکییە لەیستۆک و داخڵەی قوڕینی وا دۆزراونەوە کە زۆر لەسەر شێوازی هونەری نوێباو ساز کراون. گوڵدانێکی مەرمەڕی جوان لە شووش دیتراوەتەوە و لە نێسا و دەماوەند هێندێک دەفری وەک شاخە ئاژەڵیان وەچنگ هاتوون کە لەگوێن دەسکردەکانی سەردەمانی هەخامەنشین (و ١٠، ٨). پارتەکان کۆمەڵێکی مەیخۆرەوە بوون، بەڵام بە گوتەی ژووستێن لە خواردندا قرنیس و دەست پێوەگر بوون. لە نێسا گەلێکیان ئەشکەولەت لە دەوروبەری مەیخانان دۆزیونەوە کە دەچنەوە بۆ پێش سەدەی یەکەمی بەر لە زایین. ڕەنگە زەمانێک وا باو بووبێ کە کووپە شەراب سوالێنەیەکیان پێوەدرابێ و نە تەنیا ڕادە و ڕێکەوتی شەرابنانەوەیان لەسەر نووسرابێ، بەڵکوو جاری وایە ناوی ڕەزەکەشی تێدا درکابێ (ق ١٢). لەسەر

كووپەی سركە و مێوژیش ئەم شتانەیان دەنووسین. لە هەر جێیەك دارەخورما روابا، شەرابی خورمایان ساز دەكرد. پارتەكان گۆشتی راو و نانی هەویری هەڵاتوو و هەڵنەهاتوو و میوەی تازە و وشك و سەوزەیان دەخوارد و ئەوانەی دەستیان وێرادەگەیی لە ماسی دەنیشتن. بە تایبەتمەندیی سەوزەوات و هەزوێلانیان دەزانی، بەڵام هیچ شتێك سەبارەت بە چێشتەكانیان نەزاندراوە.

چینی مەزن و ماقووڵ و بازرگانان لە رێگای بازرگانەتی و دادۆشینی



گوندنشینان، ژیانێكی خۆش و بەئێروویان رادەبوارد. هەبوونی كۆمەڵێك

ق ١٦- حەوشەی ماڵێك لە ئاشۆر كە دیمەنی میچی بەكەوانە و پلیكانی باڵەخانەكە دەخاتە بەر چاو، سەر بە سەدەی سێیەمی زایینییە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

W.Andrae, Die Partherstadt Assur,fig.٢.



ق ١٧- دیمەنی چەند سواڵینەیەکی ئاسایی، سەر بە چاخی هێلێنیستی و سەرەتاکانی دامەزرانی حکوومەتی پارتی کە لە بابل دۆزراونەوە.
ئەلف - کووپەی شەراب و ڕۆن کە نیزیکەی میترێک و چارەگێک بەرز بوون.
ب-گۆزە و دیزەی بچووک کە هێندێکیان نیزیکەی گەزێک و چوار قامک بڵیند بوون. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Reuter.Babylon – Merkes.fig. ٤٦.

پەیکەری جوان و پڕ وردەکاری ڕەنگە نیشاندەری ئەم شێوە ژینەیان بێ. پەیکەرە رووتەکان دەبێ بە کاری وەستاکارانی یۆنانی و ڕۆمی دابندرێن (و٥٠، ٥٢ ، ٦٥).
شوێنەواری پەیکەرتاشان بە مەبەستی نیشاندانی سەروەت و سامان و شەوکەتی

بە زریقە و بریقەی کەسانێک خراونەڕوو. پادشای حەزەر وەکوو پادشای پارت کڵاوێکی قیت و گەوهەربەندی دەنایە سەری. کەوای ئاودامێن و پانتۆڵیشیان بە گەوهەر ڕازاونەوە. وێڕای بەستنی کەمەرەی جەواهێربەند، جاری وایە سەڵتەیەکی یەکجار بە زریزە و زێڕ و زەمبەریان لەسەر جلەکانی دیکەیانەوە پۆشیوە(ق ١٨). لە پالمیر گوڵدۆزییەکی ورد و باریک و بەڕێوجێ لەسەر جلوبەرگی ژنان و پیاوان کراوە. پانتۆڵەکان تایبەتی جەماوەری دەشتەکی و غار و ڕمبازی و مەڵبەندی فێنکی زۆربەی دەوارنشینانی بیابانن (و ٤). لە ناوچە و دەڤەری گەرمێن پانتۆڵ و کەوای ئاودامێن لە کووتاڵی ناسکتر دەدروان. سواران مەچەکپێچی چەرمی یان پارچەییان لێدەهاڵاند کە بە قەیتانی سەیر و جوان شەتەک دەدران و خەنجەرێکیشیان بە کەمەریەوە هەڵداوەسی(و ٣٠). لە ڕۆژاوای پارت زۆران کەوای ئاودامێن و باڵاپۆشی فشوفۆڵی یۆنانییان دەکردە بەریان کە بۆ مەڵبەندی گەرمەسێر لەبار بوون. هیچکام لەم جلوبەرگانە بابەتی کرێکاران و وەرزێران نەبوون. ئەم جۆرە کەسانە لە شوێنەوارەکانی پارتیدا وەبەرچاو نەهاتوون. بەڵام لە پالمیر سەڵتە و کراسی ئاودامێنیان دەپۆشی کە هێندێک وەک جلوبەرگی خەڵکی «مالە» دەچوو کە پێیدەگوترێ Sarong (و ٣٤).

لە سەردەمی مێهردادی یەکەمەوە زۆربەی پیاوان ڕیشیان هێشتۆتەوە. پرچیان لوول و پەرێشان بەردەدایەوە. بەپێی داب و نەریتی باوی ئاسیای ڕۆژاوایی ژنانیان دادەپۆشی. دامێنی کەوایان دەگەیشتە سەر ئەژنۆیان و باڵاپۆشێکی چین لەسەر چینیان بە شانی دادەدا و ڕووبەندێکیان هەڵداوەسی کە زیاتر دەیانهاویشتە پشتەسەریان (و ٤٢، ٤٣، ٤٥ ، ٤٦). سەرپۆشی زۆر هێژا، بە چەشنێکی هێندێک پێچاوپێچ و بەگرێوگۆڵ خۆی دەنواند کە بریتی بوو لە نیوتاجێکی کانزایی و دەسماڵێکی لفکە شۆڕ بە سەرییەوە کە سایە یان

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕووبەندی لێ شەتەک دەدرا. کەزی و پرچیان بە دابی یۆنانییەکان دادێنا و دەیانهۆندەوە و قژیان لە تۆقەسەرەوە دەکردە دوو قاش.

خشڵ و گەوهەر، ڕازانەوەیان ئەوەندەی دیکە جوانتر دەکرد و گەلێکیان بە شێوەی یونانیی هێلێنیستی لێک و لووس دەرچوون و وردەکارییان لەسەر



ق ۱۸- ڕازاندنەوەی گوڵەکەمەر یان لغاوەئەسپی زێرکفت کە دیمەنی شەهێنێکی پێوەیە و جانەوەرێک هەڵدەدڕێ و ۹ سانتین درێژە و لە مووزەی بریتانیایە.

كراوە(و ١١). بەڵام دەسبەندی زێوی زەنگیانەبەند و وردەشتی تێلسازی مووروووئاژنی وەک ئەوانەی لە دوورا دۆزراونەوە، داهێنانی خودی پارتەكانن (و٤٢، ٤٥). لە سووریا كۆمەڵێک كارگەی شووشەسازی، شووشەی ڕەقیان دروست دەكرد بۆ سازدانی جەواهێری دەسكرد كە بازنە و ملوانكەیان پێ دەڕازاندنەوە. كووژەكە و نوشتەی چاووزار زۆر بە خۆوە هەڵدەواسرا. ژنانی تەرپۆشی پارتی بەوەندە زێڕ و زەنبەرەی كە لە خۆیان دەدا، بەزێنەیان دەكرد لەگەڵ ژنانی خۆ لە دەق داوی سەردەمی ئێدوارد.[1] پیاوانیش بە ئەنگوستیلە و جلوبەرگ و پێڵاوی نەرم و تێوەدانی لال و مرواریی گرانبایی خۆیان مەند و ماقووڵ ڕادەنا. لە پیاواندا تەنیا گوندەكی گوارەیان دەكردە گوێیان و لە شارە گەورەكان بۆ نێرەوەزان باو نەبوو. سووراوسپیاو و تیفتیفەدانی دەموچاو لە دوای هەموو خۆ جوانكردنێكەوە دەهات(ق ١٩). لە ڕووی شوێنەوارە ڕەنگینەكانی هەڵكەندراوی سەر كێل و بەردی گۆڕخانەكانی پالمیرەوە وا دەردەكەوێ كە «جوانچاكانی پالمیری» لێویان سوور و پشتچاویان ڕەش و سەر گۆنایان ئەرخەوانی كردوون (و ٤٢). پیاویش خۆیان تیفتیفە داوە. سوورێن كە كراسسووسی بەزاند، گاڵتە بە ڕۆمییەكان دەكا كە سووراوسپیاویان كردووە و بە دابی ژنان سەر و پرچیان داهێناوە. بە گوتەی «پلینی» پادشایان و موغان ماجوومێكیان ساز دەكرد لە شیلەی گیایەک و چەورایی لەشی شێر و زەعفەران و شەرابی خورما و ڕوخساری خۆیان پێ دەڕەنگاند. لە كاتی تاج نانەسەردا ڕۆنێكیان دەكار دەكرد كە پێكهاتبوو لە ٢٧ جۆرە شت. عەتر، ئەم بە خۆداهاتن و ڕازاندنەوەیەی دەگەیاندە لووتكە. لە سلۆكییە گەلێكیان گۆزەی عەتر دۆزیوەتەوە.

---

١ - دەبێ مەبەستی ئێدواردی حەوتەم بێ كە لە ساڵانی بنەبانی سەدەی نۆزدەدا پادشای ئینگلستان بوو. م.



ق ١٩- پەڕەی ڕەنگاندن بۆ تیفەتیفەدانی ڕوخسار. ئەم پەڕەیە بە دیمەنی پادشا و ژنەشایەک لە ڕووی دیمەنی سەر سکەوە نەخشێندراوە. ڕەنگە سەر بە سەدەی یەکەمی پ.ز. بێ . لێرەدا تۆزێک لە ڕادەی ڕاستەقینە بچووکترە.

دەوڵەمەندانی پارتی لە کۆشک و بنکە و بارگا گەورەکانی خۆیان‌دا دەفری زێڕ و زێوی زۆر چاک و نەخشینیان بەکار دەکرد. کاسەکان بە نەخش و نیگاری گوڵ و گەڵای ژاڵە و گیائاڵۆش یان سوورەگوڵ و دیمەنی ئادەمیزادان ڕازێندرابوونەوە (و ١٢-١٤). ئەو وێنانەی لە ڕووی دەسکاری سەردەمانی هەخامەنشی و سلۆکی هەڵگیراونەوە، بە چاکی دەناسرێنەوە (و١٥). قودوولەیەکی ڕازاوە کە لە «شەمی» دۆزراوەتەوە بریتییە لە دیمەنی مرۆڤان کە بە سەدەف ساز کراون. ئامێری مووسیقا بریتی بوون لە تەپڵ و تووزەلە و بلوێر و چەنگ. دیواری کۆشکان کووتاڵی نەخشینیان پێداهەڵاوەسیون. ئەگەر بڕوا بە قسەی فیلۆسترات بکەین وا دیارە دیوار و تەرکی هۆدەکان بە باشترین مافووران ڕازاونەوە. دۆزرانەوەی مافوورەیەکی زۆر جوانی سەدەی چوارەمی پ.ز. بە نەخش و نیگاری هەخامەنشییانەوە لە گلکۆی سەرکردەیەکی خێڵی

بنکەی ژین www.zheen.org

«دێرپازیریک»دا[1] لە باشووری ڕووسیا و هەروەها دیترانەوەی بزگوڕی مافووران لە دوورا و درێژەی هونەری تەون کردن هەتا ئەمڕۆ، دەبێ وا لێکبدرێتەوە کە پارتەکانیش لەم هونەرە بەرزەدا دەستێکیان بووە.

گەمە و ڕابواردنی پادشایانی پارت و مەزنەوەجاخان وەکوو ئی گەورەگەوران و ماقوولانی هیند و ئورووپایی وابوو. چونکە لە تۆرەمەی کۆچەرانی دەشتەکی بوون، زۆربەی تەمەنیان لەسەر خوانی زین ڕادەبوارد. ژووستێن دەنووسێ: «بە سەر پشتی ئەسپەوە دەچنە شەڕ و میوانی و کاروباری هەمووانی و تایبەتی. بە سەر خوانی زینەوە سەفەر دەکەن و لە سەری دەچەقن و دەکەونە وتووێژ و سەودا کردن.» (و ٤، ٦٩). تەنیا کۆیلان بە پێیان ڕۆیشتوون. ئەوەندە تامەزرۆی ڕاو بوون کە تەنانەت «بەردان» بەوپەڕی بێتەگبیری پێشنیاری ڕۆژەڕاوێکی بە ئاپۆلۆنیووسی تیانی فەیلەسووفی لەشبەبار کرد. ئاژەڵی کێوییان لە باخێک یان لە «فیردەوس»دا ڕاگیر دەکرد. پادشایەکی ئەسپ و ڕاوی خۆش نەویستبا کەس نەیدەتوانی لەگەڵی هەڵکا. وێنۆن کە لە ڕۆم پەروەردە ببوو، هەر لەبەر هەندێ تەختی دەسەڵاتی وەرگەڕا. ئەردەوانی سێهەم کە بۆ ماوەیەکی کاتی بەرەو ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر ڕەویبوو، بە باشی توانی بژیوی خۆی بە تیر و کەوان دابین بکا. گۆیا مەزن و ماقووڵانی پارتیش کەیفیان بە تێکهەڵچوون ساز بووە. چونکە ئەگەر دەگژڕاچوونی دوژمنی دەرەکی لە ئارادا نەبا، ئاگری شەڕی خۆماڵی هەڵدەگیرسا. چەکوچۆڵی مەزنەوەجاخان بەوردی دیاری کراوە و دیتنی پێشکەوت و بڕەوی هێما و نیشانەکانی خانەدانان لە ڕۆژگاری پارتەکان‌دا یەکجار سەرنجڕاکێشە. درۆشمی فرەچەشنی مەزن و میران لەسەر تاشەبەردێکی گەورەی «فیرووزئاباد» کە بە

---

١ - بڕواننە: ئێرانشار، بلاڤۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیی یۆنسکۆ لە ئێران، ب٢، ل ١٨٨٠ – ١٨٨١.

بۆنەی سەرکەوتنی ئەردەشێری ساسانی بە سەر دوایین فەرمانڕەوای پارتیدا هەڵکەندراوە، خۆ دەنوێنن (و ٧٥). ڕەنگە لەم تێکهەڵچوونانەدا کەسانێکی کەم تێداچووبن. گۆیا لە سەدەی دووەمی زایینیدا گەورەپیاوان بێجگە لە ڕاو خۆیان بە گۆیەنیشەوە خافڵاندووە و بە میوان و میوانداریشەوە سەرقاڵ بوون و وەرزییان پێشکاندوون. لەم میوانداریانەدا خۆشخوانان چیرۆکی پاڵەوانەتییان داڕشتوون. چوارچێوەی تۆکمە و تەواوی ئەم پاڵەوان‌نامانەش وەکوو دەقی سەرەکیی هۆنراوەکانی «هۆمێر»ی یۆنانی لە ئارادا بوون. ئەم بەند و باوانەش بوونە بنەڕەتی پاڵەوان‌نامەیەکی نەتەوەیی کە «فیردەوسی» لە شانامەدا ڕێکیخست. ئەگەرچی زۆر وێدەچێ وێژەی پارتی بڕەوی هەبووبێ و خۆی خزاندبێتە نێو زمانی دراوسێیەکان، بەڵام هیچ شوێنەوار و بەڵگەیەک لەبارەی نووسراوەکان و وێژەی پارتەوە بە دەستەوە نییە. دەستەیەک لە پادشاکان تامەزرۆی ئەدەبی یۆنانی بوون و لە بارگاکانی خۆیاندا شانۆی یۆنانییان بە دەورگێران دەگێڕا. لە نێسا تەلارێکی تایبەتی شانۆی یۆنانی دۆزراوەتەوە و ئارتاڤازد شانۆی «باکائە ئوورپید»ی تایبەت بۆ ئەردی دووەم ڕێکخستووە.

خۆشەویستیی کەلتووری پارتی و گوێنەدانە کەلتووری ئێرانی تێکڕای پادشاکانی ئەشکانی گرتبۆوە، هەر بۆیە کەلتووری پارتی شوێنەوارێکی ئەوتۆی لە پاش بەجێنەماوە. ئێستا با بزانین چارەنووسی کەلتوورەکانی دیکە لە هەرەتی پارتەکاندا چۆن بووە. دابەزین و توانەوە و تێداچوونی کەلتوورەکانی بابل و ئاشوور و یۆنان لە سەردەمی پارتەکاندا دەبێتە مەبەستێکی سەرنجڕاکێشی جێی لێکۆڵینەوە؛ چونکە بەڵگەیەکی زۆر سەبارەت بەم دامرکانە لە گۆڕێدایە. برشت و کاردانەوەی کەلتووریی بابل لە خۆرئاوای پارت بەربڵاو بوو. لەوێندەرێ بابلییەکان، واتە ئەم خەڵکە سامیڕەگەز و شارخۆشەویستە،

www.zheen.org

هەر لەسەر دین و نەریتی کۆنباوی خۆیان ڕۆیشتن و خەتی بزماری بێپسانەوە تا سەدەی شەشی پ.ز. بەرەوپێش ئاژواى. لەم جەنگەدا تەتەڵەی سواڵینە لە برەو کەوت و پێستە ئاسک جێی گرتەوە. لەگەڵ ئەم تەتەڵانە مۆری خەڵەڵەش لە برەو کەوتن. گەلێک لەم مۆرانە کە هەتا ئەو دەم زۆر لە ئارادا بوون، پێشینەیان دەچۆوە سەر ڕۆژگارانی لەمێژین. لە دووکانێکی «نیپوور» چەند نموونەیەکی لێبوون کە مێژووی هێندێکیان دەگەڕاوە بۆ بەر لە هەزار ساڵ پێش زایین، واتە بۆ زەمانی کووسییەکان.[1] ڕێوشوێن و داب و نەریتە کۆنەکانی دینی خۆیان ڕاگرت و نەپسانەوە و ئەگەرچی خودایانی بابلی زۆرجار تایبەتمەندییەکانیان گۆڕانی بە سەردا دەهات، بەڵام لە نێو گەلێک لە کۆمەڵانی ڕۆژاوای ئاسیادا خۆشەویست بوون. یاساکانی بابلی بە بەربڵاوی لەباو بوون و گەلێکان خەریکی خوێندنی بواری دۆزینەوەکانی زانستی و فێربوونی ئەستێرەناسیی بابلی بوون. هێندێک پتر بە شانی باکووردا لە ئاشۆر کۆمەڵی بەرەو توانەوە و تێداچوونی ئاشۆرییەکان هەر مابوو. ئەم خەڵکە لەوێ، هەر لەو شوێنەی کە بەر لە ڕووداوی مەینەتباری ساڵی ٦١٢ی پ.ز. ئاشۆر و ژنەکەیان دەپەرست، هەروا خەریکی پەرستنیان بوون، بەڵام لە پەرستگایەکی جیاواز لەو ڕۆژگارە. تەنانەت هەتا ساڵانی ٢٠٠ - ٢٢٨ی ز. هێشتاش ناوی

---

١ - کاسوو. کاسی. کیسی. کاسسیت. یەکێک لە نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆس. ڕاپۆرتەکانی سەبارەت بە سەردەمی پادشایەتی کوڕی حامووڕابی باسی هەسدانەوەی پەلاماری قۆشەنی کاسییەکانی تێدایە. لەوی بەو لاوە لە ماوەی ١٥٠ ساڵدا، بابل کەوتە ژێر کارتێکردنی ئاشتیخوازانەی ئەم چیانشینانە کە دادەورینە پێدەشتەکان هەتاکوو وەک وەرزێڕ کارێک بدۆزنەوە. ئەوان دەوروبەری سەدەی هەژدەی پ.ز. بە کەڵەگایەتی ڕژانە نێو ئەو وڵاتەی باسی کرا و گرتیان. تەنینەوەی دەسەڵاتیان بە درێژترین مەودای داگیرکردنی دەرەکی دادەندرێ کە لە دووچۆمان ڕەنگی داوەتەوە و ماوەی ٥٧٦ ساڵی درێژە کێشاوە و تەنیا لە ١١٧١ی پێش زایین‌دا دەسەڵاتی داگیرکەرانەیان لەوێ بڕاوەتەوە. جەغزی زاگرۆس کە ژینگەی کاسییەکان بوو، سەر بە بەشی ناوەندیی زنجیرە چیای لوڕستانی تازەیە... (وشەدانی دێهخودا، ب ١٢، ل ١٨٠١٤ و ١٨٧١٩). س.

بنکەی ژین www.zheen.org

کوێربۆوەی وەکوو «سین ئەهەئەربا» و «ئەسارحیدوون»یان لـە منداڵـەکانیان دەنان، چونکە وەبیرهێنەوەی هەڕەتی سەرکەوتنە مەزنەکان بوون.

کەلتووری یۆنانی کە لە ژێـر چـاوەدێری ئەسکەندەر و سـلۆکییەکان و لەگەڵ سەربازان و کۆچەران ڕاگوێزرایە ئاسیا، دەروەستی کەلتووری ئێـران و بابل نەهات؛ بەڵام لە جەنگـەی خۆشـیدا جـەماوەری ڕۆژهـەڵاتی ئـەوەی لـە شارستانییەتی یۆنانی بە قازانجیان زانی وەریـانگرت، بەتایبـەت لـە بـواری بازرگانەتی و دانانی ڕۆژمێر و ناو و ڕێکخستنی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی وڵات و کاروباری دادوەری. ئەگەرچی ئەو پەیمانانەی لە دوورا و هەورامان بەستراون بۆ لایەن و کەسانی قازانجبەری ڕۆژهەڵاتی ڕێکخراون، بـەڵام بـە زمـانی یۆنـانی نووسـراون. تەنانـەت پلووتـارک دەڵـێ ئارتاڤـازێدی پادشـای ئەرمەنسـتان شانۆنامەی خەمورووژێن و مێژووی بە زمانی یۆنـانی دەنووسـی و ئەگـەرچی تێکڕای پادشایانی ئەشکانی نەیاندەتوانی بە یۆنانی بئاخێون، بەڵام زۆربەیان دەیانزانی. لە سەرانسەری سەردەمی پارتیدا، لە هەر شوێنێک بە یۆنانی قسە کرابا یا نووسرابا، ڕۆژهەڵاتییەکان ناوی یۆنانییان بۆخۆیان هەڵدەبژارد. بەڵام دیسانیش دڵیان هەر بە ڕۆژهەڵاتی مایەوە. لە ڕاستیدا کەلتووری یۆنانی هـەر بۆ خودی یۆنانییەکان مایەوە. لە هەر جێیەک کۆچـەرانی یۆنـانی نیشـتەجێ ببـوون، وەرزشگـەی تایبەتی و گەرماو و شانۆخانە و کۆمەڵـێک دامـەزراوەی یۆنـانی و یاسـا و تەنانـەت وێـژە و بـوێژیی یۆنـانیش خۆیـان دەنوانـد. یامبلیکووس[1] نووسەری کۆمەڵەچیرۆکی ئەویندارانەی یۆنانی لە بابـل دەژیـا. «ئەمفیکرات»ی[2] بوێژی یۆنانی سەفەری کرد بۆ سلۆکییە، بەڵام وەختایەک داوای لێکرا بمێنێتەوە و ببێتە مامۆستا، پلاری سووکایەتی هاویشت و گوتی: «ماسی یۆنس بۆ نێو دەوری نابێ.» ئەوسا گەڕاوە. بەرهەم و نووسینەکانی یۆنانی لـە

---

١- Iamblichus.

٢- Amphicratus.

پارت، بە کاری سترابۆن و ترۆگووس و پلووتارک و کەسانی تر هاتوون. لە شووش چەند تەتەڵەیەکی یۆنانی لەسەر کێشێکی تایبەتی شێعرییانە نووسراونەوە کە بۆ پیرۆز ڕاگرتنی یادی ئاپۆلۆنی خودای یۆنانییەکان و بەخێرهێنانی زاماسپی ڕاسپاردەی ئێرانی داندراون. تەتەڵەکانی تایبەت بە زاماسپ تەنانەت چوونەوە سەر ڕەنگی شێعری «دۆریک»ی[1] یۆنانی و یەکیان مێژووی ساڵی یەکەم یان دووەمی زایینی پێوەیە. سەرەڕای ئەمەش لەم تەتەڵانەدا تانوپۆی شێعری تەکولۆیان تێکەوتووە و هێندێک لە زاراوە و بۆچوونەکان ڕۆژهەڵاتین. نامەی ئەردەوانی سێهەم بۆ شووش لە دێسامبری ساڵی ٢١ی زایینیدا، بە شێوەیەکی جوانی یۆنانی هێلێنیستی نووسراوە و ڕووی لە خەڵک و کاربەدەستانی شووشە. بەڵام دەبێ بزانین ناوی خۆماڵیانەی ئەم شارە شووشە و ناوی یۆنانیی سلۆکی ئەو شوێنە سلۆکییە بووە لە لێواری ڕووباری ئوولائووس.[2] زمانی یۆنانی لەسەر بەشێکی کەمی سکەکانی گۆدەرزی دووەم (دەوروبەری ٣٨ – ٥١ی ز.) بە باری ڕێزمانیدا هەڵەیان تێدایە و لە دوو جێیان ڕێنووسی ناویشی جیاوازە. لە دوورا ئوورۆپۆس، لە سەرانسەری سەردەمی شکانەوەی دەسەڵاتی پارتەکان بە سەر ئەو شارەدا، یۆنانییەکان هەروا چینی باڵای کۆمەڵایەتیی خۆیان پاراست. ڕێوشوێنی ڕێکخستنی خاوخێزانی یۆنانییانە لەوێ لانیکەم هەتا ٣٣- ٢٢ی پ.ز خۆی ڕاگرت و کۆمەڵە ناوی یۆنانییانەی مەقدوونی هەتا زۆر دواتر لە برەودا بوون.

بەڵام لە سەدەی یەکەمی زایینیدا، لە هەموو شوێنێک هەتاوی هێلێنیسم بەرەو ئاوابوون دەچوو. یۆنانییەکان لە شارەکانی خۆیاندا مانەوە و هەرگیز کەلتووریان نەیتوانی لە نێو پرانی خەڵکی دەرەوەی باژێراندا شوێن دابنێ.

---

١ - دۆریک جەماوری ناوچەیەکی کۆنی باشووری تێسالییە. یەکێکە لە خێڵە سەرەتاییەکانی یۆنانی کە بە گرتنی پلۆپونز، حکوومەتی ئێسپارتیان دامەزراند.

٢- Eulaeus.

یۆنانی بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ڕەگەزی خۆیان تێکۆشان، بەڵام ئاواتیان وەدی نەهات. زۆر دژی زەماوەند نەبوون لەگەڵ تورەمەی تر، بەڵام ئەگەر منداڵێک بە شێوازی ڕۆژهەڵاتی پەروەردە دەکرا، سووکایەتییان پێدەکرد و پێیان‌دەگوت «یۆنانیی دوڕڕە». ڕۆژ بە ڕۆژ قەڵاتەکانی هێلێنیسم دادەڕمان و دەگیران. شووش ساڵی ٤٥ی ز. بە گەرووی پادشایەتی ئێلیمائیس‌دا ڕۆچوو، هەتا ساڵی ٢١٥ی ز. پارتی بەتەواوەتی لە ژێر دەسەڵاتیان دەرباز بێ. ساڵی ١٦٤ – ١٦٥ی ز. ڕۆمی یەکجارەکی بوونە دەسەڵاتداری دوورا و سلۆکییەی کەناری ڕووباری دیجلەیان خاپوور کرد. لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی زایینی‌ڕا ئیتر بەردەنووسیی یۆنانی کوێر بۆوە. وەک دواتر باسی دەکەین شێوەی نژیاروانی و شێواز و دیم و دیمەنی هونەریی یۆنانی لە نژیاروانی و هونەری پارتی‌دا توابۆوە. دانیشتووانی سلۆکییە بوونە پێڕەوی ڕێوشوێنی بابلییەکان بۆ ناشتنی مردووان لە مەزارگە و چینی دیواری خانووەکانیان‌دا. لە نیوەی دووەمی سەدەی دووەمی زایینی‌دا داب و نەریتی یۆنانی شتێکی وای بە بەرەوە نەمابوو. ئێستا نووسینەکانی یۆنانی لەسەر سکەی پادشاکانی پارتی بە شەقڵەوبەقڵە دەرچووبوون و ئەوەش دەریدەخا کە قاڵبسازەکان تازە تێیان نەدەگەیشتن و لێیان حاڵی نەدەبوون. ڕەنگە زێدەڕەوی نەبێ ئەگەر لامان وابێ لەم ڕۆژگارەدا شانۆخانەکان و وەرزشگەکانی یۆنانی کاڵە درابووبن؛ بەڵام زمانی یۆنانی هەر کوێر نەبۆوە. زمانی یۆنانی یەکێک لەو سێ زمانە باوەی سەردەمە کە بەردەنووسی یەکەم پادشای ساسانی پێنووسراوە و بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵک دەستیان لە ڕۆژمێری سلۆکی هەڵنەگرت. ئەگەرچی هێلێنیسم ڕەنگە هەر لە سەرەتاوە نەمانی لە چارەی نووسرابووبێ، بەڵام بە شێوەی باشترین نموونەی شانۆنامە خەمڕووژێنەکانی یۆنانی، ئازایانە کەوتە بەرەنگاری و بەرخۆدان.

***

بنکەی ژین www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ٦

# دین و ناشتن

دینی ئێرانی کەونارا زیاتر لەبەر کەم بوونی بەڵگە و نیشانان بۆتە چەشنێک ڕاز و گرفتێکی ئەستەم. ئەگەر بێتوو سرنج بدەینە کۆمەڵێک ئاماژە و نووسینی بەپێچ و پەنای دەقەکانی دواتر، ڕەنگە بگەینە هێندێک مەبەست سەبارەت بە دۆزینەوەی بیروباوەڕی دینی. [ئەوەی ڕاستی بێ] «خوداکانی سروشتی» دەپەرستران. ڕەنگە ئەم خودایانە تەنیا لە جەغری هزر و بیری شیاو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کاری سەرۆکان، کە تایبەت بوو بە شەڕ و زاوزێ، لێوەشاوە بووبن. لە نێوان دینی لەمێژینی ئێرانییان و هیندووان‌دا کۆمەڵێک پەیوەندیی فکری وەبەرچاو دێن کە دەگەڕێنەوە بۆ چاخی بەر لە کۆچی ئەم دوو کۆمەڵەی هیندوئوورووپایی. ژمارەیەک لە خودایان بەدی‌هاتن کە نیشانده‌ری ناوی خۆیانن، وەکوو میترا کە بە واتای پەیمانە. ئاکارچاکی، تایبەت درا بە تاقمێک لە خودایان کە لە ئێران بە ئەهووراکان ناسران. زەردەشت لە بارودۆخی هەرێمێکی ئاوادا لە دایک بوو. کۆمەڵێک نەقڵ و نەزیلەی زارەکی، سەردەمی ژیانی دەبەنەوە بۆ دەوروبەری ٦٠٠ی پێش زایین و ڕۆژهەڵاتی ئێران بە شوێنی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بانگەواز و کارووس و ڕێنوێنییەکانی ئەو دەزانن. خوداوڕاستان وەبەر دڵی «ویشتاسب»ی پادشای بەر لە مێژوو کەوت و پێگەیەکی بۆ پێکهات؛ بەڵام تۆبڵێی نێوەرۆکی قسە و ئامۆژگاری و ڕاهێنانەکانی چ بووبن؟

دینی زەردەشت هێشتاش دینێکی زیندووە و کەمینەیەکی بچووک لە ئێران و پارسییەکانی هیند باوەڕیان پێیەتی. لە نێو ئەم کۆمەڵانەدا وێڕای هێندێک ڕاڤە و لێکدانەوەی کۆن، نووسراوەی پرش و بلاوی پیرۆزی کەونارا وەچنگ هاتوون کە سەرجەم پێیان دەڵێن ئەڤێستا ئەگەر لە ڕووی جیاوازییە گرینگ و بەرچاوەکانی زمان و خەیاڵ و تێڕوانینەوە بکەوینە هەڵسەنگاندن، پاژەکانی ئەڤێستا لە سەردەمی ژیانی زەردەشتەوە هەتا ڕۆژگاری دەسەڵاتی ساسانییەکان بەدی هاتوون. پێنج کۆمەڵەشێعر کە بە گاتەکان ناسراون، لەبەر کۆنینەیی زمان و شێوەزاری ڕۆژهەڵاتیی ئێران لە بەرچاوان بەرز دەنوێنن. کەوایە ڕەنگە ئەم شوێنەوارانە سەر بە چاخی ژیانی زەردەشتپێغەمبەر بن و نێوەرۆکیشیان نیشاندەری هێندێک لە ڕاسپاردە و ڕاهێنانە سەرەکییەکانی ئەون. لە نێوان پەرستندە و یەزدانی بەرزەجێ و جیهانیدا، ئەهوورامەزدا پەیمانێکی تازە و تاکەکەسی وەدەس دێنێ. لێرەوە بۆچوونێکی بنەڕەتی لەسەر هەبوونی دووانەی چاکە و خراپە دامەزراوە. ئەم دوو ماکەیە هەمیشە لە بواری ماددی و مەعنەویدا پێکەوە کێشەیانە. بەڵام ڕۆژی داوەری دادێ و چاکە سەردەکەوێ. هەر ئێستا تێکهەڵچوون و ملانە درێژەی هەیە. ئەهوورامەزدا کە دواتر بوو بە ئۆهرمەزد وێڕای هێزە نەمرەکانی تر و رووحی پاک، لەگەڵ ئەنگەرەمینیوو، کە دواتر بوو بە ئەهریمەن، شان بە شانی دێوانی پەیڕەوی -کە لە نێویاندا زۆر خودای وا هەبوون پێشووتر خەڵک خۆشی دەویستن- شەڕیانە. ئەرکی هەموو کەسێکە لە دنیادا کە زەبر لە هێزی چەپەڵی و درۆ بوەشێنێ و بەم چەشنە یاریدەی سەرکەوتنی دنیای نەبەدی مەزدا بدا. ڕاسپاردەی زەردەشت

سەبارەت بە ئاکاری مرۆڤ لێرەدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ دەبێ پیاوچاکان سەرقاڵی کاری باش بن، بەتایبەت کشتوکاڵ. بیری چاک و وتاری چاک و ئاکاری چاک بەو چەشنەی کە زەردەشتییەکان ئەمڕۆش بڕوایان پێیەتی، باوەڕداران دەپارێزێ. ئەو کەسانەی بە ڕەوت و ڕێبازی سەرەکیی زەردەشتیدا ڕۆیشتوون و لێیان لانەداوە، چاکەیان دەدرێتەوە بە چوونە بەهەشت و ژیانی هەتاهەتایی لەو شوێنەدا. چەپەڵکاران لە دەڤەری درۆ و ناڕاستیدا دەمێننەوە و سزا دەدرێن.

ئایینی پاکی زەردەشت لە ژینگەی دینی لێڵ و لووسنەکراوی ئێرانیدا کە پڕ بوو لە خودا و ڕێزی دادەنا بۆ توخمەکانی سروشت و ئەسپی بۆ دەکردنە قوربانی، وەکوو هەوڵ و هەنگاوێک لە بارودۆخێکی نالەباردا سەری هەڵدا. بەڵام دیسانیش هێندێک لە بنەماکانی، بەتایبەت بایخدانانێکی زۆر بۆ ئەهوورامەزدا و دووانەی چاکە و خراپە، برەویان ئەستاند، یان ڕەنگە پێشتریش هەروا بووبێ! وێکچوونێکی سەیر لە نێو بیر و بۆچوونەکانی دینی زەردەشت و پادشایانی هەخامەنشیدا وەبەرچاو دێ. هەم زەردەشت و هەم پادشاکانی هەخامەنشی ئەهوورامەزدایان دەپەرست، کەوایە «مەزدەیەسنایی» بوون. گۆیا لای کۆتایی و بنەبانی فەرمانڕەوایەتی هەخامەنشییەکان، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دینی زەردەشت و دینێکی بەر پەرستن کە چینی هەڵاواردەی موغان بە دەمی جەماوەریاندا دەکرد، بەدی هاتبوو. دیرۆکی درێژخایەنی موغان لە سەردەمی پەیدابوونیانەوە دەستی پێکردووە کە وەکوو خێڵێک یان باشتر بڵێین چینێکی تایبەت لە نێو مادەکاندا خەریکی پێشەوایەتیی دینی بە پرزەوپاڵی ئێرانی بوون. ئەمانە هەمیشە خۆیان بە تۆرەمەی خێڵێک دادەنا و زۆریان سەر لە داب و نەریت و وردە ڕێوشوێنان دەخورا. هەر خێرایەکی ڕاسپاردایەتی خۆیان لە سەرانسەری ئێراندا پەرە پێدا. سەرەنجام

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەو دەمەی کە ئایینی زەردەشتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا بوو بە دینی ڕەسمی، موغەکان بوونە ڕێبەرانی رووحیی دینەکە. ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستەی کە داخوا ئەمانە لە ڕابردوودا چەندەیان پشتیوانی لە دینی زەردەشتی کردووە، کارێکی ئەستەمە. بەڵام ڕەنگە هێندێکیان پشتیوانییان لێکردبێ و برەویان پێدابێ.

کوتولەتی دواتری کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان کە بە «وردە ئەڤێستا» ناسراوە، لە ڕوانگەی بیر و بۆچوونەکانی دینی و سەرجەمی خودایان و دیاردەکانی یەزدانییەوە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ڕاسپاردە و ڕاهێنانەکانی زەردەشت تێدا بەدی دەکرێ. جگە لە خودایانی بژاردە لە گاتەکاندا، میترا خودای پەیمان و ڕووناکایی، ئاناهیتا خواژنی ئاو و زگوزا (و ١٦)، ڤێرسرێغنە خودای جەنگ و سەرکەوتن و فرەوەشییەکان، واتە ڕووحەکانی پارێزەر، باسیان کراوە. لە «وەندیداد»دا کە هەمان یاساگەلی دژی دێوە، باسی یاساکانی سەردەمانی دواتری زەردەشتی دەکا کە کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێوشوێنی سەبارەت بە داب و دەستوورێکن کە گۆیا موغان وەبەرچاویان گرتوون و کاریان پێکردوون. چەپەڵی و گوناه و تۆبەکاری و ئامراز و ڕێبازی پاکبوونەوە، وەکوو ڕەوتی «سێفری لاویان»[1] لە کتێبی پیرۆزدا بە درێژی باسیان کراوە. بۆ زۆربەی تاوانەکان لێدرانی پێنج هەتا هەزار قەمچی داندراوە. تاوانەکان بریتین لە مرۆکوژی، چەپەڵ بوون، بۆ وێنە بە دەس لێدانی تەرم یان شتومەکی مردگ. شێوەی جووڵانەوە لەگەڵ مەیتی مردووان ڕێوشوێنێکی تایبەتی بۆ داندراوە. مردوو دەبێ لە سەیزانی سازکراو بە خشتی سوور کە بە «بورجی بێدەنگی» ناسراون دابندرێن هەتا قەل و داڵ گۆشتەکەیان بخوا و پاشان یەسکوپرووسکیان ببرێتە گۆڕخانان. لەوتاندنی ئاو و زەوی یان ناشتن یان

---

١ - بەشی لاویان . س.

سووتاندن بەتوندی قەدەغە کراون. ئاو بە ماکەیەکی پیرۆز دادەندرا و پەرستنی ئاوریش نەخاسمە لە سەردەمانی دواتری دینی زەردەشتیدا بوو بە یەکێک لە نیشانە و تایبەتمەندییەکانی.

چەند نیشانە و بەڵگەیەک سەبارەت بە هەبوونی خاڵە سەرەکییەکانی بیر و بۆچوونی «مەزدەیەسنایی» لە ئێرانی سلۆکی و پارتیدا وەبەرچاو دێن، بەلام شوێنکەوتن و کارپێکرانیان کەمتر دیتراوە. هێنانەگۆڕی مانگەکان و کۆمەڵەناوێکی وەک «هۆرمەزدیک» و «دینمەزدەک» کە دەنگدانەوەی ئایینی زەردەشتی لە گوێدا دەزرینگێننەوە، زیاتر بە لای هەبوونی هەلومەرجی بەستێنێکی زەردەشتیدا دەیشکێننەوە، بەلام هیچ بەڵگەیەکی مسۆگەر لەسەر هەبوونی ئەم دینە نەدۆزراوەتەوە. گۆیا موغەکان لە سەرانسەری ئێراندا تەواوی دینەکانیان بە کۆنە و نوێوە کار پێکردوون، جا لە ئەهوورامەزداوە بگرە هەتا دینە کۆنەکانی خودایانی ئاریایی و ئایینی زەردەشتی کە بە ڕەوتی گەشە و پێگەیشتنیدا دەڕۆیی. لە بەردەنووسەکانی هەخامەنشیدا هێندێک نیشانە و تایبەتمەندیی کاکڵی «وردە ئەڤێستا» بەدی دەکرێن. زۆر وێدەچێ دینی زەردەشتی لە تەواوی دەورانی سلۆکی و پارتیدا بە زیاد کردنی هێندێک تایبەتمەندی لە دینی ئێرانیی کۆن و سڕینەوەی بڕێکیانی بەرەو دینی سەردەمانی ساسانی چووبێ. ئەوەی بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا بوو بە هۆی سەرسوڕمانی نووسەرانی یۆنانی و ڕۆمی، ڕێورەسمی سەیر و سەمەرەی ئایینی ئێران بوو. ئەمانە سەبارەت بە پەرستنی ئاور و نیشانەی ئەهوورامەزدا دواون. بە گوتەی ئیزیدۆر لە شاری ئاساک ئاگری هەتاهەتایی‌یان دەپاراست. «سێر ئوورێل شتاین»[1] گەلێک سکەی پارتی و ساسانی لەسەر کێوی مەیدانی «نەفتوون» لە سەرینچاوە نەوتییەکانی ئێران دۆزیونەوە. لێرەدا گڕی ئاگر کە

١- Sir Aurel Stein.

لە سەرچاوەی بێبڕانەوەی گازەکانی سروشتیڕا کڵپەی دەکرد، بێگومان زیارەتکەرانی بەرەو خۆی رادەکێشا. وا وێدەچێ لەو ڕۆژگاریشدا وەک ئەمڕۆ ئاوری پیرۆزیان بە چیلکە و چێوی بۆندار بۆنخۆش کردبێ. ئاگرەوانان وەختایەک لە ئاگر نیزیک دەبوونەوە دەمی خۆیان بە دەسرۆکەیەک هەڵدەپێچا هەتا هەناسەیان ئەم ماکە پاکە نەلەوتێنێ. ئاویش پیرۆز بوو. ژووستێن سەبارەت بە ڕێزی پارتەکان بۆ رووباران، دەڵێ کاتێک تیردادی ئەشکانی پادشای ئەرمەنستان کە خۆشی لە موغان بوو، چووە ڕۆم هەتا تاجی ئەرمەنستان لە نێرۆن وەربگرێ، بە ڕێگای ویشکانیدا ڕۆیی هەتا دەریا پیس نەکا. شووڵێک کە پێیدەگوترا «بەرسەم»[1] خرایە نێو ڕێورەسمی ئایینی و موغان دەبوو «هۆمە»ی[2] مەستیهێن بخۆنەوە. ئەم خواردنەوەیە لە گیایەک کە بە پیرۆز دادەندرا و پلووتارک بە «Omomi» ناوی هێناوە ساز کراوە و کارێکی زۆر و دوور و درێژ و وردی ویستووە. ئەم گیایە هەر «سۆمە»ی[3] هیندووەکانە. کەوایە ئەم خواردنەوەیە، ئەگەرچی لە گاتەکاندا باسی نەکراوە، دەبێ زۆر لەمێژینە بێ. نەناشتنی تەرمی مردووان داب و نەریتێکی زۆر باو بوو لە دنیادا. کاتێک ئەسکەندەر گەیشتە خۆراوا تەماشای کرد ئاوایینشینان و شارنشینان مەیتی مردووەکانیان لەسەر ڕێوبانان فڕێ دەدەن و باسیان ناکەن. ژووستێن بەئاشکرا دەڵێ: «پتر وا باوە تەرمی مردووەکان لە دەرەوە دادەنێن هەتا قەل و داڵ و سەگ گۆشتەکانیان بخۆن و پاشان یەسکوپرووسکەکانیان دەشارنەوە و بە خاکیان دەسپێرن.» سترابۆن دەڵێ بەم سەگانەیان دەگوت گۆڕهەڵکەنە.

گەلێک داب و نەریتی مەزدایی لە ڕێی خۆیان تلاسا بوون کە زۆربەیان کەوتوونە ژێر کارتێکردنی ئەستێرەگەریی کلدانیی بابل و بەرەو سنوورەکانی

---

١ - بەرێسمە یان بەرسوم. س. Barsam.

٢ - گەسکەپێغەمبەرە، ئارماڵک . س. Hoama.

٣ - Soma.

رۆژهـەڵاتیی رۆم تێپـەڕیون. هێنـدێک لـەم ڕێچکـە و ڕێبازانـە لـە ڕوانگـەی دیرۆکییەوە کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە. موغان قسەیان لەوەی دەکرد کـە بە هەموو پێچ و پەنا و ڕازەکانی زانستە نـەهێنی و شـاراوەکان دەزانـن. ئـەم زانیارییانە کە زۆربەیان بۆ پێکەنین و فشەگاڵتە دەبوون، لە چەنـد کتێبێـکدا نووسرابوونەوە و ڕقی «پلینی»یان هەڵدەستاند. بانگهێشتنی ڕوحانەتان یەکێکی دیکە بوو لە تەردەسـتییەکانیان. بـە گوتـەی «لووسـیەن»[1]، «مێنیپـووس»ی[2] فەیلەسـووف ویسـتی سـەرێک لـە دنیـای دیکـە بـدا و بـیر و بۆچـوونی «تیرێسیاس»ی[3] پێغەمبـەر سـەبارەت بـە باشـترین شـێوازی ژیـان بزانـێ و لێیبپرسێ. هەر بۆیە لە بابل نێوانی لەگەڵ موغێک خۆش کرد. سەرەنجام کاری قوڕ و سەمەرەی پێشنیارکراوی موغان و سەوزە خواردن و ڕێوشوێنی سـەیر و مەشخەڵی لەگڕ و ورتەورتە و فووپێداکردن، مەبەستەکەیان وەدیهێنا. هەر بەم کارانە بوو کە پەیوەندییەک لە نێوان موغ و «مـەجیک»دا بـەدی هـات.[4] بـەڵام دژەکردنی بیر و باوەڕی دیکەش کاردانەوەیەکی زۆریان بووە لەسەر پەرەگرتنی ئەم بیرەی مـرۆڤ. بنچینـە و بنـەمای هـزری دینـی ئێرانـی بریتـی بـوو لـە دووانەپەرستی و ئەرکی ئادەمیزاد و بێکەموکـووڕیی یـەزدان و لێپرسـینەوەی ڕۆژی پەسلان و هەبوونی بەهەشت کە تێکڕایان لە نێو بیر و بـاوەڕی ئاسـیای خۆراواییدا برەویان ئەستاند. دیارە بۆچوونەکانی ڕۆژهەڵاتیی تێکەڵ بە هزری فەلسەفیی یۆنانیشی خرایە سەر. کاریگەری و برشتی ئەم بیر و بۆچوونانە بـۆ بەدیهێنانی گەلێک قوتابخانـەی فەلسـەفی و بزووتنـەوەی دینـی یـەکتریان

---

۱- Lucian.

۲ - Menipus.

۳- Tiresias.

٤ - لە ئینگلیسیدا بە Magus هاتووە کە دەچێتەوە سەر ڕەسـەنی یۆنـانیی خـۆی کـە «مەجووس»ە بە مانای موغ. وشەی Magic هەر لەم ڕیشەیە دا کەوتووە کـە بـە واتـای سێحر و جادوو و زانستی ون و نەبەدییە. م.

دەگرتەوە و ئەم كاردانەوەيە لە بوارى عيرفان و دينى ڕزگاريدەردا خۆى نواند. مێهرپەرستى لەو چەشنە مەزداپەرستييە كەوتەوە كە لە ئاسياى بچووكدا سەرى هەڵدابوو. يانى ڕێبازى عيرفانيى خوداى ميترا كە هەمان خوداى خۆرە، پنجى داكوتا. ئەم ئايينە لە ئيمپراتۆرێتى ڕۆم، بەتايبەت لە نێو قۆشەنچييان و كۆڕ و كۆمەڵانى بازرگانىدا برەوى ئەستاند. مێهرپەرستيى نێو بير و بۆچوونى كۆنى ئێرانى – بۆ وێنە رووحى چاكە و خراپە كە وەكوو دوو براى ئاواڵدووانە لە داوێنى «زۆروان» كەوتبوونەوە – زەمانى بێبڕانەوەى وەدەست هێنا. بە تێكەڵبوونى بير و باوەڕەكانى ئاسياى ڕۆژاوايى و ئێرانى لەگەڵ مەسيحايەتى ژمارەيەك دينى گنووسى، بەتايبەت يەكێكى گرينگ بە ناوى «مەندايى» لە پارت سەرى هەڵدا. بەڵام لەم هەمووە كۆمەڵەدينەى مەزداپەرستى و زەردەشتى و بير و باوەڕەكانى سەر بەوان، كامەيان دينى ئەشكانييەكان بوو؟ ديسانيش لەبەر بە دەستەوە نەبوونى هيچ بەڵگەيەك وەڵامدانەوەى ئەم پرسيارە دژوارە. ڕەنگە ئەوان سەرەتا لەگەڵ خۆيان پۆلێكيان خودا هێنابێ كە تايبەتى ڕەوەندان بوون. وەك لەسەر سكەيەكى پارتى نووسراوە، پادشا بە «براى خۆر و مانگ» داندراوە (و ٦ e). لە نێسا و شەمى و چەند شوێنێكى تر ژمارەيەك پەيكەرى بە قەدرايە قەڵافەتى ئادەمى و بگرە گەورەتريش دۆزراونەوە (و ٤٧، ٤٨، ٥١). ئەگەر لە بەردەتاشى چياى نمروودى كۆماژان بڕوانين كە ديمەنى پادشايانى ئێستا و ڕابردوو نيشان دەدا (٦٩ – ٣٤ ى پ.ز) دەتوانين بڵێين ئايينى «پادشاخودايى» يان ئەژدادپەرستيى ڕۆژگارى كەونارا هێشتا لەباو بووە (و ٣٠). كەواندارى بێڕيشى سەر پشتى سكە زێوينەكانى پارتى، خاوەنى واتايەكى دينييە(و٦). بەڵام تۆ بڵێى ئەمە هەر ئەشك بێ كە گەياندوويانەتە پلەى خودايەتى يا هەمان تيرهاوێژى سەر سكەكانى هەخامەنشييە كە ئێستا زيندوو بۆتەوە؟ ئەشكانييەكان هەرگيز بە تەواوەتى دينى زەردەشتيان وەرنەگرت. ساسانييەكان

ئەوانیان وەکوو ڕاستباوەڕان نەناسین. بەڵام گۆیا ئەوان چووبوونە سەر ڕێبازی مەزداپەرستی و زۆر وێدەچێ لەبەر هۆکاری سیاسی بووبێ، هەتا لەگەڵ دینە باوەکانی نێو کۆمەڵانی ژێر دەسەڵاتیاندا هاوسەنگی و حاوانەوەیان ساز کردبێ. پادشاهان ڕێزی موغانیان دەگرت و لە جڤاتی دووەمی حکوومەتیدا خۆیان دەنواند و بەئاشکرا لە بابل هاتوچۆی کۆشکی «بەردان»یان دەکرد. ناوی پادشاکان بە پێشگری «ئەرتە» و «میترا»وە نیشانەی برشتی دینییە. تیردادی ئەشکانی، پادشای ئەرمەنستان ڕێوشوێنی موغانی ڕەچاو دەکرد. لە بەردەتاشێکی یۆنانیدا لە شووش کە هی فەرهادشای پێنجەمە(؟) سپاسی «دایمۆن» کراوە کە هەمان فرەوەشی یان ڕووحی پارێزەرە. جگە لەمەش ئەگەر بڕوانینە قسەکەی ئیزیدۆر کە دەڵێ ئاگری نەمر و هەتاهەتایی لە ئاساک – واتە ئەو شوێنەی کە «ئەشک» تاجی لێ لە سەر نا- داییسا و هەروەها بێتوو بڕوانینە بابەتی مێهر(خۆر) لە نێسا، بۆمان دەردەکەوێ کە هەرکام لە پادشاکان خاوەنی ئاورێکی تایبەتی هەرگیز نەکووژاوە بوون. ئەمەش هەر داب و نەریتی ساسانییەکانی زەردەشتییە کە جێی ئەشکانییەکانیان گرتەوە. بەپێی گێڕانەوەی سەرچاوەکانی پارسی، لانیکەم یەکێک لە ئەشکانییەکان خزمەتێکی گەورەی بە دینی زەردەشتی کرد. دەقی سەرەکیی ئەو کتێبە ٢١ بەشییەی کە خرابوویە دڵی پێغەمبەرەوە «ئەسکەندەری ڕۆمی» سووتاندی. بەلاشی یەکەم(؟) دەستی کرد بە کۆکردنەوەی لەتوکوتی پرشوبڵاوی. ئەردەشێری بابەکان (دەوروبەری ٢٢٤ – ٢٤٠ی ز.) یەکەم پادشای ساسانی، ئایینی زەردەشتی کردە دینی ڕەسمیی حکوومەت و ئەڤێستا بە کتێبی پیرۆزی داندرا و بژار و پاڵاوتنی کۆتایی بە دەستی جێنشینی ئەردەشێر ئەنجام درا. بەڵام لە ڕوانگەی ساسانییەکانەوە ئەو کەسەی دینی زەردەشتی ڕزگار کرد، ئەردەشێر بوو نەک یەکێک لە ئەشکانییەکان. تەرمی پادشاکانی ئەشکانییان دەناشتن و لە دەرەوەیان

بنکەی ژین www.zheen.org

دانەدەنان. گۆڕخانەیان سەرەتا لە نێسا و گۆیا دواتر لە ئاربێل [هەولێر] بووە. لەسەر سكەكانی ئەشكانی دیمەنی گەلێک لە خودایانی یۆنانی وەكوو ویكتۆری، تیخە، زێئووس، ئارتێمیس و چەندێكی تر شەقڵ كراون. بەكورتی دەبێ بڵێم ئێمە هەرگیز سەبارەت بە چەوسانەوەی دینی لە سەردەمی ئەشكانیدا هیچمان نەبیستووە. گۆیا ئەمانە پتر بە باری سیاسیدا دەربەستی دین بوون.

لەسەرەخۆیی و پشوودرێژیی ئەشكانییەكان لە بواری كاروباری دینیدا هەلی گەشە و هەڵدانی بۆ گەلێک ڕەوت و ڕێبازی ئایینی خۆش دەكرد. كۆمەڵێک پەیكەرەی بچووكی سازكراو بە شێوازی یۆنانی و ڕۆژهەلاتی كە لە ڕۆژاوای ئێران دۆزراونەوە، نیشاندەری هەبوونی خودایانی فرەن و ئەمەش دەریدەخا كە نەزرینەی دینی لە ئارادا بوون (و ١٧، ٢٠). بە مەبەستی سەلماندنی باوەڕی ڕێبوارانی ڕێچكە و ڕێبازەكانی ئایینی لە بابل، هێشتاش سروودەكانی سۆمێری -بەو زمانەی كە دوو هەزار ساڵ پێشتر شوێنبزر ببوو- دەخوێندرانەوە. دین و داب و دەستووری بابلی جگە لە خاكی بابل، لە سەرانسەری پارتی ڕۆژاوایی و سووریای ڕۆمییەكاندا برەوی هەبوو. پێشەوایانی ئایینی بابلی سەرەڕای نەمان و دارمانی دەسەلاتی رامیاریی بابل، توانیان بێبرانەوە دەسەلاتیان لە قەڵەمڕەوی خۆیان بپارێزن.

«بەعل» كە ناوی بابلییانەی «مەردووک»ە، لە نێو هێندێک كۆمەڵاندا، سەرەڕای ئەو گشتە مافەی كە هەیبوو بە خودا ناسرا. «ئیشتار»ی خواژنی بابلی هەتا ڕۆژگاری ئەشكانییەكان خەڵكێكی زۆر دەیانپەرست. «نانای» یا «نەنە» كە لە بنەڕەتەوە سۆمێرییە، خەڵک زۆریان خۆش دەویست و ڕێزیان بۆ دادەنا و پەرستگەیەک و ملکوماشێكی هەبوو لە نێسا. ئەم دوو خواژنەی باسیان كرا، بۆ باری زگوزا پەسنیان دەدرا و كار و كردەی قێزەوەنی وەكوو جندەیەتی، بە

پەسن و پەرستنێکی ئاسایی بۆ ئەوان دادەندرا. هەروەها کارتێکردنی بیر و باوەڕی بابل دەبوو بە هۆی بەدیهاتنی خودایانی دووانە و سێیانە. لە پالمیر



ق ۲۰- نەخش و نیگاری سەر کووپەیەکی گەورە کە لە ئاشوور دۆزراوەتەوە. وێنەی خوا و خواژنێک و منالێک کە لەسەر تەختی دەسەلات دانیشتووە دیارن و دوو پەرستندە لەو شانەوشانی خەریکن بۆنخۆشکەرە دەڕێژنە ئاگردانەوە. بە ئارامی لەسەری نووسراوە. بەرزایی ئەو دیمەنەی کێشراوەتەوە ۳۰/۵ سانتیمیترە و سەر بە سەردەمی کۆتایی پارتە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
W.Andrae,Die Partherstadt Assur, fig. ٤٩

«ئەگلیبۆل»ی[1] خودای مانگ ئەندامی دوو کۆمەڵەی سێیانەی جیاواز بوو کە خۆی دەبوو بە هۆی سەرلێشێوانی پەیڕەوانی. ڕەنگە کارتێکردنێکی کە لە بابلەوە زۆری پەل هاویشتبێ و برەوی ئەستاندبێ، بەداخەوە ئەستێرەگەری بێ. خەڵک بۆ فێربوون لە دوورانەوە دەهاتنە سەرینچاوەی دەوڵەمەندی ئەستێرەگەرییەکان کە لە مەودای هەزاران ساڵدا کۆکرابوونەوە و بۆ نیشاندانی چارەنووسی جەماوەر خرابوونە سەر یەکتر. لە ڕاوێژی خەڵکدا «کلدانی» بە نازناوێکی جێی ڕێز دادەندرا.

---

۱ - Aglibol.

زین www.zheen.org

لە سەرانسەری ڕۆژاوای پارت چەند كۆمەڵەیەكی فرەچەشنی دینـەكان و خودایانی سامی، گەرمەبازاڕ و لەبرەو بوون. ئایینـەكانی سـەرەتایی وەكـوو پەرستنی بەرزایی، ئاو، ڕووبـار، دەریـا، زرێبـار، دار و بـەرد و بەتایبـەت ئەوانەی كە یۆنانی بە«baetyla» ناودێریان كردوون، باویان بووە. ئەم زاراوەیە كە لە ڕیشەوە عیبرییە و «beth-el» بووە و بە مانـای بەیتوڵـلا یـان خانـەی



ق ٢١- قەڵافەتی داتاشراوی یەكێك لە مەزنانی پارتی كە خەریكە بۆنخۆشكەرە دەخاتە بۆندانەوە. لەسەر تاشەبەردێكی بێسـتوون بـە جـودا هەڵـكەندراوە. ڕەنگە سەر بە سەدەی دووەمی زایینی بێ.

خودایە، نیشانەی ئەوەیە کە خودا بە قاپۆڕی ئەو شوێنەدا ڕۆچووە. خودایانی ئەوتۆ لە نێو ئارامییەکان و عەرەبان و فێنیقییەکان و کۆمەڵانی تردا هەبوون. ئەمانە بەخشندە بوون بۆ زاوزێ و بەرهەمی زۆر و زەوەند و بارانە؛ و بە مەبەستی پاراستنی پەیڕەوانیان زۆربەیان چەکوچۆڵیان لە خۆیان شەتەک دابوو (ق۲۰). لە باکووری دووچۆمان دینەکانی ئاشۆری هەروا لەباو بوون. بە گوتەی لووسیەن، زیارەتکەران بۆ پەرستنی خاتوونی شاری هیراپۆلیس بامبیس[1] دەچوونە باکووری سووریا. زۆربەی ڕێورەسمە ئایینییەکان بەپێچوقەمچ و دژوار بوون و دەبوو ئاپۆرەیەک خەڵک پێیانەوە خەریک بن. ساکارترین داب و نەریت کە لە وێنەکاندا خۆی نیشان داوە، تێهاویشتنی بۆنخۆشکەرەیە لە بۆندانی ئاگرینەوە (و ۲۱، ۳۳، ٦۷ ، ٦۸).



ق ۲۲- وێنەگەری لەسەر دیوار. ژوورەوەی هۆدەی ڕێورەسمی پەرستگەی زێئووس تێئووس لە دوورا. دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
M.Rostovtzeff,Dura Europos and its Art, pl. ۱۳.

۱ - Hierapolis-Bambyce ئێستاکە پێی دەگوترێ «مەنبێج و لە نیزیک حەلەبە. بڕوانە گوتشمید، مێژووی ئێران و دراوسێیەکانی... . وەرگێڕاوی کەیکاوس جیهانداری، پەراوێزی لاپەڕە ۲۱٥. م.

هەروەک لەم بەشەدا باسی دەکرێ دیواری گەلێک لە پەرستگاکان لە چەند ڕیزاندا بە وێنەگەریی چەشناوچەشن نەخشێندراون (ق ٢٢). یەکێک لە خاڵە دیار و بەرچاوەکانی دینەکانی سامی، داندرانی تایبەتمەندیی خۆماڵییانە بوو بۆ زۆربەی خوداکان. هەر ناوچەیەک خاوەنی بەعل و بەعلانی نێر و مێ و خودایانی پارێزەر بوون (ق ٢٢). تەنانەت هەر گوندێک خۆی بە «جنی» یان پارێزەری تایبەتی خۆیەوە ڕادەنا. ئەم خۆماڵی بوونە تەواو لەگەڵ لایەنی بێکەمایەسی و گشتگیری ئەهوورامەزدا جیاوازە.

دینی یۆنانیش بەگشتی هەر وەک کەلتووری یۆنانی پتر لە جەغزی کۆمەڵی هێلێنیستیدا برەوی هەبوو. سروودەکانی پێداهەڵدانی ئاپۆلۆن لە شووش لەسەر بەرد هەڵقەندراون و خودایانی یۆنانی وەکوو زێئووس، هێرقێل، ئاتۆن، ئەفرۆدیت و چەندێکی تر لەسەر سکەکانی ئەشکانی خۆ دەنوێنن. بەڵام لە هەر شوێنێک خودایانی یۆنانی شەقڵ کراون یان ناویان براوە دەبێ بزانی داخوا لە پشتەوەی وی خودایەکی ڕۆژهەڵاتی ماتەی هەڵگرتووە یان نا؟ چونکە بە چوونی هێلێنیسم بۆ ڕۆژهەڵات پۆلووی ئامرکاوی دینەکان گەشانەوە و دینەکانی ڕۆژهەڵاتی و یۆنانی تێکەڵ بوون. لەو کاتە بە دواوە خودایانی سامی- کە خودایانی بابلییەکانیشیان لە خۆ دەگرت- وێڕای ئێزەدانی ئێرانی و یۆنانی هەموویان وەک یەکیان لێهات (و ١٩). بەم جۆرە ئەهوورامەزدا بوو بە هاوشانی بەعل، میترا، شەمس، ئاناهیتا، ئیشتار و نانای. ئاپۆلۆن لە سروودەکانی شووشدا بە ناوی «مارا» کە نازناوێکی سۆریانیی پەروەردگارە باسی کراوە. هێرقێل کە پتر خاوەنی لایەنی هێلێنیستی «نێرگال»ی سامییە لەگەڵ ڤێرسرێغنەی ئێرانی هاوتایە و ئاتۆن هاوشانی خواژنی «لات»ی[1] عەرەبانە. بەڵام نموونەی دیار و ئاشکرای ئەم تێکەڵاوییە پتر لە نێو ئەو خودایانەدا بەدی

---

١- Lat.

دەکرێ کە پەیکەرەکانیان نەزری زێوانانی گلکۆی ئانتیۆخووسی یەکەمی کۆماژان (٦٩ – ٣٤ ی پ.ز.) کراون (و ٢٩، ٣١). زۆربەی پەیکەرەکانی ئەوێندەرێ سەرەتا سەبارەتن بە دیمەنی زێئووس (ئۆرمەزد) کوڕی ئەرهۆرمەزد و ئەهوورامەزدا. دواتر تایبەتن بە ئاپۆلۆن، میترا، هێلیووس، هێرمێس و لە ئاخریدا بریتین لە ئارتاگێنێس (ڤێرسرێغنە)، هێرقێل، ئەرێس[1]. قۆناخی دواتری هێلێنیسم لە سووریا و بابل دەستی پێکرد کە تەواوی یەزدانان و یەزدانیلان بەرەو باری تێکەڵبوون و یەکانگیری لەگەڵ خودایەکی بەدەسەڵاتی پایەبەرز و دڵاوادا پاڵدران کە هەتاو هێمای دیار و ئاشکرایەتی.

چەند دینێکی دیکە کە لە پارت برەویان هەبوو، هێشتاش هەر ماون. لەو ڕۆژگارەوە کە «نەبووکەد نەسر» جوولەکەی ڕادانە بابل، زاوزێیان لەو هەرێمە نەبڕایەوە و گەشەیان دا بە ژیانی خۆیان. ئەمانە ئەشکانییەکانیان بە هێدی و گوێڕایەڵ و مەیلەو دینی خۆیان دەهاتنە بەرچاو. هەر بەڕاستیش یەکێک لە پادشایانی دەسنێژی ئەوان کە عێزەتی دووەمی ئادیابێن بێ، بوو بە جوولەکە. بەڵام زانیاریی ئێمە سەبارەت بە مەسیحییەکان کەمە. ئەمانە هەرەتی سەدەی یەکەمی زایینی لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی ڕۆمدا بڵاوبوونەوە و گۆیا ساڵی ٢٠٠ی ز. ئاربێل [هەولێر] و کەرکووک و چەند شوێنێکی تری ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کۆمەڵانی مەسیحییان تێدا بووە. «تاتیانووس»ی[2] نووسەری مەسیحی لە خاکی پارت پێینایە جەغزی ژیانەوە. وەک لە سەرچاوەکاندا باسی کراوە ساڵی ١٩٨ی زایینی لە شاری ئێدێس (ڕۆها)ی پایتەختی ئۆسرۆئێن کۆبوونەوەیەکی کلیسایی کرا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی مێژووی جێژنی ڕابوونەوە. ئایینی بوودایی لە سەردەمی پادشایانی هێلێنیستیدا توانی پەل باوێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران. ئەو دەمەی کە دەورووبەری ساڵی ٢٦٠ی پ.ز «ئاسۆکا»ی پادشای هیند بڕوای بەم دینە

---

١- Ares.

٢- Tatianus.

هێنا، پۆلێک ڕاسپاردە و مزگێنیدەری ناردنە باڵی ڕۆژاوا. «ئاگاسۆکل»[1] پادشا یۆنانییەکەی فەرمانڕەوای ڕۆژهەڵاتی ئێران، دەوروبەری ساڵانی ١٨٠ – ١٦٨ی پ.ز. خاوەنی پەرستگەیەکی بوودایی بوو کە دیمەنەکەی لەسەر سکەکانی شەقڵ کراوە. هەر لەم سەدەیەدا ئایینی بوودایی تووشی دابڕانێک بۆوە. ئەوانەی لەسەر ڕێبازی «هینایانا» یان «چوارچەرخەی بچووک» مانەوە، بێپسانەوە وەفادار بوون بە ڕێوشوێن و فەرمانەکانی پێشەوای خۆیان. بوودایییەکانی «ماهایانا» یان «چوارچەرخەی گەورەتر» ئەم دینەیان لەگەڵ بیر و باوەڕی ڕەمەکییانەی کە لە نێو داب و نەریتی هیندووەکاندا ڕەنگیان دابۆوە، تێکەڵ کرد. ئەم ئایینەی دوایی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی پارت باڵی ئەنگاوت و سەدەی دووەمی زایینی کەوتە بەر دڵی «کانیشکا»ی فەرمانڕەوای کووشان لە ڕۆژهەڵاتی پارت.

کانیشکا جڤاتێکی پێکهێنا هەتا خاڵە سەرەکییەکانی ماهایانا بچەسپێنێ و یاسا و ڕێساکانی پێداچوونەوەیان تێدا بکرێ. دوو پەیکەرەی مەزنی بوودا بە بەرزایی ٣٠ میترێک لە ناخی تاشەبەردێکی گەورەی چیای هیندوکۆشدا، لە «بامیان»ی ئەفغانستان داتاشراون کە بە یادگاری دینخۆشەویستی کانیشکا دادەنرێن. ئەم پەیکەرانە کە لەبەر گەورەیی سەیر دەنوێنن و چاکیش ماون، دەبنە هۆی سەرسوڕمانی گەڕۆکان.[2] بەڵام یەکێک لە سەیرەکانی ڕۆژگارە کە کووشانییەکان کتێبی پیرۆزی بوودایان وەرنەگێڕایە سەر زمانی چینی، بەڵکوو شازادەکی ئەشکانی ئەم سەردەمە کە لە چین دەژیا، وەریگێڕا. هەروەها لە ڕووی بەردەنووسێکی پالمیرەوە شتێکی سەیری دیکەشمان بۆ دەردەکەوێ؛ یانی لە بەلاشگردی ناوەندی بازرگانێتی پارتەکان لە خاکی

---

١- Agathocles.

٢ – وەکوو ئاشکرایە مانگی مارسی ٢٠٠١، هێزەکانی تالیبان بە چەکوچۆڵان چوونە وێزەیان و وردوپردیان کردن. س.

بنکەی ژین www.zheen.org

بابل، پەرستگایەک بۆ ئیمپراتۆر «ئۆگۆست» کە بۆ خودایەتی ڕۆم هەڵبژێرابوو، ساز کراوە!

ڕێوشوێنی ناشتن دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ لەسەر هەبوونی دینی پارتی. پەیڕەوانی مەزدیسنا تەرمی مردووەکانیان نەدەناشت و لە دەرەوەیان دادەنان. وردە ئەڤێستا دەڵێ پاش ئەوەی تەرم لە دەرەوە کاری بڕایەوە، دەبێ یەسقانەکانی بخەنە نێو ئۆستۆدان یا یەسکدانەوە. ئەم چەشنە ناشتنە لە ڕۆژهەلاتی ئێران برەوی بووە. لە نێسا یەسکدانی سواڵینە دۆزراونەوە کە زۆربەشیان ڕەنگاو نەدراونەوە و هەڕەمەکیش ساز کراون. لە «سۆغد»یش ئەم جۆرە یەسکدانانەی سەردەمی بەرباسی پارتی دیتراونەوە. بەلام لە سەرتاسەری شارەکانی ڕۆژاوای پارت بە شێوەی جۆراوجۆر تەرمەکانیان دەشاردەوە و دەیاننناشتن و داب و دەستوورەکان فرەچەشن بوون. ساکارترین شێوەی ناشتن، شاردنەوەی تەرمەکان بوو لە چینی دیوار یان تەرکی ژووری ماڵەکانیاندا. ئەم دابە کۆنە ئەگەرچی نەخۆشیشی لێدەکەوتەوە، بەلام هەر نەبڕابۆوە. شێوەی دیکەی ساکار و هەژارانە و نەخشین و دەوڵەمەندانەش برەویان هەبوو. تەرمەکانیان، بەتایبەتی تەرمی منالانیان، دەخستنە نێو کووپە یان مەنجەڵێکەوە. هێندێک جاریش تابووتی یەکئەندازە و بە ژمارە کەمیان دێنان و مردوویان تێدەخستن. وەختی وابوو مردوویان لە دەرەوەی ماڵ دەناشت و دەیانخستە نێو تابووتێکی دارین یان سواڵینە و ڕۆیاندەهێشتە گۆڕێکی بچووک کە بە کاشی یان خشتی سوور هەڵخرابوو. جاری وابوو کووڕەبانێکیان بە سەردا دەکێشا و یەک یان چەند مردوویان لێدادەنا؛ ئەو نموونانەی دیتراون وردەکارییان تێدا کراوە. بۆ وێنە لە سلۆکییە چەند گۆڕێک دۆزراونەوە کە وا دیارە بنەماڵەیەکیان تێدا نێژراوە. خەڵک بە زەویدا ڕۆدەچوون و ڕەهەندیان لێدەدا و دەیانکۆڵی و میچەکەیان بە کەوانە دێنایەوە. ئەم کوولە، هەر

قولینچک و گۆشەیەکی چەند مردوویەکی لێ ڕیز دەکرا. پلیکانێکی ڕژد بەو کوولەدا ڕۆدەچوو و جارناجارێک بە مەبەستی ناشتنی مردووی تازە دەیانکردەوە. ئەو تابووتە سواڵینانەی لەم کوولانەیان دادەنان بریتی بوون لە دوو چەشنی سەرەکی کە پێیان دەگوتن «تیانە» و «سۆل». پارتەکان بۆ تیانەسازی وێنەیان لە ئاشوورییەکان هەڵگرتەوە و دەرخۆنەیەکیان خستە سەری. زۆربەی ئەم تابووتانە ڕەنگاودراو و زۆر نەخشین بوون. ئەو تابووتانەی پێیان دەگوتن سۆلەکی، وەک لە ناوەکانیانەوە دیارە چەشنی سۆل وابوون و لای سەروویان بەرین و هێلکەیی هەڵدەخران و دەرخۆنەیەکیان داویشتنە سەر یان بە خشتە دەیانگرتن. لای بەرەوەیان کە تەسکتر بوو، کونێکی تێدا هێشترابۆوە هەتا هەڵم و هەڕنەهووتی لاشەی ڕزیویان پێدا دەرچێ. ئەم چەشنە تابووتانە لە سەدەی یەکەمی پێش زایینەوە برەویان ئەستاندووە. گەلێک لەم جۆرە تابووتانە بە ڕەنگاوی سەوز یان شین رووکەش کراون و جوان نەخشێندراون (و ٢٢). زۆربەی ئەو تابووتانە دەرخۆنە و لاجەکانیان دەکرانە چەند کەرتێکی چوارگۆشە و هەر بەشێکیان پەیکەرەی چەندپاتی سەرباز یان خواژنی رووت یان سەماکەری تێدا نەخشابوو. نەخش و نیگاری ڕازانەوەی ئەم چوارگۆشانە وەکوو لاساکردنەوەی موومیاییەکانی میسر دەچن کە دەخرانە نێو تەرمدانێکی فرە ڕەنگین. وێنەهەڵگیرانەوە لە کاری میسرییەکان لەو تابووتانەدا کە لەسەر شێوەی قەلافەتی مرۆڤ ساز کراون و لە بابل و شووش دۆزراونەوە، روونتر خۆی دەنوێنێ. لەگەڵ تەرمەکان شتومەکی جۆراوجۆر دۆزراونەوە کە بریتین لە: هەوڕ و هاڵی سواڵین و شووشە، دەفری بەردین و کانزایی، چەکوچۆڵ، گەواهێرات، پەیکەرەی بچووک و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی وەکوو ئاوێنەی مەفرەق و شانەی عاج و چرا. لە بابل نیوتاج یان ئاڵقەیەکی گولینی بە پەلک و گەڵای زێڕینەوە یا تاجێکی گەڵا زەیتوونیان

دەخستە سەر نێوچاوانی مردوو. دانیشتووانی سلۆکییە کە دەمردن بە نوشتە و چەند جۆرە کلیل و لوێچێک سکەوە دەنێژران. سکەکانیان دەخستنە دەم یا دەستی مردۆوە هەتا بەڵکوو بتوانێ مزەی لۆتکەوانی دنیای دیکە بدا. خەڵکی سلۆکییە بڕوایان سەبارەت بە ژیانی دوای مردن وەکوو ژیانی دنیایی و ئاسایی و چێشتنی تام و چێژەکەی وا بوو، نەک دیتنی تارماییەک لەم دنیایە یان ژیانی مەعنەوی؛ جا هەر بۆیە خواردن و خواردنەوە و پەیکەرەی ژنانیان بۆ سەرجێیی کردن و هاونشینی لە دنیای دیکەدا ڕەگەڵ دەخستن.

چینی مەزن و ماقووڵانی کۆمەڵی پارتی لە ڕێوشوێن و بارودۆخێکی زۆر دیار و لەباردا دەنێژران. گۆڕخانەکانی نێسا و ئاربێل [هەولێر] هێشتا نەدۆزراونەوە. بەڵام لە گردەکانی نێسای نوێدا پاشماوەی مەزارگەیەکی سەرنج ڕاکێشی خشتی سوور کە ڕەنگە هی یەکێک لە مەزنەوەجاخان بێ دۆزراوەتەوە (ق ٢). ڕیزێک کۆڵەکەی ئەسپەرەداری ئێیوونییانەی ناخۆماڵی لە بەر هەیوانی گەورە چەقیون. لای سەرووی ڕووکاری مەزارگە بە شێوەی نەخشاندنی ئاشۆری چینچین ڕازاوەتەوە. زۆربەی بیناکانی پارتی بەم چەشنە جوان کراون. هۆدەیەکی چوارقولینچک لە نێوەڕاست و سەرەوە خۆ دەنوێنێ کە دالانێکی لە دەورەی هالاوە. ڕەنگە ئەم ژوورە جێی ناشتنی مردوو بووبێ. چەند هۆدە و ڕێڕەوی بە ئانیشکە هەبوون کە جێی دانانی تابووتیان تێدا چێ کرابوو. گۆیا ئەم بینایە سەر بە سەدەی دووەمی بەر لە زایینە. کەوایە ئەم شێوە ناشتنە لە ژوور و هۆدەی مەزارگاندا ڕێوشوێنێکی باو بووە لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی پادشایەتیی ئەشکانیدا (ق ٢٣). ئەم چەشنە مەزارگە خۆشدیمەن و بە بەرد و خشتە چێکراوانە لە ڕۆژاوای پارت زۆر بوون. لە حەزەر چەندین بینای چوارگۆشەیان لە دەرەوە و ژوورەوەی شوورەی شاران بۆ ناشتنی بازرگانان و ئەمیران ساز کردبوون کە ئێستا تێکڕووخاون. ڕووکاری دەرەوەیان بە نەخش و

نیگاری ڕۆمی و کۆڵەکەی پێوەنووساو و پایەی کەللەگی سەر دیواران و هێـرە و لێوەسوانەی نەخشێندراو ڕازاوەتەوە.

بیناکان لـە ژوورەوە زیـاتر دوو نهـۆم بـوون و بـە پلیکانێـک پێکـەوە





ق ٢٣- نەخشە و بینای نۆژەنکراوی مەزارگەیەک لە حەزەر کە سـەر بە سەدەی دووەمی زایینییە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراون:
W.Andrae, Hatra (II), ١٩١٢, fig.١٢٦.

دەبەسترانەوە و تاقێکی گۆلگۆلی ساکاری بەردین بە سەریان کشابوو. لێـرەدا سیلەنیگایەکی کەم دراوەتە مەزارگەکانی حەزەری لە ئاشۆر کـە بـە کەرەسـەی

خشتی سوور چێکراون و چەند دیوێکی ڕەهۆڵڕەهۆڵــی وەک ئەوانــەی باسـیان کرا، خۆیان تێدا دەرخستوون. بەڵام سەرنجڕاکێشترین مەزارگەکانی قەڵەمڕەوی پارتی ئەو قەڵاقووچانەن کە لە دوورا و پالمیر ساز کراون و زۆربەیان سەر بـە سـەدەی سـێهەمی زاییـنین (و ٢٦). قەڵاقووچـەی ناشـتنی مـردووان، لـەڕێوە «قەڵاقووچەکانی بێـدەنگی»ی زەردەشـتییەکان وەبـیر دێننــەوە، بـەڵام هـیچ پەیوەندییەکیان لە مابەینیدا نادۆزرێتــەوە. لــە پـالمیر و دوورا قەڵاقووچــەی ناشتنی مردووان لەسەر شکڵ و شێوازی دیکەش دیتراونەوە. بۆ وێنە مەزارگــەی ژێرزەمینیی خێزانی، مەزارگــەی پەرسـتگایی و مەزارگــەی نێــو ژووری مــاڵان هەبوون (ق ٢٤). جاری وا بووە لە پـالمیر قەڵاقووچـە و مەزارگــەی ژێــر زەوی تێکەڵ کراون. بەشێک لە مەزارگەکە ئـی بنەماڵــەیەک بووە و چەنــد کـون و کەلەبەر و چاوەی دیکــە بــۆ دانــانی تابووتــان ســاز کــراون. دەرگــای ژووری قەڵاقووچەکانی دوورا بەرەو دەر دەکرانەوە و هـی پــالمیر بــە لای سەرســەرای ژوورەوەدا. قەڵاقووچەی نەزرگەی بەردینی پالمیر کە پـالمیری پێیــان دەگـوت «خانەی هەرمان»، جێی خۆیەتی کە ناوبانگی ڕۆیشتووە. ئەم ناوبانگــە تــەنیا ناگەڕێتەوە بۆ بە پێوەمانەوە و چـاک دەرچـوونی ڕووکــاری، بەڵـکوو لەبــەر وردەکاری و نەخشێندرانی جوانی ژوورەوەیەتی. هەر تابووتێکیــان لــە دواوەی پەیکەرەی بەردینی نیوەبەژنی مردووەکە دادەنا یان چەند تابووتێکیان لە دیوێک ڕیز دەکردن و زارکیان بە بەردی شەقڵکراوی گەورەتر دەگرتن (و ٣٧). ئەم بەردە هەڵکەندراوانەیان پتر بە مەبەستی سەیر کردنی خەڵک و کۆلێکسیۆنداران لــە جێی خۆیان نەهێشتوون و فڕاندوویانن. تابووتەکانیان بردوون و عــەرەبانیش مۆمیاییەکانیان بــۆ جادووگــەری و ســیحربازی ڕاگواســتوون. جــاری وایــە عەرەبەکان چەند بزگوڕێکی کووتاڵی گرانبایی وڵاتی چین و هینــدی کــەونارا و هەرێمی دیکەیان بەجێهێشتوون کە تەرمەکانیان تێوەپێچراوە. بەڵام بەشی زۆری

بنکەی ژین
www.zheen.org

جوانکارییەکانی وەکوو بەردی تاشراو، سپیکاری و گێچبڕی و وێنەگەری کە دەبوونە ڕوونکەرەوە و ڕازێنەوەی تالاری مەزارگە، لە جێی خۆیان ماون. هەر وەک لە دەقی تەتەڵە و بەردەنووسانەوە دەردەکەوێ خەڵکی پالمیر لەبەر پووڵپەرستی جێتابووتیان لە نێو چاوەچاوەکانی مەزارگەدا بە کەسانی دەرەکی مەیلەو هەژار و بەلەنگاز فرۆشتوون و ئەم کارە بیانووی داوەتە دەست کەسانی بەڕواڵەت ئاکارباش کە بکەونە هەڵقورینجاندن و سەرکۆنەیان. تەنانەت گەورەترین و شکۆدارترینی ئەم مەزارگانە لە حاند مەزارگەی ئانتیۆخووسی یەکەمی کۆماژان لە چیای نمروود، نزم و نەوی دەنوێنن. ئەو گڵەی کە بە دەست هەڵدراوەتەوە گۆڕەکە دادەپۆشێ و هەیوانی گەورە و بەرین بە گەڕانگەڕیدا لێهاڵاون. بەڵام ئێستا دەبێ بچینە سەر باسی تێیاروانی و پاشان لەم کارە خوردبینەوە.



ق ٢٤- نەخشەی مەزارگەی ژێرزەمینی کە هەمووی چاوەچاوەیە. «لەشمەش»ی پالمیر، بەو چەشنەی کە لە سەدەی سێهەمی زایینیدا بووە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
H.Ingholt,Berytus V,١٩٣٨,pl.XXXIX.

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ٧

# نژیاروانی

چۆنیەتی هەل و هەلکەوتی هەرێمی پارت ئەوەندە لەبار بوو، ئەگەر بوولەرزەی لێدەرچێ، خانووبەرەی زۆر خۆنەگر و ناپتەویشی دەپاراست. کەش و هەوای وشکارۆ وای دەکرد کە خەڵک وەکوو ئەمڕۆ خانووی گەلێک ساکار بە خشتی کاڵ سازکەن. بناغە و دەرانە و چواربەندەی ئەم خانووبەرانە کە یان ناو دایدرپیون و تێکچمیون یان بە شان و شەپیلکی ئادەمیزدان هەڵگەڕاونەوە و بوونە پێخوست، ئەگەر بێتوو بە خشتی سوور یان بەرد دروست کرابان، پتریان خۆ ڕادەگرت. جاری وایە بە خشتی سووریش کاریان کردووە و شوێنی گرینگی وەک کۆشک و تەلاری فەرمانڕەوایان و پەرستگاکانیان پێدانـاون. بەرد وەختایەک کاری پێکراوە کە ڕادەیەکی زۆر بە دەستەوە بووبێ یان هەلومەرجی ئابووری هەڵیگرتبێ؛ هەروەک چۆن لە حەزەر خانوویان بە بەردان چێ دەکردن. بە گشتی لە تەواوی ئاسیای ڕۆژاوادا دار کەم وەگیر دەکەوت و لە دوورانەوە دەیانهێنا و لە ئاکامدا گران دەکەوت و ئەوەندەی کرابا دەکاریان نەدەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

سترابۆن کە سەدەی یەکەمی زایینی ژیاوە، دەنووسێ خەڵکی دووچۆمان میچی خەرپشتە و بەکەوانەیان لێدەدا هەتا پێویستیان بە دار نەبێ.

بەربلاویی بەرچاوی قەڵەمڕەوی پادشایەتیی پارت و فرەڕەنگیی داب و نەریتی کۆمەڵانی خەڵکەکەی دەبێ بۆ ئێمەیان ڕوون کردبێتەوە کە نەدەکرا تەنیا یەک شێوازی نژیاروانی و تەلارسازی لەم وڵاتەدا پەڕی هەڵدابێ. جگە لەمەش نەگەڕان و نەکۆڵینەوەی پێویست لە خودی ئێراندا وای دەردەخا کە سەبارەت بە نژیاروانیی هەرێمی ناوەندیی ئێران زانیارییەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نیە. بەڵام دیسانیش هێندێک خانووبەرە، بەتایبەت پاش سەردەمی پارتی بە پێوە ماون کە لەسەر دابی پێشوو سازکراون؛ کەوایە دەکرێ ئەوانە بە نموونەی نژیاروانیی پارتەکان دابندرێن.

هێندێک شاری زۆر کۆنی وەک بابل و ئێوەرووک[1] دەکەوتنە نێو جەغزی قەڵەمڕەوی پارتی. هەروەها باژێرێکی دیکەی وەک «ئاشوور»یش هەبوو کە دوای سەردەمانێک داشکان وەبرەو کەوتەوە. شارەکانی تر کە هێندێک لە گوندان گەورەتر بوون، کەوتبوونە مابەینی کاول و هەرەسەکانی بەشان و شەوکەتی سەردەمانی کەوناراوە. هێندێکی دیکەی وەکوو کالاهـ (نمروود) لە شوێنی سەرەکیی خۆی کە چەشنی گردێکی هەڵتۆقیو و ناشیاوی لێهاتبوو بۆ ژیان، گوێزرابۆوە جێگایەکی تر هەر لەو دەوروبەرانە. نەخشەی ئەم شارە کۆنانە لە قۆناخێکی ڕابردوودا خرابوونە سەر ڕەوتێکی ڕێکوپێک، بەڵام هەمیشە خۆیان بە لای هاڵۆزکاوی و نارێکیدا دەکێشا و لە سەردەمی شکانی برەویاندا ئەم دیمەنە باشتر خۆی دەنواند. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێک شار بە شێوازی هێلێنیستی لە ئاسیای ڕۆژاوا بە تانوپۆی خانەخانە ساز کرابوون کە

---

١ - بەپێی تەورات ئێرێخ، ئەرەک یان ئەرەکا. گیرشمەن دەڵێ ئێستاش کاول و هەرەسی هەر ماوە و یەکێک بووە لە شارە بەناوبانگەکانی بابلی کۆن. س.

**ڕەوگەکانیان وەک ئانیشکە یەکتریان دەگرتەوە و دەچوونەوە سەر شێوەی کاری «هیپۆدام»ی «مەلەت»ی[1]. بەم شێوەیە سەدان پارچە زەوی یەکسان دابین دەکران و لەسەر بنەمای دادپەروەری و گەلسالاری دەدران بە خەڵک.**



ق ٢٥- نەخشەی شاری مەرو لە زەمانی پارتەکاندا کە شاری چوارگۆشەی سلۆکیی ئانتیۆخووس لە نێوەڕاستدا بەدی دەکرێ. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Vestnik Drevnei Istorii, ١٩٥١, ٤, fig.١.

**هێندێک شاری تری پارتی لەسەر نەخشەیەکی مەیلەو بازنەیی هەڵخرابوون. شارەکانی تیسفوون و حەزەر و بەشی گەشەکردووی مەرو ئاوا بوون. ڕەنگە بیری کێشانەوەی نەخشەی ئامال کەمەرەیی لە هۆردووگاکانی**

---

١ - Hippodamus of Miletus ناوی وەستاکار و نژیاروانێکی سەدەی پێنجەمی پ.ز. کە لە سەردەمی «پریلکێس»دا ژیاوە و شێوەی شار سازکردنی بەکۆڵان و شەقامی بەئانیشکە و تێکبەزیو ئەو دایهێناوە. م.

ئاشۆر وەرگیرابێ کە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە (ق ٢٥). شوێنێکی بازنەیی لەچاو جێگایەکی چوارگۆشە چاکتری پارێزگاری لێ دەکرێ و شوورەکێشانیشی هاسانترە. ئەم شێوەی شارسازییە هەتا سەردەمی ساسانییەکان و پەیدا بوونی ئیسلامیش برەوی هەبوو (و ١٨). زۆربەی شارەکانی پارتی بەشوورە و پاردە بوون و ئەمەش نیشانەی بارودۆخی زەمانەیە. شوورەی شاری مەرو بە خشتی کاڵ داندرابوو. قەڵاقووچە و قۆنگرەکانی ڕاست تێهەڵچووبوون و کون و کەلەبەرەکانی تایبەتی تیرهاویشتن زۆر وەکوو شێوازی شوورەی ئاشۆرییەکان دەچوون (ق ٢٦). بناغەی شوورەکانی حەزەر بە بەرد داڕژابوون و دوو ڕیز لە پەنا یەکتر قوتکرابوونەوە و خاوەنی گەلێک کلاوقووچە و چەند دەروازەیەک بوون. شوورەیەکی ئاوا قایم و پتەو چەند جار گەمارۆی ڕۆمییەکانی تووشی ناکامی کردبۆوە.

گرینگترین تەلارەکانی نێو شارێکی پارتی زیاتر بریتی بوون لە پەرستگەکان و جەرگەقەڵا کە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری حکوومەت بوو. بازاڕیش زۆریان بایخ بۆ داندراوە؛ هەر وەک لە دوورا ئووڕۆپۆس باڵی



ق ٢٦- نەخشە و ڕووکاری شوورەی شاری مەرو. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Vestnik Drevnei Istorii, ١٩٥١ ، ٤,fig.٦.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ڕۆژهەڵاتیی بازاڕ ئەوتۆ بوو. زۆربەی خانووبەرەی خەڵکی ئاسایی لە دەوری حەوشەیەک ساز دەکران؛ بەتایبەت لە ڕۆژاوای پارت کە بە شێوازی بابلی کار دەکرا و تەنانەت شارەکانی بە ڕەسەن یۆنانیش وەکوو «دوورا» دەچوون. زۆربەیان یەک نهۆم بوون و بە هەڵکەوت دەبوونە دوو نهۆم. بەشی گرینگی خانووبەرە دەکەوتە لای باشووری حەوشەوە. بانەکان ڕێک و تەخت بوون و بە ریزێک پلیکان‌دا کە لە لایەکی حەوشەوە هەڵدەبەسترا لێی وەسەر دەکەوتن (ق١٦). هۆدەی باڵەخانەکان هەمیشە تایبەتی خورد و خەو بوون. خەڵک زیاتر بۆ خۆ دزینەوە لە بۆگەنی نهۆمی خوارەوە کە چێشت و خۆراکی لێ ساز دەکرا و قوڵکەی ئاودەست و چاڵاوی لێبوو، دەچوونە نهۆمی سەرەوە. ئەم بەشە زۆر بە شێوەیەکی سەرەتایی و ناشیانە ساز دەکرا و نالەباریی چاڵی ئاوەڕۆیان و بلێسە و هالاوی گەرما یەکتریان دەگرت و نەخۆشی و پەتایان لێدەکەوتەوە. لە بابل بەشی هەرە زۆری ماڵەکان دوور لە یەکتر ساز دەکران و زەوی بەتاڵی نێوانیان بە باخچۆڵە دەڕازانەوە. خانووبەرە سازکردنی ئاشووری کە لەم هەرەتەدا جارێکی دیکە ژیابۆوە، لەچاو ڕابردوو هێندێک گۆڕانکاری تێدا کرابوو. سترابۆن نووسیویەتی ماڵەکانی ڕۆژاوای پارت میچەکانیان پتر بە کەوانە لێدراون، ئەگەرچی لە هێندێک خانووبەرەدا داپۆشین بە ئالوودار کارێکی ئاسایی بوو. لە دوایین ساڵەکانی سەردەمانی ئاشووری‌دا – واتە سەدەی سێهەمی زایینی- ساز کردنی هۆدەیەکی تایبەتی خەرپشتە کە لایەکی کرابۆوە و دەیڕوانییە باکوور لە خانووبەردان برەوی ئەستاند. ئەمە هەر ئەو شوێنەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن بێلا و بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نژیاروانیی پارتی دادەندرا و هەروەک دواتر باسی دەکرێ لە کۆشکەڵ و تەلاری گەورەدا وەبەرچاو دەگیرا.




ق ٢٧- نەخشەی «كۆشك»ی پارتی لە سلوكییەی لێواری دیجلە. سەر بە سەدەی دووەمی زایینی. چاڵاو (C) ئەستێر(B) هەیوانەكان (A). لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
L.Waterman, Preliminary Report upon the excavational Tel Umer Irag, fig.٧.

لە زۆر شوێنی پارت تەلاری وا پان و بەرین و هەزاربەهەزار دۆزراونەوە كە دەكرێ بڵێی كۆشك بوون. ڕەنگە لەو جێیانە حوكمدار یا فەرمانڕەوای خۆماڵی نیشتەجێ بووبن. نموونەیەكی هێلێنیستی ئەو كۆشكانە لە «نیپوور»ی كۆن لە بابل دیتراوەتەوە. ڕووكاری نەخشەكەی بریتییە لە جەغزی حەوشەیەكی بە ڕیزە كۆڵەكە تەندراو كە نیشاندەری شێوازی یۆنانییە و ڕواڵەت و دیمەنی كارەكەش هەر ئەمە دەردەخا. كۆنترین كۆشكی پارتی كە هەتا ئێستا دۆزراوەتەوە بەپێی نەخشەی هێلێنیستی سازكراوە، بەڵام كەرەسەكانی خۆماڵی و گێچ و خشتی سوورن. ئەمە هەمان «كۆشكی پادشایەتی» نێسایە كە لە یەكەم سەدەی فەرمانڕەوایەتی پارتەكاندا بە كەرەسەی خۆماڵی واتە خشتە ساز كراوە(و ٣). حەسارێكی بە دەورە كۆڵەكە و سەرسەرای چوارگۆشەی ناوەندی كە كۆڵەكەی نائاسایی تێدان و دیارە چەند جارێكیان گۆڕانكاری بە سەر هاتووە، نیشاندەری جوانی و ڕازانەوە و شكۆی كۆشكن. ڕووكاری ئەم تەلارانە بە وێنەی كەوانەوكەوان لە سەرووی ئەسپەرەی كۆڵەكان و شەقڵكرانی نەخش و نیگاری

دار و گوڵ لە بەرەوەی لێوەسوانان بە شێوەی هێلێنیستی یان ئێرانی دەرازانەوە و هەموویان لە قورەسوور دەکردن. بەڵام پێکهاتەی سەرەکیی نەخشە و جوانکارییە تایبەت و دیارەکانی کۆشکان کە بکرێ لە شێوەی یۆنانی جودا بکرێنەوە و بەتایبەتی پارتەکان دابندرێ، هەتا سەدەی یەکەمی زایینی خۆی نەنواند. دەرکەوتنی ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆشکی سلۆکییەدا بەئاشکرا وەبەرچاو دێ. ئەم بینا پان و بەرینە لە دەورەی چەند حەسارێک ساز کرابوو و دەرگای هۆدە و تەلاری سەرەکی و هەزاربەهەزاری یۆنانییانەی، ڕاستەوخۆ دەچوونەوە سەری و لە زارکی هەر تالارێک چەند کۆڵەکەیەک چەقیبوون(ق ٢٧). بە مەبەستی وەبەرچاوگرتنی باروهەوای ژیانی خۆجێیی، تالارە هەزاربەهەزارەکانی یۆنانییانەیان بەرەو باکوور هەڵدەخستن نەک بەرەو باشوور. ئیتر ڕیزە کۆڵەکەیان نەدەچەقاندن و ڕەنگە هەموو بانەکان ڕێک بووبن؛ بەڵام دیسانیش نەخشەی گشتی نیشاندەری شێوازی یۆنانییە. ئەم کۆشکە لە هەرەتی شۆڕشی سلۆکییەدا کە ساڵی ٤٢ی ز. کۆتایی پێهات، نۆژەن کرایەوە و چەند ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی تێدا بەدی هات. ئیتر کۆڵەکە بە پێکهاتەی چواربەندەی تەلاران دانەدەندرا و تەنیا بۆ جوانی و ڕازانەوە دەچەقێندران. کۆڵەکەیان لە گێچ دروست دەکردن و لە پاڵ دیواران پێیان هەڵدەبرن، هەتا قەدی دیوارەکان بنەخشێنن. سەرسەرا سەرەکییەکانی یۆنانیش ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات و لای پێشەوەیان دیواریان بۆ نەدەکرا و میچیان بە کەوانە دەهاتەوە و هەر دەبۆوە هەیوان. لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەشکانییەکاندا دیوارەکانیان ئەستوورتر دادەنان هەتا سەردەرانە بەکەوانەکان شانیان لەبەر خەرپشتان ڕاگرتبا. مێژووی دەسپێکی هەیوان زۆر تاریک و لێڵە. ئەم دیاردەیە لە نژیاروانیی ئێرانیدا درەوشایەوە و وا دیارە لەم خاکەدا چاک جێی خۆی کردەوە و وەبەر دڵان کەوت. لە باشووری خانوویەک لە نێسا کە پێیدەگوترا «خانووی

بنکەی ژین www.zheen.org

چوارگۆشە»، چوار هەیوان دەیانڕوانییە سەر حەوشەی ناوەندی. ڕەنگە ئەم هەیوانانە كۆنتر بن لەوانەی كە لە ناوچەی دووچۆمان مێژووی سازكرانیان پێوەیە. ئەگەر بێتوو گریمانەیەكی وا ڕاست بێ، دەكرێ بگەییە ئەم ئەنجامە كە هەیوان داهێنانی پارتەكانە. هێندێكان لایان وایە هەیوان لە وێنەی ئەو هۆدانە هەڵگیراوەتەوە كە لایەكیان دیواری بۆ نەدەكرا. گۆیا ئەمانە هەمان «بێلا»ن كە لە سەرەتاكانی هەزارەی یەكەمی پ.ز. لە كۆشكەكانی ڕۆژهەڵاتی نیزیكدا باو بوون و درێژاودرێژ هەڵدەخران و دەرگای دیوەكانیان بە سەردا دەكرایەوە. هێندێكیش لایان وایە هەیوان هەر «خێوەتی بەردین»ە و كاتێك جەماوەری كۆچەر و خێڵەكی نیشتەجێ بوون، دیسانیش ویستیان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ سروشت نەپسێنن، هەر بۆیە ژووری سێ دیوارەیان بەدی هێنا. بەڵام ئەم گریمانانە ناتوانن پاساودەرەوەی ئەو هەمووە هەیوانەی خانووبەرە و تەلاران بن كە جاری وایە دوو ڕیز هەیوان شانبەشان ساز دەكران یان لە دەوری حەوشە و بەكەوانە لێدەدران. جگە لەمانەش، هەیوان لە بیناكانی دینیشدا باڵی تێكدەكێشا. ڕەنگە هەڵێنانی ئەم ڕازە لە شارە نەپشكنراوەكانی ئێراندا خۆی حەشار دابێ.

بنكەی ژین
www.zheen.org



ق ٢٨- نەخشە و رووكاری سەرەكیی «كۆشك»ی كێوی خواجە لە سیستان. ڕەنگە سەر بە سەدەی یەكەمی زایینی بێ. ئەلف: هەیوانەكان ب: ئاورگا. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E.Herzfeld,Iran in the Ancient East, Plate XCVII.



بێگومان سازکرانی بێلا لە سەدەی یەکەمی زایینیدا لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بە کارێکی ئاسایی دادەندرا، چونکە سەرسەرای وەکوو بێلا لە کۆشکێکی پان و بەرینی پادشایەتیی ئەم چاخەدا لە کێوی خواجەی دورگەیەکی نێو «زرێباری هاموون»ی سیستان وەبەرچاو هاتووە (ق ٢٨). هۆدەکانی ئەم کۆشکە کە بە خشتە دانراون بە دەورەی حەوشەیەکی چوارقولینچکدا لێهالاون. لە ڕەوگەی چوونە ژوورەوە کە بە شانی باشووردایە، وەختایەک پێت نایە حەوشەی سەرەکیی کۆشک، لە باڵی ڕاست و چەپەوە دوو هەیوانی بەکەوانە وەبەرچاو دێن. ئەگەر بێتوو هەروا بەرەو باکوور بڕۆی و لە پۆپەی تەپۆڵکەیەکی بەشی باکووری کۆشک سەرکەوی، تووشی دالانێکی زۆر ڕازاوە دەبی کە دیوارەکانی بە چەشنێکی سەرنجڕاکێش نەخش و نیگاریان لەسەر کێشراوەتەوە. پاشان دەگەیە سەکۆیەک کە ئاورگەیەکی لێبووە و بە گرینگترین بەشی ئەم تەلارە دادەندرێ. نموونەی زۆر جێسەرنجی بێلای تەواو ئاڵوگۆڕ پێکراو لە کۆشکێکی پارتی دێتە بەرچاو (ق ٢٩). لێرە بەر لە ساڵی ١٠٠ی ز. لە گەڕانگەڕی حەوشەیەکی ناوەندی کە چوارگۆشەیەکی ڕێکی پێکنەدێنا، چەند هۆدەیەکی جووتهەیوانی بەرەوڕووش سازکرابوون. حەساری دیکەی بە دەورە کۆڵەکەش هەبوو کە لەبری دالانی هەشتپاڵوو کەلکی لێوەردەگیرا. لە سەدەی دووەمی زایینیدا دوو

هەیوانی دیكەش خرانە سەر حەوشەی ناوەندی. رووكاریان بە كر و نەخشی دڵگر لە گێچ و رەنگ رازابوونەوە و نیوەكۆڵەكەی رەپ و دیار و دەرپەڕیو بە دیواراندا تێهەڵچووبوون. سەردەرانەی بەكەوانە و خەت و كووزی هاوتەریبی گرێگرێ، ساكاریی و سەكسوامەیی دیمەنەكەی دادەشۆری و دەیرەنگاند (و٢٧). رەنگی زەرد و سوور و سەوز و قاوەیی و شینیان بە شارەزایی دەكار كردبوون. ئەم كۆشكە تووشی سەرەنجامێكی خەمورووژێن بۆوە. رەنگە لە سەردەمی شەڕی رۆژهەڵاتیی «سووررووس» لە ١٩٨ی زایینیدا خاپوور بووبێ و نهۆمێك خانووبەرەی ناحەزی نالەبار وەژێر خۆیان دابێ.

بەڵام نژیاروانیی دینیی شاهەنشایەتی بە رادەی داب و نەریتەكانی فرەچەشن نەبوو. دوو سەدەی بەرایی حكومەتی پارتی مۆركی داهێنانی زۆر كەم




ق ٢٩- نەخشەی كۆشكی پارتی لە ئاشۆر؛ سەدەی یەكەم و دووەمی زایینی.
حەوشە (C) گەرماو (B) هەیوان (A) تالاری بەكۆڵەكە و چێشتخانە - F حەوشەی بەدەورە كۆڵەكە (D). لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
A.U.Pope,A Survey of Persian Art,Vol,١,fig.١٠٦.



ق ٣٠- ریزه کۆڵەکەی ئێیوونی ، پەرستنگەی سلۆکیی پارتی، خۆرهە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E. Herzfeld, Iran in the Ancient East, fig. ٣٨٣.

تێدا وەبەرچاو دێ. نەریتە کۆنەکان هەروا چنگیان بە سەر کەلتووری کۆمەڵگادا داگرتبوو و شلکەیان نەدەکرد. ساڵی ١٧٠ی پ.ز. پەرستگەی ئەنوو – ئەنتۆم لە ئێوەرووک بە شێوازی کۆنی بابلی سازکراوە. دابی یۆنانی بوو بە هۆی

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەدی هاتنی نێوگۆڕکی زۆر گەورە لە خۆرهە و کـەنگاوەر لـە ڕۆژاوای ئێـران، ئەگەرچی لە ڕێبازی سەرەکی ترازابوون. لێرە حەوشەیەکی بەرینی چوارسووچی دیوار بڵیند کە ڕیزە کۆڵەکەیەک بـە دەوری‌دا سـووڕاوەتەوە، وەبـەرچاو دێ و پەرستنگەیەک بە دابی یۆنانی کەوتۆتە نێوەڕاست و ڕیزێک کۆڵەکەی تێدایـە و



ق ٣١- ڕووکاری پەرستنگەی سلۆکیی پارتی لە کەنگاوەر. ڕەنگە سازکرانی بگەڕێتەوە بـۆ دەوروبەری ٢٠٠ی پ.ز. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E.Herzfeld,Iran in the Ancient East, fig.٣٨٠.

پێگەی ژین
www.zheen.org

بەردەرانەشی هەر بە کۆڵەکەیە. ئەو لادان و تلاسانەی کە نژیاروانان لە دیمەن و شێوازی یۆنانی‌دا بۆ ساز کردنی ئەم جێگا پیرۆزانە بەدییان هێناون، پسپۆڕانی شوێنەوارەکانی یۆنان و ڕۆمی خستوونە گاڵـتەبزە. وەسـتاکاران لـە خۆرهـە کۆڵەکەی بەرزی بەردینی سەرسوڕهێنیان چەقاندوون کە پایەکانیان بە شێوازی ڕۆژهەڵاتییـە و زۆر قەبـەن و قـەدیان هـەتا سـەر ڕێـک داتاشـراون. یـەکتر نەخوێندنـەوەی ئەسـتوورایی پایـە و بـەرزایی کۆڵـەکان ١:١١ هاتوونـەوە. ئەسپەرەکان بە شێوازی خۆماڵییانەی مەیلەو ئێیوونی تاشراون.

واتە چەشنێک سەرەکۆڵەکەی ئاسیایی کە زۆر بەر لەوەی یۆنانییەکان سەرەکۆڵەکەی ئێیوونی تایبەتی خۆیان دابێنن، لە ئاسیادا برەوی بووە. ئیزیدۆر خاراکسی پێیوایە پەرستنگەی کەنگاوەر (Concobar)تایبەتی خواژنی ئارتێمیس یان بە زاراوەی ئێرانی «ئاناهیتا»یە (ق ٣١). داتاشران و هەڵکەندرانی بەردەکان لەسەر نەریتی هەخامەنشین. ئەسپەرە یان هەمان سەرەکۆڵەکەکان بە




ق ٣٢- نەخشەی پەرستگەکانی سەردەمی پارتی.
(A) نوێژگە لە ئەنوو- ئەنتوم، لە نیزیک ئێوەرووک، سەدەی یەکەمی زایینی.
(B)پەرستگەی گارئووس لە ئێوەرووک، بەر لە ١٠الی زایینی ساز کراوە.
(C)پەرستگەی بەدەورە کۆڵەکەی پەرستگەی ئاشۆر، کۆتایییەکانی سەردەمی پارتی.
(D)پەرستگەی ئێرانیی تاکسیلا لە رۆژگاری سەکایی پارتیدا. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
C.Hopkine, Berytus ١٩٤٢,Fig. ١،٢،٣،٩.

شێوازی دووریکی تاشراون و لەسەر ئەوانیشەوە سەرەکۆڵەکەی کرێنتی سەریان خستۆتە سەر پایەی ئێیوونی. ڕوخسار و دیمەنە کۆنەکانی هونەری یۆنانی وەها گۆڕاون کە وێڕای هەڵسەنگاندن و پێکگرتنیش بە دژواری دەشێ مێژوویان دیاری بکرێ. بەڵام گۆیا دەچنەوە بۆ سەدەی یەک و دووی پێش زایین. سەیرە ئەوەیە نژیاروانیی کەنگاوەر چەشنێک وردەکاری تێدایە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە سەدەی یەكەمی زایینیدا دەبینین كە تەلارسازیی پارتی كۆمەڵێك لەم شكڵ و شێوازە كۆنانەی یۆنانی وەرگرتووە و ئاڵوگۆڕی بە سەر هێناوە و گەشەی پێداوە و كردوویەتە جێی ڕامان، پاشان بە دیم و دیمەنی كۆنتر و تازەتری ڕۆژهەڵاتی دەستاوی داوەتەوە. چەند پەرستگایەكی سەر بەم چاخەی دوایی لە دووچۆمان كەندەوكۆژەی تێدا كراوە (ق ٣٢، A). نوێژگەیەكی بچووكی پارتی لە ئێوەرووك لە پەنا دیوارە فرە بەرزەكانی پەرستگای ئەنوو - ئەنتۆم هەیە و ڕووكارەكەی بە چەشنێكی وایە كە بینەر لەڕێوە تێدەگا سەر بەم ڕۆژگارەیە. چەند نیوكۆڵەیەكی خڕی بە دیوارەوە نووساو ڕووكاری دەرەوەی




ق ٣٣- ڕووكاری پەرستنگای گارئووس لە ئێوەرووك كە پێش ساڵی ١١٠ی زایینی ساز كراوە. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E.Heinrich, Abhandlungen der Preussischen Akademie, ١٩٣٥,pl.١٣a.

دابڕدابڕ دەكا و لای سەرەوەیان قەفقەف نەخشاون. لەسەر دیوارە بەردینەكانی نێوگۆڕكی پەرستگای «ئیستەخر»ی نیزیک تەختی جەمشید نەخش و نیگارێكی زۆری وەک ئەمەیان ئافراندووە. گۆیا ویستوویانە نیو كۆڵەكەكانی ئەم بینایە

کرێنتی بێ. وەبەرچاو گرتنی شێوازی بەربلاوی ئەم چەشنە جوانکاری و ڕازاندنەوەیە و لێک جودا کردنەوەی تانوپۆی قەدی دیوار بە هێنانەوەی کەوانەی گوێماسیلکانە و پێکگرتنی لەگەڵ نژیاروانیی ڕۆمی وامان لێدەکا داندرانی بەردی بناغەی ئەم بینایە بەرینەوە بۆ سەر سەدەی یەکەمی زایینی. گەڵاڵە و دیمەنێکی ئاوا بەپێچ و پەناتر لەسەر ڕووکاری پەرستگایەکی دیکەی پارتی لە ئێوەرووک کە تایبەتی خودای «گارئووس»ە[1] بەدی دەکرێ (ق ٣٢، B). لە ژوورەوەی پەرستگا، خەلوەتی و نێوگۆڕکی بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمان بە دابی پەرستنگاکانی بابلی هەبوون. بەڵام لە دەرەوە کاردانەوەی تازەی هونەری ڕۆمیی مەدیتەرانەیی دیارە (ق ٣٣). نیوە کۆڵەکەی خڕی دەرزەقیوی سەر ڕووکاری دیواران، کەوتوونە سەر پایەی ئاتیک و بە شێوەیەکی تایبەت سەریان وەبەر ئەسپەرەی ئێیوونی هێناوە. قەدی کۆڵەکەکان بە شێوازی دووریک کووزکووزن و ڕووکاری دابڕدابڕی بە قەف و کەوانەی لە یەکتر نەدیوی تەلارەکە ئەوتۆ ڕێکخراوە و هەموویان یەکتر دەخوێننەوە. سەرووی کۆڵەکەکان و بەرپەسار و لێواری بان، چینێکی تەسک بە گێچبڕی ڕازاوەتەوە. هەرکام لە بەشەکانی ڕووکاری دەرەوە دیمەنی سێ تاقی بەکەوانەی جێژنی سەرکەوتن دەخەنە بەرچاو. بەڵام ڕۆمی بە دیتنی وێنەی دەرزەقیوی سەگ و هەژدیهای باڵداری کلک درێژ کە لە قوڕەسوور سازیان کردوون و پاشان سووریان کردوونەوە و بۆ ڕازاندنەوە خستوویاننەڕوو، سەریان سوڕ دەما. بە مەبەستی پارێزرانی دیواری خشتی سوور، تەواوی پەرستگا گێچبڕی لەسەر کراوە. ئەم توێژە گێچە، ڕووکاری بیناکە سپی هەڵدەگیرێ و دەیدرەوشێنێتەوە. لە ڕووی بەردەنووسێکی کە لە نیزیک ئەم پەرستگایە دۆزیویانەتەوە، وا دەردەکەوێ کە ساڵی ١١٠ی ز. ئەم بینایە بە پێوە بووە.

---

١ - Gareus.

بەردی بنەوەی شەش كۆڵەكان كـە زەمـانێكی تـاقی كـەوانی پێكـەوەی دەبەستنەوە، هێندێک لەولاتری پەرستگەی گارئووس دۆزراونەوە. ڕەنگـە ئـەم شـوێنە پـیرۆزە كـە ڕۆژگارێـک دیوارێـک ئـامێزی تێوەرانـدووە هـەیوانی خەرپشتەشی لێ‌هەڵخرابێ. هەیوانێكی بەكەوانەی ئەوتۆ كە تاقـەكانی خۆیـان هاویشتۆتە سەر كۆڵەكەكانی پەرسـتگەی سەرسـوڕهێنی ئاشـۆر، ئەوەنـدەی دیكەیان ڕێز و شكۆ دەخستە سەر قەڵافەت و دیمەنی (ق ٣٢، C). ئەم هەیوانەی كە ڕیزە كۆڵەكەیەک سەریان وەبەرهێناوە لەگەڵ پەرستگە تێكـەڵ دەبـۆوە. هـەتا ئێرە كۆڵەكەی باوی نێو كـار و شـوێنەواری پـارتی بـێ‌پسـانەوە توانیبـووی ڕەسەنایەتیی خۆی بپارێزێ. لانیكەم سێ نەریتی كەلتووری لەم نۆیاروانییـەدا دەناسرێنەوە. ژوورەوەی تەلارەكان لەگەڵ هۆدەی هەشتپاڵوو و نێوگۆڕكە یان هـۆدەی بـەڕێوەچوونی ڕێوڕەسـم لـە ڕابـردووی ئاشـوورییان و بابلییـەكان وەرگیراوە. دالانی بەكۆڵەكەی دەرەوەشی لە بەر چاوی بینەرێكی ڕۆمی سـەیر و نائاشنا نانوێنێ. بەڵام هۆدەیەكی دیكەی تایبەتی ڕێوڕەسمان لە دەرەوە كە بە سەردەرانەی تاقدارەوە وەكوو هەیوانێكی پارتی دەچوو، بە ڕوخساری ڕازاوەی گێچبری كراوی، كۆشكی ئاشۆر دێنێتەوە بیر. داب و نەریتـەكانی ڕۆژهـەڵاتیش نەخشەی زۆربەی شوێنە پیرۆزەكـانی پارتیـان لـە دوورا ئوورۆپـۆس دیـاری كردووە. ئەم چەشنە بینایە لە گەڕانگەڕی حەوشەیەكی گەورە سـاز دەكـرا. لـە شانی بەرەورووی دەرگاوە نوێژگە یان نوێژگەكان خۆیان دەنواند و لـە دەوری حەوشە چەندین هۆدە و نوێژگەی دیكـەش لـە لایـەن كۆمـەڵانی بڕوادارانـەوە هەڵخرابوون. یەكێک لە تایبەتمەندییەكانی هێندێک لەم پەرسـتنگایانە پێـوە زیاد كردنی تالارێكی شانۆگەرییە. بـۆ وێنـە پەرسـتگەی ئاتارگـاتیس[1] لەبـەر هەبوونی دوو جێگای تایبەتی شانۆگەری، خۆی ڕادەنێ. دۆزرانەوەی شـوێنێكی

---

١ - Atargatis.

شانۆگەری لە تەنیشت بەرهەیوانی پەرستگەیەکی سلۆکی لە جەغزێکی سەر دانەپۆشراودا، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کارێکی خۆماڵی ڕەسەنە و بۆیە سازکراوە کە خەڵک بتوانن چاویان بە هێندێک ڕێوڕەسمان بکەوێ.

وا دیارە ئەم چەشنە پەرستگایەی باسی کرا دەبێ نموونەیەکی تایبەتی سەر ئاواڵەی ئێرانی بێ لە بەرامبەر ئەوەدا کە بە شێوازی بابلی یان یۆنانی




ق ٣٤- نەخشەی نێوگۆڕکی پەرستگەی خۆر لە حەزەر، سەر بە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینی.

پەرستگەی هێلێنیستی (D) — هەیوانی گەورەی باشووری (A)
هەماراو (E) — نێوپەڕگەی پیرۆزی شەمەش (B)
دەروازە (F) — پەرستگەی شەهرۆ (C)

لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
W.Andrae, Hatra (II), ١٩١٢,pl. III.

چێ دەکرا. ئەم پەرستگایە بریتییە لە حەوشەیەک کە دەبێ دەوروبەری ساڵی ١٢٠ی ز. ساز کرابێ. دیوی دەرەوەی دیواری دەورەی پەرستگا ساکار، بەڵام دیوی ژوورەوەی نەخشینە و بە نیو کۆڵەکەی خڕی دەرزەقیوی سەر دیوار و تاقی

كەوانەوكەوان ڕازاوەتـەوە و یـەكسـوامەیی قـەدی دیوارەكـەی داشـكاندووە. ڕێڕەوێكی سـەر داپۆشـراویش لـەو دیـوی دیـوارەوە بـە دەورەی پەرسـتگەدا سووڕاوەتەوە. لە ئێران چەند پەرسـتگەیەكی سـەر دانەپۆشـراو دۆزراونـەوە. یەكێك لە «بەردەنیشاندە»یە كە چەند سەدەیەک كەلكی لێوەرگیراوە. ئەویتر كە زۆربەی سەر دانەپۆشراو بووە كەوتۆتە «شەمی» لە چیاكانی بەختیاری. لێرەش دیوارەكانیان بە كۆلـەكان نەخشـاندوون. دۆزرانـەوەی كۆمەلـێك پەیكـەرە و شوێنەواری پرشوبـلاوی ئـاییـنی كـە دەگەڕێنـەوە نێوەڕاسـتەكانی ڕۆژگـاری هێلێنیسـتی و نیزیـک سـەدەی یەكـەمی زایینـی، تێكـڕایان دەریدەخـەن كـە ڕاستەوڕاست لە چاخی سلۆكییەكاندا ساز كـراوە. ڕەنگـە جێگایـەكی پـیرۆزی حەوشەداری دیكەش «تەختی سولەیمان» بێ لـە بـاكووری ڕۆژاوای ئێـران كـە ئاورگایەكیشی تێدا بووە (و ١٨). ئەم شـوێنە ماوەیـەكی كـەم دوای لێكـەوتنی ئەشكانییەكان بوو بە جێزیارەت و پەرستگە و ڕەنگە لە دەورانی پارتەكانیشدا هەر وا بووبێ.

ساز كرانی هەیوان لە پەرستگە و كۆشكانەوە دەستی پێكرد و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەكەمی زایینی. لە ئاشوور هەروەک شوێنە كۆن و كـەوناراكانی تـر، پەرستگەكان لەسەر خاكێكی پیرۆز بناغەیان دادەنـدرا. ئـەو جـووت هەیوانـە هاوخشتەی كە لە پەرستگەی كۆنی ئاشـووریدا هەڵـخراون، زۆر وێـدەچێ بـۆ بەڕێوەبردنی كاروباری بواری دینی كەلكیان لێوەرگیرابێ. لە سـەدەی دووەمـی زایینیدا ئەم پەرستگایە هەیوانێكی دیكەشی پێوە زیاد كرا و بوونە سێ و چەنـد دەروازەیەكیش بەرەو حەوشە كرانەوە و سەرتاسەر بە خشتە داندران و گەچیان تێهەڵسوورا و سپیكرانەوە.

پەرسگەی گەورەی خوای هەتاو لە ناوەندی شاری حەزەری نێو جەرگەی بیابانیش خاوەنی مێژوویەكی ئەوتۆ بوو. بەشی هەرە زۆری پەرستگە بـە دوو

ڕیزە هەیوانی لە خشتی سووری هاوخشت دەستی پێدەکرد. بەڵام لەساڵی ٧٧ی زایینیدا بەردەقسڵ جێی کەرەسەی کەم بایەختری گرتەوە. ئەم گۆڕانە ڕەنگە بگەڕێتەوە سەر هرووژمی بیر و بۆچوونەکانی ڕۆمی. هەیوانی خشتی سوور




ق ٣٥- نەخشەی پەرستگە سەرەکییەکان لە نێوگۆڕکی پیرۆزی شەمەش و هەیوانەکانی ( AوB ). نێوگۆڕکی پەرستگەی خۆر لە حەزەر، سەر بە بنەبانی سەدەی یەکەم و دووەم. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

A.U.Pope,A Survey of Persian Art,Vol,I,Fig. ١٠٣.

کرانە شەش تالاری خەرپشتە کە دەبوونە دوو دەستی وەک یەکی شانبەشان. هەر دەستێک هەیوانێکی بچووک و باڵەخانەیەکیشی هەبوو (و ٢٣). ئەوسا تالارەکان دەچوونەوە سەر بەشێکی بەرتەسکتری حەوشەیەکی چوارگۆشە کە دیوارێک دوولەتی کردبوون (ق ٣٤). دوو دەستی سەرەکی چواربەندەی پەرستگە چەند هەیوان و بینایەکی سەیریان لە پشتەوە پێوە زیاد کرا (ق ٣٥). دیوی لێک و لووسی ژوورەوەی بەشی سەرەکی پەرستگە بە بەردی هەڵکەندراو و

نەخش و نیگاری داتاشراو ڕازابۆوە و سەرنجی ڕادەکێشا (ق ٣٦). دەرانەکان بە نەخش و نیگارێکی زۆر ڕازانەوە و هەڵواسرانی دەمامکی شانۆگێڕان بە پایـەی پێهەڵاچووی تێکبەزیوی دیوارانـەوە، ژوورەوەیـان نەخشـاند (و ٦٤، ٦٦، ٦٨).



ق ٣٦- دەروازەی نێوگۆڕکی شەمەش لە پشت هەیوانی گەورەی باشـووری، لـە حەزەر، سەدەی دووەمی زایینی. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
W.Andrae. Hatra (II). ١٩١٢.Fig. ٢٥٤.

تەواوی ڕووبەری دیواران بە نەخش و نیگارێکی هاوشێوە و نیوە کۆڵەکەی خڕی دەرزەقیو و تاقنوێن ڕازابوونەوە و ڕەنگە نیوچینێکیش سەرووتری گرتبنـەوە. زۆربەی تاقەکان لە لاجەوە لە ڕیکێکدا هەڵنەدەبەسـتران و دەچوونـەوە سـەر

شێوازی ئێیوونی. بەڵام پێوە زیاد کردنی سەر یان نیوەبەژنی پەیکەرەی خودایان لەسەر هێندێک بەردی سەردەرانەی بەکەوانە و لە بیر بردنەوەی ڕەوتی کۆنی یۆنانی و ڕۆمی، نیشانەی سەربادان و ترازانە لە حاند شێوازی ڕۆمی. لە پەنا



ق ٣٧- نەخشە و ڕووکاری پەرستگەی شەهرۆ لە حەزەر. ڕەنگە سەر بە سەدەی دووەمی زایینی بێ. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
W.Andrae, Hatra (II), ١٩١٢, Pl. VI.

ئەم شوێنە لە حەساری باڵی خۆراوا، چەند بینایەکی هەیوانداری بەجوێ ساز کرابوون و زۆربەیان بە باری نژیارواڼیدا وەکوو بەشی سەرەکی دەچوون و تەنیا پەیوەندییان لەوەدا بوو کە لە ڕیزێکدا خۆیان دەنواند (ق ٣٧).

نێوگۆڕکی پیرۆزی شەهرۆ کە ئاندرێ[1] بە تەلاری ناودێر کردووە پتر





١ - Andrae.

چۆتەوە سەر ڕەنگ و ڕوخساری پەرستگەكانی یۆنانی و ڕۆمی، چونكە خاوەنی هەیوانێكی شەش كۆڵەكەی بەردەقسلی خڕی سەرنجڕاكێش بوو. حەوشـەی لای ڕۆژاواش بە دوو دیواری تێكبەزیو دابەش كرابوو. بەگشتی نەخشەی ئەم چەشنە خانووانە سەیر نالەبارە. سەردەرانەی بەكەوانە و لادەرانەكان هـەتا دەروازەی ڕۆژهەلاتی لەسەر شێوازی كـۆنی یۆنـانی و ڕۆمـی نەخشـێندراون و بـەوردی هەلكەندراون. لێرەدا پەرستگەی هێلێنیستی خۆی دەنوێنێ كە ئاندرێ بە پیتی (E) نیشانی داوە. ئەم پەرستگایە ئەگەر وەستاكارەكەی جووتێكی كۆلـەكە لەسـەر پلیكانەكانی پێشەوەی دانەنابا، دەچـۆوە سـەر شـێوازی ڕۆمـی ڕۆژهـەلاتیی ئۆرتۆدۆكسی (ق ٣٤، D). ئەو هەلكەندراوانەی لەسەر كۆلـەكە كرێنتییـەكان و بەردەنووسەكان وەبەرچاو دێن، دەچنەوە كلكـەی سـەدەی دووەم و سـەرەتای سەدەی سێهەمی زایینی.

پەرستگەكانی تر، كە پتر بریتین لـە چەنـدین حەوشـە و هـەیوان، لـە گەڕانگەڕی نێوگۆركی پیرۆزی ناوەندی ساز كراون. ئەوانیش لـە ژێـرەوەڕا بـە خشتی سوور هەلـچندراون و بـە بەردەقسـل داكـووژاون. نەخشـە و كەلالـەی هەموویان ڕەنگدانەوەی پەیوەندێكە لەگەل پەرسگاكانی هەرێمی بابل و دوورا و سووریای هاوچەرخ. ئەم پەرستگایانە گـەلێك پەیكـەرەیان كردۆتـە بـاربووی توێژەرە عێراقییەكانی خۆیـان. تەنانـەت لـە كـاتی خـاپووركرانی هەیوانـە بەرزەكانی پەرستگاكانی حەزەر بە دەستی ساسانییەكان، شان و شكۆیان خۆی نواندووە. دیتنی دیمەنیان بەتەواوی دەریدەخا كە بۆچی وەختایـەک عـەرەبان دەیانڕوانییە كاول و هەرەسەكانی ئەم شـارە، كەوتنـە هەلبەسـتنی ئەفسـانە شكۆمەندەكانی میرانی حەزەر.

ئەو تـەلارە چوارگۆشـەیەی کـە تێکـەڵ بۆتـەوە لەگـەڵ هەیوانـەکانی پەرستگەی شەمەشی حەزەر، یەکێکە لە هەرە باشترین بینا دینییەکانی پـارتی (ق ٣٥). جێگایەکی ئەوتۆمان لە نێژگەی نێسای نوێ وەبەرچاو هات. چونکە ئەم شوێنە شتێکە وەکوو بینای کێوی خواجـە کـە دەبـێ ئاورگـا بـێ و تەنانـەت ئاورگێکی سەرەونخوونکراو لە تەنیشت پایەیەکی خشتەسوورەی دۆزراوەتەوە. ئەم بینایە بە سەر تەواوی کۆشکدا سوارە. لە سـەدەی یەکـەمی زایینـیدا بـە خشتی کاڵ ساز کراوە و هۆدەیەکی چوارگۆشە کەوتۆتە نێوەڕاستی و داڵانێکـی



ق ٣٨- چەند کوتولەتێکی گێچبڕی لـە ئاشـۆر. سـەر بـە ڕۆژگـاری دواوەی پارتی- لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
W. Ardrze, Die Partherstadt, Assue. Pl.١٥

سەر داپۆشراو بە دەورەیدا سووڕاوەتەوە (ق B ،٢٨ ). میچی هۆدەکە بە چەشنێک تاقی تایبەتی کەوانەیی لێدرابوو کـە بـە پێشـەنگی گومبـەزەکانی داهـاتووی

ساسانییەكان دادەندرێ و لە ئاورگا و خانووبەرە گرینگەكانی دیكەدا لێدەدرا. نێوگۆڕكی پیرۆزی پەرستگەی حەزەر باربووی «شەمەش»ی خودای هەتاو كرابوو. لێرەشدا دیوێكی چوارگۆشە كەوتبوویە نێوەڕاست و میچەكەی بە كەوانە هاتبۆوە و دالانێك دەورەی دابوو. ئەم دالانەش هەر بە خەرپشتە داپۆشرابوو (و ٢٥). دوو ڕیز پلیكانیان لە دیواردا هەڵبەستبوون كە لانیكەم یەكیان دەچۆوە سەربان. نێوگۆڕكی پیرۆز دەكەوتە پشتی هەیوانەكە. شێوەی بینایەكی بێ گەلالە و نەخشە و بەكورتی حەزەرییانە وەبەرچاو دێ و بە جوانی دەردەكەوێ كە بە چ كوێرەوەرییەك دەرگا و ڕەوگەیەكیان بۆ چوونە ژوورەوەی نێوگۆڕكی پیرۆز لە دیواری پشتەوەی هەیوانی باشووریدا كردۆتەوە (ق ٣٦). سەرەتا دەرگایان بە نێوگۆڕكی پیرۆزدا داڕیوە. پاشان بۆیان دەركەوتووە كە ئەم دەرگایە نەكەوتۆتە نێوەڕاست دیواری دواوەی هەیوان و نارێكە و پەڕیوەی لایەك بووە و عەیبەكەی زەق دەنوێنێ. هەر بۆیە ئەو ڕەوگەیان گرتووە و سەردەرانەی بەكەوانەی هەڵبەستراویان دەست لێنەداوە و بەجێیانهێشتووە و دیواریان داڕیوە و دەرگایەكی دیكەیان لە ئاوەندی هەیوانی باشووریدا كردۆتەوە. هەڵبەت وەكوو دیارە لە حاند نێوگۆڕكی پیرۆز واوەتر بووە، بەلام ئەم نارێكییە لە نێو دالانی باریكی نێوگۆڕكی پیرۆزی شەمەشدا هێندە بەرچاو نەبووە. وا دیارە هیچكەس لە پێشدا گەلالەیەكی بۆ هێشتنەوەی دەرانە دانەڕشتووە. ڕوون نیە داخوا لێرە ڕێوڕەسمی ئاگرپەرستی بەڕێوە چووە یان نا. بەلام نەخشەی چوارسووچی ئەم نێوگۆڕكە پیرۆزە كەموزۆر لاسا كردنەوەی ئاورگەكانی هەخامەنشییە كە دواتر نژیاروانانی ساسانی وێنەیان لێهەڵگرتۆتەوە و هێندێكیان دەست تێوەرداوە و ئاورگەیان لە ڕوو ساز كردووە.

دالانی گەڕانگەڕی هۆدەی چوارگۆشە و خودی هۆدەكە هەردووكیان بەدیهاتێكی گرینگی نێو بەستێنی نژیاروانیی دینیی ئێرانن كە لە تەنیا پەرسگەی

تاکسیلا (جاندیال) لە باکووری پاکستان بەدی دەکرێ (ق ٣٢، D). بەڵام ئەم پەرسگایە کە دەبێ سەر بە چاخی سەکایی پارتی بێ، دەرانـدەری نەخشـە و کۆڵەکەکانی بەرهەیوانی چوونە ژوورەوەی، سەیر تایبەتمەندیی یۆنانـی پێوە دیارە. ڕەنگە «پێریپتێرۆس»ی[١] ئاشۆری لە هەموو شوێنەوارەکانی دیکـە نزیکتر بێ لـە نژیـاروانیی پـارتی. هۆدەی بـەڕێوەچوونی ڕێورەسمـان بـە تیغەدیوارێک لە بەشی بەرەوە دادەبڕا و تەنیا لە دواوەی داڵانەوە ڕێی هـەبوو. ئەم بەشەی پشتەوە ڕووناکایییەکی زۆری لە پەنجەرانەوە وەردەگـرت. لێـرەدا ڕەوگەیەک لە هەردک باڵانەوە خـۆی دەنوانـد و دەخوشـی بـەرەو ڕێـرەوێکی بەرتەسک و ڕیزە پلیکانێـک و بـۆ بەشـی سـەرەوەتری تێکـڕووخاوی بیناکـە تێدەکشا. ڕەنگە ئەم بەشەی سەرووتر بـۆ پەرسـتنی ئـاگر یـان بـەڕێوەبردنی هێندێک داب و نەریتی خۆجێی کەلکی لێوەرگیرابێ. لێرە دیواری خشتی سوور بە توێژێک گێچی تێکـەڵ بـە گـوێماسیلکەی هـاڕدراو سپی دەکرانـەوە. ئەمـە تایبەتمەندییەکی ئەم هەرێمەیە کە فیلۆسترات لە ژیاننامـەی ئاپۆلۆنیووسـی تیانیدا باسی کردووە. ئەم بەرهەمە زۆر لەگەڵ ئەفسانە لێکـدراوە و کۆمەڵـێک لەم خاڵە ڕیئالیستییانە سەرنجڕاکێشی دەکەن.

کارپێکرانی گـێچ کـە زۆرتـر لەگـەڵ ڕەنگـی دڵگریش لێکـدەدرا هـەتا خانووبەرە رووکەشێکی تێهەڵسووێ و ڕەنگ و رووشی بکرێتەوە، دابێکـی زۆر لەمێژین بوو لە دنیای کۆندا. لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک وەستاکاران بۆ نەخشاندنی شوێنەواران، دیمەنی هەڵزەقیوی بوونەوەرانیان لەگەڵ خەت و کووزێکی وەوتۆ یان شتێکی لەم چەشنە کە لەباری نواندبا، دەیانخستنە سـەر قالبەخشـتان و گێچ یان ڕەنگیان تێهەڵدەسوون. هەر خشتێکی سوور بەشێکی لە نەخش و نیگارە گەڵاڵەکراوەکە پێوە بوو، یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دیمەنێکی لەسەر شـەقڵ

[١]- Peripteros.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**کرابوو؛ ئەوسا لە تەنیشت یەکتر ڕیز دەکران. لە سەردەمی پارتەکاندا ئەم شێوە ڕازاندنەوەیە لە کورتی دا. بەڵام لە سەدەی یەکەمی زایینیدا لەپڕ گێچبڕی لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی پارتەکاندا برەوی ئەستاند و گەشەی کرد (ق٣٨). ئەم شێوە جوانکارییە لە شوێنە بەرچاوەکانی تەلارانـدا دەنەخشێندران و بە کۆمەڵێک ڕەنگی ترووسکەدار زەقیان دەکردنەوە.**


www.zheen.org

ق ٣٩- ڕووکاری ئێیوونی بە کەرەسەی خشتی سوور و گێچبڕی، لە سەرووی ڕیزە کۆڵەکەی گەڕانگەڕی حەوشەی کۆشکی پارتی لە ئاشوور. سەدەی یەکەمی زایینی. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

W.Andrae, Die Partherstadt Assur, fig. ٣٤.

**نەخش و نیگاری گەچی لە حەوشە و هەیوان و دەرانە و هۆدە گرینگ و بەرچاوەکاندا خۆیان دەنواند و بەتایبەت لەسەر تاق و میچ و کۆڵەکان قالب دەکران. گەچ سەرەتا تینێکیان تێدەگێڕا و پاشان دەیانگرتەوە. لێکۆڵینەوەی ورد**

له سلۆکییەی لێواری دیجله دەریخستووه که سەرەتا گێچەکەیان لە شوێنی دڵخواز هەڵسووه و دوایه نەخشاندوویانه و دیمەنی زەق و ڕوون و ئاشکرایان دابڕیون. نموونەی ئەم گێچبڕییه تەنانەت له ئاشۆر و کێوی خواجه دۆزراونەوه که هەموویان له چەشنێک بوون (و ٢٤، ٢٧) وەستاکاران پتر لەسەر نەخشی یۆنانیی هێلێنیستی ڕۆیشتوون. پتر وێنەی گەڵای گیائالۆش و هێندێک گیاوگۆڵی مەدیتەرانەیی و لاسک و گەڵامێوی تێکبەزیو و هێڵی شووخاڵشووخاڵ و خوارەکه و پێچەکەی چاڵ و قووڵ و کووزکووزی چوارگۆشه، له جێگای خۆیاندا دەنەخشان. ئەم وێنانه لەسەرانسەری قەڵەمڕەوی ڕۆم بڕەویان هەبوو. بەڵام تاقی ڕۆژهەڵاتییانەی وەکوو گوڵ و گەڵا و قۆنگرەی پلیکانییانەش نەخشێندراون. تەنیا جێگایەکی گرینگی که ئەم گێچبڕییانەیان لێ دەکار نەکردووه نێسایه. لێره هونەرمەندانی خۆماڵی جوانکاریی نژیاروانییان له قالبی سواڵینەدا داڕشتوون. کار کردن به گێچ ئەوەنده هاسان بوو که لەڕێوه نەخشی دڵخوازی لەسەر دەنەخشا و چۆنی وەستاکار ئیشتیای لێبا ڕووکاری دەگۆڕا و دیمەنی سەیری تازەی لێ پەیدا دەهات. بۆ نموونه سەرەکۆڵەکەی ئێیوونی زۆری گۆڕان به سەردا هات (ق ٣٩). ناکرێ بڵێی ئەم شێوه ڕازاندنەوەیه له کوێوه هاتووه، چونکه تا ڕادەیەک هاوکات له هەردک باڵی پارت سەری هەڵداوه و هەیوانیش هەر وایه. بەڵام زۆر وێدەچێ ئەمه داهێنانێکی ئێرانی بێ. ساسانی شێوازەکانی پارتانیان پەژراند و سەرەنجام گەچکاریی ڕەنگینی نژیاروانی دزەی کرده سەر کاشیی ئێرانیش.

له کاروباری ئەندازیاری و ڕێسای وردی بیناسازیدا پارتەکان له دراوسێی باڵی ڕۆژاوای خۆیان واته ڕۆمییەکان سەرتر بوون. ئەم کاره هەتا ڕادەیەک ئاکامی بارودۆخی خۆماڵی بوو. کەرەسەی بەردەست پتری له خشتی سوور بوو هەتا بەرد و لەم دوایییانەش کەرەسەی ڕۆمی هێنده

وەگیر نەدەكەوت. هەروەها هەل و دەرفەتی بیناسازی بە خشتی سووریش بە شێوەی شیاو نەخوازرایەوە. بەڵام دیسانیش هێندێک پێشكەوت لە سەردەمی پارتەكان‌دا بەدی هات. هێندێک شێوازی تازەی خشتكاری لە ئاشۆردا هاتنە گۆڕ (ق٤٠). هێندێک لە دیوارەكانی خشتی سوور دەكەوتنە شوێنێک كە وەكوو



ق ٤٠ – چەند نموونەیەک خشتكاری لە ئاشۆر كە شێوەی داناني دیوار و پایە و تاقی خەرپشتەی كۆشكی پارتی لە سەدەی یەكەمی زایینی‌دا دەخاتەڕوو.
لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
A.U. Pope,A Survey of Persian Art, Vol. fig. ٩٩-١٠٠.

كاریتە و كۆڵەكە تێكدەبەزین. لەمەش سەرنج‌ڕاكێشتر هەڵچندرانی كۆڵەكە بوو بە خشتی سوور. خشتەكانیان وەكوو كوتولەتی كێكێک لە پەنا یەكتر دەچنی و پاشان توێژێكیان گێچ بە سەر دەكێشا. ئەم شێوە خشتكارییە دواتر ساسانی لە تیسفوون درێژەیان پێدا. خەرپشتەی خشتی سوور كە سەدان ساڵ وەكوو تایبەتمەندیی نژیاروانیی ئاشۆری دادەنـدرا، ئەگەرچی بایەخێكی ئەوتۆی

پێنەدەدرا، ئێستا زۆر چاک برەوی ئەستاندبوو. تەنانەت جاری وایە تاقی بەکەوان باڵی پان رادەنگاوت. ئەم کارە لەگەڵ باشتر بوونی گێچی گیراوە کە خێرا وشک دەبۆوە بووزی خوارد. کۆشکی ئاشۆر یەکێکە لە نموونەکانی پڕ وردەکاری و داهێنانی نژیاروانیی پارتی (ق ٤٠). میچی خەرپشتەی ڕۆمییانەی تالارێک کە شانی دەچوونەوە سەر تاقی بەکەوان، ساز کرا. بەڵام تەنانەت لێرەشدا تاقەکان ساکارن و زۆر بەرز پێهەڵچوون، هەر بۆیە هێنانەوە و تێکبەزاندنی گۆشەکان گرێ و گرفتیان وەبەر نایە. نیزیکترین کاری وەستاکارانی ڕۆژهەڵات لە تاقی گوارەکیی کێوی خواجەدا وەبەرچاو دێ. کولی و کۆڵی کاری ئەندازیاریی پارتەکان لە نژیاراندا دەردەکەوێ. پەرستگەی حەزەر نموونەیەکی دیار و گرینگی لەم چەشنەیە. دیوارەکان بە بەردی دانە هەڵچندراون و بە ورکە بەرد و کەلووکە نێوپڕیان کردوون و لە هەردک بەرانەوە قسڵیان تێهەڵسوون.

پەرسگەی خۆر نموونەیەک لە بەردکاریی دوو جۆرە دەخاتە بەرچاو. لێرەدا بەردی تەنک و ئەستوور چیناوچین و نێو بە نێو لەسەر یەکتر



هەڵچندراون (و ٦٨). زۆربەی تالاری پەرستگە و مەزارگان بە تاقی خەرپشتەی بەردین داپۆشراون (و ٢٥). ئەم شێوە میچانە دەچنە ڕیزی ساکارترین تاقەکانی

بەکەوانە و وەکوو لوولە دەچن و گرێ و گۆشەیان وەبەر نایە. تـاقی بەکەوانـە زۆربەیان دوو جۆرن و تاقی قفڵبەند پتر برەوی بووە. بەڵام هێندێک لە هۆدەکانی پەرستگەی خۆر بە زنجیرەیەک تاقی بەردینی وا داپۆشراون کـە بتـوانن ئـەو بەردانەی وەکوو ئاڵوودار لە سەریانەوە ڕایانئەنگاوتوون، ڕایانبگرن؛ ڕۆمیش



ق ٤١- شێوەیەک تەلاری میچ بەردین لە نێوگـۆڕکی سـەرەکیی حـەزەر. ڕەنگـە سـەر بـە دەوروبـەری ساڵـی ١٠٠ی ز. بـێ. لـەم سـەرچاوەیە وەرگیراوە:
A.U.Pops, A Survey of Persian Art, Vol, I.fig. ١٠٢

تاقی ئاوایان هەڵدەبەستن و بەردەڕایان دەکردن. لـە هـەردک شـێوەدا نێـوانی میچەکانیان بە ورکەبەردان پڕ دەکردەوە هەتا بانەکە ڕێک بێ (ق ٤١). قورسایی گەورەترین تاقـەکان دەکەوتنـە سـەر شـانی دیـوارە ئەسـتوورەکان و ژوورە بچووکەکانی تەنیشتانەوە کـە وەکـوو بەرەڵـیخ وا بـوون. وەسـتاکاران هـیچ هەوڵێکیان نەدەدا بۆ لێـدانی تـاقی دەرانـدەر و گومبـەز کـە لـە نژیـاروانیی

هاوچەرخی ڕۆمی‌دا باو بوو. دەکرێ ئەو قسەیەی فیلۆسترات بە ئەفسانە دابندرێ کە گوتوویەتی لە کۆشکی «بەردان»ی بابل ژوورێک بە گومبەزێکی بەرزەڕینە داپۆشرابوو. جگە لەمەش بەرینایی تاقی پازدە گەزی لە بینای حەزەر لە نیوەی ئەوە کەمتر بوو کە ڕۆمی لێیان دابوو. بەڵام ساکاریی نژیارەکە لە شان و شکۆی کەم ناکاتەوە.

ڕەنگە هەتا ئێستا خوێنەرەوە بۆی دەرکەوتبێ کە کارتێکردن و ڕەنگدانەوەی نژیاروانیی لاوەکی لەسەر بیناسازیی پارتی نەک هەر بەربلاو و فرەچەشن بوون، بەڵکوو جارجارە لە خاڵە سەرەکییەکان‌دا یەکتریان نەدەگرتەوە و ناکۆک دەکەوتن. گرێ و گرفتی کاری نژیاروان بریتی بوون لە وەبەرچاو گرتنی ڕێبازی یۆنانی و دواتر ڕۆمی و هەروەها کەرەسەکانیان کە تەواو لەگەڵ کەرەسەی خۆماڵی جیاواز بوون. بەڵام دیسانیش هەتا سەدەی یەکەمی زایینی ئەم کێشانە چارەسەر کرابوون. پارتەکان سەبارەت بە چۆنیەتی وەبەرچاو گرتنی تانوپۆی نژیاروانی کە بریتی بێ لە کاریتە و کۆڵەکە و شتی لەم جۆرە، ڕێبازی ڕۆمییەکانیان بەرنەداوە و بەکردەوە بیناکانیان پێ ڕازاندوونەوە. کۆڵەکە کەوتنە سەر باری خڕ کران و پاڵیان بە دیوارانەوە دا، یان وەکوو پایە بوونە قەڵبەندی دیواران و کاریتە بە خەت و نەخش و نیگار نەخشێندران. هاتنە گۆڕێ خشتی سوور و پێشکەوتنی باری گێچبڕی، ڕێکاری تەخت کردن. بێگومان بە گۆڕانی چواربەندەی سەرەکیی نژیاروانیی یۆنانی بە باری جوانکاری‌دا، ئیتر گەلێک لا و لایەنی چەشناوچەشنی لێکەوتەوە. ئەم ئازادییە بوو بە هۆی ئافرانی کۆمەڵێک نەخش و دیمەنی تازە و سەرنجڕاکێش. ڕووکاری ڕەنگینی هەیوانەکان لە ئاشۆر نیشاندەری تەنینەوەی فرەچەشنیی ئەم نەخش و نیگارانەن (و ۲۷). گۆیا دیمەنی ئەم ڕووکارانە بە شێوەیەکی نیوەنادیار، تێکەڵاوێکن لە تاقی جێژنی سەرکەوتنی ڕۆمی یان هێڵینی لەگەڵ

رووبەرێكی تایبەتی وەكوو پەردەی دواوەی سەكۆی شانۆگەری. ئەم گشتە كۆڵەكە دەرزەقیوەی كە بە شێوەیەكی بەربڵاو دیارن و لەوبەرەوبەری تاقچان پێهەڵچوون، بێپایەن و لای سەرەوەیان چەشنی سەرەكۆڵەكەی یۆنانی ڕێك و لەبار یەكتر ناخوێننەوە و بێپێز و ڕەمەكی ساز كراون. ئەم كۆڵەكانە ئەوەندە باریك و نالێكن كە زۆرتر وەكوو نەخشی ڕواڵەتی دابڕدابڕی بابلی دەچن هەتا ڕۆژاوایی. كاریگەری و كاردانەوەیان دەگەڕێتەوە سەر ئەو تەتەڵانەی لە سەرەوەیان شەقڵ كراون و گرینگایەتیی ئەركی ئەوان ئەوەندە دابەزیوە كە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ڕواڵەتی رووكار و هۆدەكانی پشتەوەیان بەدی ناكرێ. نژیاروانانی پارتی بە رووهەڵماڵاوی نەخش و نیگاری یۆنانییان فراندوون و گەمراندوویانن. لە بواری تەلاری بەردین‌دا كەمتریان پركێشاوە. نێوگۆركە پیرۆزەكانی خۆرهە و كەنگاوەر ئەگەر سەر بە سەرەتای داگیرسانی سەردەمی ئەشكانییەكان بن، هەرچەند بنەمای ڕێسای یۆنانییان تێدا شكاوە، بەڵام دیسانیش مۆركی لاساكردنەوەی ئەویان پێوە دیارە. لە حەزەر چ ئەو كۆڵەكانەی بە دیوارەوە نووساون و چ ئەوانەی كە پێوەنەنووساون بە شێوەی كۆنی یۆنانی لە پارچەبەردان چێكراون و شێوەیەك گونجان و تۆزێك لادان لە بەرزایی‌دا دەخەنە بەرچاو (ق ٣٧). نێوگۆركی پیرۆزی «شەهرۆ» هەیوانێكی شەش كۆڵەكەی شكۆمەند چەتری لەسەر ئەنگاوتبوو كە بە پەرسگەیەكی هێلێنیستی دادەندرێ. ئەسپەرە كرێنتییەكانی حەزەر و خەت و كووز و چەند رووبەرێكی جیاواز لەسەر كاریتەی دووانەی دەوروبەری تاقی هەیوانان و دەركەوتنی قالبی یۆنانی، ئەگەرچی زۆربەشیان نارەسەن بوون، بەڵام هەموویان بەڵگە و نیشانەی كارتێكردنی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتین لەسەر تەلاری بەردین. ئەم شێوازانە هێندەیان دزە نەكردۆتە نێو بواری كار كردن بە گێچ و خشتی سوور. ئەگەرچی زۆر شتیان لێرولەوێ خواستەوە، بەڵام دیسانیش دەسەڵاتیان بە سەریان‌دا شكایەوە و بە

لێزانی دەستیان تێوەبردن. گۆیا هەیوان لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا پێشینەیەکی ئەوتۆی نەبووە. هاوکات لەگەڵ برەو ئەستاندنی قسڵ و گێچ، خانووبەرەکان چاکتر سازکران و وەستاکارانی پارتی توانیان لێدانی تاق کە هێندەی ئاوڕ لێنەدەدراوە، بگەیەننە پۆپەی درەوشانەوەی و چەشنی تاجێک لە سەر هەیوانانی قوت بکەنەوە. لە تاقە گوارەکییەکانی کێوی خواجەدا یەکەم هەنگاو بەرەو خڕهەڵدانی گومبەزی ساسانییەکان هاوێژرا و ڕازاندنەوەی دەرودیوار و گێچکاریی فرەچەشن کرایە بنەمایەک بۆ کاشیسازی کە بوو بە هونەرێکی جێی خۆ پێوەڕانان و سەربەرزی. پارتەکان بنەمای شێوازی وایان داڕشتن کە جێنشینەکانیان لێک و لووس و ناسکتریان کردن و ئێستاش ئەم داهێنان و بەدیهاتانە جێپەنجەیان لەسەر هونەری نژیاروانیی ئێران دیارە و ڕەنگ دەداتەوە.

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ٨

## هونەر

ئەگەرچی شالاوی فرانفرانی ڕۆژگار، لە دووی دەستی ساسانییان و میرەمالانی دواتری دا، بەلام دیسانیش پارتی ئەوەندەیان شوێنەواری هونەری لە پاش بەجێماوە کە بکرێ بەکورتی ئالوگۆڕ و پێشکەوتەکان بخرێنە بەرباس و لێکۆلینەوە و ئەوانیش بریتین لە سێ قۆناخی دیار و بەرچاوی سەرەکی. سەرەتا قۆناخی دانبژێری و تێکەلاو کردن کە شێوازە کۆنەکانی ڕۆژهەلاتی لەگەل شێوازە هاوچەرخەکانی یۆنانی لێکدرابوون. دواتر لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زایین‌دا ئەم شێوازانە پێکهاتەیەکی تا ڕادەیەک تۆکمە و تەواویان دارشت کە بە شێوازی پارتی ناسرا. سەرەنجام لە بنەبانی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێهەمی زایینیدا، هونەری پارتی ڕووی کردە داوەشان. هونەری سەر بە دامودەزگای میری و حکوومەتی بە هەشتاو گلۆلەی کەوتە لێژی و شانشینان و میرنشینانی گوێ لە مست و کۆمەلانی دەوروبەری هەرێمە کەلتوورییەکەی پارتی، بوونە ئالاهەلگری.

وەرگرتنی هونەری یۆنانیی هێلێنیستی کە پڕ بوو لە وردەکاریی نەرم و ڕێک و وێناکردنی چۆنیەتی پەیکەران و خستنەڕووی جوانییەکانی سروشت و خوردبوونەوە لە دیمەن و لایەنی دیار و بەرچاو، هونەرەکانی ڕۆژهەلاتی بەگوڕ ڕاتلەکاندن. لەم جەغزەدا کۆمەلێک وێنەی لە لاتەنیشت و نیوەڕووی

ویشک و زەق و ڕەق و هەڵکەندنی نارێک و نەخش و نیگاری داتاشراو بە وەبەرچاو نەگرتنی ڕێوشوێنی زانستی بۆ دیمەن و دیار، خۆیان دەنواند. هەروەها گیرۆدە بوون بە دەرخستنی لایەنی کەمبایەخی جوانکاری و ڕازاندنەوەی جلوبەرگان بە کر و نەخشی ناڕاستەقانی، بریتی بوون لە تایبەتمەندی و لایەنی بەرچاو کە بە درێژایی سەدە و سەردەمان خزابوونە نێو شێوازەکانی هونەری ڕۆژهەڵاتی نیزیک و پنجیان داکوتابوو. هونەرمەندانی پارتی یەکەمین کەسانی ڕۆژهەڵاتی بوون کە چوونە مەیدانی ملانەی هونەری هێلێنیستی و بەناچاری شێوازەکانیان سەلماند و وەریانگرتن.

هەتا کلکەی سەدەی یەکەمی پ.ز. نیشانەیەکی ئەوتۆی سەلماندن و وەرگرتنی شێوازی هونەری یۆنانی وەبەرچاو نایە. بەڵام دەبیندرێ کە هونەرمەندان یا بە خەستی کەوتوونە ژێر کارتێکردنی داب و نەریتی هونەری کۆنی ناوچەیی یان بوونە تامەزرۆی شێوازە تازەکانی هێلێنیستی. زۆربەی ئەوانەی شێوازە تازەکانیان ڕەچاو دەکرد بێگومان پاشەواری یۆنانییەکانی هاوچەرخ بوون. ئەم جیاوازییەی نێوان شێوازی ڕۆژهەڵاتی و یۆنانی، بەتایبەت لە سەرەتای لێدانی سکەکانی ئەشکانیدا ئاشکرایە و هەمیشە ئاڵوگۆڕی شێوازە سەرەکییەکانی هونەرییان وەدیار دەخست و نیشانیان دەدا. سکەکانی مێهردادی یەکەم (دەوروبەری ١٧١- ١٣٨ی پ.ز.) لانیکەم چوار شێوازی جۆراوجۆر دەخەنەڕوو. سکەکانی مێهرداد کە وا دیارە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لێدراون ڕوخساری لە لاجەوە دەنوێنن کە ڕیشی نیە و کڵاوێکی قوتی تیژکەڵەی سەکایی یان باشلیقی بە سەرەوەیە (و aa ،a٦ ). نێوەرۆکی ئەم سکانە ئێرانییە لەسەر شێوازی گونجێندراوی یۆنانی، وەکوو ئەوەی لە ئێرانی ناوەندیدا بە سکەکانییەوە دیارە. شێوازی سێهەم کە وێنەیان لە سکەکانی باڵی ڕۆژاوای ژێر باندۆری شێوەی یۆنانی هەڵگرتبۆوە، لەو هەرێمەدا کە مێهرداد لە چنگ

«ئووکراتید»ی دەرهێنابوو، برەوی ئەستاند و سکەی پـێنەخشـا. سـەرەنجام کاتێک پێی نایە سلۆکییە، رووی کردە شێوازی دێمێتریـووس و سکەی زێـوی عەیارچاکی پێلێدا و بە دابی سەرومڕ سلۆکیی یـۆنـانی لارووی شەقـڵ کـرد (و٦ bb، b). سکەکانی مێهرداد چ بە باری شێواز و چ بە باری نێوەرۆکدا بـەپێی ناوچە و نەریتە جیاوازەکان دەگۆڕێن.

ئەم جیاوازیی شێوازانە لە بەستێنی هونەرە دیـار و بـەرچاوەکانی ئـەو سەردەمیدا روونتر خۆیان دەنوێنن. بۆ لێدانی دیمەنی ئاورگایەک لـە تـەختی جەمشید لە سەرەتای چەرخ و خولی سلۆکیدا، شێوەیەکی نالەباری سـەر بـە شێوازی هەخامەنشی کاری پێکراوە. لە پەنا لاشیپانەی دەرگـاوە حوکمدارێکی خۆجێیی یان میرێک خۆی دەنوێنێ کە شانبەشانی خێزانی خەریکی راز و نیاز و پاڕانەوەیە. کوتولەتی پەیکەرەی پیاوێکی سەر بە رۆژگاری سلۆکی لە شووش دۆزراوەتەوە کە بە شێوازێکی نارێکتر لەوەی پێشتر باسی کرا، ساز کراوە. ئەم نەریتە ئێرانییە لـە فێنیقییـە و ئانـاتۆلی درێـژە و بـرەوی هـەبوو. لەسـەر تاشەبەردێکی گەورەی بێستوون کە دیمەنی مێهردادی دووەمـی پادشـای پـارتی پێوەیە، نموونەیەکی ئەوتۆ داتاشراوە (ق ٤). پادشا بەرەورووی چـوار مـیران راوەستاوە. میرەکان بەپێی پلە و پایەی خۆیان لە لاچـەوە دیـارن و چـەقیون. وێنەی ئەم دیمەنانە لە نموونەکانی هونەری هەخامەنشیدا پێشینەیان هەیـە، بەڵام وردەکاریی هونەری هەخامەنشییان پێـوە دیـار نیـە و قەڵافەتـەکان زۆر دانەتاشراون و پەیکەرەکان بە خەت و کووزی سـاکار کاریـان لەسـەر کـراوە. وەستاکاران ویستوویانە کاری ناشیانە و نالەباری خۆیان بە شوێنشوێن کردنی دیمەنەکان قەرەبوو بکەنەوە. هێندێک لە کاردانەوەی هونەری هەخامەنشی بەو دیمەنە هەڵکەندراو و پەیکەرانەوە دیارە کە بە دەستووری ئانتیۆخووسی یەکەمی کۆمـاژان (٦٤ – ٣٤ پ.ز.) بـۆ رازاندنـەوەی نزاخانـەی مەزارگەیـەکی یـەکجار

بەرفرەوان لە چیای نمروودی باشووری ئاناتۆلی ساز کراون. بڕیار وابوو لە تەنیشت سامۆزاتی پایتەختی لە کەنار نیمفووس[1]، ئەویش بخەنە نێو جەغزی ئایینی تێکەڵپێکەڵی پەرستنی خودایانی کۆماگنێ یان کۆماژان (و ٢٩). جێگایەکی کە بۆ ئەم مەبەستە سازی کرد سەیر گەورە و شکۆمەند بوو. لە سێ ڕیزەوە سەکۆ خۆیان دەنواند و کێوێک بە سەریدا دەڕوانی کە ١٥٠٠ گەزێک دەبوو. سەکۆکان ڕۆژهەلاتی – ڕۆژاوایی داندرابوون و جەللەیەکی پێنج پەیکەرەی دانیشتووی زۆر گەورەتر لە قەلافەتی ئادەمیزادی ئاسایی داتاشراون کە چوار خوداوەند و ئانتیۆخووس دەخەنە بەرچاوان (و٣١). لە دیواری ئەم سەکۆیانەدا نیزیکەی نەوەد نەخشیان شەقل کردوون و چەشنی هەزارە دیواریان داناون. زۆربەی ئەو دیمەنانەی داتاشراون دوو مرۆڤ پێکەوەن کە یەکیان پتر قەلافەتی ئانتیۆخووسە. ئەویان وا داتاشیوە کە بە شێوەیەکی دۆستانە لەگەڵ خودایانی دەست لێدەداتەوە. هەروەها دیمەنی باب و باپیرانی هەتا داریۆشی هەخامەنشی کوڕی هیستاسپ (ویشتاسپ) داتاشراون و قەلافەتی شێر و تێکڕای ئەستێرەکانی بەختی ئانتیۆخووس دیارن. لە پەنا پەیکەرە و دیمەنەکان بە یۆنانی نووسیویانە. لە پەرستگەی مەزارگەی باوکی ئانتیۆخووس، مێهرداد کالینیکووس لە سامۆزات، ئەم شێوە پەیکەرە ڕەپ و دەرزەقیوانەیان داتاشیون. خوارەکە و پێچەکەی ناسک و نەرم و نیان و کەم دەرپەڕیوی دیمەنەکان لەگەڵ شێوەی دەرکەوتنی گنجی قوماش و جلوبەرگان و ڕازاندنەوەی پڕ وردەکاری و پەیکەرەکان هەموویان دەچنەوە سەر نەریتی هونەریی هەخامەنشی (و ٣٠). هونەرمەندان بۆ نیشاندانی خودایانی خۆمالیی خۆیان، دەستەیەک لە خودایانی یۆنانی وەکوو زیئووس و هێرقیلیشیان داتاشیون. بەلام تاجێکی بەرزی قووچەکی کە بە سەری پەیکەری زۆر گەورەی هێرقیلەوەیە، بەڕاستی

---

[1] - Nympheaus.

تاجی ئێرانییە. کورتەک و بالاپۆش و مەچەکپێچی ئاپۆلۆ و کڵاوی فەرمانڕەوایەتی و جلوبەرگی پادشایەتیی ئێرانی کە قەڵافەتیان داپۆشیوە، هەموویان نیشاندەری شێوەی ژیانی سەردەمی پارتین لەو ڕۆژگاریدا. لەم شوێنە تەنیا هەر ئەم دیمەنە تازە و داهێنراوانە وەبەرچاو نایەن. دیدار و تۆقەی خودا لەگەڵ پادشا کە لەسەر تاشەبەرێک داتاشراوە و زۆر هەڵپریواوە، دەریدەخا کە ئانتیۆخووس خەریکە نیوتاجێک دەداتە کوڕەی جێنشینی. ئەمانەش هەموویان بەڵگەیەکن لەسەر هاتنە ئارای مەبەستێکی نوێ لە هونەری ئێرانیدا کە ئەویش ڕێوڕەسمی دیاریکردنی جێنشینیمیر یان گوێزرانەوەی دەسەڵاتە. ئەم مژارانە لە نێو تەواوی تەلارەکانی ساسانیدا زەق کراونەوە.

بەڵام ئەگەر لەم بوارانەدا داهێنان و تازەگەری خۆی نواندووە، ئەم شوێنە پیرۆزە خاوەنی پێشینە و نەریتێکە تەنانەت زۆر کۆنتر لە داب و نەریتەکانی هەخامەنشی. شێرانی پارێزەر و پەیکەرە فیلەتەنەکانی سەر سەکۆیان و نەخش و نیگاری دابڕاوی سەر دامێنی دیواران، بێگومان هەموویان یادگاری نژیاروانیی کۆشک و تەلارە مەزنەکانی باوی سەردەمی «حیتتی»یەکانن[1]. تەواوی ئەم داب و نەریتانە بۆ سازکردنی ئەم بینایە پێکەوە لێکدراون و یەکانگیر بوون. لە ڕاستیدا ئەم شوێنەوارانە ئەوەندەیان ڕەنگی خۆماڵی گرتووە، ئەگەر بێتوو گەڕیدەیەکی ناشارەزا رووی تێبکا، پێی وادەبێ لەبری ماڵی هەتاهەتایی «ڕامسێس»ی میسری، پێی ناوەتە موغبەرەی قوڵەپادشایەکی خۆجێیی لە باشووری ئاناتۆلی.

---

١ - ڕەگەزێکی لەمێژین کە بەر لە شارستانییەتی فینیقییەکان لە ئاسیای بچووک خاوەن نیشتمانێکی پان و بەرین بوون و شوێنەوارە دۆزراوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢١٠٠ی پ.ز. واتە هەر لەو زەمانەدا توانیویانە دەست بە سەر ئاسیای بچووکدا بگرن و دەوڵەتێکی بەدەسەڵات دامەزرێنن. س.

لە شوێنی دیكە داب و نەریتی تر لە برەودا بوون و سەرەڕای تێپەڕینی پێنسەد ساڵ بە سەر تێداچوونی سیاسییانەی حكوومەتی ئاشوردا، هێشتا بیرەوەریی شێوازەكانی زیندوو بوو (و ٣٢). دەوروبەری ساڵانی ٨٩ – ٨٨ ی پ.ز. دوو كێل لە شاری بابل هەڵكەندراون. ئەگەرچی ئەو پیاوە ڕیشدارانەی كە لەسەر هەردووكیان داتاشراون كورتەک و پاتۆڵی پارتییان لە پێدایە، بەڵام چواربەندەی كاری سەنگتراشان هەر لەسەر شێوەی داب و نەریتی كۆن دامەزراوە. قەڵافەتەكان قووڵ دانەتاشراون و سەری كێلەكان بەكەوانەن و پیاوەكان هەر وەک ڕابردوو لە تەنیشتەوە دیارن. هێمای كۆنی ئایینی ئاشور لە



ق ٤٢- دوو ڕیز نەخش و نیگاری سەر پیاڵەیەكی وەكوو شاخ كە لە عاج چێكراوە و لە نێسا دۆزراوەتەوە. لە لای سەرەوە ڕیزێک سەر دیارن و لە بەرەوە پۆلێک بە شوێن بوونەوەرێكدا دەڕۆن. ٥ سانتیمیتر بەرزە و ڕەنگە سەر بە سەدەی دووەمی پێش زایین بێ. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Union Sovietique,December ١٩٥٧.

پەنا هەر سەرێکیان داتاشراوە. هێندێک تایبەتمەندیی هونەری ئاشۆری تێکەڵ بە هونەری یۆنانی لەسەر بەردێکی کەسکی مەیلەو ڕەش وەبەرچاو دێ کە لە باکووری دووچۆمان دۆزراوەتەوە. ڕیش و داهێنانی سەر و پرچ و نیوتاجەکەی، ڕوخساری شەقڵکراوی مێهردادی یەکەم دەخاتەوە بیر و ڕەنگە ئەمەش هەر ئی ئەو پادشایە بێ.

نابێ سەیر بێ کە هونەری یۆنانی لەم ڕۆژگارە کۆنەدا ئاوا ڕەنگ و رووی نواندبێ. لە نێسا گەلێک کەلوپەلی سەرنجڕاکێش بەرهەم هاتوون کە هێندێکیان سەبارەتن بە دوو سەدەی سەرەتای حکوومەتی پارتەکان. زۆر شتی جێی ڕامان لە نێو کاولەکانی «گەنجخانە»ی نێسای کۆن دۆزراونەوە. لە ژوورەکانی ئەم خانووبەرەیەدا بەداخەوە گەلێک شمەکی پرشوبڵاو کە دزان بە شپرزەیی بەجێیانهێشتوون وەبەرچاو دێن و بریتین لە: چەکوچۆڵ، قوبەی نێوەڕاستی مەتاڵ، پەیکەرەی سواڵینە، شووشەی نەخشێندراو و ڕێڕێ و ئەشتەبای سواڵینە و پەیکەرەی کانزایی هێلێنیستیی خودایانی ئاتۆن و ئۆرووس و ئەبولهەول و هێندێک کەلوپەلی عاجینە. ئەوانەی کە لە عاج ساز کراون بریتین لە پێچکەی کورسییەک کە لە وێنەی پەنجەشێرێکی باڵداری چەند پەلکە داتاشراوە و گەلێک پیاڵەی زۆر هێژای وەکوو شاخ کە چاکیان نەخشاندوون و تیفتیفەیان داون. ئەم پیاڵانە نە تەنیا هەر شووشە و زێڕیان تێگرتوون، بەڵکوو گەڕانگەڕی لێواریشیان بە وێنەی ئوستوورەکانی یۆنانی و جارجارەش بە ڕیزێک ڕوخسار ڕازاندوونەوە (ق ٤٢). لە داوێنی ئەم پیاڵانە پەیکەرەیەک یان مرۆڤەئەسپێک یا شێر یام خواژنێکیان هەڵکەندوون. لێرەدایە کە لانیکەم دوو نەریتی هونەری تێکەڵاو بوون. شکلی پیاڵە شاخینەکانیان لە دەسکردەکانی سەردەمی هەخامەنشی وەرگرتوون و دیمەنی ئوستوورەکانی یۆنانی بە دابی هونەری یۆنانی نەخشێندراون. بەڵام دیمەنی جەللەی سەرەکان بەدیهاتێکی

هونەری ئێرانییە كە بۆ وێنە لەسەر كۆبە و پەراوێزی تاقی هەیوانی پەرسگەی حەزەریش بەدی دەكرێ. لە توێژینەوە و كۆڵینەوەی دیكەدا شوێنەواری وەكوو ئەمانەیان دۆزیونەوە. ئەوانەی لەسەر شێوازی یۆنانین بریتین لە دوو پەیكەرەی بچووكی هێلێنیستی زەمان یان خواژنان و سەرێكی هێرقێل، بەڵام وێشدەچێ مەبەست ڤێرسرێغنە بووبێ (ق ٣). چەند پارچە پەیكەرەیەكی سواڵینەیان لە كۆشك دۆزیوەتەوە كە شێوازیان دیاری ناكرێ و ڕەنگە دیمەنی باپیرانی پادشا بن (و ٣). دیمەنی چەند سواڵەتێك نیشاندەری چەشنێك



ق ٤٣- چەند سواڵەتێكی دۆزراوە لە مەزارگەیەكی نێسا. سەر بە سەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی پارتی. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
A.U.Pope, A Survey of Persian Art,Vol, I,fig.١١٤.

نژیاروانیی تێكەڵاوی یۆنانی و ڕۆژهەڵاتین (ق ٤٣). جارێكی تر قۆنگرەی ڕاستەگۆشەی ئاشووری سەر وەدەر دەنێنەوە. تیرانی بەرەو سەر و مانگیلە و گەڵای شەودێر و دیمەنەكانی دیكەی سەر سواڵەتەكان ڕەنگە هێمای خودایانی ئێرانی بووبن.

نیزیكایەتی «نێسا»ی پایتەختی پارتی لە پادشایەتی هێلێنیستیی باختەر، ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕ كە داخوا ئەمانە نەكەوتوونە ژێر كارتێكردنی شێوازی باوی یۆنانیی باختەری؟ سكەی كەشخەی باختەر كە دیمەنی «ئووتیدێم»یان لەسەر شەقڵ كراوە و ئەو دۆزراوە تازانەی كە لە «ئای‌خانم»ی ئەفغانستان وەدەست هاتوون بۆ كاری ئێمە زۆر گرینگن. ئای‌خانم دەوروبەری

بنكەی ژین
www.zheen.org

سالی ٣٠٠ تا ١٠٠ای پ.ز. ئاوەدان بووە و خەڵکی لێ ژیاوە. لێرە هێندێکیان کوتولەتی پەیکەرەی چەشناوچەشنی سواڵینە دیتوونەوە کە بە شێوازی یۆنانی ساز کراون و هەروەها چەند لەتوپەتێکی شوێنەواری نژیاروانییان وەچنگ کەوتوون کە دۆزراوەکانی نێسای پارتی دەخەنەوە یاد. لێرەدا یەکەم نیشانەکانی پەیوەندیی هونەری حاشاهەڵنەگر و دیارە.

سەرەتاکانی داگیرسانی ئایینی مەسیحایەتی، لە هونەری پادشایەتیی ناوبراودا تووشی شێوازێکی تەواو ڕوون و تاقانەی پارتی دەبین کە خێرا تەنەوەی کردووە و دەگەڕێتەوە سەر ئەم تێکەڵاوییە. گۆیا ئەم شێوازە دەبێ لە هەرێمی دووچۆمانەوە داهاتبێ و ئەمانە هەموویان وەکوو تەواوی شێوازە هونەرییەکان لێرولەوێ پێکەوە جیاوازن، بەڵام بەگشتی دەچنەوە سەر بنەڕەتێکی یەکانگیر کە لە ڕابردوودا نەبوو. شەکانەوەی ئاڵای ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دیمەنی سکەکانی پارتیدا بەرچاو دەکەوێ کە سەدەی یەکەمی پ.ز. لێدراون (و٦). سکەی تەواو یۆنانی بە پانەوە بزر بوون و سکەی سەر شێوازی ڕۆژهەڵاتی بە چەشنێکی وا کە یەکسانی و یەکانگیری و پارێزراوبوونیان تەنیویەتەوە، برەویان ئەستاندووە. لە سەرەتای مەسیحایەتیدا سکەکان سەری پادشا بە چەند شووخاڵێک دەخەنەڕوو. دەموچاوی تووکن و نیوتاجی پادشا بە خەستی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی شێوەی هونەری ڕۆژهەڵاتی. ئەم شێوە خەتخەتانە تایبەتمەندیی دیار و شازی شێوازی پارتین و ترازانە لە نەخش و دیمەنی ڕۆژاوایی و ڕاستەقینەی یۆنانی. گەلێک ڕەوتی سەرەکی لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆژهەڵاتی و یۆنانی وەردەگیرێن و ڕەچاو دەکرێن. ڕوخساری خودایانی یۆنانییان هەر وەک خۆیان لەبری خودایانی هاوشێوەی ڕۆژهەڵاتی دادەڕشتەوە. سەیر ئەمەیە کۆنترین نموونەکانی ڕاستەقینەی هونەری «پارتی» لە جێگایەک دۆزراونەوە کە هەرگیز ناوچەی دەسەڵاتی پارتی نەبووە. ئەمانەیان

لە پالمیر دیتوونەوە کە بە باری رامیاریدا دەکەوتە جەغزی سووریای ژێر دەسەڵاتی ڕۆم و قەراخ و بیجاخی ئەو سنوورانەی کە هەرێمی کەلتووریی پارت بوون. پالمیر شارێک بوو کە بە داهات و قازانجی هاتوچۆی کاروانی بازرگانان لە بیابانی سووریادا ڕێگای گەشەی دەپێوا و بوو بە بازێرێکی گەورە. کۆنترین شوێنەواری سەر بە هونەری پالمیر کە هەتا ئێستا دۆزراوەتەوە، لە قولکەیەکدا بوو کە دەوروبەری ساڵی ۳۲ی ز. لە نێوگۆرکی پەرستگەی بەعل بە دەستی ئەنقەست و لە ترس و دڵەڕاوکە و ناهومێدیدا کۆڵیبوویان و ئاسەوارەکانیان تێدا شاردبۆوە. ئەم پارچە پەیکەرانە کە بە نەخشی وردیلە داتاشرابوون و هێندەش لەبار نەبوون، بێگومان زەمانێک پەرستگەی پێشووی بەعلیان رازاندبۆوە کە بەرەو نەمان تلی دابوو، بەڵام ئێستا هەبوونیان هیچ پێویست نەبوو. دیسانیش ئەمانە بە باری دیرۆک و هونەری پارتیدا زۆر گرینگ و هێژان. هێندێکیان ریزێک مرۆڤ لە لاجەوە دەخەنە بەرچاو کە مەبەستی شازی هونەری ئاسیای ڕۆژاوایییە و هەتا ئەو دەورانی هەزار ساڵی بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیبوو. بەڵام لەوانەی کە نەخشاندوویانن دوو کەسیان بەرچاون. یەکیان پیاوێکە کە لە ئاست میحرابێک راوەستاوە و لەگەڵ دیمەنی کەسەکانی تر جیاوازە، چونکە ڕووی لە بینەرە و تەواوی ڕوخساری دیارە (ق٤٤). بەردەتاشراوەکەی دیکەش هەر دیمەنێکی ئەوتۆ دەخاتەڕوو، واتە ئەو کەسەی ڕێورەسمەکە بەڕێوە دەبا تەواو لە رووبەڕوورا شەقڵ کراوە. ئەم دیمەنە داتاشراوانە نیشانەی پەیدابوونی ڕێوشوێنێکی تازەن و شۆڕشێک لە هونەری ڕۆژهەڵاتی نیزیکدا دەخەنە بەرچاو کە ئەویش نواندنی ڕوخسارە لە بەرەوڕوورا. ئەو هەوڵانەی دران بۆ دۆزینەوەی پەیوەند و بەستنەوەیان بە رابردۆوە، ئاکامێکیان لێنەکەوتەوە؛ واتە توێژینەوە لەسەر دیاردە جیاوازە کۆنەکانی دیمەنی بەرەوروو لە نێو شێوازی ڕۆژهەڵاتی و یۆنانیدا هیچیان

لێهەڵنەکرا. دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک بە سەر نیشاندانی ڕووکاری ئادەمیزادان لە دیمەنێکدا کەموزۆر هونەری پارتی لە هەموو جێیەک برەوی ئەستاند. تەواوی ئەو کەسانەی لە دیمەنێکدا دیارن و کارێکیان لە ئەستۆیە، لێکولێک وەکوو یەکتر نیشان نەدراون و زۆربەیان سەریان بە باری پێچەوانەی یەکتردا سووڕاندووە و تەنانەت قەڵافەتیشیان هەروا داتاشراوە (و ٣٤، ٣٦، ٣٨، ٣٩). ئەگەر بێتوو کەسێک بە مەبەستی توێژینەوە بگەڕێتەوە بۆ پتر لە سێ هەزار ساڵ لێرەوبەر و بە شێوازی داتاشینی ئەو ڕوخسارانەدا بچێتەوە کە لاڕوومەتیان دیارە و لە قەڵەمکێشەکان خورد بێتەوە کە تاقولۆقەی دەگمەنیشیان تێدایە، نرخ و بایەخی ئەم ئاڵوگۆڕەی لە نەریتی هونەریی ڕۆژهەڵاتدا بۆ دەردەکەوێ.

خاڵە سەرەکییەکانی ئەم شێوازە تازەی پارتی لە کۆمەڵێک دیمەنی تایبەتیی دینیدا بۆ ڕازاندنەوەی پەرسگەی بەعل لە پالمیر کەلکی لێوەرگیراوە کە ڕۆژی ٥ی ئاوریلی ساڵی ٣٢ی زایینی کراوەتەوە. بێلای پڕ ئەستوون یان حەساری کۆڵەکەداری دەورەی پەرسگە بە چەند کاریتەیەکی ئەستووری سپیدار کە زەمانێک میچی هەیوانەکەیان ڕاگرتبوو، دەچۆوە سەر هۆدەی ناوەندی. دوو لاجی هەر کاریتەیەک بە دیمەنی ڕێورەسمێکی دینی نەخشاون و لە ڕاستیدا قووڵ دانەتاشراون، بەڵکوو بە ڕەنگ کێشراونەوە. ئەم دیمەنانە خاوەن گەڵاڵە و چوارچێوەیەکی یەکدەست و پەیوەندیدار نین. گۆیا دەبێ خەرجی تێچووی ئەم نەخش و نیگارانە لە لایەن کەسانێکەوە دابین کرابێ (ق ٤٥). بۆ وێنە لە دیمەنێکی وەکوو «شەڕی خوداوەندان لەگەڵ دێوی مارپێدا»، خوداوەندان هەڵیانکوتاوەتە سەر دێوێکی کە ڕاست بە پێوە چەقیوە یان لەسەر پشتی ئەسپێک خۆی دەنوێنێ کە دیمەنێکی لە بیران چۆوەی ئوستوورەکانی ڕۆژهەڵاتییە. بینەر دەبوو خۆی لە ڕووی قەڵافەتی خوداکانەوە لە چۆنیەتی

جموجــووڵ و چالاكییــەكان حاڵــی بووبــا و خوداكــانی لــە ڕووی نیشانـــەی جلوبەرگ و هێماكانیانەوە ناسیبانەوە، هەروەک چۆن باوک و باپیران سەدان ساڵان ناسیبوویاننەوە. بەڵام هەر خودایــەكی كــە لــەم دیمەنــەدا كــارێكی لــە ئەستۆیە، تەنانەت لەو كاتەشدا كە ئاوقای دێوی سەر پشــتی ئەســپ دەبــێ، دیسانیش هەر ڕووی لە تەماشاوانە. كاردانەوەی ئەم داهێنانە ڕاكێشانی بینــەر بوو بۆ نێو دیمەنەكە و پەیوەندی و نێوانی لەگەڵ خودایانی بەرچاوخراو گــەرم وگوڕتر دادەمەزرا.



ق ٤٤ – نەخش و نیگاری داتاشراوی سەر بەردەقسڵــی ڕزەڵــۆک كــە لــە حەوشــەی پەرسنگەی بەعلی پالمیر دۆزراوەتەوە. دوو ژن و پیاوێكی پەرستندە لە تەنیشــتەوە دیارن و كەوتوونە پاڵ پیاوێک یان كاهینێک كە بۆنخۆشكەرە دەخاتــە بۆندانــەوە. ڕەنگە سەر بە كلكەی سەدەی یەكەمی زایینی بێ. شەقڵــەبەردەكە ٦٠ ســانتیمیترێک بەرزە. لە ڕووی وێنەی ئەم سەرچاوەیە كێشراوەتەوە:
M.Morehart, Berytus, ١٩٥٧, p. ٥٣f.

جێگۆڕكەی شێوازی ڕوخساری تەواوڕوو لەگەڵ نیــوەڕوو، ســەیر خێــرا ڕووی دا. دەوروبــەری كۆتــایی ســەدەی یەكــەمی پ.ز. ڕوخســاری ڕووبــەڕوو پالمیریان داگرت. هەتا ساڵی ٣٢ی ز. كە ڕێكەوتی هەڵكەندرانی نەخش و نیگاری سەر كاریتەكانی پەرستگەی بەعلە، نیوەڕوو لە پالمیر بەتــەواوی نــەمان یــان پاڵدرانە كەلێن و قوژبنی دیمەنان بۆ نیشاندانی كەسانی كەمبایەخی نەزیلەكە.

پاش ماوەیەک، داتاشینی ڕوخساری بەرەوڕوو لە هونەری پالمیردا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. دیمەنە شەقڵکراوە دینییەکانی ساڵانی ۳۱، ۳۲ و ٥٤ی زایینی لە «دوورا ئوورۆپۆس»یش هەر لەسەر ئەم شێوازە ڕۆیشتوون، جا بۆیە دیارە کە



ق ٤٥- نەخشێکی داتاشراو لەسەر کاریتەی بەردەقسڵی حەوشەی دەورە بەکۆڵەکە پەرستگەی بەعلی پالمیر کە ڕیزێک خودا سوارە و پیادە و سواری دڕۆشکەن و هێرشیان بردۆتە سەر دۆڵپایەکی مارپێ لە شانی چەپ. لە سەرەوە خودایەکی باڵداری مارپێ دیارە. دەوروبەری ساڵی ۳۲ی زایینی. درێژایی کاریتەکە ۲ گەزە. لە ڕووی وێنەی ئەم سەرچاوەیە کێشراوەتەوە:
H. Seyrig. Syria,١٩٣٤, pl.xx.

خێرایەکی لە سەرتاسەری ناوچەی دووچۆمان و بابل و ڕۆژاوای ئێراندا تەنەوەی کردووە. بەڵام لە شەقڵەبەردی سەر تاشەیەکی بێستوون کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٥٠ی زایینی و دیمەنەکەی زۆر تێداچووە و تەواوێک هەڵوەریوە، گۆدەرزی دووەمی فەرمانڕەوا کە لەسەر پشتی ئەسپەوە نیزەی گەیاندۆتە دوژمنی، نیوەی ڕواڵەتی دیارە و داتاشراوە. دیسانیش ئەم تێکهەڵچوونەی جووتەسواران لە هونەری پارتی و ساسانییەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن برەوی بووە. شەقڵەبەردێکی دیکەی فەرمانڕەوایەتی کە زۆروکەم سەر بەم چاخەیە و لەسەر تاشەبەردێکی «هەنگی ئەژدەر» لە ڕۆژاوای ئێران

داتاشراوە، هەر دەچێتەوە سەر ئەم قۆناخەی گواستنەوەی شێوازەكان. سوارێكی نیوەڕواڵەت لە چوار سواری تەواو ڕوخسار نزیک دەبێتەوە كە ڕەنگە خەریكی سڵاو لێكردن و ڕێزگرتنی بن. لەوی بە دواوە داتاشینی ڕوخساری بەرەوڕوو لە ڕۆژاوای ئێران بوو بە باو. تەتەڵەیەكی نیشاندەری ئازیەتباری لە ئاشوور و دیمەنێكی دینی لە بێستوون و چەندین شەقڵەبەردی سەر ڕەوەزەكانی شەمبار و تەنگی سەرۆک، تەواویان ئەم شێوازەیان تێدا ڕەچاو كراوە(ق٢١). هەروەک دواتر باسی دەكرێ، ئەم شێوەیە بەر لە كۆتایی سەدەی یەكەمی ز. توانیبووی پەلوپۆ باوێ و تەنانەت بگاتە ڕۆژهەڵاتی ئێران. داهاتنی ئەم شێوازە كۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێ كە لە هەمووان ساكارتر ئەمەیە: باشە بۆچی كێشرانەوەی ڕوخساری ڕووبەڕوو برەوی ئەستاند؟

گۆیا یەكەم كێشرانەوەی ڕووكاری ڕوخساران بە مەبەستی نیشاندانی خودا یان چەند خودایەكی پایەبەرز و هەڵكەوتە لە دیمەنەكانی دینیدا كاری لەسەر دەكرا هەتا ئەوان لە تەماشاوان نزیک بكاتەوە و پەیوەندییەكیان لە مابەینیدا داگیرسێنێ. ئەوانەی لە پلەی خوارتر بوون هەر بە شێوەی نیوەڕوو دەخرانە بەرچاو. بەڵام هێندەی پێنەچوو كە ئەوانیش بە شێوازی تازە نەخشێندران. بەم چەشنە بینەرانی ئەم نەخش و نیگارە هەڵكەندراوانە ئاشناتر و هۆگرتر بوون بەو خودایانەی كە دەیانپەرستن و ئەو دیمەنانەی كە ئەوان دەوریان تێدا دەگێڕا. یەكێک لەو هۆكارانەی كە بۆچی ئەم كاتە لە هونەری ڕۆژاوای قەڵەمڕەوی پارتەكاندا نواندنی ڕوخساری بەرەوڕوو بوو بە باو، چۆنیەتی بارودۆخی سیاسی و شێوەی ئاخاوتنی ئەم مەڵبەندەی پارت بوو. لە ڕوانگەی خەڵكی سامیڕەگەزی دووچۆمانەوە، خودایانی خۆماڵی سەركەوتنی گەورەیان پێبەخشیبوون. خودایانی سلۆكی نەیانتوانی یاریدەی پەرستندەكانی خۆیان بدەن و حكوومەتی سلۆكی لێكەوت و بەعلەكانی سامی سەركەوتن.

www.zheen.org

هەڵچوونێک لە نێو هەستی نەتەوەیی و بڕوا بە خۆبوونی ئەو خەڵکەدا، کە سەردەمێک خۆیان بە خواردەستە و ملکەچ دەزانی، پەرەی گرت. زەمانی ئارامیی ئەوان لە شارەکانی پالمیر، دوورا، ئاشۆر، حەزەر و دەوروبەریاندا بوو بە زەمانی باوی خۆجێیی و تەنانەت تاکوو پاش زاڵبوونی پارتەکان و ڕۆمییەکانیش هەر مایەوە (ق١١). ئەم هەستە نەتەوەیی‌یە چونکە لەگەڵ بۆچوونی نوێباوی دینی و فەلسەفییانەی بایەخداری تاک تێکەڵاو بوو، مەیل و تامەزرۆیی خەڵکی سامی‌ڕەگەزی بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی نیزیکتر لەگەڵ خوداکانیان لە ڕێگەی دیمەن و دیداریانەوە پێهەڵابرد. وەک وێدەچێ کێشانەوەی ڕوخساری ڕووبەڕوو بوو بە هۆکارێک بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. کاتێک ئەم شێوازە ڕەچاو کرا و لە سەرانسەری قەڵەمڕەوی پادشایەتی‌دا بڕەوی ئەستاند، پەلوپۆی پتر هاویشت و سنوورەکانیشی بەزاندن. لە چەند دیمەنێکی دیکەدا کە لەسەر کاریتەکانی پەرسگەی بەعلی پالمیر خراونەڕوو، گەلێک مەبەستی هونەریی دینی پارتەکان خۆی نواندووە کە بریتین لە خودایان یان خواژنانی بە ڕیز ڕاوەستاوی بەرەوڕوو کە خەریکن بۆنخۆشکەرە دەخەنە نێو ئاورگێکی بچووک لە تەنیشت پەرستندە و وێنەی ئوستوورەکان. هونەرمەندانی پارتی وەکوو پێشینیانی خۆیان هیچ خوازیاری کێشانەوەی وێنە و بایەخدان بە ڕوخسار و قەڵافەتان نەبوون. بیری داهێنانی دیمەن و پێکهاتەیەکی ڕەسەن بە خەیاڵیشیاندا ڕانەدەبرد و هەر لەسەر ڕێوشوێنی کۆن دەڕۆیشتن. واتە خوداکان لە ڕووی چۆنیەتیی ڕاوەستان و قەڵافەت و جلوبەرگ و ئاکاری دیار و دیاری‌کراویانەوە دەناسێنن و تەواوی دیمەنەکان بە چەشنێکی یەکسان و چون‌یەک دووپات دەبنەوە. مەبەست ئەوەیە بینەر دیمەنەکان پتر بە یارمەتیی نەزیلە و گێڕانەوە کۆنەکان دەناسێتەوە، نەک لە ڕووی جوانیی وێنەگەری و

بنکەی ژین
www.zheen.org

خوردبینیی وەستاکارانەوە. ئامانجی هونەرمەند گەیاندنی چەمک و مانای دینی و مەعنەوی بوو تاکوو دەرخستنی جوانی.

هێندێک لە نەخش و نیگارە دینییەکانی پەرستگەی بەعل پڕ گرێ و گرفنچک و تەماوین. بۆ وێنە لە «ڕێوڕەسمی ڕێپێوانی عەرەبان»دا، وەستاکار دەبوو چەند تەماشاوانێکی ڕاستەقینەی سەرەکیشی کێشاباوە کە لەسەر ڕێی ڕابردنی کەژاوەی سەر پشتی وشتر ڕاوەستاون (و ٣٥). ئەم بینەرانەیان شان‌بەشانی هێڵێک لە داوێنی دیمەنەکە داتاشیوە و لە لای چەپەوە تاقمێکیان تێکترینجاندوون کە زۆر وەک شوێنەوارە هونەرییەکانی ڕۆژهەلاتی کۆن و شەقڵەبەردەکانی ئاشوورییە. بەلام پۆلێک ژن کە لە باڵی ڕاستەوە دیارن و جلوبەرگیان بە خوارەکەوپێچەکەی خەت و کووزان نەخشاندوون، یەکێک لە داهێنانە ڕەسەنەکانی هونەری پارتییە. شەقڵەبەردێکی دیکە، دیمەنی دەست لێدانەوەی «ئاگلیبۆل»ی خودای مانگە لەگەڵ «مەلەکبەعل»ی خودای کشت‌وکاڵ کە بڕست و دەسەلاتیان بە کێشرانەوەی جێ قوربانی یان کوشتارگەی دووانەیان، وێڕای بەرهەمە زەمینییەکانیان خراوەتەڕوو (و ٣٦). سەیر ئەمەیە کرێکارانی یۆنانی کە بە هەڵکەوت بۆ نەخشاندنی میچێکی بەردینی پەرستگەی بەعل بە کرێ‌گیرابوون، چونکە «سیلێن»ی خودای مانگی یۆنانییەکان مێیینە بوو، نێرینەی ئاگلیبۆلیان لە بیر کردووە. هەر بۆیە خودای مانگیان لە ژووری پەرستگەی مێیینەدا داتاشیوە و لە بیریان چۆتەوە کە هەر ئەم خودایەیان لە شەقڵەبەردی دەرەوەی بیناکە لە حەوشەی نێرینەدا نەخشاندووە. بەم کارە دەڵێن لێ‌نەزانینی دینی.

سەدان تەتەڵەی نەخش و نیگاری دینی کە زۆربەیان بە دیاری دراون و دیمەنی ڕێوڕەسم و ڕێوشوێنی ئایینی نین، لە دەورووبەری پالمیر دۆزراونەوە. زۆربەیان بچووکن و ڕوخساری یەک یا چەند خودایان پێوەیە کە

بۆنخۆشکەرەیان بە دیاری بۆ دەخرێتە ئاوردانەوە. زۆرینەی خوداکان بە ئارامی ناویان هاتووە و باربووکەر داوای دلۆڤانی و چاکەی لێ‌کردوون (و ٣٤، ٣٨). زۆربەیان جلی ساکاری ئاسایی خەڵکی پالمیریان لە بەر دایە و وەکوو ئەوان پتر سواری ئەسپ و وشترن. زۆربەی خودایان، تەنانەت خودایانی مێیینەش چەکدارن هەتا باشتر بتوانن پارێزەری پەرستندەکانیان بن. جاری واشە خوداکانیان بە کۆمەڵێک هێما و نیشانەی وەکوو دەستێکی ڕادێراو یان شێر و هەورەبرووسکە، دەخستنە بەرچاوان. قەڵافەت و تایبەتمەندیی خوداکانیان پتر لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی و یۆنانی وەردەگرت و بە کەمی خۆیان لە قەرەی سەرینچاوەی ڕۆمی دەدا. بەم شێوەیە «شەدرەفە»[1] خودای بە ڕەگەز کەنعانی، چەک‌وچۆڵی هێلێنیستی پێیە، بەڵام بە هێمای مار و دووپشکی ناوچەی دووچۆمانەوە دەرکەوتووە. بەداخەوە هونەرمەندان بۆ خستنەرووی پەیکەرەی فرەچەشن زۆر بەرچاوتەنگ و دەس‌قووچاو بوون (و ٣٤). هەر کات درۆشمی تایبەتی ئەوانیان نەکێشابێتەوە، بێ‌گومان زۆربەی قەڵافەتەکان وەک یەک دەچن و ناناسرێنەوە و لە ڕابردووش‌دا هەروا بووە. تەنانەت بۆ خەڵکی پالمیری ئەو سەردەمانیش.

باشترین نموونەکانی بەجێماوی هونەری پارتی، هەر ئەو تابلۆ نیوەبەژنانەن کە لە ڕاستی‌دا بۆ گونجاندنی «nefesh» یان ڕووحی مردووەکانی خەڵکی پالمیر و هەروەها بە مەبەستی هەڵاوەسین لە مووزەکان‌دا داتاشرابوون. وا دیارە ئەوانە وێنەیان لە کێل و بەردی گڵکۆی ڕۆمییەکان هەڵگیراوەتەوە. هەر کام لەم تەتەڵانە کە بە وێنەی تەرمی خودی مردووە مۆمیاییکراوەکان دەنەخشێندران، وەکوو بەردەگۆڕیچە دەخرانە سەر داوێنی تابووتی مەزارگانەوە (و ٣٧). ئەم تەتەڵانە ئێستا وێنەیەکی زیندوو لە ڕواڵەتی پالمیرییەکانی

---

١- Shadrafa.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەوڵەمەند، بازرگانان، كاهینان، كۆچەران، ژنانی تەرپۆش، منالآن و خواجەكان بە جلوبەرگی پارتی و یۆنانییەوە دەهێننە بەرچاومان (و٤٠-٤٦). ئەمانە ئەگەرچی لە ڕاستیدا وەكوو زیندووەكان دەچن، بەڵام دیمەنی مردووەكان بە چەشنی سەردەمی ژیانیان ناخەنەڕوو (و ٣٩). دۆزرانەوەی دوو نیوەبەژنی تەواو جیاوازی ژنێک و دوو پەیكەرەی هاوچەشنی سەر بە دوو چاخان، دەكرێ بەڵگەی پتەو بن لەسەر قسەكەی ئێمە. ئەم تەتەڵانەیان لە لای سەری مردووەكان دادەنان. ئەم دیمەنە داتاشراوانە گەلێكیان زانیاری لێهەڵدەكرێ و زۆر نیشانەی تازە دەخەنە بەردەست. بۆ وێنە قەڵافەتی ئەندامانی بنەماڵەی ساسانی چوارمێردەكی شەقڵ دەكران. ڕەنگینترین پالمیرییەكان دیمەنی خۆیان لە شەقڵەبەردی زۆر گەورەتردا نواندووە و لە ڕێوڕەسمێكی دینی یان «میوانداریی تازیەداری»دا سواری تەختێكی ڕازاوە كراون و پاڵكەوتوون و لاقیان ڕاكێشاوە و بنەماڵە لە دەوریان هالآوە (و ٤٦). ئەم شەقڵەبەردانەیان وەكوو زۆربەی بەردەتاشراوەكانی كەونارا لە ڕەنگێكی دیاریكراو چێ كردبوون. ڕواڵەتی ڕەسەنی ژوورەوەی گۆڕخانەی پالمیرییەكانیان لە مووزەی دەمیشق بە شێوەیەكی سەرنجڕاكێش و كاریگەر ساز كردۆتەوە (و ٣٧).

هەر ڕەوگەیەكی كۆڵەكەداری پالمیر و هەر شوێنێكی كۆبوونەوە و هەر نێوگۆركێكی گەورەی پیرۆز كە بە پەیكەران نەخشا، زەمانێک بە هەزاران پەیكەری مەفرەق كە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە بازرگانان و ڕێبەران و خێرۆمەندانی شار چێ كرابوون، ڕازاوەتەوە. هەر پەیكەرێک لەسەر تاقچەیەكی كە لە قەدی كۆڵەكەیان قایم دەكرد یا جاری وایە بە دیواریانەوە هەڵداوەسی، دادەندرا. بێگومان ئەمانە لە كەش و هەوای سامالی سووریادا دیمەنێكی زۆر جوانیان دەنەخشاند. تەنانەت كۆڵەكە ڕووتەكانیش دیداركەران دەخەنە سەر

بنكەی ژین www.zheen.org

تاریفات و پێداهەڵدان. خاتوو «هیستێر ستانهۆپ»[١] کە لە سەدەی پێشوودا چۆتە پالمیر، دیمەنی ئەم کۆڵەکانە زۆر بە خەستی کاریان تێکردووە. ئەو دەنووسێ هەر وا کە بە نێوان کۆڵەکەکاندا تێپەڕیوە دیویەتی کە هەرکام تاقچەیەکیان لێ شەتەک دراوە و ڕوخساری کیژانی زۆر شەنگ و چەلەنگ و دڵڕفێنی عەرەبیان لەسەر داندراوە کە دیارە لەبەر جوانچاکی هەڵیانبژاردوون هەتا بەخێرهاتنی دیدارکەران بکەن. چەند پەیکەرەیەکی بەردەقسڵی ئەم ڕۆژگارە سام و شکۆ و مەزنایەتی لە پەردەی تەم و مژ و تاریکیدا دەخەنەوە یادان. بۆ وێنە پەیکەرەی کاربەدەستانی ئەم شارە کە پلەی مامناوەندی و نیمچە وشیارانەیان، لە ڕواڵەتی پەیکەرەکانیانەوە دەردەکەوێ. بەڵام دوو پەیکەرەی جوانی سەرپەڕیوی کاهینان و تایبەتی بە خاک ئەسپێردران لە شوێنێک بە ناوی کۆشکی سپی دۆزراونەوە (و٣٣). ئەمانەیان لە باشترین بەردەقسڵ چێ کردووە و بەوپەڕی باریکبینی و وردکاری دایانتاشیون و نموونەیەکن لە شارەزایی و پەنجەنەخشینیی پەیکەرسازانی پالمیری لە دەوروبەری ساڵانی ١٠٠ی زایینیدا. کاهینان کورتەک و پاتۆڵی ئاسایی پارتانیان لە بەر دایە و باڵاپۆشیان بە شانی داداوە و کەمەرەیان بەستووە و مەچەکپێچیان لێ هاڵاندووە. ئەم دووە هێندە وەک یەک دەچن کە دیارە پەیکەرسازێک دایتاشیون. کۆبەی جلەکان بە نەخش و نیگار ڕازێندراونەوە و وردبینی و مووقەڵێشی پەیکەرسازی هونەرمەند نیشانەی ئەوەن کە کەیفی بە کارەکەی خۆی بزووتووە. ڕوخساری پەیکەرەکان و پەلکی گەڵامێوان و پەراوێزە نەخشینەکان لە پەنا تەختی ساکاری ئەم بەرگانەدا گەلێک سەرنجڕاکێش و دڵگرن. ئەم دوو پەیکەرە سەر و بەژنیان بە لای پێشەوەدا شکاوەتەوە و لەبەر پلە و پایە و مەندی و ماقووڵی و هەروەها ئۆخژنێکی کە ئەم دۆخ و دیمەنە دەیخاتە ناخی بینەرەوە، لایەنی ڕێکی و تەرزی ئەم دەسکردە

---

١- Lady Hester Stanhope.

www.zheen.org

هونەرییە کەمتر وەبەرچاو دێ . لێرەدا قورسایی کایـە و ئـەو خۆڕانانـەی کـە هونەرمەند بە مەبەستی نواندنی چینی بەربلاوی جلوبەرگان کردوویـەتی و بـە وردەکاری و پەنجەنەخشینی پێیاندا هاتۆتە خوار ، دادەبەزێ.

تێڕوانینی پەیکەرەیەکی بەرزی مەفرەقیی گەورەپیاوێکی پـارتی کـە لـە شەمی لە چیاکانی بەختیاری دۆزراوەتەوە و هێندەش لە شووشەوە دوور نیـە، هەستێکی ئەوتۆ لە بینەردا بەدی دێنێ (و ٥١). ئەم پەیکەرەیە لـە نێـو کـاول و هەرەسەکانی شوێنێکی بەرتەسکی پیرۆزدا دۆزراوەتەوە کە لەوێ ئایینی بـاوی خۆماڵیی خودایانی یۆنانی و ڕەنگە ئـایینی تایبـەت بـە مـەزنانی بنەماڵـەی فەرمانڕەوایەتی کە گەیبووتە پلەی خودایان، بەڕێوە دەچوو. سەری لە مەفرەق چێکراوی تێکشکاوی پادشایەکی سلۆکی کە ڕەنگە ئانتیۆخووسی چوارەم ئێپیفان بێ لەگەڵ هاوسەرەکەی لەم شوێنە وەدی هاتووە و چەند خودایەکی لە مەرمـەڕ تاشراوی یۆنانیش دۆزراونەوە (و ١). ئەو گەورەپیاوەی باسی کرا جلـی پـارتی پۆشیوە و خەنجەرێکی لە بەر خۆی چەقاندووە و ملیوانەیەکی کانزایی کردۆتـە ملی. ئەو نیوتاجەی کە لە سەری ناوە، لاسـاکراوەی نیـوتـاجی شاهەنشـای پارتە و لەو چەشنەیە کە دەوروبەری ساڵی ٥٠ی پێش زایین و دواتر بە سکانەوە دیتراوە. کەوایە ڕەنگە ئەم پەیکەرە لە مەودای ئەو ڕۆژگارەوە هەتا ساڵـی ١٠٠ی ز. دارێژرابێ. پرچی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش داهـاتوون و کەوتوونـە سـەر شانی و سمێڵ بابڕە و ڕیشی قەڵەمی کراوە و تووکی سینەشی لە ملوانکە بەرەو سەر بە ڕێکی دیارە (و ٤٧). سەری لە قەدەر قەلافەتی بچووکە و ئەمانەیان ڕەنگە بە جوێ و لە چەند جێیەک دارشتبن. لەبەروەی کەلەگەتە سەری لەگەڵ قەلاقەتی یـەکتر ناخوێنێتـەوە، بـەڵام پایەبـەرزی و سـام و شـەوکەت و ڕێـکوپێکـی پەیکەرەکەی، ڕواڵەتێکی بەهێز و خاوەن دەسـەڵاتی پـێبەخشیوە. نـاکرێ وا دابندرێ کە لە هەوێڵ فەرمانڕەوایەک ڕاوەستابێ.

هەروەها سـەرێکی بەردەمەرمـەری دۆزراوەی شـەمی، گۆیـا دەبـێ ئـی مەزنەپیاوێکی دیکەی پارتی بێ (و ٤٨). سەر و پرچ و نیوتاجەکـەی هـەر وەک



ق ٤٦- رووکاری دیمەنێکی دینی کە لەسەر بەردەقسڵ لە حەزەر هەڵـکەندراوە. خـودا تەورێکی بە دەستی ڕاستەوە گرتووە و زنجیری سەگێکی سێ سەری قەڵاتـەکراوی بـە دەستی چەپەوەیە. لە شانی ڕاستی ئاڵای خەزەر و لە باڵی چەپی خواژنێک کە ڕەنگـە ئارتاگینێس بێ، خۆ دەنوێنن و مار و دووپشکیش لێرولەوێ دیارن. ڕەنگە سـەر بـە سەدەی دووەمی زایینی بێ.

پەیکەری لە مەفرەق چێکراوی هاوشانەکەی وایە. بـەڵام هێنـدێک ئـاڵوگـۆڕی گرینگ بە باری تراشدانەوە وەبەرچاو دێن. شێوەی ڕوخسار و نێوچـاوانی بـە قووڵداچووی و چەشنێک نەرمیی تایبەت بۆ داتاشینی ئەم پەیکەرە تەواو لەگەڵ

لێکولووسی و کارپتەوی هونەرمەندانەی سەرە مەفرەقییەکـە جیـاوازە. ئەمـە ڕەنگە دەسکردی هونەرمەندێکی شارەزای شێوازی هونەریی یۆنانی بـێ کـە بـۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارێکی پارتی ڕاسپێردراوە.

هەروابێتەوە پەیکەرەیەکی بچووکی مەفرەق دۆزراوەتەوە کە جلوبـەرگی پارتی پۆشیوە و قژ و پرچی بە دابی ئەوان ڕازاوەتەوە و نیوەبەژنێکی بچـووکی مەفرەقیی دیکەش کە ئی فەرمانڕەوایەکە و گۆیا سەر بە باڵـی ڕۆژاوای ئێرانـە وەدەست هاتووە و وەک ئەردی سێهەم (دەوروبەری ٤ – ٧ ی ز.) دەچـێ و ڕەنگـە ئەو پادشایە هێندەشی پێخۆش نەبێ، چونکە زەمانێک بۆ سەرە وەکاز دارڕژاوە (و٤٩).

بەڵام ئەمیرانی عەرەبی حەزەری کـە دەسـتندەخۆری پارتـەکان بـوون، گەلێک یادگاری شکۆداریان لە پاش خۆیان بەجێهێشتووە. لە سەدەی دووەمـی زایینیدا فەرمانڕەوایان و مەزنانی حەزەر پەیکەرەی مەرمەڕینی بە قەدرایە باڵای خۆیان دادەتاشی و لە پەرسگەکانی شار دایاندەنان کـە بـە دەوری نێوگـۆڕکی پیرۆزی سەرەکی پەرسگەی خۆردا لێهاڵابوون. ئەم شارە دەوروبـەری سـاڵی ٢٤٠ی ز. ئەوەندە لەپڕ و سەروبەر تێداچوو کە ئەم پەیکەرانە یان هەروا لە جێی خۆیان مانەوە یا چلۆن بە لادا کەوتبوون لە ژێر هەرەسان‌دا بزر بوون و لە بیران چوونـەوە، بـەڵام ئێسـتا کەڵـتەیان کردوونـەوە (و ٥٠ ، ٦٥). ئوتـاڵشـا و سێنترۆکشا کە ناویان لـە چیرۆک و ئەفسـانەکانی عـەرەبان‌دا ماوەتـەوە و گەورەپیاوان و سەرکردەکانی بارگای پادشا بە بوونی پەیکەرەکانیان کەوتوونە بەرەورووومان و جارێکی تـر گیانیـان وەبـەر هاتۆتـەوە (و ٥٢، ٥٣، ٥٥). ئـەم پەیکەرانە بە ڕوخسـاری قـەتیس‌مـاو و بـەرەورووویان، بینـەر دەخەنـە ژێـر کارتێکردنی تێوەڕوانینی زەق و تەنانەت قیناوییانەی خۆیانەوە. دەوڵەمەندی و دەسەڵاتیان لە ڕووی چۆنیەتی چین‌چینی جلـی شـکۆمەندانە و ڕازێندرانـەوەی

وەستایانەی پرچیان و ئەو گەوهەر و مرواریيانەی کە بە بەرگ و قەڵافەتیانەوە هەڵواسیون دەردەکەوێ. بەڵام ئەم پەیکەرانە تەنیا داتاشین و دارشتنەوەی ڕوخسار و قەڵافەتی کەسەکان نین، بەڵکوو لایەنی چۆنیەتیی مەعنەویی ئەوان دەخەنەڕوو کە لەو کارانەدا وەبەرچاو گیراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەمانە پتر نیشاندەر و ئاوێنەی ڕووحی پادشایانەی فەرمانڕەوایانن کە کەوتوونە نێو جەغزی کەسانی دەوروبەریان و ئەوانیش دەستەودوعا لە بەرامبەر ئەم خودایەی خۆیاندا سەرقاڵی پەسن و پاڕانەوەن.

ئێستا خودایان و خواژنانی حەزەریش دەناسین. لە پەرستگەی ئاشووری بەعل خودای ئەم پەرستگەیە دۆزراوەتەوە (و ٥٤). سەری ون بووە و ڕەنگە زەمانێکی ڕواڵەتێکی ئاشووری هەبووبێ. جلوبەرگ و پەیکەرەی تیش[1] کە لە بەر پێی دانیشتووە، لە هونەری یۆنانی وەرگیراون، بەڵام شێوازی کارەکە پارتییە. شەقڵەبەردێکی کە بە ڕەنگی ڕوون نەخشێندراوە، خوایەکی کۆک و پۆشتەی ڕیشدار لە جلی پارتیدا نیشان دەدا کە سەگێکی سێ سەری زنجیرکراوی پێیە (ق ٤٦). ئەم خودایە دەبێ «هاد»ی[2] خودای مەرگی یۆنانی بێ کە ئامپا سامی یان ئێرانییەکانی بریتین لە «مۆرگان»[3] یان «ئەهریمەن». چونکە سەگ بەئاشکرا بەڵگەیە لەسەر «سێربێریووس»[4] لە ئوستوورەکانی جیهانی ژێرووی یۆنانیدا. خواژنی دانیشتوو، مارەکان، دووپشکەکان و تەوری دوو سەر لە دینەکانی سووریایی و دووچۆمانی وەرگیراون. تێکەڵ کردنی ئەم نەخش و نیگارانە پێکەوە کەمایەسییان تێدایە و پەیکەرەکان و شتەکانی ڕووبەری دیمەنەکە هەڵکەندراون و بایەخی سەمبولیکیان بە سەر ڕەچاو کردنی باری هونەریدا

---

١ - Tychea خواژنی بەختەوەری .م.

٢ - Had.

٣ - Morgan.

٤ - ئەو سەگەی کە خاوەن یان دەرکەوانی جەهەندەمە. م.

شکاندوونەوە. دەسکردەکانی دیکە بریتین لە دیمەنی شەهێن و ئاڵای حەزەر و پەیکەرەی «مێدووز»ی[1] خواژنی مانگ و گەلێک خودای تر کە لە بەرەورووڕا چێ کراون (و ٥٦ – ٦٤). دیمەن و قەڵافەتی «ئەلات»ی خواژنی عەرەبان لە ڕووی «ئاتۆن»ی خواژنی یۆنانی هەڵگیراوەتەوە (و ٦٠). هەروەها لە بەژن و باڵای خودایەکی خۆماڵیدا کە لەسەر شێوەی چەند پەیکەرەیەکی هێرقێل سازکراوە، گۆیا هونەرمەندان تەواوی ڕق و بێزاریی خۆیان سەبارەت بە ڕووتی تێدا دەربڕیوە کە تایبەتی سامییەکانە (و ٥٩). ئەو پەیکەرانەی کە لە بەردی مەڕمەڕ داتاشراون (و ٦٣ a) هەموویان دیاریی دینین کە بڕواداران پێشکەشیان دەکردن، وەکوو خودای خۆر و مانگ و خودایانی تری خۆماڵیی یۆنانی چەشنی هێرمێس بە کڵاو و سۆڵی باڵدارەوە. سەرەڕای ئەمەش کەم کەس لە حەزەر هێرمێسیان دەناسی.

سەر و ڕوخسار و نیوەبەژن و قەڵافەتی زۆربەی خوداکانیان لە ڕووکاری بینا و خانووبەران یا سەرووی دەرگانەی پەرستگەکاندا نەخشاندوون و دەریانخستوون. لە گەڕانگەری بەرهەیوانی پەرستگەی خۆر ئەمانە وەبەرچاو دێن (و ٦٦). لە تەختی ئەو گێچبڕییانەدا، کۆمەڵێک سەری شایانی ڕامان بەدی دەکرێن کە تەماشاوان دەخەنەوە یادی دەمامکەکانی نێو شانۆکانی یۆنان و ڕۆم (و٦٨). تا ڕادەیەکی زۆر بە ئەرخەیانییەوە دەکرێ بڵێین ئەمانە هەڵگری چەشنێک گرینگایەتیی ئایینی بوون (و ٦٤). لە بان سەردەرانانەوە کۆمەڵێک پەیکەرەی نیوەبەژنی بچووکی تری شەمەش یان خودایەکی کە لە نێو خزمەتکارانی پەرستگەدا ڕاکشاوە، بەدی دەکرێن. سەرەنجام دەبێ باسی پەیکەرەیەکی بچووکی شێرەداڵی باڵدار بکرێ کە وەک پاسەوانی پەرستگەی خۆر

---

١ - Medusa لە ئوستوورەکانی یۆنانیدا پەیکەرێکی مێیینەی باڵداری پرچ مارانەیە کە زمانی دەرکێشاوە. م.

لە ژێر یەکێک لە پایەکانی زارکی تاقی هەیوانی باکووری داندراوە. ئەمە یەکێک لە پاشەوارەکانی دووری بوونەوەرانی خەیاڵییە بە باڵی گەورە و سەری گا یان شێرەوە کە ڕۆژگارێک پاسەوانی کۆشکەکانی ئاشۆر و تەختی جەمشید بوون. لە ڕاستیدا بێچوویەکی نارەسەن و گچکە و نزم و نەوی بوو کە لەو ڕەگەزە مەزنە بەجێمابوو.

مەندی و شەوکەتی پەیکەرسازیی پارتی کاری کردۆتە سەر وێنەگەرییە دیوارییەکانی دوورا ئوورۆپۆسیش. لێرە کۆمەڵێک قەڵەمکێشی شایانی سەرنجی سەر دیواران هەر ماون؛ بەتایبەت لەو خانووبەرانەدا کە بە خاک و خۆڵ پڕ کراونەوە هەتا خەڵک باشتر بتوانن لە بەرامبەر دوایین گەمارۆی نێوەڕاستەکانی سەدەی سێهەمی زایینیدا خۆیان ڕابگرن. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی پارتەکان‌دا، واتە لە ١١٣ی پێش زایینەوە هەتا ١٦٤ی زایینی، هونەری دوورا ئەگەرچی بناغەیان بەپێی نەخشەی هونەری یۆنانی و مەقدوونی دارشت، بەڵام زۆر وەسەر ڕەنگی پارتی گەڕا. پەیکەرە و نەخش و نیگاری شەقڵکراو و قەڵەمکێشەکان تێکڕا پەرستگە و دیواری نوێژگان و ماڵی خەڵکیان دەرازاندنەوە. پۆلەپەیکەرەکانی دوورا لەچاو کۆمەڵەکانی شارانی دراوسێ واتە پالمیر و حەزەر کەم بایخ دەنوێنن (و ٦٧). هەر ئەو تایبەتمەندی و دەرهێنانەی ڕوخساری ڕووبەڕوو کە ساڵی ٣١ -٣٢ی ز. وەریانگرت، لە نەخش و نیگاری داتاشراوی «زێئووس کیریووس» و لە تەتەڵەی «ئەفلاد»دا[1] کە ساڵی ٥٤ی ز. هەڵکەندراوە، خۆی دەنوێنێ. دیمەنێکی شەقڵکراوی دیکە کە نیشاندەری پۆلێک بوونەوەری ڕاکردوویە گۆیا لەگەڵ هونەری دەوارنشینانی باکووری ئێران یەکتر دەگرێتەوە. بەڵام هەتا ئەو جێیەی ئاگامان لێیە بەشێکی گەورەی کە هونەری دوورا لە ئەشکانییەکانی وەرگرتووە لە بواری وێنەگەریدا بووە. پەرستگەکان و

---

١ - Aphlad.

نوێژگەکانی نەخشێندراو بە ڕەنگی ڕوون و کراوە و ڕیزە قەڵافەتی قەڵەمکێش و تاقەی دابڕاوی دیواران، زۆر سەیر وەکوو کلیساکانی مەسیحیی ئۆرتۆدۆکس دەچن. پەرستگەی ناودێر بە خودایانی پالمیری کە ڕەنگە باربووی بەعل کرابێ و لە هەمووان چاکتر ماوە، پێکهاتەی سەرەکی و بەرچاوی وێنەگەرییەکانی دینیی دوورا دەخاتەڕوو. لەسەر دیواری پشتەوەی هۆڵی سەرەکیی پەرستگە، خودایان بە قەڵافەتێکی زۆر کەڵەگەت و چوارشانە لە ڕووبەڕوورا کێشاوەتەوە کە بە پێوە سواری دڕۆشکەیەک بووە. لەسەر دیواری هەردک بەران ئاپۆرای جەماوەری پەرستندەیان لە بەرورووڕا کێشاوەتەوە کە زۆربەیان بۆنخۆشکەرە دەخەنە ئاورگێکی بچووکی بۆندانەوە یان دەستی ڕاستیان بە شێوەیەکی شوکرانەبژێرانە، بۆ پەسندان بەرز کردۆتەوە. لە ڕووی نووسین و فرەچەشنیی شێوازەکەیڕا وا دەردەکەوێ کە هەر بەشێکی ئەم قەڵەمکێشەیان لە مەودای ساڵانی ٥٠ی ز. هەتا ١٠٠ی زایینیدا کێشابێتەوە (و٧٠). تاقمێکی بەرچاوی بنەماڵەی کۆنۆن[١] کە خەریکی پەرستنن و کاهینێکیشیان لەگەڵە بەدی دەکرێن. دووپاتەی قەڵافەتی ئادەمیزادان و شێوەی ڕامان و نیگای بیرمەندانەی پەرستندەکان و قرتاندن و وەبەرچاو نەگرتنی گەلێک ڕێوشوێنی سەرەکی، هەموویان کارتێکردنی دینی و مەعنەوی دیمەنەکە پێکەڵادەبەن. زۆر دواتر گەلێکیان دیمەنی دیکە لە نوێژگەکانی پەهلەوی و ژووری بەڕێوەچوونی ڕێورەسماندا کێشاونەوە. لە هۆدەی بچووکی دەرەوەدا چەند دیمەنێکی بڕوادارانیان کێشاونەوە کە دیارییان پێیە و دیسانیش بە ڕیز ڕاوەستاون و گەلێک پەرستندە و چەند خودایەک و قوربانییەک کە پێشکەشی خواژنی ڕاکشاو دەکرێ، وەبەرچاو دێن. لە نێوەڕاستەکانی سەدەی دووەمدا «ئۆتێس»[٢]ی خزمەتکاری نوێژگەکە لایەکەی دیکەی ساز کرد و چەند وێنە و دیمەنێکی

١- Conon.

٢ - Otes.

قەڵەمکێشی کردە باربووی پێنج خودای پالمیری. پاشان وەختایەک دوورا کەوتە جنگ ڕۆمییەکان، سەرۆک و سەرکردەیەکی ڕۆمی بە ناوی «ترێنتووس»[1] قەڵەمکێشێکی گەورەی تری خستە سەر ئەم کۆمەڵەیە کە تێیدا خۆی لەگەڵ کاهینێک پەسنی سێ خودای جەنگیی پالمیر و رووحەکانی شاری پالمیر و دوورا دەدەن. هەر وەک لە پالمیر دیتمان ڕێوشوێنێکی گشتی بۆ ئەم دیمەنانە لە ئارادا نەبووە و لە ڕاستیدا ئەمانەیان وردەوردە بە پووڵی پەرستندەکان کێشاوەتەوە.

چەند وێنە و دیمەنێکی لەباری ئاوایان لە پەرستگەکانی دوورادا کێشابوونەوە کە کەوتبوونە ژێر سێبەری نەریتی هونەریی ناوچەکانی ڕۆژاوای پارت. ئەم نەریتە هێندە بەهێز و پتەو بووە کە کاری کردۆتە سەر ئەو قەڵەمکێش و دیمەنە ڕەپ و دەرزەقیوانەش کە بە دەستووری سەربازانی ڕۆمی لە سەربازگەی دوورادا پاش ساڵی ١٦٤ی ز. نەخشێندراون. بەم چەشنە فەرمانەکەی «ترێنتووس»یش بەپێی شێوازی باوی ئەوێندەرێ جێبەجێ کرا و شێوازی تایبەتیی پارتیش بۆ کێشانەوەی میترا لە قەڵەمکێش و دیمەنە داتاشراوە باربووکراوەکانی پەرستگەکاندا وەبەرچاو دەگیرا کە ڕۆمی دەستووری نەخشاندنیان دەدان (و ٦٩). بەشی زۆری ئەم نەریتە بە شێوەیەکی سەیر لە وێنەگەریی کەنیسەی «یەهوود»ی دوورادا کە مەودای ساڵانی ٢٤٢ – ٢٥٥ی ز. کێشراوەتەوە خۆی نواندووە. ئەم قەڵەمکێشانە باربووی تێکەڵوپێکەڵی بڕواداڕانن لە دیمەنی نەزیلە و سەربوردەکانی سەردەمی کۆن. لە وێنەگەریدا تێکڕای باڵ و قوژبنەکانی ژووری پەسن و پاڕانەوەیان بەڕوونی خستۆتەڕوو، بەڵام ئەم کارە سەد ساڵ دوای لێکەوتنی ئەشکانییەکان رووی داوە و لە بوار و بەستێنی باسەکەی ئێمە دەترازێ.

[1] - Trentius.

بنکەی ژین
www.zheen.org

كۆمەڵێك وێنەگەریی شاز و شایانی پارتی لە باڵێكی دیكەی ئێران لە كۆشكی كێوی خواجەی سیستانن (ق ٢٨). جروجانەوەر بە هیچ چەشنێك ڕێزی هونەر ڕاناگرن و قەڵەمكێشەكانی ئێرەیان تەواو تێدابردوون (و ٧١). ئەم وێنەگەرییانە دالانی درێژووكەی كۆشكیان لە یەكەم قۆناخی سازكرانیدا دەڕازاندەوە كە زیاتر بە سەدەی یەكەمی زایینی دادەنێن. لەسەر دیواری نێوان پەنجەرەكان، خوداكان وا ڕاوەستابوون كە هەركام شانی ڕەسەر ئەوی دیكە دابوو. ئەم دیمەنانە شەق و ڕەق و تەواوێك بەرەوڕوو نەخشێندراون. لەسەر دیواری پشتەوە كە كەوتۆتە پاڵ گردێك، پادشایەكیان كێشاوەتەوە كە دەستێكی هاویشتۆتە ئەستۆی خێزانەكەی. ئەم جووتە سێ لەسەر چواری ڕوخسارییان دیارە. لە دەوروبەری پەنجەرەكانی دالانەكەدا قەڵافەتی تەماشاوانانیان لە لاجەوە نەخشاندوون. ئەم دیمەنانە نیشاندەری هاتنی كێشانەوەی ڕوخساری بەرەوڕوون بۆ ئەم ناوچەیە. ڕوخساری خوداكانیان لە ڕووبەڕوورا كێشاوەتەوە و مرۆڤەكانیش بەپێی پلە و پایە نەخشێندراون، یان دەموچاویان تەواو بە دەرەوەیە یان لایەكی ڕوومەت و لاجانگیان دیارە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و حاشاهەڵنەگرە، ڕەنگدانەوەیەكی سەیری شێوازی یۆنانییە لەم بەرهەمانەدا. ڕەنگدانەوەیەكی ئەوتۆ كە بە گومان و دوودڵییەوە دەكرێ بە چەشنێك وێنەگەریی پارتی دابندرێ كە هەر ئێستا باسمان كرد. جلی خوداكان یۆنانییە و یەكیان كلاوخوودێكی باڵداری وەكوو هێرمێسی لە سەرە. هەڵبەت لێرەدا خوودەكە سێ باڵە كە هێمایەك بێ لە ڤێرسرێغنە. یەكێك لە یەزدانەكانی تر قوڵەنێزەیەكی سێ سەری «پۆزئیدۆن»ی [1] بە دەستەوەیە كە لێرەدا نیشانەی «شیوا»ی [2] هیند و دەرخستنی مەزنایەتی قەڵافەتی خودایانە بە سەر

١ - Poseidon خودای دەریا لە ئوستوورەكانی یۆنانیدا. م.

٢ - سێهەمین كەسایەتیی سێیانەی هیندی. خودای وێرانكەر. س.

هاوشانەکانیاندا. هەروەها کێشرانەوەی سێ لەسەر چواری ڕوخساری ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی هەمووی لە هونەری هێلێنیستیی یۆنان وەرگیراوە. هەروابێتەوە ئەو دیمەنانەی کە لە میچان نەخشێندرابوون، دەچوونەوە سەر شێوازی یۆنانی، بۆ وێنە خودای «ئێرۆس»[1] لەسەر پشتی ئەسپ و چەند مەبەستێکی دیکەش کە هەر بەو دەستووره ڕەنگێندرابوون. لایەنی یۆنانییانەی ئەم قەڵەمکێشانە بە باری ژمارە و چەندایەتیدا زیاتر بوون لە نموونەکانی وەکوو گوڵی سوور و تەماشاوانانی نیوەڕوو کە گۆیا پتر لەسەر شێوازی ڕۆژهەڵاتی و پاشماوەی هونەری هەخامەنشین. ئەم ڕاستییە بۆ مێژوونووسانی هونەری جێی سەرسوڕمانە کە چۆن ئەو دەمەی وا هونەری پارتی لە باڵی ڕۆژاوای قەڵەمڕەوی خۆی توانیبووی هونەری یۆنانی وەربگرێ و بیتوێنێتەوە و تۆماری تەمەنی تێکەوەپێچێ، لە قوڵی ڕۆژهەڵاتیدا هونەری یۆنانی ئاوا بەهێز و پتەو دەرکەوتووە. ئەم گرێیە هەتا ئێستاش نەکراوەتەوە. گرێ و گرفت و کێشەی ئەم وێنەگەرییانە تێکرای کاڵ و شێوازی هونەریی باوی ڕۆژهەڵاتی پادشایەتی پارتیش دەگرێتەوە. ئەم شێوازانە جاری وایە زۆریش لەگەڵ هونەری پارتی تێکەڵاون، بەڵام سەیرە کە دیسانیش ماکەی یۆنانی- یان ڕۆمی؟- هەر هەیە. داخوا ئەم شوێندانانەی مەدیتەرانەیی هەمووی لە سۆنگەی هەبوونی هونەری تێداچووی یۆنانییانەی باختەر بوو کە دوای وەرگەڕانی تەختی پادشایەتی یۆنانیی باختەری بەجێمابوو؟ یا داخوا بەرهەمی شوێن تێکردنی یۆنانیی ڕۆمییە کە لە ئاکامی پێوەندییەکانی بازرگانەتی نێوان ڕۆم و هیند ملی ڕێی باکووری گرتبوو یان لە سۆنگەی چەشنێک کارتێکردنی هەتا ئێستا نەناسراوی پارتە یاخود تێکەڵاوێکە لەم سێ هۆکارە؟

---

١ - Eros خودای ئەوین. س.

بنکەی ژین www.zheen.org

جەماوەری قەڵەمڕەوی پارت هەرگیز دژی هونەری یۆنانی و ڕۆمی نەبوون. وەکوو دەرکەوتووە بەشێکی زۆری ئەوەی کە لە ڕێگای هونەری هێلێنیستیی یۆنانییەوە وەکوو بیرۆکەیەکی نوێ خۆی نواندووە، هەر لە سەرەتاوە دزەی کردۆتە نێو هونەری پارتی. لە سەدەی یەکەمی بەر لە زایینەوە، واتە ئەو کاتەی کە هونەری پارتی بەرەو گەشەوەری هەنگاوی نا، بردنی پەیکەرەکانی یۆنانیی ڕۆمی و کەلوپەل یان تەنانەت هونەرمەندانی ئەو هونەرە بۆ ئەو شارانەی کە هێندێکیان هونەر تێدا باو بوو، بە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە دادەندرا. بەم شێوەیە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی ز. ژمارەیەکیان پەیکەرەی جوان و بەرچاوی مەڕمەڕین بردن بۆ پالمیر کە ئەمڕۆکە وەدی هاتوون. دووراش لەو پەیکەرانەی بووە و پەیکەرەی مەڕمەڕینی لێک و لووس کراو لە حەزەریش دۆزراونەوە. نموونەکانی «شێری هەمەدان» کە ڕێوڕاست ناکرێ بە هێلێنیستی دابندرێ، زۆربەی پارتەکان بوویانە. بەڵام دەبێ بزانین ئەم پەیکەرە با و باران هێندەیان سووەتەوە کە ناکرێ بڵێی سەر بە کامە شێواز و ڕێبازە. ڕەنگە شوێنەوارە مەفرەقییەکانی یۆنانیی ڕۆمیش هەر هاوردە بن. چونکە شارەوانیی پالمیر گوومرگانەی لەسەر پەیکەرەی هاوردەی مەفرەق داناوە و هەر جووتێک کە باری وشترێک کراوە هەق و بارانەی خۆی لێوەرگرتووە. نابێ لە بیرمان بچێ کە زۆربەی ئەم شارانە جەماوەرێکی بەرچاوی یۆنانییان تێدا دەژیا. لە تەواوی سەردەمی گەشە و ئاوەدانیی پالمیردا، لە سلۆکییەی لێواری دیجلە پەیکەرەی بچووکی سواڵینە بە شێوەی یۆنانی لەگەڵ شوێنەوارەکانی شێوازی ڕۆژهەڵاتی ساز دەکران (و ٢٠). خودایان و قەڵافەتەکانی یۆنانی شانبەشانی شەقڵەکانی ڕۆژهەڵاتی لە سەرتاسەری پارت بە مۆرەکانەوە دیارن، ئەگەرچی هونەری هەڵکەندن و بەردتاشین بەرەو خاوی و خلیسکی گۆڕ ببۆوە. لە شووش سەری جوانی ژنێک لە ژێر گڵ دەرکێشراوە کە واژۆی هونەرمەندێکی یۆنانی

پێوەیە. ئەم ژنە کە تاجێکی کردۆتە سەری و وا دیارە دەچێتەوە سەر شێوازی هەخامەنشی، گۆیا «مووزا»ی دایک و هاوسەری فەرهادەکە. ئاپۆلۆنیووس تیانی گەلێک پەردەی شکۆمەندی بە داب و شێوازی یۆنانی دیتوون کە لە کۆشکی بەردانشا لە بابل هەڵاوەسرابوون. بەڵام گۆیا جاری وا بووە سەلیقەی پادشایانە لەگەڵ ڕەوتی ئاژوانی هونەر یەکتری نەگرتۆتەوە. ئەگەرچی زۆربەی سکەی پاتشایان لەگەڵ بارودۆخی هونەری سەردەم یەکتریان خوێندۆتەوە، بەڵام وێنەی شەقڵێندراوی گۆدەرزی دووەم لە ساڵی ٥٠ی زایینیدا نیوەڕوویە و ئەم شێوازە لەو چاخیدا تەواو کوێر ببۆوە.

هیچ باس و لێدوانێک سەبارەت بە هونەری پارتی ناتوانێ ناڵێکی و ناهاوسەنگیی توێژینەوەکان پاساو بداتەوە یان بۆشایی و کەلێن و قوژبنە چۆڵەکانی زانست و زانیاریی ئێمە لە بابەت هونەری ئەم ڕۆژگاریدا بشارێتەوە. هونەری پارتی سەرەتا لە شارەکانی باڵی باشووری پادشایەتییڕا دەستی پێکرد و پاشان پەلوپۆی بەرەو ڕۆژهەڵات هاویشت و بەرەبەرە هەرێمێکی گرتەوە کە لە پالمیری قوڵی ڕۆژاواوە تا لانیکەم ئێرانی ناوەندی بە شانی خۆراوادا باڵی ئەنگاوتبوو. لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە «گەندەهارە» [قەندەهار] و لە باکووری ڕۆژاوای هیند چەند شێوازێکی پەیوەندیدار پێکەوە سەریان هەڵدا کە ئێمە هەلمان بۆ نەڕەخسا بیانخەینە بەر باس و لێدوان. بەڵام لانیکەم دەبێ ئاشکرا بێ کە هونەری پارتی نیشاندەری قۆناخێکی دیکەی گەشە و هەڵدانی شێوازەکانی ئاسیای خۆراوا و یەکەم نوێنگەی دەسەڵات و بڕکردنی هونەری یۆنانییە. هەڵبەت بۆ دۆزینەوەی بنج و بناوانی، پێویستە هونەری کۆنی ڕۆژهەڵاتی هەڵبدرێتەوە. لێرەوەیە کە ئەم هونەرە شێوازی کێشانی خەت و کووز و وردەکاری و باریکبینی و خوردبوونەوەیەکی زۆر لە شێوەی نەخشاندن و ڕەچاو کردنی لایەنی پیرۆزی فێر بووە و کۆمەڵێک مژاری بەهێزی ڕۆژهەڵاتی

بنکەی ژین www.zheen.org

چەشنی شەڕ و خودایـان و گاوگـەردوون و ڕاو و جێـژن و میوانـداری ڕەسـەر کەوتوون. شوێن‌دانانی داهێنان و بابەتە نوێباوەکانی هونەرمەنـدانی یۆنـانی لەسەر هاوکارانی پارتیان سەیر کەم بوو. پارتەکان هەرچی پێویستیان بوو لـە هونەری یۆنانی وەریانگرت و ئەوی دیکەیان وەلانا. لە ئاکامدا ئەگەرچی هێنانی گەلێک دیمەن و قەلافەت و نیشانە و هێمایان لە هونەری یۆنانی وەرگرت، بەلام شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە دارشتنی گەلالە و توێکاری لە زانستی یۆنـانی فێـر نـەبوون و هـەوڵ و زانسـتی ئـەوانیان بـۆ دابەشـینی ڕووبـەری ڕووکـار و خوردبوونەوە لە چاوگە و دیاردانیان خستە پشت گوێ. هەروەها لـە هونـەری پارتی‌دا هیچ شوێن‌پێیەکی هونەری دەوارنشینانی ڕەوەند بەدی ناکرێ. هونەری پارتی لـە شـارەکان‌دا پنجـی داکوتـا و هەلـیدا. هونـەری پارتـی شێـوەی کێشانەوەی ڕوخساری ڕووبەڕووی داهێنا کە خێرا لە نێو هونەری ڕۆمی‌دا برەوی ئەستاند. هەروەها هێندێک مەبەست و دیمەنی تازەی وەکوو پێشـکەش کردنـی بۆنخۆشکەرە و ڕێورەسمی دیاری کردنـی جێنشـین و شـەڕ و تێکهەلچوونـی سـوارە و چۆنیـەتیی دانیشـتنی چـوارمێردەکی بـەرەوڕووی، بـۆ داهـاتووان بەجێهێشت. هونەرمەندانی پارتی لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی هونەری‌دا بەئاشکرا خاوەنی بیر و بۆچوونێکی ڕۆژهەلاتی بوون. هێما و نیشانە کۆنـەکانی شـکڵ و شێوە و شتومەک و ئاکارەکان چوونە جێی دیمەنی سروشتێکی جـوان و دلـگر. دووسێ سەدەیەک بالادەستی و زاڵ بوونی هونەری یۆنانی، نەیدەتوانی ڕەوت و ڕێبازی پتر لە سێ هەزار ساڵەی هونەرمەندانی ڕۆژهەلاتی بگۆڕێ.

***

بەشی ٩

# ڕووخانی حکوومەتی ئەشکانی

لە سەدەی دووەمی زایینیدا شەڕی نێوخۆیی پارتەکان تەنیبوویەوە. خوسرەو هەتا ئەو ڕۆژەی که دوایین سکەی لە ١٣٨دا لێدرا، دەیان ساڵ لەسەر تاج و تەخت سەرقاڵی ملانە و بەرەنگاری بوو. پاشان دەستی لە شەڕ و کەلەوەکێشی هەلگرت و مەیدانی چۆل کرد بۆ بەلاشی سێهەم یان بەپێی هێندێک سەرچاوە بەلاشی دووەم و داگیرکەرێک بە ناوی مێهردادی چوارەم کە لە ڕووی سکەکانییەوە ناسراوەتەوە. گۆیا بەشی زۆری پرسی پاراستنی پارت لە حاند هەڕەشەی نویدا کەوتبوویە سەر شانی بەلاش. دەوروبەری ساڵانی ١٣٥- ١٣٦ ی ز. خێلە کۆچەر و دەوارنشینەکانی ئالانی بە فیت و دنەی «فراسمان»ی پادشای ئیبێری جارێکی دیکە لە باڵی باکوورەوە هەلیانکوتایە سەر قەلەمڕەوی پادشایەتی و ئەرمەنستان و ئازەربایجان و تەنانەت «کاپادووکیە»شیان کردە پێخوستی سمی یەکسمەکانیان. بەلاش بیست هەزار پیادەی لە تیسفوونەوە بەرەو باکوور گاڵ دا، بەلام نەیتوانی بەریان پێ بگرێ. جا بۆیە هەر وەک سەرچاوەکان دەگێڕنەوە یان بە بەرتیل ڕازی کردن بگەڕێنەوە

بنکەی ژین www.zheen.org

یان لەبەرووەی بیستیان کە مەوتەنی خۆیان کەوتۆتە بەر لێشاوی تالانوبڕۆی تیرە و تۆرەمەکانی تر سەری ڕکێفیان بادایەوە.

ڕەنگە بەلاش لە سنوورەکانی قۆلی ڕۆژهەلات گیرۆدەی کەند و کۆسپی دیکە بووبێ. خانەدانی سەکایی لە خۆرهەلاتی ئێران جێی خۆیان دابوو بە پادشایانی بنەماڵەی هیند و پارتی کە «گۆندۆفار»یان دەوروبەری ٢٠- ٤٠ی ز. جڵەوی دەسەلاتی بە دەستەوە بوو. سکەکانی هیند و پارتی لە مەرووەوە تا پەنجاب دۆزراونەوە. بەلام ماوەیەکی کەم دوای مردنی گۆندۆفار [گۆندۆفارێس]، ئەفغانستان و پەنجاب کەوتە چنگ مالباتی یوئەچی کووشانی و ئەوانیش ولاتێکی بەربلاویان دامەزراند. جا چونکە سەروەت و سامانی هیندیان لە پەلاماردانی ئێران باشتر هاتە بەرچاو، لەگەل پارتەکان کەوشەنێکیان ڕایەل کرد کە زۆروکەم هەر لەم شوێنەیە وا ئەمڕۆ بە سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستان داندراوە. ڕۆمی لەگەل کووشانییەکان پەیوەندییان داگیرساند هەتا هەم بە باری سیاسیدا لەوبەری پارت دۆستێکیان هەبێ و هەمیش ڕێوبانی بازرگانەتی کە لە لەنگەرگاکانی هیندەوە بە لای باکووردا بەرەو چین تێدەکشا، بە دەست کووشانییەکانەوە بوو. کووشانییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی «کانیشکا»ی پادشای کارزان، بەلام شەڕانی خۆیاندا گەیشتنە لووتکە و پەرپەڕۆچکەی تێری و تەسەلی و فەرعانی. سەرچاوە ڕۆژهەلاتییەکان باسی قەومانی شەڕ و تێکهەلچوونێکی کانیشکا لەگەل پارتەکان دەکەن کە ڕەنگە قۆناخێکی دەسەلاتی لەگەل بەلاشی سێهەم هاوکات بووبێ. هەتا ڕۆژایەکی کە ڕوون نەبێتەوە سەرەتای سالژمێریی کووشانییەکان چۆن دامەزراوە، سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی کانیشکا بە دروستی دیاری ناکرێ و زەمانی ڕوودانی شەڕەکەش هەر ناگونجێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە ساڵانی ١٤٧-١٤٨ی زایینیدا یەکەم سکەی جێگرەوەی بەلاشی چوارەم (سێهەم) وەدەرکەوت و ماوەی حکوومەتی لە چل ساڵ تێپەڕی. جموجووڵی بەهەڕەشەی سەبارەت بە ئەرمەنستان، بە نامەیەکی خونکاری ڕۆم و جووڵانەوەی هێزەکانی بەرەو سووریا، هەتا ماوەیەک ڕۆمرکا. بەڵام لەو کاتیدا مەترسیی ڕۆمییەکان بۆ سەر دەوڵەتی پارت کەم بوو، چونکە ئیمپراتۆرێتی ڕۆم بە هاتنی چەند باڵوێزێک لە ئوستانە سەربەستەکانی هیرکانی و باختەرەوە، بە پێویستی نەدەزانی دەستوەربداتە کاروباری دەوڵەتی ئێرانەوە. بەڵام ساڵی ١٦٢ی ز. بەلاش دەرفەتی لەم نەجووڵانەوەیەی ڕۆم هێنا و لەشکری بردە سەر ئەرمەنستان. خوسرەوی سپاساڵاری، هێزێکی ڕۆمییەکانی خستە داو و کەموزۆر هەمووی تێدابردن و شازادەیەکی ئەشکانی داندرایە سەر تەختی دەسەڵاتی ئەرمەنستان. پاشان قۆشەنی پارتی ملی ڕێی باشووریان گرت و سووریایان داگیر کرد. ئەم بارودۆخە پێویستی بە هەڵوێستی خێرای ڕۆم هەبوو. وا دەنگۆ بوو کە پارتەکان لەو ئوستانەدا دۆستێکی زۆریان هەیە. لووسیووس ڤێرووس[1] ئامپای ئیمپراتۆر «مارک ئۆرێل» بۆ لێدان و ڕەتاندنی پەلاماردەر ڕاسپێردرا. لۆژیۆنی سووریایی لەبەر دەیان ساڵ داتەپین و تەپلۆسی هەر وا هاتە بەرچاو کە سەدەیەک پێشووتر کۆربۆلۆ دیتبووی. ڤێرووس لە شەرێکدا کە گوزوگومەت قەوما خۆی تێوەرنەدا و کارەکەی ئەسپاردە سەرکردەکانی. لەشکری ڕۆم مەشقی پێکرا و ساڵی ١٦٣ ی ز. ڕۆمی، ئەرمەنستانیان گرت و شازادەی دەسنێژی پارتیان لێخست و «سۆهامووس»[2] پادشایان لە جێی دانا و دواتر هەنگاوی زیاتریان هاویشت. ساڵی ١٦٤ی ز. لە سێ لاوە وەکوو قولاپە پەلاماری دووچۆمانیان دا و لە نیزیک دوورا ئوورۆپۆس تووشی شەڕێکی خوێناوی هاتن و خۆیان گەیاندە بابل. سلۆکییە دەروازەکانی خۆی خستنە سەر پشت، بەڵام

١ - Lucius Verus.

٢- Sohaemus King.

کەمێک دواتر لەبەر پەیمانشکێنی، ڕۆمی لێیان وەخۆ کەوتن و دەوروبەری دێسامبری ١٦٥ شارەکەیان تالان کرد. تیسفوونیش گیرا و کۆشکی بەلاش خاپوور کرا. بەڵام ڕاست لە جەنگەی کامڕەوایی‌دا ڕۆمی بەڵایەکی چاوەڕواننەکراویان بە سەردا باری و ئەو دەمەی کە هێزەکانی ڕۆمی سلۆکییەیان تالان دەکرد تاعوون سەری هەڵدا و کوشتارێکی وای لێکردن کە زۆربەی دەسکەوت و خەنیمەتەکان بەجێمان. لەڕێی گەڕانەوەدا پەیتاپەیتا سەربازەکان دەمردن و ئەوانەش کە مان و نەمردن نەخۆشییەکەیان گەیاندە ئەو سەری سنوورەکانی ڕۆم. تەوژمی ئەم ڕووداوە کە تەنانەت لە نووسینەکانی چینیش‌دا ڕەنگی داوەتەوە، نیشانەی ئەمەیە کە بەشێکی هەراوی پادشایەتی پارت گیرۆدەی بووە. بەڵام دیسانیش گۆیا پارتەکان خێرایەکی زۆربەی قەڵەمڕەوی خۆیان گرتۆتەوە و جارێکی دیکەش چەکدارانی ڤێرووس هەڵیانکوتاوەتەوە سەر دووچۆمان و دەڵێن ئەوەندەیان مل پێوەنا و چوونە پێش کە ڤێرووس لەسەر سکەیەک خۆی بە «مێدیکووس» یان «مادبەزێن» ناودێر کرد. بەڵام ڕۆمییەکان شتێکی ئەوتۆیان لەو سەرکەوتنانە بە دەستەوە نەما. ساڵی ١٧٠ی ز. لایەنەکان گەڕانەوە سەر کەوشەنی پێشووی خۆیان و تەنیا قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی ڕۆم تۆزێک زیاتر بە لای باکووری دووچۆمان‌دا بەرەو درایە و دوورا ئوورۆپۆس بوو بە ڕۆمی. بەلاشی چوارەم دەوروبەری ساڵی ١٧٥ی ز. هەڕەشەی کرد کە ئەوەی لە دەستی داوە دەیگرێتەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی نەهاویشت.

گۆیا بەلاشی پێنجەم (چوارەم) بەر لە نەمانی پادشای پێش خۆی لە دەوروبەری ١٩٢ی زایینی‌دا سکەی لێداوە و بە دەرفەتهێنان لە گیروگرفتی ڕۆمییەکان، ساڵی ١٩٣ لە قەڵەمڕەوی میرایەتی ئۆسرۆئێن و ئادیابێن‌دا کە ئێستا دەستندەخۆری ڕۆمییەکان بوون، هەرا و ئاژاوەی نایەوە. ساڵی ١٩٥ «سێپتیم سێڤێر»ی خونکاری ڕۆم ئەم پادشایەتییانەی گرتنەوە و ١٩٦ بەناچاری

گەڕایەوە ئورووپا. بەلاش دووچۆمان و ڕەنگە تەنانەت ئەرمەنستانیشی گرتبێتەوە، بەڵام لەبەر ڕاپەڕینی مادەکان و پارسەکان کە فەرمانی شەڕ و لێکدانی توند و تیژیان مسۆگەر کرد، سەرکەوتنەکانی بەرەورووی ناکامی بوونەوە. دوای ئەم ڕاپەڕینانە ئادیابێنی گرتەوە و چەند شارێکی ئەم پادشایەتییەی داماڵی و لێسی دا و نێرسێسی پادشای وێندەرێی لە «زێی گەورە»دا خنکاند کە شێلگیرانە لایەنگری ڕۆم بوو. ساڵی دواتر سێپتیم سێڤێر خۆی بۆ پەلاماردانی پارت تەیار کرد و چەند هێزێکی تازەی پێکهێنان و لۆتکەی داکوتان و لێکیدان و بەهاری ساڵی ۱۹۸ گەیشتە دووچۆمان و پارتەکان بەرەورووی ڕانەوەستان و کشانەوە و وەرزی پاییز تیسفوونی داڕووتاند کە زۆر توند بەربەرەکانی دەکرد و شارەکانی بابل و سلۆکییەی گرتن کە دەستیان لێبەردابوون. لەبەر کەمایەسی هێنانی خورد و خۆراک، ڕۆمی بەناچاری بەرەو دیجلە پاشەکشەیان کرد. سێپتیم سێڤێریش وەکوو تراژان لەسەر ڕێیە پەلامارێکی حەزەری دا و شکا و ساڵی دواتر گەڕاوە سەری. ئەمجارەیان ئازووخەی زیاتر و پێداویستیی گەمارۆ و چەکی قەلاڕمێنی باشتری هێنا، بەڵام دیسانیش کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکرا (ق ٤٧). سوارانی حەزەری هەڵمەتیان بردە سەر ڕیزی ئەو هێزەی کەلوپەلی پێویستی بۆ دەبردن و پارێزەرانی شار زۆربەی هەرە زۆری ئامرازەکانی گەمارۆیان تێکشکاند و بە سەوەتان جڕوجانەوەریان بە سەردا هەڵڕشتن و بە ئاوری حەزەری کە نەوتی گرگرتوو بوو، سەربازەکانیان جریاوفریا دا. ئەندازیارانی حەزەری هاوکات دوو مووشەکی بەگوڕی حەزەرییان پێوەنان و ئەم کارە تەنانەت گیانی ئیمپراتۆریشی خستە مەترسی. ئەو کاتەی سەرەنجام سەربازەکان توانیان بخزێنە نێو قەڵشتی شوورە و دیواران و شار بێ پارێزەر مایەوە، سێڤێر فەرمانی گەڕانەوەی دا. دەڵێن گەنجینەکانی پەرستگەی خۆر یەکجار زۆر بوون، بەڵام ناوبانگی بەرزی داگیرکرانی شارەکە بوو بە

دەسکەوتی سەربازان و شانازیی بە چۆک داهێنانی جەماوەرەکەشی کە سێڤێر بە هەویای بوو، بە بالای سەرکردەی سپا برا. سەربازانی ڕقهەستاو کشانەوە و خەڵکی حەزەر بە شەوێک کون و کەلەبەری شوورەیان چاک کردەوە. ئیتر هیچ نیشانەیەکی خۆ بە دەستەوەدان وەبەرچاو نەدەهات. سێڤێر دەستووری هێرشی تازەی دا، بەلام سەربازانی ئورووپایی کە بۆ تالانوبرۆ دەستیان وەبەرهێنابوون، جووڵەیان نەکرد. سەربازانی چارەڕەشی «سێڤێر»یش کاتێک فەرمانی هەڵمەتیان پێدرا وەکوو مەڕ قەڵتوبڕ کران و «سێڤێر» بەناچار کشاوە. ڕۆمی بێئەوەی بستێکیان خاک پێبڕابێ لە حاند حەزەریشدا بەزین. کوژراو و بریندارێکی زۆریان کەوتە سەر دەستی و بە باری داراییشدا یەکجار خەساربار بوون. پارتەکانیش لەوان پتریان زەرەد پێگەیبوو. زۆربەی شارەکانی باڵی ڕۆژاوا و ناوچە و مەڵبەندەکانی ئەو هەرێمە تێداچوون و مەرگ و دیلی دیسانیش ڕێژەی جەماوەری کەم کردەوە.

لە ڕاستیدا نیشانەکانی سوان و پوان و داوەشان لە قەڵەمڕەوی پارتیدا ڕووی کردە زیاد بوون. بەداخەوە سەقامگیریی رامیاری و برستی دەسەلاتی ناوەندی لەبەر درێژەی چەندین ساڵەی شەڕی نێوخۆیی خاشەی برابوو. پەلاماری سێ جارەی ڕۆمییان بۆ سەر دووچۆمان و بابل لە ماوەی هەشتا و پێنج ساڵدا وێرانی و خەساراتێکی بێسنووری لێکەوتەوە. بێگومان تەنینەوەی تاعوون ئەوەندەی دیکەی خستە سەر زیان و زەرەری شەڕەکان. بە عالەم ئاشکرا ڕەوتی نەمان و توانەوەیەکی تەواو بە پێوەر و پێودان و چۆنیەتیی ڕووکاری ئەو سکانەوە دیار بوو کە حکوومەتی ناوەندی یان دەستندەخۆرەکانیان لێیان دەدان (و ٦، H، K، KK). ڕوخساری فەرمانڕەوا زۆر نالەبار شەقڵ دەکرا و خەتی ڕەسەنی یۆنانیی پشت سکان ئیتر ببوو بە شەقلەوبەقلە و نەدەخوێندراوە و پاشان خەتی ئارامی جێی گرتەوە. ئەو کێش و کانزایەش کە سکەیان پێ لێدەدان

لەچاو پێوانەکانی پێشوو کەوتبوونە سەرەولێژی. چەند شوێنەوارێکی بەردین کە ماون، ناحەز هەڵکەندراون و دیمەن و نووسراوەکانیان بە ناشارەزایی کاریان لەسەر کراوە. دیمەنێک کە تێیدا «خواساک»ی شارەوانی شووش لە ساڵی ٢١٥ی زایینیدا هێما و نیشانەی پلەی خۆی وەردەگرێ، تەنیا گەڵاڵەیەکی ناشیانەیە لەسەر تەختەبەردێک (و ٧٣). دیمەنی چەند ڕووداوێکیش کە



ق ٤٧- دیمەنێک لە دەروازەی سێپتیم سێڤێری ڕۆم کە ساڵی ٢-٣ی ز. داتاشراوە. ڕەنگە ئەم دیمەنە نیشاندەری ڕووداوێک بێ لە شەڕی نێوان سێپتیم سێڤێر و پارتەکاندا کە دەوروبەری ساڵی ١٩٨ی ز. قەوماوە. لە بەشی نێوەڕاست، شار - شاری پارتی لە لێواری دیجلە(؟) - کەوتۆتە گەمارۆ و پارێزەرانی بە هەموو لایەکدا ڕادەکەن. لە لای بەرەوە سەربازانی زرێپۆشی ڕۆمی ئامادەی پەلامارن.

دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی ز. لەسەر ڕەوەزی تەنگی سەرۆک لە ئێلیمائیس هەڵکەندراون، شتێکی چاکتر نین، ئەوەندە نەبێ کە چەند هەڵکەوتێکی سەرنجڕاکێشیان بە کۆمەڵێک هێما و دروشمی کۆنباوەوە خستوونە بەرچاو. یەکیان دیمەنی ڕێوڕەسمێکی تایبەتە بە مەبەستی ڕاسپێردرانی پلەداران بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی وەکوو پەرستن و ڕاو و تێکهەڵچوون و پادشا خەریکە ئاڵقەی دیاریکردنی پلە و پایە دەداتە دوو کەس لە خواردەستانی خۆی (و ٧٤).

شەقڵەبەردی «بەردەنیشاندە»ش کە هیچ گومانێکی وای تێدا نیە سەر بە سەردەمی کۆتایی پارتە، هێندێک باشترە و ٥٠٠٠ سکەی عیلامیشی لێدۆزراوەتەوە. لە نێو نەزرینەکاندا بەرزەنەخشێک وەدی هاتووە کە تێیدا ئەمیرێک خەریکی پەرستنی ئاگرە و لەسەر داوێنی کۆڵەکەیەک قەڵافەتی چوار کەس بە ناشارەزایی داتاشراون. ئەم کارە لە سووریای بندەستەی ڕۆمیشدا باو بوو. بەڵام گۆیا پێوانە و پێوەری باشتری هونەری زۆرتر لە ناوچە سنوورییەکانی پادشایەتیدا وەکوو حەزەر و پالمیر لە سووریا و هەروەها لە جەغزی دەسەڵاتی کووشانییەکاندا پارێزرابوو. قوڵەپادشاکانی پارس لە ئاخروئۆخری حکوومەتی بەلاشی پێنجەمدا، کەوتنە لێدانی سکە (و٦، p، 99). سکەی ئەمانە بە باری دیمەن و چۆنیەتیدا زۆر لە سکەی ئەشکانییەکانی ئەو ڕۆژگارە چاکتر بوو. ئەگەر ئەشکانییەکان غەیبزان بووبان، دەیانزانی کە بنەماڵەی پاتشایانی پارس، واتە میراتگرانی هەخامەنشییەکان لێیان دەخەن.

بەلاشی پێنجەم دەوروبەری ساڵی ٢٠٧ی ز. مرد و بەلاشی شەشەم و بەپێی گێڕانەوەیەک بەلاشی پێنجەمی کوڕی جێی گرتەوە. ساڵی ٢١٣ی ز. ئەردەوانی پێنجەمی برای بەلاش کە پادشای ماد بوو کەوتە ڕابوون و سەربزێوی و داوای دووچۆمانی کرد (و ٧٣). ساڵی ٢١٥ شووشی گرت. پیلانی ئەم ناکۆکییە بە ئەستۆی «کاراکالا»ی ئیمپراتۆری ڕۆم داهات کە خۆی بۆ پەلاماردانی پارت دە دەسک دەنا. کوڕانی پادشای ئەرمەنستانی لەسەر دەسەڵات لابردن، بەڵام ساڵی ٢١٥ نەیتوانی ڕاپەڕینەکەیان ڕۆمرکێنێ. هەر لەو ساڵەدا داوای لە پارتەکان کرد کە فەیلەسووفێکی کەلبی[1] بە ناوی ئانیتۆخووس و کەسێک بە

---

١ - تاقمێک لە فەیلەسووفانی یۆنانی کە ئانتیس تێن، یەکێک لە قوتابیانی سوقرات دایمەزراند و پاشان دیۆژێن (دیۆجانێس) برەوی پێدا و ناوبانگی درەوشاندەوە. جا بۆیە بەم ناوە ناسراون چونکە ژیانێکی زۆر ساکار و ئاسایی و خەڵک سەرکۆنەی دەکردن و بە سەگیان دەشوبهاندن. (دەێهخودا، ب١٢، ل١٨٤٧٧). س.

ناوی تیرداد ڕادەستی بکرێن. پاش ئەوەی ئەم دوو کەسەیان بە دەستەوە دا ، بۆ ساڵی دواتر داوای کچی ئەردەوانی کرد. لەبەروەی دژایەتیی داخوازەکەی کرا بیانوویەکی بۆ هەڵکەوت کە هەڵکوتێتە سەر «ناوچە و مەڵبەندەکانی ماد» و کەوتە خاپوور کردنی قەڵاکان و گرتنی شاری ئاربێل [هەولێر] و هەڵدانەوەی گۆڕی پادشایانی پارت و پەرانپەران کردنی یەسکوپرووسکیان. کۆمەڵێکیان سکە بە شادییانەی ئەم سەرکەوتنە لێدان و لەسەریان نووسین «پارتبەزێن». بەهاری ساڵی ٢١٧ ئەردەوان لێیان وەخۆ کەوتەوە و دووچۆمانی ڕۆمی گرت و ئەوانیش کە بە کوژرانی گەرماوگەرمی کاراکالا سەریان لێشێوابوو، لە شەڕی درێژخایەندا تێشکان و ئیمپراتۆر ماکرینووس پووڵێکی زۆری دا و ئاشتی و پێکهاتنی پێکرد. ئەو سکانەی کە لەمەو دواش لێدراون هەر لەسەریان نووسراوە (hica) part (Oria) Vict واتە پارتبەزێن.

برانەوەی چارەنووسی ئەشکانییەکان زۆر نیزیک ببۆوە. بەڵام ئەو



ق ٤٨- وێنەی «بابەک»ی پادشای پارسە لە ساڵی ٢١٠ی زایینیدا و بە ڕەنگی ڕەش کێشراوەتەوە. لە رووی وێنەی ئەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
E.Herzfeld, Iran in the Ancient East, fig. ٤٠٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دوودڵــی و دڕدۆنگییــەی کــە لــە ســەرچاوەکانی ڕۆژهــەڵاتی‌دا دیــارە و لــە شوێنەوارناسی‌دا هیچ ڕەنگێکی نەداوەتەوە، سێبەری خستۆتە سەر تـەواوی کارەکانیان. ئەو ڕاپەڕینەی کە دەبوو بـە ڕووخـانی دەسـەڵاتی ئەشـکانییەکان ببڕێتەوە، لە پارس‌دا سەری هەڵدا. وەکوو سەرچاوەکان بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە، ئـەم ڕاپەڕیوانـە هـەتا سـەرەتای سـەدەی سێهەمی زاییـنی دەسـتندەخۆری ئەشکانییەکان بوون. وا دەگێڕنـەوە کـە «ساسـان»ی باپیرەگـەورەی ماڵـباتی ساسانی هیربەدی ئاورگەی ئاناهیتـا بـووە لـە ئیسـتەخری نیزیکـی تـەختی جەمشید (ق ٤٨). بابـەکی کـوڕی، کچـی میرێکـی ئـەو مەڵـبەندە دەخـوازێ و دەسەڵاتی دەتەنێتەوە. پادشای ئەشکانی ئەم کارەی پەسند نەکرد. لە جەنگـەی مردنی بابەک‌دا کە زۆروکەم هاوکـات بـوو لەگـەڵ هێرشـی کاراکـالا، شـەڕ و تێکهەڵچوونێکی بەگوڕ لە نێوان کوڕانی‌دا قەوما کە شاپوور و ئەردەشێر بـوون. شاپوور وە ژێر هەرەس کەوت و ئەردەشێر بوو بـە شـا. بـەڵام گێڕانەوەیـەکی ساکارتر و شیاوتر بۆ سەلماندن دەڵێ، ساسان قوڵەشایەک بووە لە پارس کە دوای نەمانی، وڵاتەکەی بە ئەردەشێری کوڕی بـڕاوە. ئەردەشێر بـەخێرایی وڵاتەکەی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتـەوە پەرەپێـدا. ساڵـی ٢٢٠ بەئاشـکرا کەوتـە سەرهەڵـدان و مڵانـە. هاوپەیمانـەکانی ئێستا بریتـی بـوون لـە مادەکـان و فەرمانڕەواکانی ئادیابێن و «دۆمیتیان»ی پادشای کەرکووک. دووچۆمانیان کردە پێخوستی یەکسمەکانیان، بەڵام حەزەریان بۆ نەگیرا. ئەردەوانی پێنجەم کەوتە دژایەتی. لە سێ شەڕی پەیتاپەیتادا تێکشکا و دەوروبەری ساڵانی ٢٢٤-٢٢٦ لـە دوایین تێکهەڵچوون‌دا کوژرا. پارت کەوتە چنگ ئەردەشێر و لە تیسفوون تـاجی پادشایەتی نایە سەری. تەنانەت ئێستاش بەرەنگاربوونەوەیـەکی سـەخت لـە ئارادا بوو. گۆیا بەلاشی شەشـەم هـەتا سـاڵانی ٢٢٦ – ٢٢٧ی ز. هـەر مـاوە و

«ئارتاڤازێد» یان «ئارتاڤاسدێس»ی کوڕی ئەردەوان کە لانیکەم هەتا ئەم حەلەش سکەی لێدەدا، بێوچان لە چیاکان بەربەرەکانی دەکرد.

دژایەتیکردنی ئەردەشێر لە ئەرمەنستان و شوێنەکانی تر نەپسایەوە، بەڵام سەرەنجام سەرکەوت و بە فەرمانی ئەو لەسەر تاشەبەردێکی گەورەی نیزیک فیرووزئاباد، بە یادی بەزینی ئەردەوان نەخشەبەردینەیەکیان داتاشی (و٧٥). لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ماڵباتی ساسانیدا کە خۆیان بە تۆرەمە و پاشەواری هەخامەنشییەکان دادەنا، حکوومەتێکی پتەو و بەهێز و بەخێروبێر و پێشکەوتووی کەلتووری ڕووی کردەوە ئێران.

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی ١٠

## دوایین وتار

# کارە مەزنەکانی پارتەکان

پارتەکان زۆر کەمیان بەڵگەی ڕەسمی لە پاش بەجێماوە. جگە لەمەش زۆربەی مێژوویان لە سەردەمی ساسانییەکان‌دا یان دیزە بە دەرخۆنە کرا یا خرایە بەر شەپۆلی تێداچوون. ئەمەیان تا ڕادەیەک دەبێ بگەڕێتەوە سەر دوژمنایەتی‌کردنیان لە لایەن ساسانییەکانەوە. لە کتێبی «ئەتتەنبییە»ی بە عەرەبی نووسراوی «مەسعوودی»دا دەخوێنینەوە کە ڕێبەرانی دینی و سیاسی ساسانییەکان بەئانقەست دەستیان وەردایە نێو ساڵژمێریی پارتەکانەوە و مەودای ٥١٠ ساڵەی فەرمانڕەوایەتی ئەوانیان کردە نیوە. ئەم کارەیان بۆیە کرد چونکە زەردەشتی لایان وابوو پادشایەتیی ئێران هەزار ساڵ دوای زەردەشت، کە ڕەنگە نیزیکەی سێسەد ساڵ بەر لە ئەسکەندەر ژیابێ، دەبڕێتەوە. بەم چەشنە دەیانویست ئەو ڕۆژگارە بەڵێندراوە تێداچووە وەدوا بخەن. نووسەرانی تری سەدەکانی نێوەڕاستی ڕۆژهەڵاتیش بەم فرتوفێڵەیان دەزانی، بەڵام زۆریشیان

بنکەی ژین
www.zheen.org

هیچیــان نــەدەزانی و دواتــر ســەرچاوەکانی زەردەشــتی مــاوەی حکوومــەتی پارتەکانیان تەنیا بە ٢٨٤ ساڵ دانا. لەگــەڵ ئەمــەشدا بــە دەستەوەنــەبوونی بەڵگە و شانیکی پارتی زۆر سەیرە. نابێ لە بیرمان بچێ کە پارتەکان لەبەرووەی کۆچەر بــوون و دەوارنشــین، گوێزەگوێزیــان دەکــرد و هــەر جــارەی بارگــا و پایتەختیان لە شوێنێک دادەنا و گەلێکیان شەڕی خۆماڵی لــە نێــودا دەقــەوما. تیسفوون زۆرجاران تالان کراوە و بەپێی سەرچاوە چینییەکان، پارتەکان لەسەر پێستی ئاسک نووسیویانە. تەواوی ئەم هۆکارانە لەگەڵ باری پاراستنی بەڵگان ناکۆک بوون. سەرەڕای ئەمانەش تەنانەت لە حکوومەتێکی بەدامودەزگای ڕێک و لەباری وەکوو حکوومەتی ڕۆمدا شانیک و بەڵگە وا هاڵۆزکان کە تێئۆدۆسیووس و ژووستێنین لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی زایینیدا ناچار بوون یاســای نــوێ بنووسنەوە و بڕیار و جاڕنامەی تازە بدەن و بڵاوی بکەنەوە. حکوومەتی پارتی بە چۆنیەتیی ڕاگرتن و پاراستنی هەڵەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، ڕەنگە خۆی بەرپرسی ئەم تێکەولێکە و نەمانی شانیکانە بێ کە بوو بە هۆی ئەوەی خەڵــکی داهاتوو هیچیان دەربارەی نەزانێ.

لە مەودای پێنسەد ساڵەی حکوومەتی پارتەکاندا چ کارێکی گــەورە کــرا؟ ئــەو دەمــەی کــە دەوارنشــینانی پــارتی دەســەڵاتیان بــە ســەر قەڵــەمڕەوی سلۆکییەکاندا شکایەوە، پێیان نابوویە هەرێمێکی وا ئەگــەرچی گــەلێک داب و نەریتی کۆنباوی ڕۆژهەڵاتیش مابوون، بــەڵام شارســتانییەتی یۆنــانی پنجــی داکوتابوو. ئەم تێکەڵبوونەی کەلتوور و حکوومەتەیان قبووڵ کرد کــە زۆر لــە شانی خۆیــان ســەرتر بــوو. ئەوســا مێهــردادی یەکــەم و دووەم حکوومــەت و پادشایەتییەکی پتەو و بەرینیان دامەزراند. لــەوی بــە دواوە، بــە پــەرەگرتنی شانەبەرزە و زێدەپشکیی گەورەپیاوان و مەزنان، هێز و دەسەڵاتی پادشــایەتی دابەزی. لە سەدەی یەکەمی زایینیدا نەریتی کۆنباوی تێکەڵاوی پێشــوو ئاوێتــە

بنکەی ژین
www.zheen.org

بوو لەگەڵ قۆناخێکی تازەی کەلتووری ئێرانیی دوای هێلێنیستی کە پارتەکان بۆ ساسانییەکانی جێگرەوەی خۆیان بەجێهێشت. لە هەرەتی دەسەڵاتی پارتەکاندا کۆمەڵێک پێشکەوتن لە زۆر بواراندا خۆیان نواند. بە گوتەی «فێرای» کۆمەڵی ئێرانی لە سەردەمی کەوناراوە پێی نایە چاخی سەدەکانی نێوەڕاست. چەشنێک «دەرەبەگایەتی» لە ئێرانی سەردەمی هەخامەنشییەکاندا هەبوو. بەڵام ئێستا دەبینین بەئاشکرا خۆی دەردەخا و دەسەڵاتی ناوەندی دەکەوێتە بێبڕستی و سیستمێک بەدی دێ کە ڕایەڵوپۆی بریتین  لە مەزنان و دەرەبەگان و کۆمەڵانی کۆیلەی چەوساوە و بەشخوراو و گەلێک نازناو و نیشانە و هێما. شەڕ و ڕاو و گۆیەن و دانانی بەیتی پاڵەوانەتی، هەموویان وەکوو تایبەتمەندیی ژیانی مەزنەوەجاخان خۆیان دەردەخەن. ئەم تایبەتمەندییانە لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی لەشکریشدا خۆ دەنوێنن.

لە سەردەمی پارتەکاندا سیستمی ئابووریی قەڵەمڕەوی پادشایەتی زۆر بە خەستی بەرەورووی خەسار بۆوە و هەر لەسەر پێوشوێنی سەرکزی و بێبڕشتیی زۆربەی حکوومەتە کۆنەکان ڕۆیی، بەڵام دیسانیش هێندێک بەرەوپێشچوونی بە خۆوە بینی. لە سەدەی یەکەمی پێش زایینیدا گەشەی سات و سەودا و بازرگانەتی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی بارودۆخێکی بەرەو ئاشتی و هێمنایەتی بەدی هێنا. شارەکان پەرەیان گرت و لە ڕێی قازانج و داهاتی هاتوچۆی کاروانانەوە درێژەیان بە ژیان دا و ڕێوبانی بازرگانی، ئێستا لێوارەکانی دەریای مەدیتەرانەیان لە ویشکانیڕا بە چینەوە دەبەستەوە. ڕەوتی هەڵدانی بارودۆخی ئابووری کە برەوی بازرگانەتی لێکەوتەوە، گەشەی هونەرەکانیشی بە دواوە بوو. نژیاروانیی پارتی هێندێک بیرۆکەی تازەی وەکوو دانانی هەیوان و لێدانی تاق و گۆشوارە و نەخشاندنی ژووری خانووانی هێنایە ئاراوە. هونەری پارتی لە بەدیهاتنی شێوازەکانی داهاتووشدا زۆر کاریگەر

بنکەی ژین
www.zheen.org

بوو. ڕەنگە شێوەی کێشانەوە و دەرخستنی ڕوخسار و قەڵافەتی ڕووبەڕوو لە ڕۆژاوای ئێرانەوە چووبێتە نێو هونەری ڕۆمی و لەوێوە پەلی کوتابێ بەرەو بیزانس. هونەرمەندانی ساسانی کۆمەڵێک بابەتی وەکوو بەخشینی پلە و پایە و دانیشتنی چوارمێردەکی و شەڕی دوو بە دووی سواران و هێندێک مەبەستی تایبەتیی هونەری یۆنانییان لەوان وەرگرت. لەم قۆناخەدا ئیتر هێلێنیسم دەرنەدەکرا، چونکە لەگەڵ بیر و بۆچوونی ڕۆژهەڵاتی گونجێندراو و ئاوێتە کرابوو. لە بازنەی دین‌دا گۆیا ئایینی زەردەشتی بێ‌پسانەوە لەسەر ڕەوتێکی تایبەت پێشکەوت و پەرە و ئاڵوگۆڕی خۆی درێژە پێدا، هەتا سەرەنجام گەیشتە ئەو بار و هەوایەی کە لە سەردەمی ساسانییەکان‌دا خۆی دەرخست. بەڵام ئەمانە هەمووی دەسکەوت و کامڕەوایییەکانی بەدیهاتووی ڕۆژگاری پارتەکان بوون. باشە تۆ بڵێی پارتەکان تا چ ڕادەیەک بەشیان بەم سەرکەوتنانەوە بووبێ؟

فەرمانڕەوایانی پارتیی ئێران پتر وەکوو تارمایی دەچن. وا وێدەچێ کە پادشایانی پارتی زیاتر دڵیان بە ڕێوشوێن و ئاکارە کۆنباوەکانی خۆیان خۆش بووبێ، هەتا فەرمانڕەوایەتییەکی دروست و ئاقڵمەندانە. گرێ و گرفتەکانیان دەبوونە لەمپەر لەسەر ڕێگای بەدیهێنانی شوێنەواری زیاتر. گۆیا لە زۆر بواران‌دا گەلێک پشوودرێژ و لێبووردە بوون کە بێ‌گومان ئاکامی بێ‌مشووری و بە تەنگەوە نەبوونە. بەڵام هەر ئەم کارە دەبوو بە هۆی بەدیهاتنی دەرەتان بۆ دەربازبوونی جەماوەرێکی زۆری بندەستیان لە چەوسانەوە و ئازار و جەزرەبە. جارجارێک دەستی ڕێبەرایەتیی فەرمانڕەوایانی پارتی دەبیندرێ بۆ جڵەوکێشانی بەرەژێرانیان لە شەڕ و سەرکەوتن و پەرە و گەشەی تیسفوون‌دا لە گوندێکەوە بۆ بوون بە پایتەخت و هەروەها کۆکردنەوەی کوتولەتی ئەڤێستا کە بە کاری بەلاش دادەندرێ. گۆیا بنەڕەتی گۆڕانی وڵات لە سەرزەمینێکی ژێر دەسەڵاتی یۆنانەوە بۆ کۆمەڵێکی ئێرانی، زۆر قەرزداری دامودەزگاکانی

بنکەی ژین
www.zheen.org

پادشایەتی و مەزنەوەجاخانە. بەڵام شوێنەوارێکی باش و لەبار و شیاوی پشت پێبەستن سەبارەت بە کامڕەوایی و ڕزگاریی ڕاستەقینەی پارتەکان لەبەر نەبوونی بەڵگە و شانیک و خراپەکاریی ساسانییەکان بە دەستەوە نین. یاد و بیرەوەریی پارتەکان لە ئێران بەپرتاو بێسەروشوێن چوو، هەتاکوو فیردەوسی هات و گوتی:

هەر بەتەنیا ناویانم بیستووە
لە نامەی میرانیش‌دا نەمدیتووە

بەم چەشنە لە ڕۆژگارانی ئێرانی دوای ئەوان‌دا، تەنیا یاد و بیرەوەریی چەند ناوێک و چەند شکستێکی گەورە بەجێما. مەزنان و گەورەپیاوانی مێژوویی پارت «تەنیا» بۆ وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری و ڕازاندنەوەی نەقل و نەزیلان دەکەونەوە یادان.

***

بنکەی ژین
www.zheen.org

| بنەماڵە رقەبەرەکانی ئەشکانی کە خۆیان بە خاوەنی تاج و تەخت دەزانی | پادشاکانی ئەشکانی | |
|---|---|---|
| | ئەشکی یەکەم (rsk') ٢٤٧ی پ.ز. | تیرداد (tyrdt) دەوروبەری ٢١١ ی پ.ز.(؟) |
| گۆدەرزی یەکەم (gwtrz) دەوروبەری ٩١-٨٧ ی پ.ز. | مێهردادی یەکەم (mtrdt) دەوروبەری ١٧١-١٣٧ ی پ.ز. | ئەردەوانی یەکەم (rtpn') دەوروبەری ٢١١-١٩١ی پ.ز. |
| ئەردی یەکەم (wrwd) دەوروبەری ٧٨ی پ.ز. | فەرهادی دووەم، دەوروبەری ١٣٨-١٢٨ی پ.ز. | پریاپاتیووس (prypat) دەوروبەری ١٩١-١٧٦ی پ.ز. |
| | ئەردەوانی دووەم، دەوروبەری ١٢٨-١٢٤ی پ.ز. | فەرهادی یەکەم (prdh, pyrdty) دەوروبەری ١٧٦-١٧١ی پ.ز. |
| | مێهردادی دووەم، دەوروبەری ١٢٤-٨٧ی پ.ز. | سێنترۆک، دەوروبەری ٨٧ یان ٧٧-٧١ یان. ٧٠ی پ.ز. |
| | ئەردی دووەم، دەوروبەری ٥٧ – ٣٧ی پ.ز. | فەرهادی سێهەم، دەوروبەری ٧٠ – ٥٧/٥٨ی پ.ز. |
| تیردادی دووەم، دەوروبەری ٣١-٢٥ی پ.ز. | فەرهادی چوارەم، دەوروبەری ٤٠ – ٣٢ی پ.ز. | مێهردادی سێهەم، دەوروبەری ٥٧-٥٥ی پ.ز. |
| | فەرهاتەک (prdtk) دەوروبەری ٣ی پ.ز. تا ٤ی ز. | وێنۆنی یەکەم (whwnm?) دەوروبەری ٧-١٢ی ز. |
| مێهرداد، دەوروبەری ١٠ی پ.ز. | ئەردی سێهەم، دەوروبەری ٤-٧ی ز. | بەردان ( wrt'n)، دەوروبەری ٣٩-٤٧ی ز. |
| فەرهاد، دەوروبەری ٣٥ی ز. | ئەردەوانی سێهەم، دەوروبەری ١٢-٣٨ی ز. | پاکۆراسی دووەم (pkwr?) دەوروبەری ٧٧-١١٥ ی ز. |
| تیرداد، دەوروبەری ٣٥-٣٦ ی ز. | گۆدەرزی دووەم، دەوروبەری ٣٨-٥١ی ز. | خوسرەو، دەوروبەری ٨٩-١٢٨ ی ز.(؟) |
| | وێنۆنی دووەم، دەوروبەری ٥١ی ز. | ئەردەوانی پێنجەم، دەوروبەری ٢١٣-٢٢٤/٢٢٦ ی ز. |
| مێهرداد، دەوروبەری ٤٩ ی ز. | بەلاشی یەکەم، دەوروبەری ٥١-٨٠ی ز. | ئارتاڤازێد (rtwz)، دەوروبەری ٢٢٦-٢٢٧ی ز. (؟) |
| بەردانی دووەم (؟) دەوروبەری ٥٦-٥٨ی ز. | بەلاشی دووەم، دەوروبەری ٧٧-٧٨ و ٨٨ – ٨٩ی ز. | |
| ئەردەوانی چوارەم، دەوروبەری ٨٠-٨١ی ز. | بەلاشی سێهەم (دووەم) دەوروبەری ١٠٥ -١٤٧ی ز. | |
| | بەلاشی پێنجەم (چوارەم) دەوروبەری ١٩٠-١٩١ و ٢٠٦ – ٢٠٧ ی ز. | |
| مێهردادی چوارەم، دەوروبەری ١٢٨-١٤٧ی ز.(؟) | بەلاشی شەشەم(پێنجەم) دەوروبەری ٢٠٧-٢٢٧ی ز.(؟) | |

بنکەی ژین
www.zheen.org


بنکەی ژین
www.zheen.org



٢



٣

بنکەی ژین
www.zheen.org




٤

٥






بنکەی ژین
www.zheen.org



٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

٨




٩





www.zheen.org

١٠



بنكەی ژین
www.zheen.org

١١




١٢

بنکەی ژین
www.zheen.org







١٣

١٤




١٥




١٦ ١٧




١٨




١٩




۳۰




٣١ ٣٢



٣٣

٣٤



٣٥





٣٦



٣٧


a
b
c
28
d
e
٣٨



٢٩



٣٠



٣١




٣٢ ٣٣

بنكەی ژین
www.zheen.org



٣٤



٣٥



٣٦



٣٧



٣٨



٣٩

www.zheen.org

٤١ ٤٠ ٤٢




٤٣

٤٤ ٤٥




٤٦

٤٧ ٤٨




٤٩ ٥٠

٥١




٥٢ ٥٣

٥٤




٥٥







٥٦

٥٧ ٥٨




٥٩

٦٠



60

61



٦١

٦٢




٦٤

بنکەی ژین
www.zheen.org

٦٥




٦٧







٦٦




٦٨

٦٩




٧٠ ٧١

بنکەی ژین
www.zheen.org



٧٢



٧٣



٧٤



٧٥

٧٦



www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# شیکردنەوەی وێنەکان

١- سەرێکی کەچوکرووچ بووی مەفرەق کە لە شەمی دۆزراوەتەوە. لەتوکوتی نیوتاجێکی زێرچن کە لە پەنای وەدی هاتووە دەریدەخا وا دیارە سەری پادشایەکی سلۆکییە. (ئانتیۆخووسی چوارەم ئێپیفان کە فەرمانێکی بۆ داگیرسانی ڕێوشوێنی پەرستنی خۆی پەسند کرد.؟) وێدەچێ سەر بە سەدەی دووەمی پ.ز. بێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان (کەڤنار) لە تاران لێرەدا چاپ کراوە.

٢- دیمەنی دەروازەکانی دەریای خەزەر لە ڕۆژهەلاتی تاران کە لە ئاسمانەوە هەلگیراوەتەوە و مادی ڕۆژهەلات لە پارتی ڕۆژاوا جودا دەکاتەوە. ئەم دیمەنە هەوراز و لێژی ڕژد و هەلەموت و بەردەلانی بەربلاوی زنجیرە چیای ئەلبورز بە جوانی دەربەخا. لە دوورەدەستەوە کەنارەکانی دەشتی کەویر [چۆلستانی شۆرەکات] وەبەرچاو دێن.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی بەرەوە بلاو کراوەتەوە.

Oriental Instiute, University of Chicago.

٣- دیمەنی ژوورەوەی سەرسەرای کۆشکی پادشایەتی لە نێسای کەونینەدا کە نۆژەن کراوەتەوە. ئەم سەرسەرایە چەند جارێک کەلتە کراوەتەوە. ئەم دیمەنە کەموزۆر دۆخی شوێنەکە لە سەدەی یەکەمی زایینیدا دەخاتەڕوو. دیوارەکان دەبوونە دوو بەشی سەرەکی و چەند تاقەیەکیان تێدا بوو کە

بنکەی ژین
www.zheen.org

پەیکەرەی سواڵینەی باب و باپیرانیان لێدادەنان. واتە پەیکەرەی ئەو پادشایانەی کە هەتا پلەی خودایەتی پێهەڵبرابوون.

ئەم وێنەیە بە ئیزنی بڵاوکەرەوانی ئەم بەرهەمەی ژێرەوە بڵاو کراوەتەوە:

Vestnik drevnei istorii (١٩٥١ f, fig. ٣).

٤- لای ژێرەوەی تابووتێک، دەستی چەپ Triclinium of Maqqai یەکێکە لەو تاقمە سێ تابووتیانەی لە ڕیزێکەوە دادەندران. لە گۆڕێکی ژێرزەمینیی پالمیردا وەدی هاتووە. لە نێوان دوو ئەستوندەکاندا نەخشی دەرزەقیوی «مەققای» شەقڵێندراوە. دوو خزمەتکار لەو شانەوشانی چەقیون و هەرسێکیان جلی پارتانەیان پۆشیوە. ئەسپێکی بۆ زین کراوە و ئامادەیە بچێ بۆ ڕاو. بەرزایی ئەم دیمەنە ٧٦/٢ سانتیمیترە و دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ٢٢٩ی ز.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

Institut français d'archeologie, Beirut.

٥- کەوڵی ئاسکێک کە بە خەتی ئارامی و بە زمانی پارتی یان «پەهلەویی ئەشکانی» لەسەری نووسراوە و وێڕای دوو کەوڵە ئاسکی دیکە کە بە زمانی یۆنانی لەسەریان نووسراوە، لە هەورامانی کوردستان دۆزراونەوە. تێکڕای ئەم بەڵگانە سەبارەتن بە فرۆشتنی ڕەزێک. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٠٠ و چما مەبەست ساڵژمێری سلۆکی بێ، ساڵانی ١١ – ١٢ی پ.ز. دەگرێتەوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی ژێرەوە بڵاو کراوەتەوە:

Society for Promotion of Hellenistic Studies.

٦- سکەی شاهانی پارتی و قوڵەمیرانی خواردەستەیان. هەموویان سکەی زێون مەگین نووسرابێ کە لە کانزایەکی ترە. ئەو پیتانەی کە بە تاق نووسراون

بنکەی ژین www.zheen.org

نیشانەن بۆ ڕووکار و ئەوانەش کە بە جووت هاتوون ئاماژەن بۆ پشتی سکان. وێنەکان گەورە و بچووک نەکراونەوە و بە ئەندازەی سروشتیی خۆیانن.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی لیژنەی باوەڕپێکراوانی مووزەی بریتانیا[1] چاپ چاپ کراوە.

(a) یەک «درمم»یی مێهردادی یەکەم کە وێنەی خۆی لێداوە. ڕەنگە یەکەم سکەی پارتەکان بێ و دەگەڕێتەوە بۆ سالانی ١٦٠ -١٥٠ی پ.ز.

(aa) دیمەنی «ئەشکی دانیشتوو» کە بە یۆنانی وشەی «ئەشک»ی لەسەر نووسراوە.

(b) سێ «درمم»یی مێهردادی یەکەم کە بە شێوازی یۆنانی لە سلۆکییە لێدراوە.

(bb) قەلافەتی هێرقێل کە بە پێوە ڕاوەستاوە و نووسراوەیەکی یۆنانی پێوەیە و کاکلەکەی دەبێتە «مێهرداد پادشای مەزن و یۆنانخۆشەویست». سالی ١٧٣ (١٤٠-١٣٩ی پ.ز.)

(c) یەک «درمم»یی مێهردادی دووەم کە کلاوی قیتی تازەی پادشایەتیی پارتی بە سەرەوەیە. لە پشتی ئەم سکەیە خۆی بە شاهەنشا ناودێر کردووە. دەوروبەری سالی ١٠٠ی پ.ز.

(d) یەک «درمم»یی کە ڕوخساری تەواوڕووی مێهردادی سێهەمی(؟) پێوەیە. ٥٧ – ٥٥ی پ.ز.

(dd) دیمەنی دانیشتووی ئەشک و نووسراوەی یۆنانی کە – تەنیا- بە پادشای گەورەی ناودێر کردووە.

(e) یەک «درمم»یی ئەردی دووەم کە دەوروبەری سالانی ٥٧-٣٨ی پ.ز. واتە ئەو دەمەی کە کراسسووس پەلاماری پارتی دا، پادشایەتی دەکرد.

---

١ - Trustees of British Museum.

(ee) نووسراوە یۆنانییەکەی سواوە و کووژاوەتەوە.

(f) سێ (درەم)»یی فەرهادی چوارەم (٣٧-٣٢ی پ.ز.) کە هێرشی ئانتوانی بردەوە پاش.

(ff) فەرهاد کە خۆی بە شاهەنشا و یۆنانخۆشەویست ناودێر کردووە. بەپێی سالژمێری سلۆکی، سالی ٢٨٠ (٣٢ - ٣٣ی پ.ز.)

(g) یەک «درەم»یی کە سەری «فەرهادەک»ی پێوەیە.

(gg) سەری مووزا کە بە یۆنانی لەسەری نووسراوە: «مووز شاژنی ئاسمانی». ٢-٤ ی.ز.

(h) درەمی بەلاشی پێنجەم (چوارەم) کە ڕوخساری ڕووبەڕووی پڕ خەت و کووزی پادشای پێوەیە. دەوروبەری سالانی ١٩٠ - ٢٠٧ ی ز.

(i) سێ «درەم»یی ئەردەوانی سێهەم. دەوروبەری ١٢-٣٨ی ز.

(ii) ئەردەوانی ئەسپسوار کە ڕەنگە ئاماژەیەک بێ بە ڕۆژگاری دوورخرانەوەی. گەلا خورمای پێملبوونی شاری سلۆکییە(؟) وەردەگرێ. لێرەدا ئیتر نازناوی ئاسایی ئەشکانییەکان واتە «یۆنانخۆشەویست» هەلگیراوە. ئەم دیمەنە نائاسایییە و شەقلەکەی دەبێ نیشاندەری گیروگرفتێک بووبێ کە ئەوسا براوەتەوە. سالی ٣٣٨ (٢٦ - ٢٧ ی ز.)

(j) یەک «درەم»یی بەلاشی یەکەم کە پیتی ئارامیی WL ، ناوی هەروەک نووسراوە یۆنانییەکەی پشتەوەی سکەکە دەخاتە بەرچاو.

(jj) زۆروکەم پاک بۆتەوە. دەوروبەری ٥١-٨٠ی ز.

(k) یەک «درەم»یی ئارتاڤازێد، ئاخرین فەرمانڕەوای پارتی و بە شێوازێکی پڕ خەت و پیتی ئارامی لێدراوە و نووسراوە Artavasdes . دەوروبەری ٢٢٦ - ٢٢٧ ی ز.

www.zheen.org

(kk) بە خەتی ئارامی لەسەری نووسراوە «ئارتاڤازی مەلێکا». ئەم شێوە نووسینە جێی مۆرکی هالۆزکاوی یۆنانی گرتۆتەوە [کە ببوو بە شەڕەپشیلە].

(L) سێ «درمم»ی. لە ڕووکاری سکەکە نووسراوە «بەگدات»[1] یەکێک لە پادشایانی خواردەستەی سلۆکییەکان لە فارس. سەدەی سێهەمی پ.ز.

(LL) ئاورگا و نووسراوەیەک بە خەتی ئارامی.

(m) سێ «درمم»ی کە ڕوخساری «کامناسکیرێس»[2]ی دووەم، پادشای ئێلیمائیس و خێزانەکەی لەسەر نەخشاوە. کامناسکیرێس لە پادشایانی خواردەستە و دەسنێژی پارتەکان بوو. پشتی سکەکەی دیمەنی دانیشتووی زێئووسی پێوەیە و بە یۆنانی لێی نووسراوە. سالآنی ٨٢-٨٣ ی ز.

(n) یەک «درمم»یی داریۆشی دووەم کوڕی ئوتۆفرادات،[3] پادشای دەسنێژی فارس کە کلاوێکی پارتانەی بە سەرەوەیە. سەدەی یەکەمی پ.ز.

(nn) ئاورگە و پەرستندەیەک و لەسەر نووسران بە پیتی یۆنانی.

(o) سێ «درمم»یی مەفرەقیی «مەگا»[4]، پادشای دەستندەخۆری میسەن - خاراسن، (دەوروبەری ١٩٥-٢١٠ی ز.) پاتشا کلاوێکی پارتانەی بە سەرەوەیە.

(oo) ڕوخسارێکی ڕیشن.

(p) یەک «درمم»ی کە سەری شاپووری کوڕی بابەکی لەسەر شەقڵکراوە و دەگەڕێتەوە دەوروبەری ٢١٠-٢١٥ی ز. مۆرکی پیتی ئارامی پێوە دیارە. شێوازی هونەریی ساسانی هەر لەم سەرەتایەوە بەرچاو دەکەوێ.

---

١ - Bagadat.
٢ - Kamnaskires.
٣- Autophradates.
٤- Maga.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٩٩) یەک «درەم»ی. پشتــەوەی سکــەی شاپووری پارسی، دەورووبـــەری ٢١٠ -٢١٥ی ز. لەگەڵ سەری بابەکی باوکی(؟) کە کڵاوێکی پادشـایانەی کردۆتـە سەری. شێوازی ساسانی بەئاشکرا خۆی دەنوێنێ.

٧- وێنەی هەڵگیراوەی شووش لە ئاسمانەوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە لێرەدا بڵاو کراوەتەوە:

Oriental Institute, University of Chicago.

٨- گوڵدانێکی مەڕمەڕین کە لە شـووش دۆزراوەتـــەوە، ٢٥ ســانتیمیتر بڵیندە و سەر بە سەردەمی پارتەکانە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان لە تاران لێـرەدا چـاپ کراوە.

٩- دیزەی ڕەنگاودراوی سەوز. سەر بە ڕۆژگاری تازەی پارتە و لە عێراق دۆزراوەتەوە. سێ هەنگڵی هەیە و سێ دەمامکی لەسەر نەخشـێندراوە. زۆر کـەم وەکوو دیزەی دوو هەنگڵەی یۆنانی دەچـێ کـە تایبــەتی شـلەمەنی بـوون. ٢٧ سانتیمیتر بەرزە و لە سەدەی دووەم یان سێهەمدا دروست کراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە لێرەدا بڵاو کراوەتەوە:

Staatliche Museen, Berlin-Dahlem,Islamische Abteilung.

١٠- پیاڵەیەکی سواڵینەی سووری وەکوو شـاخ کـە بـە شـێوەی سـەری بزنەکێوی سازکراوە. لە دەماوەند دۆزراوەتەوە و ٨ /٣٦ سانتیمیتر درێژە و سەر بە سەدەی دووەم یان یەکەمی بەر لە زایینە. لە مـووزەی ئێرانـی باسـتانە لــە تاران.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی بەرەوە بڵاو کراوەتەوە:

Museo Nazionale d'arte orientale, Rome.

١١- جەواهێراتی سەردەمی پارتەکان:

(a) دەسبەندی زێوینی پێچپێچ. لەو دەسبەندانەیە کە لە وێنەی ٤٢دا کراوەتە دەست. تیرەی بازنەکەی ٧ سانتیمیترە. لە دوورا دۆزراوەتەوە. لەسەر ئیزنی ئەم دەزگا چاپەمەنییەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Dura Europos Publication.

(b) گوارەی بەزریزە و پەرەنگ و تێل و مرواری. ٥/٧ سانتیمیتر بلێندە.

(c) گوارەیەکی ٢/٥ سانتیمیتری.

(d) دەرزی بەرۆکی ئالقەیی. کۆتەرەی ٢/٨ سانتیمیترە.

(e) ئەنگوستیلەی بەردین کە وێنەی خواژنێکی لەسەر هەڵکەندراوە. کۆتەرەی ٢/٥ سانتیمیترە.

(f) گوارەیەک کە هێشوو ترێی پێوەهەڵاوەسراوە. ٤/٢ سانتیمیتر بەرزە.

(g) دەسبەندی تێلی تێکتەندراو. ئەوسەرەوسەری بە پارچە کانزایەک یەکتریان گرتۆتەوە. ١٨/٧ سانتیمیتر درێژە.

(g-b) هەموویان لە سلۆکییەی لێواری دیجلە دۆزراونەوە و نیشانەی پەل هاویشتنی یۆنانن.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا[1] بلاو کراوەتەوە.

١٢- کاسەی پەل یان دەوری زێو. یەکێکە لە کەلوپەلەکانی گەنجینەی جەیحوون و بە شێوازی ناسراو بە «باختەری» سازکراوە. «دییۆنیزیووس»، خودای یۆنانی لەسەر درۆشکەیەک پاڵ کەوتووە. «ئاریادێن» لە پەنایەتی و تاقمێک بە شادی و هەڵپەڕین کەوتوونە شوێنی. ئەم شێوەیە داهاتن و دەسپێکی کارە هونەرییەکانی ساسانییە. چەند قەڵافەتێک بەجودا لەسەر کانزایەک شەقڵێندراون و بە دەفرەکەوە جۆش دراون. بڕواننە:

١- Directotate General of Antiquities, Bagdad.

بنکەی ژین
www.zheen.org

O.M.Dalton, The Treasure of the Oxus, ٢ed,p.٤٩.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی لێژنەی باوەڕپێکراوانی مووزەی بریتانیا چاپ کراوە.

١٣- دیزەی زێو. هەردک دەسکی وردەکارییەکی زۆریان لەسەر کراوە و یەکی سەرێکیان پێوەیە کە لە لاوە لێیان نراوە. ئەم دەفرە لە مەڵبەندێکی ئێران دۆزراوەتەوە. ٥/٥ سانتیمیتر بەرزە و کۆتەرەی ٩/٥ سانتیمیترە. سەر بە سەردەمی هێلێنیستی یان سەرەتای پارتە.

لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان لە تاران چاپ کراوە.

١٤- کاسەی زێوی نەخشێندراو. لە نیزیک نەهاوەند دۆزراوەتەوە. ئەم دەفرە خڕە لە ڕووی چەشنێک فینجانی لەیلووپەڕێی کۆنتر ساز کراوە. ڕووکاری بە شێوەیەکی جوان وەکوو دارەمێو نەخشێندراوە. سێ پیتی یۆنانیی PXA کە لەسەر ئەم کاسەیە هەڵکەندراون ڕەنگە ناوی خاوەن یان قورساییەکەی بن. تیرەی ١٤/٣ سانتیمیترە. بەپێی هەڵسەنگاندنی ئەو سکە ڕۆمییانەی کە لەگەڵی دیتراونەوە، دەبێ سەر بە سەدەی یەکەم یان دووەمی زایینی بێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم مووزەیەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Staatliche Museen Berlin, Antiken Abteilung.

www.zheen.org بنکەی ژین

١٥- چەند لەتوکوتێکی سەدەف کە سندووقچەیەکی پێ ڕازاوەتەوە و لە شەمی لە ڕۆژاوای ئێران دۆزراوەتەوە. ڕەنگە سەر بە سالانی ١٠٠ی پ.ز. تا ١٠٠ی ز. بێ. لە مووزەی ئێرانی باستان لە تاران پارێزراون.

١٦- پەیکەرەیەکی لە مەفرەق چێکراوی ژنێکی ڕووت کە لە ئێران دۆزراوەتەوە. یەکێکە لەو شتانەی نەزر کراوە و ڕەنگە پەیکەرەی ئاناهیتای خواژن بێ کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە بەرەودوا ڕێورەسمێکی زۆر

قورس و گرانی بۆ بەرێوە دەچوو. ١١/٥ سانتیمیتر بەرزە. سەر بە سەدەی یەکەم تا سێهەمی زایینییە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم موززەیەی خوارەوە چاپ کراوە:

Staatliche Museen Berlin-Dahlem, Islamische Abteilung.

١٧- چەند پەیکەرەیەکی لە یەسقان چێکراوی سەر بە ڕۆژگاری سلۆکییە لە خواژنێکی ڕووت کە ڕادەیەکی زۆریان بۆ ڕێورەسمی ئایینی لێ ساز کردووە. ئەمانە کەموزۆر لەسەر قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان لێرەدا چاپ کراون و سەر بە چاخی پارتن.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

١٨- دیمەنی تەختی سولەیمان کە هەمان «شیز»ی کەڤنارە و لە حەواوە وێنەی هەلگیراوەتەوە و کەوتۆتە ئوستانی ئازەربایجان. ئەگەرچی ئەم شوێنە هیچ شتێکی سەر بە سەردەمی بەر لە ساسانییەکانی لێ نەدۆزراوەتەوە، بەلام ڕەنگە لە ڕۆژگاری پێش پارتەکانیشەوە هەر بە پیرۆز داندرابێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی ژێرەوە بلاو کراوەتەوە:

Oriental Instiute, University of Chicago.

١٩- نەخشێکی دەرزەقیوی سوالینەی دارێژراو لە قالبدا کە لە حەلەب کردراوە. مەزنێک یان ڕاسپاردەیەکی پارتی بەرەورووی خواژنێکی نێو میحرابێک ڕاوەستاوە. خواژنەکە جلی یۆنانی کردۆتە بەری و دەستی ڕاستی بە نیشانەی متفەرک و موبارەکی بەرز کردۆتەوە. ١٢/٥ سانتیمیتر بلیندە. سەر بە دەورانی تازەی پارتە.

لەسەر ئیزنی ئەم موززەیە لێرەدا چاپ کراوە:

Staatliche Museen, Berlin –Dahlem,Islamiche Abteilung.

www.zheen.org

٢٠- چەند پەیکەرەیەکی تایبەتی نەزرکران و کاروباری تر:

(a) سوارەی سوالّینە. ٢٣ سانتیمیتر بەرزە.

(b) سوارەی سوالّینە. ٢٣ سانتیمیتر بەرزە. نازانددریّ لە کویّ دۆزراوەتەوە.

لەسەر ئیزنی ئەم مووزەیەی ژێرەوە بلاو کراوەتەوە:

National Museum, Copenhagen.

(c) پەیکەرەیەکی شکاوی ڕیشن کە کلاوێکی کەللەقەندی بە سەرەوەیە. ٧/٥ سانتیمیتر بەرزە.

(d) پەیکەرەی ژنێک کە چەنگ لێدەدا. ١٥ سانتیمیتر بەرزە. لە ئێران دۆزراوەتەوە.

لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان چاپ کراوە.

(e) سەری ژنێک کە قژ و پرچی زۆر چاک ڕازاوەتەوە. ٢/٥ سانتیمیتر بەرزە.

(f) ژنێکی ڕاکشاو. هەردک چاوی لە نێو قاپێلکی سوالّینەدا چێ کراون. ١٠ سانتیمیتر درێژە و لە سلۆکییە دۆزراوەتەوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٢١- ئاگردانێکی شەشگۆشەی بەردەقسلّ کە بۆنخۆشکەرەی تێدا سووتێندراوە و لە پالمیر دۆزراوەتەوە. بە دیمەنی قۆنگرەی سەنگەری تیرهاویشتنی ئاشۆری و کۆمەلّێک نەخش و نیگاری دارژاوی یۆنانیی ڕۆمی ڕازاوەتەوە. ٧٤ سانتیمیتر بەرزە و لە مووزەی دەمیشقە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگـای گشـتیی شـوێنەوار و مووزەکـان لـە دەمیشق[١] چاپ کراوە.

٢٢- تابووتی سواڵینەی ڕەنگاودراوی سەوز کە لە ئێوەرووک/وەرەقە لـە عێراق دۆزراوەتەوە و بە نەخش و نیگار ڕازاوەتەوە و هەر پەڕەی «سـەربازێکی ڕووتی» لەسەر شەقڵێندراوە. ١/٩٥ میتر درێژە و سەر بە سەردەمی کۆتایی پارتە.

لەسەر ئیزنی لێژنەی باوەڕپێکراوانی مووزەی بریتانیا چاپ کراوە.

٢٣- کاول و هەرەسی پەرستگەی خۆر لە حەزەر بەر لە نۆژەن کرانەوە. لە نێو حەوشەی نێوەڕاستدا دیوارێـک وەبـەرچاو دێ کـە بـە بـەر هەیوانەکـەدا ڕاکێشراوە و حەوشەکەی کردۆتە دوو لەت. لە شانی چەپی جەرگەی پەرسـتگەدا هەیوانی تێکڕماوی باشووری بەدی دەکرێ کە لە دوو لاوە تالارەکانی هـەیوانی بچووکتر دەستیان تێکگرتووە. هەر بۆ جوانی نیو کۆڵەکە و پەیکـەرەی سـەر و نیوەبەژنی خودایان لە دەوروبەری تاقەکان دیارن. ڕەنگە سەر بە کلکەی سەدەی یەکەم یان سەرەتاکانی سەدەی دووەمی زایینی بێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنـی دەزگـای گشـتیی شـوێنـەوار لـــە بـەغـدا بلاو کراوەتەوە.

٢٤- لەتێک گێچبڕیی نەخشێندراوی کۆشکی کێوی خواجە لە سیستان کە نەخش و نیگاری یۆنانی و ڕۆژهەڵاتی لەسـەر هەڵـکەندراوە. ڕەنگـە سـەر بـە سەدەی یەکەمی زایینی بێ. لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Iran in the Ancient East, Oxford. ١٩٤١,plate XCIX.

٢٥- ژوورەوەی دالانێک کە نێوگۆڕکی پـیرۆزی چوارگۆشـەی پەرسـتگەی شەمەش تەواو دەگرێتەوە و هەتا هەیوانی باڵی باشووری نابڕێتەوە. کەوتۆتـە حەزەر و دیمەنی بەر لە نۆژەن کرانەوەیە. سەر بە سەدەی دووەمی زایینییە.

١- Directorate General of Antiquities and Museums, Damascus.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بڵاو كراوەتەوە.

٢٦- قەڵاقووچكەی گۆڕخانەی خواژنی بەعل[1] لە پالمیر. ژوورەوەی تالارێكی ڕازاوەی تێدایە و ڕیزە پلیكانێك خۆی دەنوێنێ كە دەچێتە سەربان و چینچین چاوەچاوەی تایبەتی داندرانی تابووتانی لێ ساز كراوە. چەند قەڵاقووچكەیەكی دیكەش هەر ئاوا بە چاكی ماون و پارێزراون. لە دیوی دەرەوە، ڕێكەوتی ئاوریلی ساڵی ١١٣ی زایینی هەڵكەندراوە.

نووسەر ئەم وێنەیەی هەڵگرتۆتەوە.

٢٧- رووكاری گێچبڕی كراوی هەیوانی باڵی ڕۆژاوای كۆشكی ئاشوور كە نۆژەن كراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕووكارە بە كۆمەڵێك ڕەنگی گەش نەخشێندرابوو. سەر بە سەدەی یەكەمی زایینییە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم موزەیەی خوارەوە بڵاو كراوەتەوە:

Staatliche Museen, Berlin,Vorderasiatisches Museum.

٢٨- كۆمەڵێك پەیكەرەی بچووكی مەفرەق كە بە شێوازی هێلێنیستی سازكراون و لە «نەهاوەند»ی ڕۆژاوای ئێران دۆزراونەوە. ڕەنگە ئەو دەوروبەرە نێوگۆڕكی پیرۆزی پەرستگەی لێ بووبێ. هەموویان سەر بە سەدەی سێهەم یان دووهەمی پێش زایینن.

لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان لە تاران بڵاو كراونەوە.

(a) پەیكەرەی بچووكی دێمێتێر. ١٠ سانتیمیتر بەرزە.

(b) پەیكەرەی بچووكی ئاتۆن. ٥/٥٠ سانتیمیتر بەرزە.

(c) پەیكەرەی سوارێكی لاو. ٧ سانتیمیتر بەرزە.

(d) پەیكەرەی ژنێك بە جلكی یۆنانییەوە. ٨ سانتیمیتر بەرزە.

---

١- Elahbel.

بنكەی ژین www.zheen.org

(e) پەیکەرەی زێئووس. ١٣ سانتیمیتر بەرزە.

٢٩- سەکۆی باڵی ڕۆژهەڵاتی مەزارگەی ئانتیۆخووسی یەکەمی کۆماژان (٦٩-٣٤ ی پ.ز.) لە چیای نمرووود، لە باشووری ئاناتۆلی. کۆمەڵێک پەیکەرەی زەبەلاحی خودایانی نیگابان کە زۆر لە مرۆڤی ئاسایی زلترن و لە گاشەبەردان داتاشراون. لە باڵی چەپەوە بۆ باڵی ڕاست بریتین لە: ئانتیۆخووسی کۆماژان و تیخ خودای بەختەوەری و زێئووس – ئەهوورامەزدا و ئاپۆلۆ – مێهر – هێلیۆس- هێرمێس و ئارتاگێنێس – هێرقێل – ئارێس[١].

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم کەسانەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

T.Goell and F.K. Doerner.

٣٠- قەلافەتی داتاشراوی مێهرداد کالینیکووس، یان زۆر وێدەچێ ئانتیۆخووسی یەکەمی کۆماژان بێ کە لەگەڵ خودای هێرقێل (Artagenes - Heracles-Ares) تۆقەی کردووە. لە «سامۆسات»ی لێواری ڕووباری نیمفووسی بناری چیای نمرووود دۆزراوەتەوە. پادشا تاجێکی بەرزی «ئەرمەنییانەی» بە سەرەوەیە و جلوبەرگی پڕ وردەکارییە و مەچەکپێچی لە دەستی هالاوە. هێرقێل لە ڕووی ئەو کەوڵە شێرەی کە بە شانی داداوە بە هاسانی دەناسرێتەوە. ٢/٢٦ میتر بەرزە.

لەسەر ئیزنی ئەم کەسانەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

F.K.Doerner and Theresa Goell.

٣١- سەری زل و زەبەلاحی خودای ئاپۆلۆ – مێهر – هێلیووس- هێرمێس لەسەر سەکۆی باڵی ڕۆژهەلاتیی مەزارگەی ئانتیۆخووسی یەکەم لە چیای نمرووود. سەری خودا بەئاشکرا شوێنپەنجەی شێوازی یۆنانی هێلێنیستی پێوە دیارە و تەنیا کلاوی بەرزی «پارسی» کراوەتە سەری. ٢/٥٠ میتر بەرزە.

١- Tyche of Commagenes, Zeus. Ormasdes, Apollo – Mithras – Helios – Hermes and Artagenes- Heracles- Ares.

www.zheen.org

لەسەر ئیزنی Theresa Goell بلاو کراوەتەوە.

٣٢- قەڵافەتی داتاشراوی پیاوێکی ڕیشن کە لە شوێنی پاسەوانیی دەروازەی ئاشۆر دۆزراوەتەوە و تایبەتی تازیەدارییە. ئەم پیاوە لە لاجەوە داتاشراوە و جلی پارتانەی کردۆتە بەر و لقەدارێکی بە دەستەوەیە کە لە پالمیریش باو بووە و نیشانەی پیرۆزییە. لە لای ڕاستی سەری پیاوەکە ئەستێرەیەک هەڵکەندراوە. ١/٧١ میتر بەرزە. لە پەنا ئەم دیمەنە داتاشراوە، یەکێکی تریش دۆزراوەتەوە و سەر بە ساڵی ٨٨-٨٩ی پێش زایینە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی مووزەی شوێنەوارناسیی ئیستانبووڵ[١] بلاو کراوەتەوە.

٣٣- پەیکەرەی بەردەقسڵی کاهینێک کە لە قەڵاقووچەی گۆڕخانەی ناسراو بە کۆشکی سپی (قصرالبیاض) لە پالمیر دۆزراوەتەوە و تایبەتی تازیەدارییە. کورتەک و باڵاپۆش و پاتۆڵ و مەچەکپێچی وەبەرچاو دێن. ڕۆژگارێکی گۆڕەکەی پێداویستییەکانی تایبەتی ڕێورەسمانی تێدا بووە. ئەم پەیکەرە باڵای بە قەد باڵای ئادەمیزادی ئاساییە. دەوروبەری ساڵی ١٠٠ی ز. داتاشراوە و لە مووزەی پالمیر پارێزراوە.

لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Institut français d'archeologie, Beirut.

٣٤- شەقڵەبەردێکی ئایینی. شەش جندۆکە لە «بەیت فاستیل» کە گوندێکە لە باکووری ڕۆژاوای پالمیر و خواژنێک کەوتۆتە شانی چەپی جندۆکان و پەرستندەیەک لە شانی ڕاستییانەوە خەریکە بۆنخۆشکەرە دەخاتە ئاگردانەوە. جندۆکەکان لەم نەخش و نیگارە ئارامییەدا هەموویان جلوبەرگی وەک یەک و یەکسەرەیان لەبەردایە و کورتەک و باڵاپۆشیان دیارە و یەکی نیزەیەک و

١ - Istanbul Archeological Museum.

بنکەی ژین www.zheen.org

مەتاڵێکیان بە دەستەوەیە. ئەم شوێنەوارە سەر بە ساڵی ١٩١ی زایینییە و لە مووزەی دەمیشقە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی ژێرەوە بلاو کراوەتەوە:

Institut français d'archeologie, Beirut.

٣٥- شەقڵەبەردێکی دینی لەسەر کاریتەیەکی بەردینی پەرستگەی بەعل لە پالمیر. بەڕێ کردنی مردووی عەرەبان لەسەر ڕێوشوێنی دینی. ڕوخساری مرۆڤەکان لە بەرەوڕوورا داتاشراون. لە شانی ڕاستەوە ژنانی ڕووداپۆشراو لە دیمەنەکە دەڕوانن، دواتر وشترێک بارێکی قەبەی لەسەر داپێچراوە کە دەبێ شتێکی پیرۆزی تێدابێ و وشترەوانێک جڵەوی دەکێشێ و گوێدرێژێک لە پێشیانەوەیە. لە باڵی چەپەوە دوو ڕیزە ئادەمیزاد ڕاوەستاون و تەماشای دیمەنەکە دەکەن. ٢/٥٠ میتر بەرزە و سەر بە دەوروبەری ساڵی ٣٢ی زایینییە. وێڕای وێنەکەی دواتر لە شوێنێک دۆزراونەوە.

نووسەر ئەم وێنەیەی هەڵگرتۆتەوە.

٣٦- شەقڵەبەردێکی دینی لەسەر کاریتەیەکی بەردینی پەرستگەی بەعل لە پالمیر. دەست لێدانەوەی دوو خودا دەخاتەڕوو. ئاگلیبۆل و مەلەکبەعل[1] لە نێو قوربانگەیەکی پڕ لە میوەی زەمینیدا. ئاگلیبۆل خودای مانگە و لەسەر کورتەک و پاتۆڵی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆی زرێیەکی تەواو هێلێنیستی پۆشیوە. لە شانی ڕاستەی پەرستگەیەکی بچووکی کرێنتی و لە شانی چەپەی خزمەتکارێک –ڕەنگە تەواو نیوەڕوو- داتاشرابێ. ١/٨٣ میتر بەرزە و سەر بە دەوروبەری ساڵی ٣٢ی زایینییە. وێڕای وێنەکەی پێشتر لە شوێنێک دۆزراونەوە.

نووسەر ئەم وێنەیەی هەڵگرتۆتەوە.

---

١- Aglibol,Malakbel.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٣٧- باڵێکی داڵانی گۆڕخانەی ژێرزەوی لە پالمیر کە لە لایەن مووزەی دەمیشق هەر بە کەرەسەی پێسازکراوی سەرەکیی خۆی نۆژەن کراوەتەوە. هەر نیوەبەژنێکی تایەزداری لەسەر باڵی بەرەوەی تابووتێک خۆدەنوێنێ کە خراوەتە نێو ڕەهەندێکەوە. لەسەر تاقچەی بەرەوڕوو تاقمێک تابووتی سێیانەیی بە شێوەی تەختی تازیەداری دیارن و قەڵافەتی کاهینان و خاوخێزانیان لەسەر زارکی تابووت نەخشێندراون. ٤/٥٠ میتر درێژە. ئەم دیمەنە لایەکی گۆڕخانە بە شێوەی سەدەی سێهەمی زایینی دەخاتە بەرچاو.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

Institut français d'archeologie,Beirut.

٣٨- نەخش و نیگاری داتاشراوی دینی لە ئیزیک پالمیر. دوو خودای ئەبگال و ئەشار[1] سواری ئەسپ و وشترن و بۆنخۆشکەرەیان پێشکێش دەکرێ. ئەم دیمەنە لەسەر شێوازی بەرەوڕووڕا هەڵکەندراوە و پڕ هێمایە. خوداکان خۆیان لە چەکاندا ڕەش هەڵگێڕاوە و پرچیان بە دابی پارتان پەخش و پەرێشانە. مانگ و ئەستێرە هێمای دینین. بە ئارامی لە داوێنی نووسراوە و ڕێکەوتی باربووکرانی ئۆکتۆبری ١٥٤ی زایینییە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

Institut Français d'archeologie, Beirut.

٣٩- نەخشێکی داتاشراوی دینی لە حەوشەی پەرستگەی بەعل. خودایانی سێیانەی شەمین -کە کەوتۆتە نێوەڕاست- لەگەڵ ئاگلیبۆل (خودای مانگ) و مەلەکبەعل کە دوو خودای پلە خوارترن دیارن. هەموویان لەسەر کورتەک و پاتۆڵی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆیان زرێی هێلێنیستییان پۆشیوە. ئەم شوێنەوارە بە نووسینی هەڵکەندراوی

١- Abgal, Ashar.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بــڕواداران داپۆشــراوە. ٥٦ ســانتیمیتر بڵــیندە و ٦٨/٥ ســانتیمیتر پانــە. دەگەڕێتــەوە دەوروبــەری ساڵــی ٥٠ی زایینــی و لــە مــوزەی لووڤــری پاریسە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Service de documentation photographique des musées nationaux.

٤٠- ســەری مرۆڤــێک هــەتا ســەر ئەســتۆی کــە لــە بــەردەقسڵ داتــاشــراوە و لــە پــالمیــر دۆزراوەتــەوە و تــایبــەتی گۆڕخانەیــە. (Ps ۲۳٥-Group IIc-in Ingholt, studier) کاردانــەوەی شــێوازی ڕۆمیــی ڕۆژهــەڵاتی و پــارتی بــەم شــوێنەوارەوە دیــارە. شــێوەی داهێنــانی ســەر و ڕیش و هێندێک فڕ بــوونی قــژی ســەر وە پارتەکانــە و چۆنیــەتی داتاشــرانی ڕوخساری دەچێتــەوە ســەر دەسکاری ڕۆمییــەکان. ۲۷/٥ ســانتیمیتر بــەرزە و سەر بە بنەبانی سەدەی دووەمی زایینییە.

ئــەم وێنەیــە لەســەر ئیزنــی لێژنــەی بــاوەڕپێکراوانی مــوزەی بریتانیا لێرەدا بلاو کراوەتەوە.

٤١- نیوەبەژنی بەردەقسڵیی وشترەوانێک لــە پــالمیر کــە تایبەتــە بــە گۆڕخانە. چــاوی زۆر گــەورەی بەبرشت و پرچی پەرێشــان و جلوبــەرگی، هــەموویان تایبەتمەنــدیی هونــەری پێشکەوتووی پــارتن. بەڵــگەنامەیەکی بــە دەســتی چەپەوەیــە. ٥٧ ســانتیمیتر بڵــیندە و دەچێتــەوە دەوروبــەری ساڵانی ١٤٠-١٦٠ی ز.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی ژێرەوە بلاو کراوەتەوە:

Ny Carlsberg Glyptotek, Copenhagen.

٤٢- نیوەبــەژنی بەردەقسڵــیی ژنێکــی ڕازاوە بــە گەوهــەر کــە بــە «جوانچــاکی پــالمیر» ناســراوە. ئــەم شــوێنەوارە نیشــانەی هــۆگریی

بنکەی ژین
www.zheen.org

سەنگتاشـــانی ڕۆژهەڵاتییـــە بـــۆ نوانـــدنی جوانکـــاری و ڕازاندنـــەوە و خســـتنەڕووی خشـڵ و زەمبـەری گرانبـایی. ئێسـتاش شـوێنەواری ڕەنگـی زەرد و سـوور و ڕەشـی هـەر پێوەیـە. ژنـە لێـوی سـوور و پـرچـی ڕەش بوون و سووراوی لـە ڕوومـەتی هەڵسووراوە و بـە گەوهـەری ڕەنگاوڕەنـگ ڕازێندراوەتـەوە. ٥٥ سـانتیمیتر بـەرزە و سـەر بـە سـەرەتاکانی سـەدەی سێهەمی زایینییە و ئەو کاتی ساز کراوە.

ئـــەم وێنـەیـــە لـەســـەر ئیزنـــی ئـەم ناوەنـدەی خـوارەوە لێـرەدا بڵاو کراوەتەوە:

Ny Carlsberg Glyptotek, Copenhagen.

٤٣- پـەیکـــەرەی ژن و پیـاوێـــک کـە لـە بەردەقسـڵ داتاشـراون و تـایبـەتـــی گـــۆڕخـانـەکـەیـانـــە و لـــە پـالمیـــر دۆزراوەتـــەوە. (PS ٥٩ in H. Ingholt, Studier) ژنـە تەشـییەکی بـە دەسـتی ڕاستەوەیە و چەرخەچنـەی بـە دەسـتی چەپـەوە. دەسـتە کلیلێـک بـە بەرکۆژەیـەوە هەڵواسراوە کە نیشـانەی ئەمەیـە خـاتوونی ماڵـە. نووسـراوەکانی نێـوانی ئەم دوو کەسە هـیچ واتایـەک بـە دەسـتەوە نـادەن. ٤٨ سـانتیمیتر بـەرزە و دەوروبەری ساڵی ١٣٠- ١٥٠ی زایینی چێکراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

Ny Carlsberg Glyptotek, Copenhagen.

٤٤- قەڵافـەتی داتاشـراوی دوو منـاڵ لـە بەردەقسـڵ کـە تایبـەتی گۆڕخانەیە و لە پالمیر دۆزراوەتەوە. (PS ٥١٤ in H.Ingholt , Studier)

هەر دووکیان کراسـی نەخشـین و گوڵـدۆزیکـراو و پاتۆڵـیان کردۆتـە بەر و مەچەکپێچیان بـە دیارەوەیـە. بـە ئـارامی نووسـراوە کـە کەسـی لای

www.zheen.org

ڕاست «تیمە»یە[١] و ئەوی لای چەپ «فیلینووس»ی[٢] برایەتی و کوڕانی «وەهبەلات»ن[٣]. مەل و هێشووی ترێ هێمای تازیەدارین. ٥٠ سانتیمیتر بەرزە و دەوروبەری ساڵی ١٥ی زایینی داتاشراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم ناوەندەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Ny Carlsberg Glyptotek, Copenhagen.

٤٥- قەلافەتی داتاشراوی ژنێکی ڕازاوەی تەرپۆش لە بەردەقسڵ کە تایبەتی گۆڕخانەیە. ژنە لە پێش پەردەیەک ڕاوەستاوە. ئەم شوێنەوارە لە پالمیر دۆزراوەتەوە.

کەمێکی کارتێکردنی ڕۆژهەلاتی ڕۆمی پێوە دیارە. هێندێک لە خشڵەکانی هەر وەک ئەوانەن کە لە وێنەی ١١دا وەبەرچاو دێن. ناو و ڕەچەلاکی بە ئارامی نووسراوە. ناوی «ئاها»[٤] کچی «هەلاپتە»یە[٥]. ٦١سانتیمیتر بەرزە و دەگەڕێتەوە بۆ مانگی سێپتامبری ١٦١ی ز.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی (PS ٤٣ in H. Ingholt, Studier) لێرەدا چاپ کراوە.

٤٦- تەختەبەردێکی گەورەی تایبەتی گۆڕخانە کە لە بەردەقسڵی چاک بۆ تاقمێکی سێ کەسە داتاشراوە و لە گۆڕستانی «مەلکوو»ی[٦] پالمیر دۆزراوەتەوە. بنەماڵەیەکی پالمیری لەسەر تەختی ئازیەتباری خراونەڕوو. کەسانێکی دیکەش کە نیوەبەژنیان لە نێوان پێچکەی تەختەکەوە دیارە کەوتوونە بەرەوە. ئەو پیاڵە و گەلایانەی کە بە دەست

---

١- Taime.
٢- Filinus.
٣-Wahballat.
٤- Aha.
٥- Halapta.
٦- Malku.

بنکەی ژین
www.zheen.org

پیاوەكانەوەن، نیشانەی تازیەداریی پالمیرین. چاوی كەسەكان بە ڕەنگی ڕەش نەخشێندراون. ١/٩٢ میتر بەرزە و ٢/١ میتر پانە. سەرەتاكانی سەدەی سێهەمی زایینی ساز كراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار و مووزەكان لە دەمیشق بلاو كراوەتەوە.

٤٧- سەرێكی مەفرەق كە لە شەمی دۆزراوەتەوە و لە وێنەی ژمارە ٥٢دا خراوەتە بەرچاوان.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان لە تاران بلاو كراوەتەوە.

٤٨- سەرێكی بەردەمەڕمەڕی تیفتیفەدراوی میرێكی دەستندەخۆری پارتی یان سەرۆك هۆزێك كە لە شەمی دۆزراوەتەوە. ١١/٥ سانتیمیتر بەرزە. ڕەنگە سەدەی یەكەمی پ.ز. یان سەدەی یەكەمی زایینی ساز كرابێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی مووزەی ئێرانی باستان لە تاران بلاو كراوەتەوە.

٤٩- نیوبەژنی بچووكی فەرمانڕەوایەكی پارتی كە لە مەفرەق چێ كراوە و لە ئێران دۆزراوەتەوە. ڕەنگە سەری وەكازێك یان كوتێكی جوانكاریی شتێك بێ. ئەم سەرە وەكوو وێنەكانی ئەردی سێهەم (دەوروبەری ٤-٧ی ز.) دەچێ كە لەسەر سكان لێدراوە. ٧ سانتیمیتر بڵیندە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی ئەم مووزەیەی خوارەوە لێرەدا چاپ كراوە:

Staatliche Museen, Berlin Dahlem, Islamische Abteilung.

بنكەی ژین
www.zheen.org

٥٠- سەری ئوتال، پادشای حەزەر کە لە قەبارەی سروشتی گەورەترە و لە پەرستگەی سێهەم دیتراوەتەوە. تاجێکی قیتی تایبەتی پادشایانی ئەشکانی بە سەرەوەیە کە زۆربەی دەستندەخۆرەکانیشیان لاسایان دەکردنەوە. ڕیش و ڕوخساری بە شێوەی ستیلیزە دارژاوە. ٦٢/٥ بڵیندە و لە سەدەی دووەمی زایینیدا سازکراوە. لە مووزەی مووسڵ پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٥١- پەیکەرێکی مەفرەق کە لە شەمی دۆزراوەتەوە. ڕەنگە ئی قوڵەمیرێکی بەردەستی پارتەکان بێ. سەر و بەژنیان بە جوێ دارشتووە. جلوبەرگی زۆر وەک ئەوە دەچێ کە لە وێنەی ٣٣دا وەبەرچاو دەکەوێ. کارێکی ورد و باریک لەسەر پەڕەی هەڵاوەسراوی گەردن و کەمەرەی کراوە و هێڵی ورد و ناسک، مووی سەر و ڕیش و سینەی دەخەنەڕوو. قەڵافەتی ٢ میترە و دەبێ لە مەودای سالانی ٥٠ی پ.ز. هەتا ١٠٠ی ز. ساز کرابێ. لە مووزەی ئێرانی باستان لە تاران پارێزراوە.

ئەم وێنەیە بە ئیزنی ئاغای مەنووچێهر ئەنوەر لێرەدا بلاو کراوەتەوە.

٥٢- پەیکەرێک کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە و هێندێک لە قەبارەی سروشتی گەورەترە. قەڵافەتی ٢ میتر و ١٥ سانتیمیترە. لە سەدەی دووەمی زایینیدا ساز کراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٥٣- پەیکەرەی بەردی مەرمەڕ بە ئەندازەی قەڵافەتی ئاسایی.

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەم پەیكەرە هی شازادە خاتوون دوشفری[١] (؟) كچی سێنترۆک پادشای حەزەرە. لە پەرستگەی پێنجەم دۆزراوەتەوە. شازادە خەریكی نزا و پاڕانەوەیە و جلوبەرگی گرانبایی و دەسماڵی لفكەشۆڕ و زێڕ و زەمبەرێكی زۆر ڕازاندوویانەتەوە. بە ئارامی ناو و ڕەچەڵاک و ڕێكەوتی ساڵی ١٣٧ی ز. لە پایەی بەر پێی پەیكەرەكە نووسراوە. ٢/١٠ میتر بەرزە. مووزەی عێراق لە بەغدا.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو كراوەتەوە.

٥٤- پەیكەرەی مەرمەڕینی خودای ئاشۆر - بەعل كە لە پەرستگەی پێنجەمی خەزەر دۆزراوەتەوە و لەسەر قەبارەی سروشتی داتاشراوە. لەو شانەوشانی خودا دوو شەهێنی حەزەری و لە بەر پێی «تیخ»، خودای بەختەوەری كە رووحی شارە دیارن. زریی یۆنانییانە و پەیكەرەی تیخ لە هونەری هێلێنیستی وەرگیراوە و ڕدێنی خودا پتر دەچێتەوە سەر شێوازی ئاشۆری. هێندێک شوێنی ئەم پەیكەرە چاک لووس و پەرداخ نەكراوە. باڵای میترێک و بیست سانتیمیترە. ڕەنگە لە كۆتایی سەدەی یەكەم یان سەدەی دووەمدا ساز كرابێ. مووزەی عێراق لە بەغدا.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو كراوەتەوە.

٥٥- جووتێک پەیكەرەی مەرمەڕینی مەزنەپیاوێک لەگەڵ هاوسەرەكەی - یان خوا و خواژنێک- لە حەزەر. هەردووكیان هەمان جلوبەرگی هەرە باشی ماقووڵانی حەزەرییان پۆشیوە. چاوەكانیان

١- dwspry. Dawashjari.

بنكەی ژین
www.zheen.org

خستوونە قاپێلکی خۆیانەوە و ڕەنگیان کردوون هەتاکوو بە دابی ڕۆژهەلاتی پتر کاریگەر بن. قەڵافەتی پیاوە ٨٨ سانتیمیتر و بالای ژنە ٨٦ سانتیمیترە. لە مووزەی بەغدا پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٥٦- نەخشەبەرزینەی شەهێن و ئالای حەزەر و خودای خۆر کە لە پەرستگەی حەزەر دۆزراوەتەوە و نووسراوەیەکی ئارامی پێوەیە. لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا ساز کراوە. لە مووزەی مووسڵ پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٥٧- سەری «مێدووز»[1] کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە و ١٠/٥ سانتیمیتر بلیندە. ڕەنگە سەدەی دووەمی ز. ساز کرابێ. لە مووزەی بەغدا پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٥٨- شەهێنێکی مەفرەق کە لە حەزەر پەرستراوە و ٧/٦ سانتیمیتر بەرزە. سەدەی یەکەم یان دووەم ساز کراوە. لە مووزەی بەغدا پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

---

١ - Medusa مەدووسە. یەکێک لەو سێ خودایانەی یۆنانی کە پێکەوە خوشک بوون و دەیانتوانی ئەو کەسانەی کە تەماشایان دەکەن، بیانکەنە بەرد. مێدووز (مەدووسە)، ئوریال و ستێنۆ. (دەێهخودا، ب ١٢، ل ١٩٣٦٨.) س.

٥٩- پەیکەرەیەکی بچووکی هێرقێل (نێرگال) کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە. ئەم پەیکەرەیە وێنەی لە هونەری دەسکردی یۆنانی هەڵگیراوەتەوە. ١٧/٥ سانتیمیتر بەرزە و ڕەنگە لە سەدەی دووەمی زایینیدا ساز کرابێ. لە مووزەی عێراق پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٦٠- نەخشەبەرزینەیەکی دینی. خواژنی ئەلات لە نێوان دوو یاریدەریدا لەسەر پشتی شێرێک کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە. قەڵافەتی ئەلات لە ڕووی خواژنی ئاتۆن لە هونەری یۆنانی هەڵگیراوەتەوە، بەڵام وەسەر شێوازی پارتی گەڕاوە. دوو یاریدەرەکەی ئەلات دەستی ڕاستی خۆیان بۆ بەخشینی پیت و بەرەکەت بەرز کردۆتەوە. ١/٢٨ میتر بەرزە. لە مووزەی عێراق پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

٦١- نەخشەبەرزینەیەکی دینی کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە. چوار خودا بە کلاوی سەیرەوە دیارن کە هەرکام گوڵبژێرێکی میوەی زەمینییان پێیە. چاویان لە کەرەسەی دیکە ساز کراوە، هەتا قووڵ شوێن بخەنە سەر بینەران. ٣٥ سانتیمیتر بەرزە و ڕەنگە سەر بە سەدەی دووەمی زایینی بێ.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٦٢- پەرەیەکی خڕی مەڕمەڕین کە لە حەزەر دۆزراوەتەوە و نەخشی نیوەبەژنی خواژنی مانگی لەسەر داتاشراوە و داسوولکەی مانگ

کەوتۆتە بەرەوەی. خواژنەکە سەیر یۆنانییانە دەنوێنێ. ٣٦ سانتیمیتر بەرزە و لە سەدەی یەکەم یان دووەمی زایینیدا ساز کراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٦٣- دوو پەیکەرەی بەردی مەڕمەڕی سپی لە خودایانی حەزەر. ڕەنگە سەر بە سەدەی دووەم بێ.

(a) خودای نێرینە، نووسراوەی ئارامی پێوەیە و ٣٠ سانتیمیتر بەرزە.

(b) خودای خۆر لە کاتی بەخشینی پیت و بەرەکەتدا. ئەم پەیکەرە کەڵتە کراوەتەوە و ١٩ سانتیمیتر بەرزە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٦٤- بەردەنووسێکی بەردەقسڵ کە سەردەرانەی دەرگایەک بووە لە پەرستگەی حەزەر. خودایەک لە نێوەڕاستێ ڕاکشاوە و پیاڵەیەکی بە دەستەوە و دوو فریشتەی باڵداری سەرکەوتن و چەند پەیکەرەیەکی تر بە دەورەیەوەن. ٢/٥٠ میتر درێژە و لە کلکەی سەدەی یەکەم یان دووەمدا ساز کراوە. لە مووزەی بەغدا پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٦٥- پەیکەرەی نیوەبەژنی سێنترۆک، پادشای حەزەر لە بەردی مەڕمەڕ داتاشراوە و لە ئەندازەی ئاسایی گەورەترە و لە پەرستگەی دەیەم دۆزراوەتەوە. کورتەکێکی زۆر نەخشینی کردۆتە بەری کە بە مرواری(؟) ڕازاوەتەوە و کەمەرە و ملیوانەی خۆ دەنوێنن. شەهێنی

بنکەی ژین
www.zheen.org

حەزەری نیوتانجەکەی نەخشاندووە. دەستی ڕاستی بۆ پەسن و پەرستن بەرز بۆتەوە. بڵیندایی ٢/٢٤ میترە و لە سەرەتای سەدەی دووەمی زایینیدا تاشراوە. لە مووزەی عێراق پارێزراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بلاو کراوەتەوە.

٦٦- پەیکەرێکی بچووکی بەردەقسڵ، لە سەرووی بەردەنووسی تاقی هەیوانی پەرستگەی خۆر لە حەزەر. نیوەبەژنی خواژنی مانگ یان ئاناهیتا کەوتۆتە نێو داسوولکەی مانگەوە. ٧٢ سانتیمیتر بەرزە و لە کلکەی سەدەی یەکەم یان دووەمی زایینیدا داتاشراوە.

وێنەکە لەسەر ئیزنی ئەم مووزەیەی خوارەوە بلاو کراوەتەوە:

Staatliche Museen, Berlin Dahlem, Islamische Abteilung.

٦٧- نەخشێکی داتاشراوی دینی. تەتەڵەی ئەفلاد لە دوورا ئوورۆپۆس. کاهینێکی کلاوقووچ بەرەورووی خودا خەریکە بۆنخۆشکەرە دەخاتە ئاگردانێکەوە. خودا زرێیەکی هێلێنیستی کردۆتە بەری. لە ڕووی نووسینی یۆنانییانەی داوێنیڕا وا دیارە کە ساڵی ٥٤ی ز. باربوو کراوە.

وێنەکە لەسەر ئیزنی ئەم دەزگا چاپەمەنییەی بەرەوە بلاو کراوەتەوە:

Dura Europos Publications, Yale University.

٦٨- ژوورەوەی هەیوانی باشووریی پەرستگەی خۆری حەزەر بەر لە نۆژەن کرانەوە. سێ دەمامک بە شێوازی یۆنانی - ڕۆمی کە ڕەنگە بەشێک بێ لە ڕێورەسم و ئایینان، لە سەردەرانەی گەچبڕی‌کراو، وەبەرچاو دێ. ئەم دیمەنە لە باڵی ڕاستی دیواری پشتەوە و لە زارکی

ژینی
www.zheen.org

نێوگۆڕکی شەمەشە. لە کلکەی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینیدا ساز کراوە.

ئەم وێنەیە لەسەر ئیزنی دەزگای گشتیی شوێنەوار لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٦٩- وێنەی کێشراوەی خودای مێهر لەسەر دیوار. خودا سوارە و سەرقاڵی ڕاوە و جلوبەرگی باوی پارتەکانی لە بەر دایە. ئەم وێنەگەرییە لە پەرستگەی مێهری دوورا ئووروٚپۆسە. ئەگەرچی ئەو کاتە شارەکە بە دەست ڕۆمییانەوە بووە. شێوازی وێنەگەرییەکە پڕ خەت و کووڕ و بێ سێبەرە. دەوروبەری ساڵی ٢٢٠ی ز. کێشراوەتەوە.

وێنەکە لەسەر ئیزنی ئەم دەزگا چاپەمەنییەی خوارەوە بڵاو کراوەتەوە:

Dura Europos Publications, Yale University.

٧٠- وێنەگەریی دیواری کە لە پەرستگەی خودایانی پالمیریی دوورا ئووروٚپۆسە. بەشێکە لە دیمەنی ناودێر بە «قوربانی کردنی کۆنۆن»[١] کە ئێستا تێداچووە. دوو کاهینی کڵاوقووچ بە یارمەتیی یاریدەرێک خەریکن پێداویستییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێک دێنن و بۆنخۆشکەرە دەخەنە ئاوردانەوە. دەوروبەری ساڵی ٧٥ی ز. کێشراوەتەوە.

لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە:

F.Cumont, Fouilles de Doura Europos.

٧١- وێنەی کێشراوەی سێ خودا لەسەر دیواری بەرزی داڵانی کۆشکی کێوی خواجە لە سیستان. ڕەنگدانەوەیەکی بەپێزی هونەری

---

١- Conon.

بنکەی ژین www.zheen.org

یۆنـــانیی هێلێنیســـتی وەبــــەرچاو دێ؛ بـــەڵام خودایـــانی نیشـــاندراو هیندوئێرانین. ڕەنگە ســەر بــە ســەدەی یەکــەمی زایینــی بــێ. لــەم ژێــدەرەی خوارەوە وەرگیراوە:

E.Herzfeld, Iran in the Ancient East, Oxford ١٩٤١, Pl. CIV.

٧٢- سەری شــاژن یــان خواژنێــک کــە لــە شــووش دۆزراوەتــەوە. لــە بەردەمەڕمــەڕێکی ســپیڕەنگــی نــە زۆر چــاک داتاشــراوە و پەڵــە و ڕەگــەی بــۆری پێــوە دیــارە. پەیکــەرتاش کـــە نـــاوی ئانتیۆخووســـی کـــوڕی «دریـــاس»ە[١]، لەســـەر نیوتاجێـــک لێـــک و لـــووس یـــان بـــێتیـــفتیفـــە دایتاشیوە. ئەگەر نیوتاجەکــە هــی ژنەشــایەک بــێ، ڕەنگــە هــەمان مــووزای هاوســـەری فـــەرهادی چـــوارەم و جێنشـــینیمـــیر و شەریکەدەســـەڵاتی فــەرهادەک و ســەر بــە ســاڵانی ٢-٤ ی ز. بــێ. شــێوەی داتاشــینی گلێنـــەی چاو و لـــووسکرانـــی، نیشـــانەی ســـاڵانێکی دواتـــرن. زۆریـــش وێـــدەچێ ئـــەم سەرە هێمـــای تـــیخ واتـــە ڕووحـــی شـــووش بـــێ. بڵـــیندایی ٣٧/٥ ســـانتیمیترە. سەدەی یەکەم یان سەرەتاکانی سەدەی دووەمی زایینی(؟) ســاز کــراوە. لــە مووزەی ئێرانی باستان لە تاران پارێزراوە.

ئـــەم وێنـــەیـــە لەســـەر ئیـــزنـــی مـــەنووچێهر ئـــەنوەر لێـــرەدا بڵاو کراوەتەوە.

٧٣- دوو قەڵافــەتی داتاشــراوی نووســراوەدار لەســەر بەردەقسڵ کــە ڕەنگــە تایبــەتی گۆڕخانــە(؟) بــێ، لــە شــووش دۆزراوەتــەوە. ئــەردەوانی پێنجەم ئاڵقەی ئــەرک و ڕاسپاردن دەداتــە دەســت خواســاکی شــەترەپاوەنی شووش. بەردەتاشێکی زۆر ناشــییانە و نالێکــە، بــەڵام بــە بــاری مێژوویــیدا بەڵــگەیەکی گرینگــە. شــووش دەستاودەســتی دەکــرد و لــە «ئێلیمــائیس»ەوە

[١]- Antiochus the son of Dryas.

www.zheen.org

کەوتــەوە نێــو جــەغزی حکوومــەتی ئەشـکانی. ڕێکـەوتی ١٤ی سـێپتامبری ٢١٥ی ز.

ئەم وێنەیە لەسـەر ئیزنـی مـووزەی ئێرانـی باسـتان لـە تـاران بـڵاو کراوەتەوە.

٧٤- بەردەتاشـی تـەنگی سـەرۆک لـە ئێلیمـائیس کـە هـەڵومـەرجی هەرێمەکە زۆری خەسار پێگەیانـدووە، بـەڵام بـە بـاری دیرۆکـیدا گرینگـە. ئەم دیمەنە ڕێوڕەسمـی ئـەرک و ڕاسپاردنی کەسانێک دەخاتـە بـەرچاو و زۆر نارێـک و ناشـییانە داتاشـراوە. ئـەردی فەرمانـڕەوای ئێلیمـائیس لەسـەر تـەختێک ڕاکشـاوە و ئاڵـقەی ئـەرک و ڕاسـپاردنی بـۆ دوو قوڵەشـایان ڕاداشـتووە. بـە خـەتی ئـارامی خـۆجێیی لـە سـەرەوەی نووسراوە. ڕەنگە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ی زایینی هەڵکەندرابێ.

ئەم وێنەیە لەسـەر ئیزنـی مـووزەی ئێرانـی باسـتان لـە تـاران بـڵاو کراوەتەوە.

